حامید گەوهەری

# سیاسەتی چەواشە

ستۆکهۆڵم : ٢٠١٨

حامید گەوهەری

# سیاسەتی چەواشە

ستۆکهۆڵم : ٢٠١٨

ناوی کتێب : سیاسەتی چەواشە
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم، سوید
ژمارەی سپاردن

# پێڕست

پێشەکی ٥
سەرەتا 7
پارتی دیموکراتی کوردستان 15
پارتی دیموکراتی کوردستان دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت 36
مەحمود ڕەزا ئەمین و ٣٣ نمونەی کوشتن و قەڵاچۆکردنی سیاسی 46
پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان و سەردەمی پەرلەمان و... 134
پاشبەند 199

# پێشەکی

خەریکی وەرگێڕانی بەشی کۆتایی کتێبی "خەبات بۆ ئازادی" بووم کە چاوم بە وتارێکی مەحمود ڕەزا ئەمین ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەربە بزووتنەوەی گۆڕان و ئامۆزای کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا ئەمین کەوت کە ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٠ لەژێر ناوی "پارتی و کوشتنی سیاسی" بڵاویکردبووەوە. دوای خوێندنەوەی ئەو وتارە، چ نەمابوو لەنێوان دەقی وتارەکە و وەرگێڕاوەکەمدا توشی هەڵە بم. چونکە، مەبەستی هەر دوویان لە دەوری خاڵێکدا دەسوڕایەوە کە ئەویش خەبات بوو بۆ ڕزگاریی و هەوڵدان بوو بۆ وەستاندنی ئەو خەباتە، لەژێر ناوی خزمەتکردن دا. (پاشبەندی ١)

وتاری مەحمود ڕەزا ئەمین، ئەو بیرەی لە مێشکمدا بزواند کە ئاوڕێک لە مێژووی نەتەوە کلۆڵەکەم بدەمەوە و باشتر تێبگەم کە بۆچی هەموو جارێ کورد بە چرنووک لێدان دەگاتە لوتکە، بەڵام لەپڕ لە لوتکەوە خللۆر دەبێتەوە سەر جێی خۆی.

مەحمود ڕەزا ئەمین، کە خۆی بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی بنەماڵە و شەخسی کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا ئەمین بووە بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بەپێچەوانەی پرنسیپ و ئەخلاقی سیاسیی، دژی دەسەڵاتی بنەماڵە وەستاوەتەوە و هەندێک جاریش ئەو ئەرکە ناپیرۆزەی گێڕاوە کە دوژمنانی کورد بۆ ئاڵۆز کردن و چەواشە کردنی ڕاستییەکانی ژیانی نەتەوەی کورد، هەوڵی بۆ دەدەن کە نەتەوەی کورد بە دەردی قارەمانەکانی داستانی خەبات بۆ ئازادی بەرن و ئەم جارەش، وەک جاری جاران کورد بگەڕێننەوە ژێردەستی خۆیان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا مەحمود ڕەزا خاوەنی ئەو کەسایەتییە بوو کە ببێت بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق و نوێنەری خەڵکی کوردستان کە لە پەرلەمانی عێراقدا خزمەتی خەڵک و دۆزی کورد بکات، یان بۆ ئەوە بووەتە پەرلەمانتار کە بە ئەزموون وەرگرتن لە مامۆستاکانی، دژی دەسەڵاتی

زۆرینـەی کـورد بوەسـتێ و خزمەتـی عەرەبـی شـیعەی عێـراق و کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بکـات؟ چونکە هەمـوو هەڵسـوکەوتەکانی پێشـاندەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو نوێنەری گەلی کورد نییە لە پەرلەمانی عێراق.

لە ڕاسـتیدا، نەمدەویسـت وەڵامـی مەحمـود ڕەزا ئەمـین بـدەمەوە و وەڵامدانەوەیم بە ئەرکی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوسەرانی ئەو حیزبە دەزانـی، بەڵام کاتێک لە پروگرامێکی تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی گۆڕانـدا بینـیم، پیشـمەرگە بە ئەنفـالچی ناودەبـات، ئیتـر وەک پێشمەرگەیەکی دێرینی شار و شاخ، بە ئەرکی خۆم زانی وەڵامی سیاسەتی چەواشەی ئەو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا بدەمەوە و ئەو ڕاستییانە بخەمە بەرچاوی خوێنەرانم کە نەوەی نوێ فریوی وتەکانی نەخۆن و بە لاڕێدا نەچن.

چەند وتارم لە فەیسبوکدا بڵاوکردەوە کە زۆر بە گەرمیی پێشوازییان لێکرا و کۆمەڵێکی زۆر داوایان کرد نوسینەکانم بە کتێب بڵاو بکەمەوە کە وەک بەڵگە ئەرشیڤ بکرێن.

بەو تێبینییـە، مەبەسـتم لە نوسـینی (سیاسـەتی چەواشـە) کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و زانستییە، وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ بە مەحمود ڕەزا ئەمین نییە، بەڵکوو دەرخستنی ڕاستیی ئەو خاڵە مێژووییيانەیە بۆ خوێنەران و نەوەی نوێ کە لە کۆنەوە کەسانی وەک عیسا پژمان، عیرفان قـانعی فەرد و کـۆمەڵێکی تـری سـەربە دەزگاکـانی ئیتلاعـاتی ڕژێـمە داگیرکەرەکان، بە سیاسەتی چەواشە گومان دخەنە سەر بزووتنەوەکانی کوردستان و ڕێبەرانمان و خەڵک بە دژی شۆڕش و ڕێبەرانیان دەهاروژێنن.

حامید گەوهەری

٢٠١٨

# سەرەتا

بەرلەوەی کە هەستی نەتەوەیی لەنێو گەلی کورددا سەرهەڵبدات و سنوری کوردستان هێڵی بە نێودا بکێشرێت، شەڕی چاڵدران لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەویی و عوسمانییدا، گۆڕانێکی گرنگی مێژوویی لە کوردستان پێکهێنا. لەو شەڕەدا کە ڕۆژی ١٥١٤/٨/٢٣ بە هێرشکردنی لەشکری سوڵتان "سەلیمی عوسمانیی" بۆ سەر لەشکری شا "ئیسماعیل سەفەویی" دەستی پێکرد، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتانی سوننەی عوسمانیی و شیعەی ئێران کە دامەزرێنەرەکەی شا ئیسماعیل سەفەویی بوو.

لەو شەڕەدا، چونکە کوردەکان لەلایەک سوننە بوون و لە لایەکی ترەوە شەڕەکە لە ناوچەکانی ئەواندا ڕوویدابوو، زۆربەی سەرۆک خێڵە کوردەکان پشتی عوسمانییەکانیان گرت و لە ئەنجامدا سوڵتان سەلیم توانی لەشکری سەفەویی بشکێنێت. شکانی سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدران، سەرەتای دابەشبوونی خاک و نەتەوەی کوردستان بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییدا.

هەوڵ و تێکۆشانی دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانیی، دوای شەڕی چاڵدران بۆ دەستەمۆکردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسانی جێبەجێ نەکرا و کوردەکان ئامادە نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەرئەوە، هەردوو دەوڵەت بۆ بەچۆکداهێنانی خێڵەکان، توشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، ڕاپەڕینی "خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو، کە ساڵی ١٦٠٨ دژی دەسەڵاتداریی شا "عەباسی سەفەوی" لە قەڵای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی لە لایەن "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانیی لە ناوچەی مهاباد

کۆکراوەتـەوە، بەشـێوەی بـەربڵاو و یەکنـەگرتوو هەسـتی کوردایـەتی تێـدا دەبینرێت.

هەستی کوردایەتی لەنێو خێڵە کوردەکاندا، لە سەدەی حەڤدەی زاینییدا سـەریهەڵداوە و بـووە بـەهـۆی بزوانـدنی هەسـتی نەتەوایـەتی ژمارەیـەک نوسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" بۆ نوسینەکانیان لە زمانی زگماکی کوردیی کەڵکیان وەرگرت و "ئەحمەدی خانی" داستانی مەسنەویی مەموزینی نوسی. مەموزینی ئەحمەدی خانی یەکەم نوسراوەی کوردە کە لە چوارچێوەی بەیتی مەموزیندا هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەق دەکاتەوە، بەڵام بیری پاشکەوتووی دەرەبەگە کوردەکان لەو سەردەمی کوردستاندا و بەهێز بوونی بیری ئیسلامیی لە نێو کوردە دەسەڵاتدارەکاندا، پێشـی بـە گەشـەکردن و هەڵـدانی تەندروسـت و بـەجێی ئـەو هەسـتە نەتەوایەتییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشت بەشێوەی سروشتیی گەشە بکات و پـەرە بسـتێنێت و بگاتـە ئاسـتی هوشـیار کردنـەوەی نەتـەوەی کـورد، لـەو قۆناخدا.

کوردسـتان لـە سـەدەی هـەژدە و نـۆزدەدا لەلایەن سـەرۆک خێڵـە کوردەکانـەوە بەڕێوەدەچـوو. میرەکـانی "هـەکاریی"، "بۆتـان"، "بادینـان"، "سۆران"، "بابـان"، "ئـەردەڵان" و "موکری"، بەشـی هـەرە زۆری کوردستـانیان بە دەست بوو. هەرکام لەو میرە کوردانە، بە داب و نەریتی ئەو سەردەمە، خـاوەنی دامـەزراو، و دەزگـای بەڕێوەبـەریی حکومـەتیی و هێـزی پـارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتیی نەتەوەیی یەک بگـرن و دەوڵـەتی کـورد دابمـەزرێنن و بچنـە ژێرفـەرمانی چوارچێـوەداری دەوڵەتییـەوە. سـەرنج بـدەن، دووپـاتی دەکەمەوە: **"هـەرگیز نـەیانتوانی لەسـەر دەسـەڵاتێکی گشـتیی نەتـەوەیی یـەک بگـرن و دەوڵـەتی کـورد دابمەزرێنن و بچنە ژێرفەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە!"**

ئەوان بـە بـەردەوامیی بـۆ ڕاگـرتن و بـەردەوامیی دەسـەڵاتی ناوچـەیی خۆیـان، تێدەکۆشـان و ئەگـەر ژیـان و سەربەسـتیی ناوچەکـەیان کەوتبێتـە مەترسییەوە، ماوەیەک دژی نەیاران بەربەرەکانییان کردوە(١).

سەرئەنجام، ئەو بەربەرەکانییەی کوردان بەوە گەیشت کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران دەسەڵاتی سنورەکانیان لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا کۆکردەوە و کۆتاییان بە ژیانی میرنشینە کوردەکان و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوان لە کوردستاندا هێنا.

بەربەرەکانی ناوخۆیی کوردەکان، بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی شێخ "عوبەیدوڵای نەهریی" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم ١٨٨٠- ١٨٨٢ توشی شکان کرد. یەکەم داخوازیی چاکسازیی بۆ مافی نەتەوەی کوردی، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٠٧دا لەلایەن شێخ عەبدولسەلام بارزانیی دووەم و سەرۆک هۆز و گەورەکانی کورد لە ماڵی شێخ نورمحەمەد بریڤکانی پێشەوای تەکیەی قادری لە "بریڤکان" نوسرا، بەڵام بە خۆکشاندنەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان لەو داخوازە، پوچەڵ کرایەوە و لە ئاکامدا عوسمانییەکان، شێخ عەبدولسەلام و سێ هەڤاڵی ئەویان گرت و ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لە موسڵ لە سێدارەیان دا.

لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان، لە مانگی مای ١٩١٦دا، ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بەهۆی یەکنەگرتوویی کوردان و لاوازییان لە دیپلۆماسی جیهاندا، بە پرۆژە و پێشنیازی دوو نوێنەری بریتانیا و فەرەنسا بە ناوەکانی "مارک سایکس" و "فەرەنسوا ژرژ پیکۆ"[٢]، ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆیان مۆر کرد. بەو ڕێککەوتنە کە بەبێ ڕەزامەندیی نەتەوەی کورد واژۆ کرا و دواتر ناوی "پەیمان"ی بەخۆیەوە گرت، نەتەوەی کورد کرا بە سێ بەش. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان لەگەڵ تورکیا هێشتەوە و دوو بەشەکەیتریان دیسان بەبێ ڕەزامەندیی کورد، بەسەر دوو دەوڵەتی هێشتا پێکنەهاتووی عێراق و سوریادا بەشکرد. بەم دابەشکردنە، کورد و کوردستان کران بە چوار بەش.

هێشتا دابەشکردنەکە بواری کرداریی پێنەدرابوو کە سێ دەوڵەتی ئینگلیز، فەڕەنسا و تورکیا بۆ ئارام کردنەوەی لایەنێکی نەتەوەی کورد و

دەست هەڵگرتنی لە ڕاپەڕین و دژایەتی کردن لەگەڵ دابەشکردنەکە، ساڵی ١٩٢٠ ڕێککەوتنێکیتریان لەژێر ناوی پەیمانی سێڤەر[٣] واژۆ کرد. تورکیا لە ڕووی ناچاریی و بە پلان ئەو پەیمانەی واژۆ کرد. لەو ڕێککەوتنەدا گوترابوو ئەگەر کوردەکان بتوانن وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن، دوای ساڵێک پارێزگاکانی موسڵ و ئامەد کە هەموو خاک و نەتەوەی باشوری کوردستان و بەشی زۆری باکوری کوردستانی دەگرتەوە، سەربەخۆ دەکەن[٤].

پەیمانی "سیڤەر"، هەلێکی لەباری بۆ کورد ڕەخساند کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنێت، بەڵام دیسانیش ناسازگاریی کوردەکان، هەلی بۆ مستەفا کەمال دەسەڵاتداری نوێ لە تورکیا ڕەخساند کە ساڵی ١٩٢٢ دەوڵەتی کۆماریی لە تورکیا دامەزرێنێت و دوای تێپەڕ بوونی ساڵێک بەسەر پەیمانی سیڤەردا، بە ڕێککەوتنێکیتر کە "لۆزان"[٥]ی ناو بوو، ویستی کوردان پوچەڵ بکاتەوە. داخەکەم لێرەشدا کورد بۆخۆی شەریک بوو لەو غەدرە مێژووییەی کە لێی کرا.

مستەفا کەمال، لە ڕەوتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا، بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکیی کوردەکان لەگەڵ یەکتر، دژی کورد ڕاپەڕی و خێڵە کوردەکانی چەککرد و کۆمەڵێکی زۆری لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ شارە تورک نشینەکانی "ئانادوڵ". چەند بزووتنەوەیەکی لە ناوچەی سیواس، بنگۆڵ و ساسۆن سەرکوت کرد. ساڵی ١٩٢٤ پۆشینی جلوبەرگی کوردیی و ئاخاوتن بە زمانی کوردیی یاساخ کرد و ڕایگەیاند: **(تورکیا وڵاتی تورکانە و تەنیا تورکی تێیدا دەژی.)** مستەفا کەمال زۆر بێڕەحمانە سەدان گوندی کوردانی سوتاند و بزوتنەوەکانی شێخ سەعید، سەید ڕەزا و ڕاپەڕینی ئاراراتی سەرکوت کرد[٦].

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا سیاسەتی قڕ کردن و لەنێو بردنی نەتەوەی کورد بەڕێوە چوو. ڕەزا شای پەهلەویی ساڵی ١٩٢١ لە ئێران بە دەسەڵات گەیشت و لە ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢ دا، بۆ تواندنەوەی کورد، پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ مستەفا کەمال مۆر کرد. ساڵی ١٩٢٥ سوپای ئێرانی نوێ کردەوە و سیستمی سەربازیی زۆرەملی "ئیجباریی"، دامەزراند.

فەرمانی چەککردنی گشتیی خێڵەکانی ڕاگەیاند و خێڵەکانی چەککرد. خێڵی "جەلالی"ی لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ "قوچان" و دەوروبەری "مەشهەد". بە چەشنی مستەفا کەمال، پۆشینی جلوبەرگی کوردیی یاساخ کرد و نەیهێشت لە دەزگا حکومییەکان، خوێندنگەکان و شوێنە گشتییەکانی کوردستاندا، کورد بە زمانی زگماکی بدوێت. بزووتنەوەکانی سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"، مەلا خەلیلی گۆڕەمەری، جافر سوڵتانی هەورامیی و حەمە هەتیوی لە مهاباد سەرکوت کرد. مەلا خەلیل، مەلایەکی ناسراوی ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد بوو کە دژی یاساخکردنی جلوبەرگی کوردیی ڕاپەڕیبوو.

فەیسەڵی یەکەم لە دووی خەرمانانی ١٩٢١ دا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کرا بە شای عێراق. ئەو وڵاتە تا ساڵی ١٩٣٠ لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی "قیم" ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا بوو. ساڵی ١٩٣٠ بە وڵاتێکی سەربەخۆ ناسرا و بە ئەندامی شورای وڵاتە یەکگرتووەکان وەرگیرا. دوای پێکهاتنی وڵات و دەوڵەتی نوێ لە عێراق کە بەبێ ڕەزامەندیی گەلی کورد، بەشێکی کوردستانیشی خرایە سەر، زمانی کوردیی و ڕێزگرتن لە داب و نەریتی کوردیی لەو بەشەی کوردستاندا یاساخ نەکرا و لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمودەوە، بزووتنەوە کوردییەکان ئەم دەستکەوتەیان بۆ نەتەوەی ئێمە پاراستووە و کوردی ژێر دەستی عێراق بە هەموو دەرد و ئازاری نەپساوەیەوە، توانیویەتی لە بوارەکانی سیاسی و فەرهەنگییدا چالاک بێت و منداڵانی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا بە زمانی زگماکی پەروەردە بکات.

بەرلە دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، شێخ مەحمودی حەفید لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩١٩دا دەوڵەتی پاشایەتی کوردی ڕاگەیاند. دەوڵەتی ئینگلیز دژی دەوڵەتی شێخ مەحمود ڕاوەستا. یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی لەنێوچوونی بزوتنەوەی شێخ مەحمود و دژایەتی کردنی ئینگلیز لێی، پشتیوانی نەکردنی سەرۆک خێڵەکانی کورد بوو لە شێخ و

ناسازگاریی لە نێوانیاندا. هەروەها دەوڵەتی ئینگلیز دوو بزووتنەوەی تری لە باشوری کوردستاندا لەنێو برد. یەکەمیان بزوتنەوەی ١٩٣١- ١٩٣٢ بارزان بوو بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و ئەویتریان شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ بوو بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە دیسانیش دەوڵەتی عێراق و ئینگلیزەکان بۆ شکاندنی، کەڵکیان لە کوردەکان وەرگرت و کورد خۆی کردە چاوساخی دوژمن و بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ لەنێو بردنی دەستکەوتەکانی، هاوکاریی سوپای عێراق و ئینگلیزی کرد.

لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهان ١٩٣٩/١٢/١- ١٩٤٥/٩/٢دا، سوپاکانی ئینگلیز، سۆڤیەت و ئەمریکا، ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ ئێرانیان داگیر کرد و سوپا و هێزە چەکدارەکانی ئێران کوردستانیان بەجێهێشت. لە سنوری ماکۆوە تا دەگاتە سنوری شاری سەقز کە یەکیەتی سۆڤیەتی تێدا جێگیر بوو، کەوتە دەستی گەلی کورد. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد توانی لەو بۆشاییە سیاسی، سەربازییە کەڵک وەرگرێت و ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ کۆماری کوردستان ڕابگەیەنێت(٧).

کۆماری کوردستان ١٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژ تەمەنی کرد. نزیکەی ٣٠٠٠ پێشمەرگەی عەشیرەتی بارزان، بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، لەگەڵ نزیکەی ١٠ هەزار پێشمەرگە لە ٣٣ تیرە و عەشیرەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسکی سەربازیی کۆماریان پێکهێنا. جگەلە بارزانییەکان و دوو سێ تیرەی بچوک، هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی تر لە ڕەوتی کۆماردا، دژی کۆمار و ڕێبەرانی هەڵگەڕانەوە و پاڵیان بە ڕژێمی کۆنەپەرستی پەهلەوییەوە دا، بە چەشنێک سوپای ئێران بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی جاشە خۆبەدەستەوەدەرەکانی مامەش، مەنگوڕ، دێبوکری، زەرزا، ڕەشید بەگی هەرکی، نوری بەگی هەرکی، قوبادی کوڕی سمکۆ، عومەرخانی شکاک و سێ لە بەگزادەکانی مەرگەوەڕ توانی کۆماری کوردستان لەنێو بەرێت و کۆتایی بەبوونی بارزانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێت و ئەوان ناچار بکات، پیر و بەساڵداچووەکان و ژن و منداڵەکانیان بنێرنەوە بۆ باشوری

کوردستان و مەستەفا بارزانیی کە یەکێک بوو لە ژەنەڕاڵەکانی کۆماری کوردستان، لەگەڵ ٥٠١ پێشمەرگە پەنا بۆ یەکیەتی سۆڤیەت بەرێت.

ئەوە چارەنوسی نەتەوەی کوردە کە لە هەر ڕووداوێکی گرنگی مێژوییدا دەبێ خۆی هۆرە بۆخۆی بکات و نەهێڵێ نەوەکانی بە ئامانج بگەن و خۆی ببێت بە لایەنێکی سەرەکی و کارێگەر لە ڕوخاندنی کۆماری کوردستان و کوشتنی ٢٧ پێشمەرگەی بارزانییەکان لە شەڕەکانی: نەڵۆس، گۆجاڕ، قاڕنێ، دەشتی شنۆ، هەڤرین، هەلەج، نێرگێ لە نێوان نەغەدە، شنۆ و مەرگەوەڕ.

---

١- ئەوە مێژووی کوردە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، نەک ئێستا، بەڵام داخوا هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ئەوکات و ئەم کاتەی کورددا هەیە؟ خۆتان کڵاوی خۆتان بکەن بە قازی و وەڵامی خۆتان وەرگرنەوە!

٢- ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ پەیمانێکی نهێنی بوو لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا کە بە هاودەنگیی لەگەڵ ڕوسیا بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦ واژۆ کرا. لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، عێراق، سوریا، لوبنان،

فەلەستین و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپڕاتۆریی عوسمانیدا بوو، بەشکرا و بەو پەیمانە کوردستان لە دوو بەشەوە بوو بە چوار بەش. ئەو پەیمانە لە دوو ناوی مارک سایکسی بریتانیایی و فەرەنسوا ژرژ پیکۆ پێشکەشکەری ڕێککەوتنەکە وەرگیراوە.

٣- دوای دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، نوێنەری دەوڵەتانی فەرەنسا، ئینگلیز، ئیتالیا، ژاپۆن و هاوپەیمانان جەنگی یەکەمی جیهان ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ لە شاری سێڤەری فەرەنسا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرا. شەریف پاشا لە باکوری کوردستان بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد. بەو پەیمانە کە دواتر بە پەیمانی سێڤەر ناسرا، بریتانیا دەیویست باکوری کوردستان لە تورکیا جیابکاتەوە و ئەو بەشە لەگەڵ ویلایەتی "پارێزگا" موسڵ، بکات بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و خۆشی سەرپەرشتی بکات.

٤- سەرنج بدەن: **"ئەگەر کوردەکان بتوانن وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن."** واتا ئەوەی ژمارەیەک لەم سەردەمەدا بە فیتی دوژمن هەوڵی بۆ دەدەن کە بە دنیا بڵێن کورد شایستەی دەوڵەتداریی نییە. ئەوان دەرگا بە دەرگا شوێنە بڕیاردەرەکانی جیهان دەکوتن بۆ سوککردنی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان.

٥- پەیمانی لۆزان ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە کۆنگرەیەکدا لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس واژۆکرا، مەبەست لەو کۆنگرەیە باسکردن بوو لە کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و پێکهاتنێکی نوێی ئاشتی لەگەڵ مستەفا کەمال، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤەر بگرێتەوە. لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستەمی تەنکرە دەریاییەکان و کێشەی سیستەمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی دەوڵەتە دەرەکییەکان خرانە بەرباس و سەرئەنجام لە کۆنگرەی لۆزاندا، هاوپەیمانان بە قازانجی مستەفا کەمال، لە پەیمانی سێڤەر و مافی نەتەوەی کورد پاشگەز بوونەوە و کێشەی کوردیان قوڵتر کردەوە.

٦- ڕاپەڕینی ئارارات لە لایەن کۆمەڵەی "خۆیبوون"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا. خۆیبوون ڕێکخراوێکی سیاسی کورد بوو کە بە ئامانجی ئازاد کردنی کوردستان، بە یەکگرتنەوەی چەند کۆمەڵەی کوردیی بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا دامەزرا. خۆیبوون یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٢٧ دا لە "بحمدون"ی لبنان بەست. ئیحسان نوری پاشا ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئاڵای کوردستانی، بە ئارم و نیشانی ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان، لەسەر چیای ئاگریی هەڵکرد. خۆیبوون تا ساڵی ١٩٣١ خەباتی کرد و بە شکانی بزوتنەوەی ئارارات لەناوچوو.

٧- من پێشتر کتێبێکم لەسەر کۆماری کوردستان بڵاوکردووەتە. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و بە دوو زمانی کوردی و فارسی، لە کوردپیدیا هەیە و دەتوانن بیخوێننەوە.

# پارتی دیموکراتی کوردستان

مەحمود ڕەزا ئەمین، لە وتارەکەیدا "پارتی و کوشتنی سیاسی" دەڵێت:

**(پارتی لە دامەزراندنیەوە ١٩٤٦ هەتا سەرەتای دو لەت بوونەکە ١٩٦٤ حیزبێکی ئازادیخوازی نیشتمانیی کوردستانیی پێشکەوتنخواز بوو. لە دوای جیابوونەوەی/دەرکردنی جەلالی لە مەلایی، وردە وردە رێچکەی حیزبێکی بنەماڵەیی کۆنەپەرستی گرتە بەر، هەتا لە کۆنگرەی ٨ ی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان، بە یەکجاری بوو بە حیزبی بنەماڵە. لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار کوڕانی خوالێخۆشبو مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعود بوونە ئەندامی سەرکردایەتی، دوا تر م.س و، ئەندامی بارەگای بارزانی.)**

بە وتەی مامۆستا عەزیز محەمەد، هەندێک زەواهیر هەیە کە دەبێ بیناسی کە ڕەفتاری لەگەڵ بکەی. ئەگەر دژایەتی کەسێک دەکەی، دژایەتییەکەت پیرۆزە، بەڵام ئەگەر نەزانی چۆن دژایەتی بکەی، ئەوە بەجێی دژایەتی کردن، یارمەتی دەدەی و بەڵگەی دەدەیە دەستی. ئەگەر لە حیزبی بنەماڵە دەدوێی، بگەڕێوە بۆ حیزبی بنەماڵەی نەهرۆ و گاندی لە هیندستان و بزانە بۆ ڕاگرتنی هێمنی و ئاسایش و دیموکراسی ئەو وڵاتە مەزنە و دیموکراتەی دنیا، چۆن پاش بەشودانی کچی نەهرۆ و هاوسەر گیریی کوڕەکانی کچی نەهرۆ، چوون خانمێکیان لە ئیتالییە بۆ کوڕێکیان هێنا کە حیزبەکەیان بپارێزێت.

هەر وەکوو لە بەشی سەرەتایی ئەم نوسینەمدا بینیتان، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستکەوتی ئەزموونی بزوتنەوەی سیاسی و چەکدارانەی زیاتر لە ١٢٠ ساڵی بنەماڵەی بارزانیی و خوێنی هەزاران ژن و منداڵ و خەباتکاری ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە.

بەرلە ساڵی ١٩٤٥، چونکە شۆڕش و بزوتنەوەکانی کورد بە تێکڕا ناوچەیی بوون و لەلایەن سەرۆک عەشیرەت و شێخ و مەلاکانەوە سەرۆکایەتی دەکران، مەلا مستەفا بارزانی بڕیاریدا پارتییەکی سیاسیی

دامەزرێنێت و دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردنی شۆڕش بە ڕێبەرانی ئەو پارتە بسپێرێت، نەک بۆخۆی و بنەماڵە و عەشیرەتی بارزان کە قورسایی شۆڕشیان لەسەر شان بوو، ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە بکەن. بەم جۆرە، بە پێچەوانەی نوسینی مەحمود ڕەزا ئەمین، بارزانی لە یەکەم هەنگاودا، بە هاوکاریی عیزەت عەبدولعەزیز ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی ئامێدیی، مستەفا خۆشناو ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی بێتواتە، عەبدولحەمید باقر ئەندامی عەشیرەت خەڵکی خانەقین، محەمەد مەحمود قودسی ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق خەڵکی سلێمانیی، ئەحمەد ئیسماعیل خەڵکی هەولێر، شەوکەت نوعمان خەڵکی ئامێدیی، حەفیزوڵا ئیسماعیل خەڵکی ئاکرێ، پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی" دامەزراند[1] و بزوتنەوەی کوردی لە دەسەڵاتی شێخ، مەلا و دەرەبەگەوە گەیاند حیزبی سیاسیی و بە کۆمەڵ.

دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی دووەمی بارزان، ١٩٤٣- ١٩٤٥ و پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مەلا مستەفا گەڵاڵەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی هاوشێوەی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ی ئاراستەی هەڤاڵانی کرد و ئەوانیش قەبوڵیان کرد. لەو چوارچێوەیەدا مەلا مستەفا، هەمزە عەبدولا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خوشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خیروڵا عەبدولکەریم و عیزت عەبدولعەزیز لە مانگی فیبرواری "شوبات" ١٩٤٦ لە شاری شنۆ کۆبوونەوە و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوکاتی ناوچەکە و جیهان، بنەمای پارتی دیموکراتی کوردیان داڕشت کە لەلایەک مافی دیموکراتیی نەتەوەی کوردی لە باشوری کوردستاندا تێدا بگونجێ و لەلایەکی تر خاوەنی پڕۆگرامێکی ڕوونی دیموکراتی بێت بۆ بە دیموکراتی کردنی عێراق.

هەمزە عەبدولا، بە فەرمانی بارزانیی گەڕایەوە بۆ عێراق و پێوەندی لەگەڵ دوو حیزبی "ڕزگاری و شۆڕش" گرت. هەردوویان ئامادبوون

حیزبەکەیان هەڵوەشێنن و بەشداریی بکەن لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد کە خواستی بارزانی بوو. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای مانگی ئاوگۆستی "ئاب"دا کۆنگرەیان بەست و حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە. دوای هەڵوەشانەوەی ئەو دوو ڕێکخراوەیە، ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ بە ئامادە بوونی ٧٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردیان لە بەغدا پێکهێنا.

ئەوە، بە کورتی مێژووی ئەو پارتەیە کە مەحمود ڕەزا ئەمین خۆی ددانی پێدادێنیت و دەڵێت: **(لە دامەزراندنیەوە ١٩٤٦ هەتا سەرەتای دو لەت بوونەکە ١٩٦٤ حیزبێکی ئازادیخوازی نیشتمانیی کوردستانیی پێشکەوتنخواز بوو.)**

بە پێچەوانەی وتەی مەحمود ڕەزا، ئەو پارتە تا ساڵی ١٩٦٢ حیزبێکی ئازادییخواز و پێشکەوتوو بوو، بەڵام دوای ئەوە، کە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی، بۆ زاڵبوونی بەسەر حیزبەکەیدا، حیزبەکەی لە ڕێبازی خۆی لادا. لەو چوارچێوەیەدا، بۆ دژایەتی کردنی بارزانی، لە ژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ عیسا پژمان، کۆنە سیخوڕ و خزمەتکاری محەمەد ڕەزا شا و مەئموری ساواکی ئێران لە سەفارەتی عێراق دامەزراند[٢] و دواتر کێشە و بەربەرەکانی و ڕزاندنی پارتی کردە ئامانج. لە جێی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەو کێشەیە دەکەم.

مەحمود ڕەزا دەڵێت: **(لە کۆنگرەی ٨ ی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان، بە یەکجاری بوو بە حیزبی بنەماڵە. لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار کوڕانی خوالێخۆشبو مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعود بوونە ئەندامی سەرکردایەتی، دوا تر م. س و، ئەندامی بارەگای بارزانی.)**

ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠، زیاتر لە هەشت ساڵ لە شۆڕشی ئەیلولدا بوون. بەشداریی چەندان شەڕ و چالاکیی پارتیان کردبوو. ئەوان لە هەر حیزبێکی تری جگەلە پارتی دیموکراتدا بووایەن- بۆ نمونە لە بزوتنەوەی گۆڕاندا-

بێگومــان بە چــالاکیی خۆیــان بەو پــلە حیــزبییە دەگەیشــتن! ئەگەر پــلە وەرگـرتن بە ڕێـگەی بنـەمـاڵـە بـووایـە، کـەریـم قاسـم زۆری هـەوڵـدا و داوای لـە بــارزانـی کــرد کە یەکێــک لـە کوڕەکــانـی بکــات بە وەزیــر، بەڵام بــارزانـیی قـەبوڵـی نـەکرد. لـەبـەر ئەوە، پڕوپاگـەنـدە کردن بـەو خـاڵـە وەک تـەقـە کـردن لـە تــاریکی دەچێـت و بــایـەخـی سیاسـیی و تیـۆریی نیـیـە، ئـەگـەر مـەحـمـود ڕەزا ئـەمین بیڵێت، یان کەسێکی تری سەربە دەزگاکـانـی هـەواڵگریـی دوژمـن وەک عیرفــان قــانعی فـەرد و عیســای پژمــان- کـە زۆر جــار ئامـاژەیــان بـەو خــاڵـە کــردوە- بەو جیــاوازییە کـە مـەحمــود ڕەزا بــۆ ســەلمـاندنـی وتـەکەی نمــوونـە دێنێتەوە و دەڵێت: **(چەن نمونـەیـەک بۆ سـەلـمـانـدنـی ئـەو راسـتیـە:**

**نمونـەی یـەکـەم: مـەسعـود بــارزانــی لـە کـۆنگرەی ١٣ ی حیزبـەکـەیـا ١١-٢٠٠١/١٢/١٨ نـاوی کوڕەزایـەکی خۆی هێنا، کوڕی مـەسرور و، وتـی، فلانـی کوڕەزام پێی وتم، باپیرە خـەم مـەخۆ من کوردستان/کـەرکوک؟ رزگـار ئـەکـەم (وەرگیراوەکە دەق نیە، پاڵفتەی قسەکانێتی). کوڕەزاکەی شەش ساڵ لـەمـەو بـەر ٣- ٤ سالان بووە.**

**نمونـەی دووەم: چـەن سـاڵێ لـەمـەوبـەر کوڕە گـەورەی نێچیروان بـارزانـی، کە ئـەو کــات ١٢- ١٣ ســالان بــوو، وتــی، ئـەم خۆشـگـوزەرانیـەی خـەڵـکـی کوردستان، بـەرهـەمی رەنجی باوکمە. بە مـەرجێ، هـەمووی پارەی بـەغا بوو، باوکی یەک تنۆک ئارەقی نە رشتبوو بۆ پەیا کردنی.**

**نمونـەی سێیـەم: گۆیا، یاسری کوڕی مـەنسور بــارزانــی، لـە نـۆڤـەمبـەری ٢٠١٦ دا بـە رۆژنـامـەی نیویۆرک تایمزی ئـەمریکی وتـوە: وەک چۆن هـەمیشـە گوڵە بـەڕۆژە روی لـە خۆرە، ئـەبـێ گـەلـی کوردیش بـە هـەمـان شێوە روی لـە سـەرۆک مـەسعود بـارزانـی بـێ.)**

بۆ زانیاریی مەحمود ڕەزا ئەمین، کۆنگرەی ١٣ی پـارتـی دیـمـوکرات سـاڵـی ٢٠١٠ پێکهـات، نـەک سـاڵـی ٢٠٠١. ئـەگـەر کـوڕێکی ٣- ٤ سـاڵـە خــاوەنـی ئـەو هـەسـتـە بێـت کـە لـە داهـاتـوودا وەک بـاوکـانـی کـە زیـاتـر لـە دە هـەزار کـەسـیـان لـە ڕێـگەی کوردایـەتیـدا شـەهید و ئـەنـفـال کـراون، خـۆی وەقـفـی سـەرکـەوتـنـی

کورد و ئازادکردنی کوردستان بکات، چی تێدایە کە مەحمود ڕەزا ئەمین پێی بڕەنجێی. دوژمن دەبێ لەو پەروەردە کردنە نیشتمانییە بترسێت، تۆ بۆچی؟ ئەگەر بنەماڵەی بارزانی سەرۆکایەتی زیاتر لە سەدەیەک شۆڕشی کوردیان نەکردبایە و بە دوای هەر شکانێک هەزاران شەهیددا شێلگیرتر لە جاران نەکەوتبانەوە سەرپێ، دۆخی باشوری کوردستان، دوای شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بە کوێ دەگەیشت؟

لە نمونەی دووەمدا، دەردەکەوێ مەحمود ڕەزا ئەمین زۆر دڵی بە بەغدا خۆشە و هەوڵی گەڕاندنەوەی نەتەوەی کوردە بۆ ژێر چەپۆکیی بەغدا دەدات! ئایا بەغدا لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، جگە لە کوشتن و ئەشکەنجە کردن، لە تیزاب هاویشتنی ڕۆڵەی کورد، ئەنفال و بۆمبارانی کیمیایی کردن و وێران کردنی شار و گوندی کورد، چی بۆ کورد پێبووە؟ بەغدا، ئێستاش حەشدی شەعبی بۆ دووپات کردنەوەی تاوانەکانی پێشووی دامەزراندوە و داخەکەم تۆ یەکێک لەو پەرلەمانتارانە بووی کە بۆ بەیاسا کردنی دەنگت پێدا، تا حشدی شەعبی باشوری کوردستان بکات بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆر شوکر کە بنەماڵەی تۆ جگە لە سود بردن لە بزوتنەوەکانی کورد، ئەنفال و کیمیابارانیان نەدیوە و شەقی پاسدار و بەسیجی کۆماری ئیسلامییان لێ نەکەوتووە.

ئایا ئەو وتەیەی یاسری کوڕی مەنسور بارزانی، ئەگەر هی ئەو بێت، یان کەسێکی تر، درۆیە؟ ئەگەر درۆیە، ئەی بۆچی چەندان ساڵە ناتوانن کەسێک بۆ جێگای مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە، پێتوایە ئەگەر تۆ یان ئامۆزاکەت نەوشیروان مستەفا ئەمین لە جیاتی کاک مەسعود خۆتان کاندید بکەن، خەڵک متمانەتان دەداتێ؟ یان ئایا ئێوە وەک کاک سەرۆک مەسعود دەتوانن کوردستان بەڕێوە بەرن؟ هەرچەندە تۆ خۆت باشتر لەمن دەزانی، مەسعود بارزانی لەخۆیەوە نەبووەتە سەرۆکی هەرێم و زیاتر لە ٧٠%ی خەڵکی کوردستان دەنگی پێداوە و حیزبەکەشی بە دەنگی خەڵک سەرکەوتووە[٣].

مەحمود ڕەزا لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا باسی "دەم چەور کردن" و "تۆقاندن و کوشتنی" نوسەران، سیاسییکاران و ڕوناکبیران لە لایەن ماڵی بارزانییەوە دەکات و دەڵێت: **(توانیویانە هەزاران کەس و سیاسی و قەڵەم و بە ناو رۆشبیر بکڕن. هەر کەس مل بۆ هیچکام لەو دوو رێگەیە درێژ نەکا، ئەی خەنە بەر غەزەبی خۆیان؛ هەوڵی کوشتنی فیزیکی، ئەگەر پێیان نەکرا، هەوڵی کوشتنی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئەدەن: ئەیگرن و ئەیخەنە زیندانەوە... ناوی ئەزرێنن... تۆمەتی ئەدەنە پاڵ... فایلی بۆ رێک ئەخەن... چیرۆکی بۆ هەڵەبەستن... تەخوینی ئەکەن.**

**کوشتنی سیاسی لە مێژوی پارتیا: پارتی، لە دروست کردنیەوە هەتا هاتنەوەی بارزانیی باوک لە یەکێتیی سۆڤیتەوە بۆ عێراق، لە کوردستان هیچ هەولێکی تیرۆری فیکریی و فیزیکی نەبووە، چ لە ناوخۆیا، چ لەگەڵ حیزبەکانی ترا. بەلآم، یەکێ بیرەوەریەکانی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی خوێندبێتەوە "بیرەوەریەکانم لە سالآنی ١٩٤٣- ١٩٧٧"، بۆی دەرئەکەوێ کە بارزانیی رەحمەتی لە سۆڤێتیش ممارەسەی تیرۆری فیکری کردوە لەگەڵ هەڤاڵەکانی.)**

من بیرەوەرییەکانی ڕەوانشاد زرار سلێمان بەگم خوێندۆتەوە و وەرگێڕاوەکەشیم بە زمانی فارسی دیوە کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی عیرفان قانعی فەرد، لەژێر ناوی "نبردمن با ابلیس" بڵاویکردوەتەوە.

جێگەی داخە کە مەحمود ڕەزا ئەمین لەو بەربەرەکانییە نا تەندروستەیدا، پاشەرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی بە نمونە دەهێنێتەوە و دەرخواردی خوێنەرانی دەدات، کوردێک کە خۆی بە خەباتکار بزانێت و بە ئیعتباری خوێنی شەهیدانی کوردستان کرابێت بە ئەندام پەرلەمانی عێراق کە بەرگری لە مافی کورد بکات، چۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات کە بۆ بەربەرەکانی دژی سەربەخۆیی خوازانی کوردستان و حیزبێکی ڕەسەن و

بنەماڵەیەکی ڕەسەن، ئاوا بەم جۆرە خۆی بخاتە ژێر پێی دوژمن. بۆ ئەوەی کە خوێنەران بە نێوەڕۆکی نوسینەکەی مام زرار بزانن، پێویستە بڵێم:




لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانمدا چاوم بەکتێبی "بیرەوەریەکانم - لە ساڵانی ۱۹٤۳-۱۹۷۷"ی ڕێزدار زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی کەوت. لە سایتە فارسییەکانی سەربە ڕژێمی ئێراندا خوێندمەوە عیرفان قانعی فەرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و بەناوی مێژووی سەردەمی کوردستان و "شەڕی من دژی شەیتان" بڵاویکردۆتەوە. من کتێبە وەرگێڕاوەکەی مام زرارم بە زمانی فارسی دەست نەکەوت، بەڵام کتێبە کوردییەکەم خوێندەوە. بێگومان مەبەستی کۆماری ئیسلامیی لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەش بەزمانی فارسی، وەک کتێبەکانی تر، شێواندنی مێژووی کورد، تێکدانی ڕیزی کورد، سوکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد، سەرۆک مستەفا بارزانیی، پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانییە و دەیەوێ خەڵک لە پارتی دیموکرات و سەرۆکی کوردستان دوور بکاتەوە و پارتی دیموکرات لاواز بکات کە نەتوانێت بڕیار و پرۆژەکانی سەبارەت بە کورد و کوردستان و گەیاندنی کورد بە سەربەخۆیی و ڕزگار بوونی لەژێر دەستیی جێبەجێ بکات! لەبەر ئەوە ئاماژە کردنم بەو کتێبە هەرچەندە بە کورتیش بێت، پێویستە.

زرار سلێمان بەگی دەرگەڵەیی ساڵی ۱۹۲۷ لە گوندی ماویلیان سەربە قەزای ڕەواندز لەدایکبووە. بە وتەی خۆی، بۆ ئەوەی کە بە سەرباز نەگیرێ، مێژووی لەدایکبوونەکەی کردوە بە ۱۹۲٤. باوکی ٥-٦ گوندی هەبووە و وەک هەموو کوڕە ئاغایەکی کوردستان سەردەمی منداڵیی و مێرمنداڵی بە تێروتەسەلی تێپەڕاندوە. ساڵی ۱۹٤۳ بە سەرباز گیراوەو لە

مانگی چواری ساڵی ١٩٤٦ لە سەربازیی ڕایکردوە و لەگەڵ ٤- ٥ کەسی تر لە عەشیرەتەکەیان چوەتە مهاباد و لەگەڵ سلێمان بەگی باوکی خزمەتی کۆماری کوردستانی کردوە. وەک خۆی دەڵێت: **"بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەلایەن عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو مەشقی سەربازیی پێکراوە و بووەتە ئەفسەر لە کۆماری کوردستاندا"**، بەڵام لەگەڵ



بارزانییەکان نەکەوتووە و بەهۆی بارزانی نەبوونی، ڕیزی خۆی لە بارزانییەکان جودا کردۆتەوە. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ئامادە نەبووە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و لەگەڵ باوکی تێکەڵی هێزەکانی بارزانی بووە و چووەتە سۆڤیەت. لە لاپەڕەی ١٤٩ی کتێبەکەیەوە بە وردی باس لە ڕەوە پڕلە شانازییەکەی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دەکات و ڕووداوەکان بە مێژوو بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.

لەو ژمارە هاوڕێیانەی بارزانی کە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە بۆ عێراق و لە ڕوباری گادەرەوە لەگەڵ بارزانی کەوتن و چوون بۆ سۆڤیت، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، ٣٨ کەسیان لە حاڵی ژیاندا بوون. بۆ ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک کە بە بەردەوامی بۆ ناشیرین کردنی سیمای مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن دوژمنانەوە بڵاودەکرێتەوە و هەندێک کەسی وەک ئەوەی ئێستا لە مەحمود ڕەزا ئەمین دەیبینین، بە مەبەستی سیاسیی، دووپاتی دەکەنەوە، چووم لە نزیکەوە ئەو ٣٨ کەسە و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانو منداڵەکانی ئەو پێشڕەوانەم بینی و لەگەڵ هەموویان وتوویژم کرد. هەر ٣٨ کەسیان لە زانکۆکانی سۆڤیەتی پێشوو، لە بەشی ئەندازیاریی نەوت، ڕێگاوبان، کشتوکاڵ، میکانیک و مێژوو، خاوەن شەهادەی بەرزن. یەکێک لەوانە خودی

زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەییە کە بەشی مێژووی خوێندوە و من ڕۆژی ۲۰۱۲/٦/١٦ لە ماڵی خۆی لە سۆران سەردانیم کرد. ناوبراو سەربارەت بە ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی لە مهابادو سۆڤیەت و گەڕانەوەیدا بۆ عێراق، گوتی:

**- (دوای پەڕینەوەی لە ئاراس، بۆ ماوەی نزیک بە مانگێک لەژێر چاودێریی پزیشکدا بووین و حکومەتی ئازەربایجان، بریندارەکانی کە ٦-٧ کەس بوون، گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و مەلا مستەفاشیان لەگەڵ خۆیان برد. دوای ئەو مانگە، ئەسعەد خۆشەوی و ژمارەیەکیان برد بۆ لاچین کە ناوچەیەکی کوردنشین بوو. مەلا مستەفا، شێخ سلێمان، زیاد و سەعیدیان بردە شاری "شوشی" کە تێکەڵاوێک بوو لە کورد و تورک و ئێمەشیان گواستەوە بۆ "ئاخدەم" و لەویش ئێمەیان بەسەر گوندەکاندا بەشکرد. دواتر لەسەر داوای مەلا مستەفا ئێمەیان بردە باکۆ و بەرگی سەربازییان لەبەدر کردین. پیر و گەنجەکانیان لێک جودا کردەوە و بۆ ماوەی ٧- ٨ مانگ مەشقی سەربازییان پێکردین. دواتر نێوانی مەلا مستەفا و کاربەدەستانی ئازەربایجان تێکچوو. سواری شەمەنەفەرێکیان کردین و ١٤ شەو و ڕۆژ لە ڕێگەدا بووین تا ئێمەیان بردە ئۆزبەکستان و لە تاشکەند دایاننایین و لەویش ماوەیەک ماینەوە و دواتر ناکۆکی پەیدا بوو. مەلا مستەفایان برد کە بە تەیارە بیبەن بۆ مۆسکۆ کەچی بردیانە دورترین شوێن و لە "قەرەقەرپاکستان"یان دانا کە شوێنێکی زۆر پیسە و حوکمی زاتی لەنێو کۆماری ئۆزبەکستان هەبوو، ئێمەشیان لەناو گوندەکاندا بڵاوکردەوە، من لە گوندی سەلخۆزی ژمارەی ٩ بووم. لەوێ ئیشم دەکرد و شەوانە دەمخوێند. دواتر چووم بۆ تاشکەند و بۆ ماوەی دوو ساڵ زمانی ڕوسیم خوێند و لە زانکۆ، بەشی مێژوو وەرگیرام. دیارە منیش وەک ئەو ژمارەیەی کە لە مۆسکۆ خوێندیان بۆ خوێندن لە مۆسکۆ دەرچووم، بەڵام بارزانی نەیهێشت، بچم لەوێ بخوێنم.)**

چەند پرسیاری ترم ئاراستەی کاک زرار کرد، بەڵام ئەو نەیویست وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، تەنیا ئەوەی درکاند کە لە بواری بیر و فکرەوە لەگەڵ بارزانی نەبووە و لە دەسەڵاتیشی ناڕازی بووە.

لە کتێبەکەیدا کە ٤٤ ساڵ بە دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣، بە یارمەتی جەلال دەباغ لە چاپخانەی ڕەهەند لە سلێمانی بڵاویکردۆتەوە، دژایەتی خۆی لەگەڵ بارزانی ئاشکرا دەکات و لە لاپەڕەی ١٩٤- ١٩٥ی بیرەوەرییەکانی و لە بەشی دەنگی شادی و پەرۆشی دا دەنووسێت:



**- (لە پڕێکا دەنگ و باسێک ڕاگەیەندرا کەوا بڕیارێکی زۆر گرنگ لە سەرکردایەتی سۆڤیەت دەرکراوە. بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت و حیزبی کۆمونیست و ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیەت بە دانانی ئەنجومەنێک بۆ کوردە پەنابەرەکان لە شێوی حکومەتێکی کاتی لە دەرەوەی کوردستان. بڕیاری ناوبراو بوو بە مایەی خۆشی و شادی هەموومان، بێگومان ئەو بڕیارە ئاوات و مەڕامی گشت کوردێکی شۆڕشگێڕ و ماندووی ڕێگای ئازادی بوو، ئەو هەواڵە هەواڵێکی بەرز بوو بە ئێمە گەیشت، بۆمان هەبوو بە سەربەرزیەوە بڵێین ماندووبوون و خەباتمان بەلاش نەڕۆیشتوە و بە ئاوات گەیشتین، بەڵام ئەوە جێگای نیگەرانییەکی زۆر و پەرۆشی بوو، ئەو هەواڵە بەرز و بە نرخە زوو بێدەنگ کرا و بە تەواوی نەگەیشتە گوێی جەماوەرە ئاوات خوازەکەمان، دەنگەکە کپ کرا و بێ دەنگ بوو!!**

**ئەوەی زاندرا سەرکۆماری ئازەربایجان "باقیرۆف" بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە مەلا مستەفا و شێخ سلێمانی برازای بانگی لای**

خۆی کردبوون، لە زار گوتەی شێخ سلێمان باقیرۆف پێشوازیەکی زۆر گەورەی لێ کردبوون، لە دواییدا پێی گوتبون "مژدەیەکی زۆر گەورەم پێیە بۆ گەلی کورد لە ڕیگای ئێوەوە پیرۆزبایی سەرکردایەتی سۆڤیەتتان پێ ڕادەگەیەنم و بەناوی خۆم و گەلی ئازەربایجانیش پیرۆزبایی لە گەلی کوردی برامان دەکەین." لە دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکە باقیرۆف گوتبوی "جەنابی مەلا مستەفا ئەوا حەسەنۆف ڕاسپاردراوە هەموو پێویستیەکانتان بۆ ڕێک بخات." شێخ سلێمان گوتی "لەکاتێکا دەرکەوتین حەسەنۆف و سەرۆک وەزیرانی ئازەیجان لەگەڵمان دەردەکەوتن داوای لە مەلا مستەفا کرد لیستی ئەوانەی لەو ئەنجومەنە بەشداردەبن ئامادە بکات بۆ ڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەن." لە گەڕانەوەماندا مەلا مستەفا لەگەڵ میرحاج خەریکی ڕێکخستنی لیستەکە بوون ئەوانەی بەشداری لە ئەنجومەن دەکەن. ئەوەی زاندرا میرحاج بەپێی ڕێنمایەکانی مەلا مستەفا لیستەکەی ڕێکخست و شوێنی هەریەکەی لە ئەندامانی ئەنجومەنی دیار و ئامادە کردبوو، مەلا مستەفا چۆنی دانابوون ئەویش ئەوهای ڕێکخستبوون. وەک لە دوایی بەدیار کەوت پێشنیارەکانی سەرکۆمار لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی بە میرحاج نەگوتبوون پێش ڕێکخستنی لیستەکە، بۆ هەمان مەبەست میرحاج ڕاپۆرتێکی سیاسیشی ئامادە کردبوو بۆ ڕۆژی دیاریکراو، ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ دیاری کرابوو بۆ بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی کاتی بۆ کوردە پەنابەرەکان لە دەرەوەی کوردستان.....) لە درێژەی نوسینەکەیدا زرار سلێمان بەگ دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەن بۆ کوردە ئاوارەکان، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجومەنە مەلا مستەفا وەک سەرۆک، شێخ سلێمان بارزانی یاریدەدەر، میرحاج ئاکرەیی، عەلی محەمەد سەدیق بارزانی، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محەمەد نەجیب بەرواری، عەبدولرەحمان موفتی ئامێدی، سەید عەزیز شەمزینی، ڕەحیم قازی سابڵاغی و عەلی گەلاوێژ

**سابڵاغی دیاری کرابوون. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک کەسایەتی پایەبەرزی حکومەتی ئازەربایجانی ئێران و هەندێ لە فەرماندە پایەبەرزەکانی قەفقاز ئامادە بوون. دوای دەستنیشانکردنی ئەنجومەنەکە حەسەنۆڤ سەرۆکوەزیرانی ئازەربایجان پیرۆزبایی لێکردن و بەناوی سەرۆکۆماریش پیرۆزبایی ئاراستەی مەلا مستەفا و ئەنجومەنە دەستنیشانکراوەکە کرد. لە دواییدا لەگەڵ مەلا مستەفا کەوتە قسەکردن و پێی گوت: "جەناب، ئەگەر چی ئێمە دەست ناخەینە نێو ئیشوکارەکانتان، بەڵام تێبینیم ئەوەیە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی سەرۆک کۆمار لەو لیستەی کە خوێندرایەوە، ڕەنگی نەداوەتەوە.")**

مەبەستی زرار سلێمان بەگ لەو نوسینەی ئەوەیە کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت و باقرۆڤ ویستویانە ئەنجومەنێک لە شکڵی حکومەتێکی کوردی لە تاراوگەدا بۆ کوردە ئاوارەکانی عێراق و ئێران دانێن و ئەندامانی ئەنجومەنەکەشیان دەستنیشان کردوە، بەڵام چونکە بارزانی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی باقرۆڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەنجومەنەکە پێکنەهاتووە و لە ئاکامدا باقرۆڤ تورە بووە و بارزانییە پەناخوازەکانی دوورخستۆتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست.

ئەوە یەکێک بووە لە خاڵەکانی جێی ڕەخنەی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەییە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیی کە دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی قۆستویەتەوە و دژی بارزانی بەکاریهێناوە. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە زرار سلێمان بەگی تەمەن ٢٠- ٢١ ساڵە لەلایەن چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ خوێندن ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون، بەرەو بیری چەپ و سیستمی سیاسیی سۆڤیەت و لایەنگریی لە باقرۆڤ دەچێت و لە بارزانییەکان دوور دەکەوێتەوە. بێئاگا لەوەی کە باقرۆڤ داوی بۆ کوردە ئاوارەکانی عێراق داناوە و دەیەوێ بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی و ئەگەر بکرێ بۆ ئاژاوەنانەوە

لە ئێران کەڵکیان لێوەربگرێت، ئەگەرنا کام حکومەتی کاتی کوردیی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا بۆ کوردان؟

ئایا ئەو بۆچوونەی مامۆستا زرار لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دەخوێنێتەوە کە مۆسکۆ حکومەتێکی کاتی لەنێو خاکی خۆیدا لە کۆماری ئازەربایجان بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان دامەزرێنێت؟، بەڵام بەو هۆیەوە کە بارزانی ئامۆژگارییەکانی باقرۆفی لەبەرچاو نەگرتووە، لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە؟

ئەگەر مرۆڤ هەندێک بە وردی بڕوانێتە مێژووی یەکێتی سۆڤیەت، ناڕاست بوونی ئەو بۆچوونەی بۆ دەرکەوێت. چونکە پێشتر لە سەردەمی لێنین دا، کورد لە ناوچەی "لاچین" ئۆتۆنۆمی هەبوو، بەڵام ستالین و ڕێبەرانی سۆڤیەت، خودموختاریی کوردەکانیان هەڵوەشاندەوە. ئەگەر ڕێبەرانی سۆڤیەت و باقرۆف دڵیان بۆ کوردی دەرەوەی سۆڤیەت دەسوتا، بۆچی لە دەرەوەی خاکی سۆڤیەت و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی قەبووڵکردنی کۆماری کوردستان نەبوون؟

بۆچی باقرۆف دەیویست ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە سەر ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە ئێران دا؟

بۆچی بەزەییان بە ژن و منداڵی کوردەکانی لێواری دەریای ڕەش و ناوچەی "قرم" لە وڵاتی خۆیاندا نەهات و بە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەم، سەرەڕای بەشدارییکردنی باوک، برا و مێردەکانیان لە جەنگی دووەم و دانی هەزاران شەهید، ئەوانیان لە وڵاتی خۆیان دوورخستەوە بۆ قەزاقستان و ئۆزبەکستان؟

مەگەر ئەو خانمە کوردانەی کە مێردیان بە بارزانییەکان کرد و ئێستاش پترلە ٤٠ کەسیان لە ژیاندان و لە کوردستان دەژین، لە کوردە دوورخراوە ئاوارەکانی سۆڤیەت نەبوون کە مێردیان بە بارزانییە ئاوارەکان کرد؟ خۆ کاک زرار خۆی یەکێکە لەو کەسانەی کە لەوێ هاوسەرگیریی کرد، ئاگاداری ئەو ڕووداوەیە، دەکرێ بڵێ هاوسەرەکەی کێ بوو و لە کوێوە هاتبوو؟

ئەی ئەگەر باقرۆف و ستالین ڕاستیان دەکرد، بۆچی ئەنجومەنێکی لەو چەشنەیان بۆ ئازەرییە ئاوارەکانی ئازەربایجانی باشور واتە ئازەربایجانی ئێران دروست نەدەکرد کە ژمارەیان چەند قاتی کوردە ئاوارەکان بوو و دوای هەرەسهێنانی حکوومەتی ئازەربایجان ڕایانکردبووە لای برا ئازەرییەکانیان لە ئازەربایجانی باکور؟ و بۆچی باقرۆف کەسێکی زاناو نیشتمانپەروەریی وەک پیشەوەری سەرۆکی ئەو ئازەرییانەی کوشت؟

بەهەر حال، ئەو ئەنجومەنەی کە مامۆستا زرار سلێمان بەگ ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: **(چونکە بارزانی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی باقرۆڤی لەبەرچاو نەگرتووە، ئەنجومەنەکە پێکنەهات)**، بەبێ ئاگاداریی بارزانییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧، لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە باکۆ پێکهاتبوو.

بەرلە ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩، ئەنجومەن بەبێ بەشدارییکردنی بارزانییەکان دوو کۆبوونەوەی پێکهێنابوو. ئەوە کۆبوونەوەی سێیەمی ئەنجومەن بوو کە ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩بە فەرمانی باقرۆڤ پێکهات و هەموو کوردەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی ئازەربایجان بە ڕوس و ئازەریی و کوردەوە بە بڕیار بەشداریان تێیداکرد.

مەبەست لەو کۆبوونەوەیە باسکردن بوو لە ڕاگەیاندنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکان. لەو کۆبوونەوەیەدا بەپێچەوانەی نوسینی کاک زرار، مەلا مستەفا وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، بەڵام لە وتارەکەیدا بە زانیاری لە پلانی باقرۆڤ و ستالین، هیچ ئاماژەیەکی بەو ئەنجومەنە نەکرد و بەپێچەوانەوە، پەنجەی بۆ مێژووی کورد و پرۆگرامی دواڕۆژی خۆی و پارتی دیموکراتی کورد ڕاکێشا. بارزانی بە خوێندنەوەی ئەو وتارەی، لەلایەک بە نەتەوەی کوردی دانیشتووی باشوری کوردستانی ڕاگەیاند کە لە دەوری پارتی دیموکراتی کورد کۆبنەوە و لەلایەکی تردا بە باقرۆڤ و کلکەکانی گوت: **"دەست لە پیلانگێڕان بەدژی نەتەوەی کورد هەڵگرن!"**

باقرۆف دەیویست بە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە سەرەڕای کۆنترۆڵ کردنی کوردە ئاوارەکان، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کردنی کوردەکانی باشوری کوردستان لە چنگ مەلا مستەفا دەربهێنێت و گروپێک لە کوردی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە ئەنجومەنەکەدا کاروباری کوردە ئاوارەکان لە ئەستۆ بگرن و بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. مەبەست لەو کوردانە بوو کە پێشتر لە کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن ڕەوانەی ئازەربایجان کرابوون، لەگەڵ چەند کوردێکی تر کە دوای هەرەسهێنانی کۆمار خۆیان گەیاندبووە باکۆ.

ئەوە یەکەم هەنگاوی باقرۆف بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی مەلا مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی و زانیاریی پەیداکردنی زیاتر لێیان. هەروەها بۆ بە پلانکردنی سیاسەتەکانی سۆڤیەت و کۆماری ئازەربایجان لەنێو بارزانییەکاندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن چەند ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنەکەدا کە هەم لەبواری زمان و هەم لەبواری دەسەڵات و هەم لە بواری شارەزابوون لە یاساکانی سۆڤیەت لە بارزانییەکانیان پتر دەزانی. ئەوە بوو کە بارزانی بە زانیارییەوە تەنانەت لە یەک وشەدا ئاماژەی بەو ئەنجومەنە کارتۆنییە نەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کوردانی باکۆ ناسێندران کە بریتی بوون لەو چواردە کەسانەی خوارەوە و مستەفا بارزانییان بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دانابوو:

١- مستەفا بارزانی سەرۆک

٢- شێخ سلێمان بارزانی

٣- عەلی محەمەد سدیق

٤- میرحاج ئەحمەد تاهر ئاکرەیی

٥- سلێمان بەگ دەرگەڵەیی "باوکی مام زرار"

٦- عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی

٧- محەمەد نەجیب بەرواری

٨- ڕەحیم سەیفی قازی
٩- سەید عەزیز شەمزینی
١٠- مستەفا شەڵماشی
١١- حەسەن حیسامی
١٢- ڕەحمان گەرمیانی
١٣- سەید کەریم
١٤- موراد ڕەزمئاوەر

بەگوێرەی بڕیاری ئەو کۆبوونەیە دەبووایە ڕۆژانە بەشێک لە پرۆگرامەکانی ڕادیۆ باکۆ بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت و ڕۆژنامەیەکی کوردییش بڵاوبکرێتەوە. دامەزراندنی ئەنجومەنی کوردە ئاوارەکان لە باکۆ هەرچەندە بە نییەتێکی پاک دانەمەزرابوو، بەڵام کاربەدەستانی ئێرانی تووڕە کرد و بە توندی دژی ڕاوەستان.

ئەنجومەن هەر لە سەرەتای پرۆسەی کارکردنیدا توشی کێشە بوو، بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی بە دەنەدانی دەزگا ئەمنییەکانی ئازەربایجان و باقرۆف، کێشەکەیان مەزن کردەوە و چونکە نەیانتوانی کار لەسەر مستەفا بارزانی بکەن و بۆ حکومەت و باقرۆف بەکاری بهێنن، لە کارکردن لە ئەنجومەندا سارد بوونەوە و خۆیان پروپاگەندیان بە دژی کرد.

ژەنەراڵ بارزانی سەرکردەیەکی وردبین بوو، لە فێڵەکانی باقرۆف دەگەیشت و زانیاریی لەسەر ئەوەش هەبوو کە چۆن پیشەوەری سکرتێری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی باشوری کە هاوخوێنی خۆی بوو، بەو تاوانەوە کە ئامادە نەبوو چیتر فریوی باقرۆف بخوات، لە مانگی یونی ١٩٤٧، لە جادەیەکی ناوچەی ساوخۆزی "٢٨ ی ئاپریل" کوشتبوو.[٤] لەبەر ئەوە پێویست بوو بارزانی بە هوشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی باقرۆف بکات.

کاتێک باقرۆف تێگەیشت ناتوانێ دەسەڵاتی دیکتاتۆڕانەی خۆی بەسەر بارزانیدا بسەپێنێ و بارزانی ناچێتە ژێر فەرمانی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی

دەرخست و بارزانی و هەڤالانی وەبەر دڵڕەقی دا و ئیزنی پێنەدان کە دۆخی خۆیان بە ڕێکخراوە جیهانیەکان بگەیەنن و لە دیدارێکیدا هەڕەشەی لە بارزانی کرد کە باشتر وایە پێشنیازەکانی قەبوڵ بکات ئەگەرنا لە پاشەڕۆژدا بەرپرسیار دەبێ.

ئەو چاوپێکەوتنەی نێوان بارزانی و باقرۆف و ئەو دمەقاڵە توندەی نێوانیان، کێشەی بۆ بارزانی و هەڤالانی دروستکرد و ئەنجومەنی کوردەکانیشی بەتەواوی لەنێو برد. چونکە چەند لەو کەسە لەرزۆکە گوێ لەمستانە لە ئەنجومەنی کوردەکان کشانەوە و ئەنجومەنەکەیان هەڵوەشاند (٥).

بەهەرحاڵ ملنەدانی بارزانی بە خواستەکانی باقرۆف، گرفتی زۆری بۆ بۆخۆی و بۆ هەڤالانی پێکهێنا، بەڵام بارزانییەکان بە پێچەوانەی مامۆستا زرار سلێمان بەگ کە ناردرایە شوێنە گەشتیارییەکان کە خۆی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات و لە سایە سەری باقرۆف لە خۆشیدا دەژی!!! بارزانییەکان، تا مردنی ستالین، بە خەباتی مەدەنی، خۆپێشاندان و مانگرتن پشتی سەرۆکەکەیان بەرنەداو بە مردنی ستالین، بارزانی توانی خۆ بگەیەنێتە مۆسکۆ و گرفتی خۆی و هەڤالانی بە خرۆشۆف بگەیەنێت و لە ژیانی دەستبەسەر کراو ڕزگاریان بکات و بیانگەیەنێتە زانکۆکان و هەرلە تاشکەندەوە تا مۆسکۆ بخوێنن و بە پلەی بالای خوێندن بگەن. هەرچەندە مامۆستا زرار بەرلە چوونی بارزانی بۆ مۆسکۆ ڕێگای خوێندنی بۆ کرابۆوە.

هەروەک چۆن زرار سلێمان بەگ لە مهاباد خۆی دوور لە بارزانییەکان ڕاگرتووە، لە تاشکەندیش هەر بەم جۆرە لێیان دوورەپەرێز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو بیری چەپ و لایەنگریی لە سیاسەتی باقرۆف کێشی پەیداکرد و تەنانەت چەند کۆپلەی شیعری وەک: **"سۆسیالیزم لە شێوەی ئێمە"**، **"مامۆستا لێنین"** و.... بۆ پێداهەڵگوتن بە سیستمی سۆسیالیزمی

سۆڤیەت هۆندۆتەوە و دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ لە نامیلکەیەکدا بەناوی **"یاد و هەست"** بڵاویکردۆتەوە.

دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان لە سۆڤیەت، کاک زرار سلێمان بەگیش لەگەڵیان دەگەڕێتەوە و وەک خۆی دەڵێت: **(لە ڕەواندز دەبێت بە مامۆستای خوێندنگە و تا شۆڕشی ئەیلول مامۆستایەتی کردوە.)** لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا کە حکومەت بڕیاریدا "ئەوانەی چوونەتە ڕوسیا، بگیرێن"، ڕەواندزی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ دەرگەڵە. وەک خۆی دەڵێت: **(باوکی سەردەمێک چەکی حکومەتی پێبووە)** و دەڵێت: **(شیوعییەکان پێیانهەڵگرتووە و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و حیزبی شیوعی بەشداریی شەڕەکانی سپیلک و کۆڕەک و هەندرێنی کردوە.)**

ڕەخنەی زراری سلێمان بەگ لەو ڕۆژەوە پتر بەرزبۆتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە گوێرەی یاسا مووچەی بۆ خێزانی هەڤالانی بارزانی بڕییەوە. لەو بارەیەوە رەخنەی توندی دەگرت و گوتی: **(مانگانە ٧٥٠ هەزار دینار "نزیکەی ٧٠٠ دۆلار" وەردەگرێت، بەڵام کەسی وا هەیە ٢٠٠ هەزار دینار "نزیکەی ١٨٠٠ دۆلار"ی لە مانگدا دەدەنێ.)** بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەسەلەیە سەردانی لیژنەی بالای پێڕاگەیشتن بە کاروباری هەڤالانی بارزانیم کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو دەزگایە دوام. گوتیان تێبینییەکی تایبەت لەسەر موچەی مامۆستا زرار نییە. هەموو موچەکان بە یاسا دەدرێن و مەرجی دیارییکردنی موچەکەشیان بەم جۆرەیە:

١- ئەوانەی بەرپرس بوون و دوای گەڕانەوەیان لە سۆڤیەت دانەبڕاون.

٢- ئەوانەی پێشمەرگەبوون و دوای گەڕانەوەیان لە سۆڤیەت دانەبڕاون.

٣- ئەوانەی بەرپرس یان پێشمەرگە بوون و دوای گەڕانەوەیان دابڕاون.

بەهەرحاڵ هەروەک زرار سلێمان بەگ بۆخۆی دەڵێت: **(لە بواری بیر و فکرەوە لەگەڵ بارزانی نەبووە و لە دەسەڵاتیشی ناڕازی بووە.)** ئەو جیاوازییە و کەمبوونی ڕێژەی موچەکەی و بە ئازار بوونی لە شەڕی براکوژیی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات، برینی کۆنی

کولانـــدۆتـەوە و هانیـــداوە بەشـــێک لە بیرەوەرییەکـــانی بەدژی بـــارزانی بنوسێت، بێخەبەر لەوە دوژمن و کەسانی وەک مەحمود ڕەزا ئەمین ، لە بۆسە دان و لە هەر هەلێک و هەر نوسینێک دەگەڕێن تا دژی نەتەوەی کورد، بارزانی و ئەزموونی باشوری کوردستان بەکاری بێنن، بەڵام مێژوو پێشانیداوە کە هەوڵی نوسەرانی مێژووی کوردستان دەوامی نییە و وەک بڵقی سەر ئاوی لێ دێت.

مەحمود ڕەزا، ئەگەر سیاسیکارێکی تەندروست و سادق بووایە و دڵی بۆ کورد و مافەکانی لێدابا، ئەو کەسانەشی دەدیت کە بەفەرمانی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا کوژراون. بۆ نمونە، دەیگوت نەوشیروان بۆچی جەزا عەلی کاتبی پێشمەرگە و ڕەزا و ئازاد عەلی کاتبی برای کوشت، یان دەیگوت: نەوشیروان ساڵی ١٩٧٩، بۆ ترساندنی لایەنگرانی پارتی لە سلێمانی ئیرهابی فکری و جەستەیی دروستکرد و چەندین کادیری ناسراوی شۆڕشی ئەیلولی کە پاش ڕاوەستانی شۆڕش لە سلێمانی خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان بوون، فەرمانی تیرۆرکردنی دان، بۆ نمونە:

- شەفیق ئاغا: ئەندامی پێشوی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و نوێنەری تایبەتیی بارزانی نەمر و جێگری پێشوی پارێزگای سلێمانی.

- عەبدولی سۆران: ئەندامی پێشوی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و لێپرسراوی لقی چوار.

- بەیان عومەر: کچی شەهید عومەر شەریف، قوتابی پیشەسازی، کە باوکی نوێنەری بارزانیی بوو، و لەلایەن ئەو تاقمەوە ساڵی ١٩٦٦ شەهید کرا. هەروەها ژمارەکیش کادیرانی کۆنی پارتیان بریندار کرد وەک: فایقە ڕەش و عەلی خڕە و .چەندانی تر.

- سدیق ئەفەندی: ئەندامی پێشوی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و لێپرسروای لقی سێ.

- نـوری حـەمە عـەلـی: فـەرمانـدەی بـەتـالیۆن. یـەکێتـی دوای کوشـتنی ڕاگەیاند جاشێک کوژراوە، بەڵام دەیان هەزار خەڵکی سلێمانی تۆڕە لەو بۆختانە بەشداریی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان کرد.

- قـادر بەننا: ئەنـدامی یەکێتـی سـەندیکاکان لە عێـراق و ئەنـدامی مەکتەبی ناوەندیی کرێکاران و جوتیاران سەربە مەکتەبی سیاسی پارتی.

- ساڵە سیک: بەرپرسی پێشوی پارتی لە ناوچەی شاربازێر.

- حوسێنی فارس: فەرمانـدەی بەتـالیۆنی هێـزی زمنـاکۆ کە کـاتی نـان خواردن لە ئەسحابە سپیی سلێمانی تیرۆر کرد.

ئەگەر پێویسـت بە گـوتن بێـت، بە دەیـان نمـونەی کوشـتن هەیە کە نەوشیران خۆی پیلانی بۆ داناون، تەنات پیلانی کوشتنی ڕێزدار مەسعود بارزانییشـی داڕشـتوە، بەڵام تێیـدا سـەرنەکەوتووە. سـەرنج بـدەنەوە ئەم ڕووداوەی خوارەوە کە کاک عەبدوڵا لاسلکی ساڵی ٢٠١٨ لە لاپەڕەی ١٥٠ی کتێبی "ژیان و خەبات"دا بڵاویکردۆتەوە:

**- (ساڵ ١٩٧٩یە، سێ ساڵە شۆڕشی گولان هەڵگیرساوە، کـورد ئومێدی پشکوتووە، گیانبازی کوردایەتی گەشاوەتەوە، ئا لەو دەمەدا "نەوشیروان مستەفا" کەسێک بە ناوی"عەبدولواحید" دەخزێنێتە نێو پێشمەرگە لە شنۆ و خانێ، بۆ تیرۆرکردنی سەرۆک مسعود بارزانی. دوای مانگێک ئەو کەسە ئاشکرا بوو، دانی بە پیلانەکەی نا.**

**عەبدولواحید زینـدانی کـرا، ژن و حـەوت منداڵی هـاتنە لای سـەرۆک، داوایان کرد لێی خۆش بێت. سامی عەبدولڕەحمان لەوێ دانیشتبوو، گوتی: سەرۆک! ئاوا بە ئاسانی لێی مەبوورە، ئەگەرنا دوژمن ئەم دلۆڤانییەی تۆ بە دەرفەت دەزانن و خەڵکێکی زیاتر بۆ کوشتنت دەنێرن. سەرۆکیش گوتی: کاک سامی! میللەتی کورد بە مردنی من لەناو ناچێت، ئەگەر میللەتی کورد یەکگرتن و دلۆڤانی و دادوەری لەنێودا نەما، ئەوکات بترسە لەوەی میللەت لەناو دەچێت. ئەویش گوتی: ڕاستە، بەڵام لەسەر ئێمەی کورد پێویستە ئێوە بپارێزین.**

سەرۆک ڕووی لە خێزانی عەبدولواحید کرد و گوتی: من لە مافی تایبەتی خۆم چاودەپۆشم و هیچم لەسەری نییە، بەڵام دەبێ یاسا کاری خۆی بکات و لەوەش دڵنیابن ناکوژرێت، تەنها ماوەیەک لە زینداندا دەهێڵدرێتەوە. دوای ماوەیەک عەبدولواحید لە زیندان هەڵهات، دەستگیر کرایەوە، ئەگەر سەرۆک نەبوایە دەکوژرا. دواتر ئازاد کرا و هاتە خزمەت سەرۆک و گوتی: ئامادەم بچم ئەو کەسە بکوژم کە منی بۆ کوشتنی تۆ ڕاسپارد. سەرۆکیش گوتی: ئێمە شۆڕشمان کردوە بۆ ئەوەی کوردایەتی بکەین و گەلەکەمان بژیت، نەک ڕۆڵەی ئەم گەلە بکوژین، تۆ بچۆوە ماڵی خۆت و منداڵەکانت بەخێو بکە. عەبدولواحید گەڕایەوە ماڵەکەی، کە لێیان پرسیبوو بۆچی ئەرکەکەت ئەنجام نەدا، گوتبووی: چەند جارێک خۆم ئامادە دەکرد ئەو (TNT)یەی پێم بوو بیتەقێنمەوە، بەڵام کە چاوم بە کاک مسعود دەکەوت، دڵم نەدەهات ئەو تاوانە ئەنجام بدەم، چونکە لەوێ بۆم دەرکەوت مرۆڤێکی باش و کوردپەروەرە.)

---

١- بڕوانە ئەو قەوارەیەی کە هەموو باشوری کوردستانی گرتووەتەوە و تەنیا بارزانی خۆی هی ناوچەی بارزانە.

٢- ساواکی ئێران بە عیسا پژمان مەئموری ساواک لە بەغدا ڕاسپارد، هەوڵبدات لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد پێوەندی بگرێت. عیسا پژمان بۆ یەکەم جار بە ناوی مامۆستای مێژوو و جوغرافیا هاتە کوردستان و لە کەرکوک چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و دواتر بەهاوکاریی عەبدولرەحمان زەبیحی، پەرەی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ هاوڕێیانی ئیبراهیم ئەحمەد دا.

٣- بۆ ئاگاداریی، من لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ لە سلێمانی و هەولێر چاودێری هەڵبژاردن بووم و کتێبێکیشم لەژێر ناوی "ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان" بڵاوکردەوە، بڕوانە دەقی ئەو بەڵگەنامانەی سەبارەت بە فێڵکردنەکانی ئێوە لەو کتێبەدا.

٤- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، نوسینی پرۆفیسۆر جەمیل حەسەنلی، لاپەڕەی ٢٦٢، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١٠.

٥- بۆ بینینی وتارەکەی سەرۆک مستەفا بارزانی بڕواننە، کتێبی "نوسەرانی مێژووی کوردستان" لە ویکیپیدیای کوردیدا.

# پارتی دیموکراتی کوردستان دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت

مەحمود ڕەزا ئەمین، لە درێژەی وتارەکەیدا، ئاماژە بۆ گەڕانەوەی بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت دەکات و تاوانی کوشتنەکان لە کوردستاندا بۆ دوای گەڕانەوەی ناوبراو دەگەڕێنێتەوە دەڵێت:

**- (... کاتێ بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، تیرۆری فیکری و کوشتنی فیزیکی و سیاسیی لای پارتی، چ لەناوخۆی و چ لە دەرەوەی خۆی، بە خێرایی پەرەی سەند....)** هەروەها، ناوبراو باس لە "دەم چەور کردن" و کڕینی نوسەران، سیاسییکاران و ڕوناکبیران لە لایەن بنەماڵەی بارزانییەوە دەکات و دەڵێت: **(توانیویانە هەزاران کەس و سیاسی و قەڵەم و بە ناو رۆشنبیر بکڕن.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز لە ڕادەی بەرزی ئەو پێچەوانە پێشاندانەدا، ئاماژە بۆ سێ هەڵوێست و ڕووداوی گرنگی مێژوویی دەکەم. مەلا مستەفا و بارزانییەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد و سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٢ بەشێویەکی ڕەسمی پاڵیان بە کۆماری کوردستانەوە دا. ئەو پاڵپێوەدان و هاوکارییە لەسەر ئەم چوار خاڵانە بوو:

**- کۆماری کوردستان سەربەخۆ بێت.**

**- کۆماری کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراتی بەڕێوەبچێت.**

**- کۆماری کوردستان هەوڵی بەرزکردنەوەی بژیوی خەڵک بدات.**

**- کۆماری کوردستان هەوڵی ڕزگار کردنی بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان بدات**(١).

دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١/٢٢، مەلا مستەفا لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی ئازادیی کوردستان کۆبووەوە و گەلاڵەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی هاوشێوەی "حیزبی

دیموکراتی کوردستان"ی ئاراستەی هەڤالانی کرد و ئەوانیش قەبوڵیان کرد. لەو چوارچێوەیەدا، پەیڕەو و پرۆگرام دارێژرا، ناوی **"پارتی دیموکراتی کورد"**یان بۆ هەڵبژارد و ئەم سێ مەرجانەی خوارەوەشیان بۆ لەبەرچاو گرت. هەروەها پەسەندیان کرد تا پێکهاتنی کۆنگرە، پارتی ئازادیی درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات:

**١-دەستکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامی گەلاڵەی پارتی دیموکراتی کورددا نەکرێت.**

**٢- تا خۆیان جێگر دەکەن، بەگژ حکومەتی ناوەندیدا نەچن.**

**٣-شێخ لەتیف و کاکە زیاد بکرێن بە جێگری یەکەم و دووەمی پارتی دیموکراتی کورد.**

هەمزە عەبدوڵا گەڕایەوە بۆ باشور و پێوەندی بە سەرکردایەتی دوو حیزبی "ڕزگاری و شۆڕش" کرد. سەرکردایەتی هەردوو ڕێکخراو بۆ هاوخەبات بوون لەگەڵ بارزانی، ئامادبوون حیزبەکەیان هەڵوەشێنن و بەشداریی بکەن لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا. بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای مانگی ئاوگۆستی "ئاب"دا کۆنگرەیان بەست و حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە(٢). دوای هەڵوەشاندنی ئەو دوو ڕێکخراوەیە، ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ بە ئامادە بوونی نزیک بە ٧٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردیان بە نهێنی لە ماڵی سەعید فەهیم لە بەغدا پێکهێنا. کۆنگرە، ناوی "پارتی دیموکراتی کورد"ی بۆ حیزبەکەی پەسەند کرد و ئەم کەسانەی خوارەوەشی بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد:

- مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی
- شێخ لەتیفی حەفید جێگری یەکەمی پارتی.
- کاکە زیادی کۆیە جێگری دووەمی پارتی
- میرحاج ئەحمەد، ساڵح یوسفی، ڕەشید باجەلان، مەلا حەکیم، عەونی یوسف و تەها محەیەدین ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

- هەمزە عەبدوڵا، دوکتۆر جەعفەر، عەلی عەبدوڵا، عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی بە ئەنجام نەگەیشت. کۆمار بە خەیانەتی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، بەرەو نەمان هەنگاوی نا. پێشەوا بە ئەزموون وەرگرتن لە حوکمداریی کورد لە کۆماردا، چەند ئامۆژگاریی بە تەتەوەی کورد کرد. لە یەکێک لەو ئامۆژگارییانەدا کە لە وەسیەتنامەکەیدا هاتووە، دەڵێت:

**- (خۆشەویستەکانم! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە؛ هەر وەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس هەر جۆرە کار و کردەوەیەک دەیزانێ، ئەو کارەی پێ دەسپێرن، ئیتر کەس مافی چاوچنۆکیی پێ نیە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە؛ ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ؛ لێی گەڕێن با بیکات. ئیتر نابێ بەرد بخەنە سەر ڕێی و نابێ بەوە دڵگیر بن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیارەتیی گەورەی بەدەستەوەیە. ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەر شانی کەسێک و بەڕێوەی دەبا، دیارە لێی دەزانێ و بەرپرسیارەتیی گەورەتریشی لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە[٣].)**

سەرۆک مستەفا بارزانی، بنەماڵەی بارزانیی و پارتی دیموکرات، ئەو وەسیەتەی پێشەوا قازی محەمەدیان کە مەحمود ڕەزا ئەمین بە کڕین و دەم چەور کردنی دەزانێت، کرد بە ڕێبازی خەبات لە کار و ژیانی سیاسیی خۆیاندا کە لە کەسانی کارزان و خزمەتکار بە کورد، بە قازانجی نەتەوەی کورد کەڵک وەرگرن. لەو بارەیەوە بڕواننە ئەو بڕیارەی بارزانی کە ڕەوانشاد ئەحمەد تۆفیق ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەی بردوە. ئەحمەد تۆفیق لەسەر داوای بارزانی لە باشوری کوردستانەوە و بە ڕێگای قاچاخ چووەتە لوبنان و لەوێوە پێوەندیی بە "عیسمەت شەریف وانلی" یەکێک لە کوردە خەباتکارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە "سویس" کردوە کە بێت بۆ لوبنان و داوایەکی بارزانی بۆ دامەزراندنی ناوندێکی

کوردیی بۆ بزوتنەوەی کورد لە ئەوروپا وەرگرێت. لەو بارەیەوە شەریف وانلی دەڵێت:

**(ئەحمەد تۆفیق لە کۆتایی بەهاری ١٩٦٢، لە بەیروتەوە تەلەفۆنی لێکردم. من لە لۆزان بووم و پێی گوتم مەلا مستەفا بارزانی ڕایگەیاندوە کە ئەگەر دەکرێ سەفەرێکی بەیروت بکەم. منیش وەڵامی ئاریم داوە و قەرار و مەدارمان دانا. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی- ژوئین- یولی ١٩٦٢ لە ڕێگەی ئیتالیاوە بە کەشتی چوومە وێندەرێ... ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ تاقمێک لە کوردەکانی بەیروت چاوەڕوانم بوون. ئەوە یەکەم دیداری من لەگەڵ شەهید عەبدوڵا ئیسحاقی بوو. ئەوکات تەنانەت ناوی ڕاستەقینەشم نەدەزانی. لە ئاپارتمانێکی گچکەدا کە ئیجارەی کردبوو، بوومە میوانی و بووینە دۆست و هاوڕێ... گوتی، بارزانی دەخوازێ لە دەرەوە بە سوود و قازانجی ئێمە و جوڵانەوە کار و خەبات بکەی. ئەوکات ئەمن سەرۆکی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووم... من هەرلە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢وە بەسوود و قازانجی جوڵانەوە خەریکی کاروخەبات بووم. کۆمیتەیەکم بەنێوی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی میللەتی کورد چێ کردبوو کە ئێستاش خەبات و تێکۆشانی هەروا بەردەوامە و بە پێشنیازی ئەحمەد تۆفیق سازکرا، بارزانی بڕوای بە زەروورەتی شیکردنەوەی دۆزی کورد بۆ ئەمریکا و بەتایبەتی دەنگدانەوەی لە چاپەمەنیدا بوو بۆ ڕای گشتی ئەمریکا. هەربەم هۆیەش ئەحمەد تۆفیقی ناردبووە بەیروت هەتا ڕۆژنامەنوسانی هەندەران بەرەو ڕاپەڕین و بەرخۆدان ڕاکێشێ[٤].)**

ئەوانەی ئێستاش لە پارتی دیموکرات و نێو بنەماڵەی بارزانیدا دەیبینن، کاریگەرییەکانی وەسیەتی پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانییە کە بۆ بەرژەوەندیی کورد و بزوتنەوەکەی دەستی هیچ کوردێک بۆ خزمەتکردن بە کورد ناگێڕنەوە و پاڵیش بە سنگی هیچ کوردێکیشەوە نانێن لە خزمەتکردن بە بزوتنەوەکانی کوردستاندا. بەو واتایە، تا ئەو بنەماڵەیە دەسەڵاتیان هەبێت، بە قازانجی نەتەوەکەمان

کەڵک لە هەموو جۆرە کەسانێک وەردەگرن. بۆ نمونە، مەگەر سەرۆکی هەرێم بەرپرسایەتی بە نەوشیروان مستەفا نەدا کە بۆ چارەسەریی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ کورد، نوێنەرایەتی کوردستان بکات کە ئەو لەخۆی ڕانەبینی و قەبوڵی نەکرد؟ هەر بەم جۆرەش، مەگەر کاک قادر عەزیزیان نەکرد بە بەرپرس لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە ئەویش دوای ماوەیەک ئەرکەکەی بەجێهێشت!!!

بە هەرحاڵ، دوای کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکرات، کێشە لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵادا[٥] سەریهەڵدا و ئەو دووانە پارتییان لە پشوو خست کە نەتوانێ بەشێوەی ئاسایی درێژە بە ژیان بدات. کێشەکە بەوە گەیشت کە ئیبراهیم ئەحمەد و نزیکەی ٣٠ کەس لە ئەندامانی پارتی، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٥١، لە ماڵی عەلی حەمدی لە بەغدا کۆبوونەوە و هەمزە عەبدوڵایان لە پۆستی سکرتێر دوورخستەوە و سەرکردایەتییەکی کاتییان بۆ پارتی دانا. ئەندامانی سەرکردایەتی نوێ بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، جەلیل هوشیار، عومەر مستەفا دەبابە، بەکر ئیسماعیل و محەمەد ئەمین مستەفا.

بەم جۆرە ئیبراهیم ئەحمەد بە پیلانگێڕیی، هەمزە عەبدوڵای لە سەرکردایەتی پارتی دوور کردەوە[٦].

پارتی دیموکراتی کورد، بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی یاسایی بۆخۆی، بە بەشداریی ٣٥ تا ٤٠ ئەندام، سێیەم کۆنگرەی خۆی لە ١٩٥٣/١/٢٦ لە کەرکوک پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەدا، ئیبراهیم ئەحمەد بەتەواوی دەستی بەسەر پارتیدا گرت و هەمزە عەبدوڵای بەلاوە نا. کۆنگرە، مەلا مستەفای بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە و ئەم ١٢ کەسانەی خوارەوەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران:

کۆمیتەی ناوەندی: میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، نوری ئەحمەد تەها، جەلال

تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، عەلی حەمدی، ڕەشید عەبدولقادر، محەمەد ئەمین و جەلیل هوشیار.

مەکتەبی سیاسی: نوری شاوەیس، عەلی عەبدولآ و عومەر مستەفا "دەبابە". ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێری پارتی.

دوای ئەو کۆنگرەیە، پارتی دیموکرات بەهۆی توندڕەوییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد کێشەی لەگەڵ ئەندامانی، نەیتوانی کۆنگرەیەکی تر پێک بێنێت و هیچ چالاکییەکیشی نەبوو. بەو واتایە کە پارتی خۆی نهێنی و بێ چالاکیی بوو، چۆن دەیتوانی خەڵک بکوژێت؟ لەو بارەیەوە سەرنج بدەنە حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران و بزانن چۆن لە بەشێک لە مێژووی پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان دەدوێ و ڕۆڵ و قورسایی بارزانی لە پارتیی و شۆڕشی ئەیلولدا ڕوون دەکاتەوە:

**- (لە ساڵی ١٩٤٥-١٩٥٨ جگەلە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وتار و هەواڵی هاندەرانە لە ڕادیۆیەکی نهێنیی کوردی کە لەلایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت و بە هاوکاریی مەلا مستەفا لە قەفقاز هەڵدسوڕا، هیچ بزوتنەوەیەکی عەشیرەتی و ناسیۆنالیستیی لە عێراق ڕووی نەدا. هەروەها لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک هاتووچۆی نهێنی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ئەنجامی گرت و لەلایەن مەئمورە تایبەتییەکانیشەوە دەنگوباسی پێویست لە عێراقەوە دەگەیشتە سۆڤیەت و فەرمانی پێویستیش لەلایەن مەلا مستەفاوە بە نهێنی دەگەیشتە کوردە ناسیۆنالیستەکانی عێراق. جگەلەوانە بەهۆی دورکەوتنەوەی بارزانییەکان لە عێراق و نەبوونی سەرکردایەتی و ڕێکخراوێکی جەماوەریی هەستی سەربەخۆییخوازانەی کورد زۆر لاواز بوو.**

**کۆمەڵەی هیوا نەمابوو، شێخ مەحمود لە تەبعید گەڕابووەوە و کۆچی دوایی کردبوو، هیچ سەرکردەیەکی کارامە و لێهاتوو لەنێو کوردەکانی عێراقدا نەدەبیندرا، مەلا مستەفا و هەڤاڵانی لە قەفقاز خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون کە ڕۆژێک بگەڕێنەوە کە لەوە دەچوو هەرگیز نەیبینن، بەڵام لەپڕ و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شۆڕشی ژوئیە لە عێراق ڕوویدا**

**و دەوڵەتی لایەنگری یەکیەتی سۆڤیەت لە عێراق بە دەسەڵات گەیشت و ئامادە بوو سیاسەتێکی دیموکراتانە سەبارەت بە کوردەکان لەبەرچاو بگرێت.**

**مەلا مستەفا و هەڤاڵانی لە ڕوسیاوە گەڕانەوە و ڕۆژانی خۆش رووی تێکردن، بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشانە تەمەنیان زۆر کورت بوو. مەلا مستەفا حیزبی بوژاندەوە و لە ژوئیەی ساڵی ١٩٦١، لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی داوایان لە دەوڵەتی عێراق کرد لە چوارچێوەی عێراقدا خودموختاریی کوردەکان بە ڕەسمی بناسێ.(٧)**

هەروەکوو حەسەن ئەرفەع دەڵێت، ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤، لە عێراق کودەتای سەربازی دژی ڕژێمی پاشایەتی بەڕێوەچوو. عەبدولکەریم قاسم یەکێک لە ئەفسەرانی باڵای عێراق، سەرۆکایەتی ئەو کودەتایەی کرد. نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، ڕێگەی بۆ بارزانی و هەڤاڵانی خۆش کرد کە دوای هاوئاهەنگی کردن لەنێوان بارزانی و کەریم قاسم دا، بارزانیی ڕۆژی ١٩٥٨/٨/٢١ مۆسکۆی بەرەو ڕۆمانیا بەجێهێڵێت. میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەویشی لەگەڵ خۆی برد و سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرد. لە "بۆخارست"ەوە بەهۆی باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەککگرتوو بروسکەیەکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشی لێکرد و داوای کرد ڕێگا بدرێ خۆی و هاوڕێیانی بگەڕێنەوە عێراق. بارزانی لە بوخارستەوە چوو بۆ پراگ. لەوێش سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکی "ئەنتۆنی نۆڤۆتینی" پێشوازیی لێکرد. دواتر لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەر "ئەیلول"ی ١٩٥٨، چیکۆسلۆڤاکی بەجێهێشت و بەرلە گەڕانەوەی بۆ عێراق، لە قاهیرە دابەزی. جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر لە ماڵی خۆیدا پێشوازیی لێکرد. ئەم پێشوازییە گەرمەی ناسر لە بارزانی و هەڤاڵانی بۆ ئەو پشتگیرییەی بارزانی دەگەڕایەوە کە ساڵی ١٩٥٦ و لەکاتی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئینگلیز بۆسەر میسر، بارزانی لە میسری کردبوو.

دوای چوونی بۆ میسر و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، بارزانی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەی ڕەسمی پێشوازیی کرا. لە کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە دەیان هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی گەل گەیشتبوونە بەغدا و لە فڕۆکەخانەی"موسەننا" پێشوازییان لە بارزانی وەک قارەمانێکی نەتەوەیی کرد بۆ نیشتمان.

بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، پارتی دیموکرات بە بڕیاری بارزانی چالاکییەکانی ئاشکرا کرد. بارزانی ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی وەرگرت و سەدان هەزار کورد پاڵیان بە پارتییەوەدا. لە ڕاستیدا پاڵیان بە بارزانییەوە دا، نەک پارتی. هەروەها ڕێگای بۆ هەمزە عەبدوڵا کرایەوە کە سەرلەنوێ لە پارتیدا چالاک بێتەوە، بەڵام کۆتایی بە کێشەکانی نێو پارتی نەهات. لەو بارەیەوە مام جەلال لە فەسڵی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا "دوای ٦٠ ساڵ- ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی" دەڵێت:

**- (هەمزە عەبدوڵا ڕەزای خوای لێبێت، لە سەرەتادا بەرپرسایەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی لە ئەستۆ بوو. لەو باوەڕەدا بوو کە هێزی چالاک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، عەشایری کوردستانە و چونکە ڕوسیا ئەو تیۆرییەی هەڵگرتبوو، ئەویش بە چاوبەستراوی پەیڕەویی دەکرد و تیۆرییەکەی لە "ڤیچەفیسکی" خەڵکی سۆڤیەتی وەرگرتبوو. ئێمەش لایەنگرانی چەپ دژی ئەو بۆچوونە بووین و دەمانگوت چینی عەشایری کوردستان هێزێکی پاشکەوتوو و نەزانە و دەمانگوت کوردەکانیش وەک هەموو دنیا چینی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە و کارگەر، دەرەبەگ، ڕووناکبیر و...تد و عەشایریش بەشێکە لە دەرەبەگەکان و بە کەمیی لەنێویاندا نیشتمانپەروەر دەبیندرێت، بەڵام هێزی سەرەکی و جوڵێنەری کۆمەڵگا لە بزاڤی نەتەوە ژێردەستەکاندا، هێزی کرێکارە. لەو سەردەمەدا ئەم تیۆرییە ناسراوبوو و بە دروستی ئاوا فێر ببووین کە پرۆلتاریا چینی**

**پێشڕەوە. لەو سەردەمەدا کوردستان پرۆلتاریای نەبوو و خوێندکاران ئەو ڕۆڵەیان لە ئەستۆ بوو، چونکە زانا و هوشیار بوون و تیۆرییان دەزانی.)**
هەرلەو بارەیەوە، مەحمود عوسمان لە وەلامی ئەم پرسیارەمدا کە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدولا بە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لەسەر چ بوو؟ گوتی:

**- (ئەوکاتەش کە بارزانی لە سۆڤیەت بوو، ئیبرایم ئەحمەد و هەمزە عەبدولا کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەبوو. ئەوان لەگەڵ یەک ڕێک نەبوون و بە بەردەوامی ناکۆکی و کێشەیان هەبوو. نازانم لە کۆندا پێوەندیان پێکەوە هەبووە و لە یەکتر ڕازی بوون؟ یان کێشەیان پێکەوە هەبووە؟ بەلام کە بارزانی گەڕایەوە، دوای ماوەیەک نەیانتوانی بەیەکەوە هەڵکەن. سەرەتا بارزانی ویستی ئیبراهیم ئەحمەد لابەرێت و هەمزە عەبدولا بکات بە سکرتێری حیزب، بەلام دوا جار هەمزە عەبدولاشی لابرد و ئیبراهیم ئەحمەد گەڕایەوە. ئەو گرفتانە بە بەردەوامی هەبوون.)**

عەبدولا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەولاغای پشدەری" ئاوڕێکی بەرینتر بە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدولا دەداتەوە و دەڵێت: **(حیزبی شیوعی لەوکاتەدا هیچ باوەڕی بە مەسەلەی نەتەوەیی نەبوو، تەنانەت دژیشی بوو. هەمزە عەبدولا کە سکرتێری پارتی بوو، لایەنی شیوعییەکانی دەگرت، لە سەروتارەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا کە دەبووایە سیاسەتی پارتی بلاوبکرێتەوە و هەمزە عەبدولا بۆخۆی دەینوسین، لە ڕیزی هەمان سەروتاری ڕۆژنامەی "شەعب"ی حیزبی شیوعی بوون کە بلاودەکرانەوە. مەلا مستەفا بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد لە هەمزە عەبدولا توڕە بوو. هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد برازای هەمزە عەبدولا بوو و هاوسەری هەمزە عەبدولاش خوشکی برایم ئەحمەد بوو. ئەوان جگەلە کێشەی سیاسی کێشەی ناوخۆییشیان هەبوو. مەلا مستەفا بە هەمزە عەبدولای گوت: هەمزە من شیوعی نیم و ١١-١٢ ساڵ لە سۆڤیەت بووم، نەبووم بە شیوعی. من حیزبی شیوعی بە بەکرێگیراو دەزانم. ئەوانە**

**کرێکار نین و نابێ تۆ بەو شێوەیە بکەی. هەمزە بەقسەی نەکرد و ئەویش لێی تورە بوو و ئیبراهیم ئەحمەدی لە جێی دانا. هەمزە ڕۆیشت و خەسرەو تۆفیق، دوکتۆر مەحمود عوسمان، شاخەوان و چەند کەسێکی تریشی لەگەل بوو کە ئەوانیش ڕۆیشتن. ئەوە بوو بارزانی کۆنگرەی پێکهێنا و کۆنگرە ئەوانەی لە حیزب دەرکرد و ئیبراهیم ئەحمەدی کرد بە سکرتێری پارتی دیموکرات[٨].)**

---

١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٢٣، لاپەڕەی ٣، ڕۆژی چوارشەممە ١٣٢٤/١٢/١٥- ١٩٤٦/٣/٦.

٢- وتاری مێژووی پارتی دیموکرات، نوسینی ڕەسوڵ رەزگەیی.

٣- وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەمەد. بڕواننە کتێبی "قازی محەمەد، پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان، حامید گەوهەری، ٢٠١٧.

٤- گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٣، لاپەڕەی ٦- ٧، گەلاوێژ ١٣٨٤. هەروەها، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا، لاپەڕەی ١٣٥- ١٣٦

٥- هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد برازای هەمزە عەبدولا بوو و هاوسەری هەمزە عەبدوڵاش خوشکی برایم ئەحمەد بوو. ئەوان جگەلە کێشەی سیاسی کێشەی ناوخۆییشیان هەبوو.

٦- مێژووی کۆنگرەی دووەم، لە ساڵنامەی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠١٠.

٧- حەسەن ئەرفەع ، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤.

٨- بۆ بینینی بەڵگەنامەی زیاتر، بڕواننە کتێبی "تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد" کە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوم کردوەتەوە و بە PDF لە ویکیپیدیای کوردیدا هەیە.

# مەحمود ڕەزا ئەمین و ٣٣ نمونەی کوشتن و قەڵاچۆکردنی سیاسی

بۆ شکاندنی لایەنی بەرامبەری سیاسیی و بۆ سەلماندنی وتەکانی سەبارەت بەو لایەنە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانییە، مەحمود ڕەزا ئەمین خەیاڵ هەڵیدەگرێ و بە خەیاڵ، ٣٣ ڕووداوی کوشتن و قەڵاچۆ کردنی سیاسییان بۆ بەنمونە دێنێتەوە. ١٧ ڕووداو لەو ٣٣ ڕووداوانە بۆ سەردەمی سەرۆک مستەفا بارزانی و ١٦ ڕووداوەکەی تری بۆ شۆڕشی گوڵان و دوای ساڵی ١٩٩٢ و سەردەمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە. بۆ تێگەیشتن و پەیداکردنی زانیاریی دروستی خوێنەرانی ئازیز لە نییەتی مەحمود ڕەزا ئەمین، ئەو دوو بەشەم لە یەکتر جیا کردوەتەوە کە هەرکامەیان لە کات و زەمانی خۆیاندا باس بکرێن.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا دەڵێت: **(کاتێ بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، تیرۆری فیکری و کوشتنی فیزیکی و سیاسیی لای پارتی، چ لەناوخۆی و چ لە دەرەوەی خۆی، بە خێرایی پەرەی سەند.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین بەو جۆرە خوارەوە ئاماژە بۆ ٣٣ خاڵەکانی دەکات:

**١- (لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا، بارزانیی باوک لە بەغا، چەکدارەکانی خۆی ناردە سەر هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارتی و، لە پارتی دەری کرد، لەسەر جیاوازیی دیدگا. ئەگەر پێش گەیشتنی چەکدارەکان بە بارەگای م. س ی پارتی، خوالێخۆشبو هەمزە عەبدوڵڵا هەڵ نەهاتایە، ئەکوژرا. دوایی، بۆ کوشتنی کەسێتیی، بارزانی و پارتی ئەنواع و ئەشکاڵ بوختانیان بۆ هەڵبەست.)**

لە بەشی پێشوودا هەندێک ئاماژەم بە کێشەکانی هەمزە عەبدوڵا کرد و پێویستە لێرەدا بڵێم، هەمزە عەبدوڵا کێشەی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی هەبوو، نەک لەگەڵ بارزانی. سەرۆک بارزانی ناچار بوو، کێشەکەیان بە کۆنگرە بسپێرێت کە ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٣ کۆنگرەی چوارەمی

پارتی دیموکرات بە بەشداریی ١٣٠ ئەندام لە بەغدا پێکهات و کێشەکە بە گەلە کۆمەی ئیبراهیم ئەحمەد دژی هەمزە عەبدوڵا چارەسەر کرا. بە پێچەوانەی وتەی وتار نوس، هیچ کێشەیەکی کوشتن و ڕاکردنی هەمزە عەبدوڵا لە گۆڕێدا نەبووە، تەنانەت ئەگەر مەترسییەکی بەو جۆرەی لەسەر بووایە، ئەو نەدەچووە لای ئیبراهیم ئەحمەد کە دایکی هەموو کێشەکان بوو. لەو بارەیەوە مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٩٠ی کتێبی دوای ٦٠ ساڵدا دەڵێت: **(بارزانی کۆمیتەیەکی بێلایەن و سەربەخۆی لە سەید عەزیز شەمزینی، موراد ڕزمئاوەر، عەونی یوسف و دوو کەسی تر پێکهێنا کە لە هەموو ئەندامانی حیزب دەنگ وەربگرن بۆ پێکهێنانی کۆنگرە.)**

بە پێی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕەسوڵ ڕزگەیی لە وتارێکیدا بڵاویکردۆتەوە، پێشاندەدات کە لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد لەو کۆنگرەیەدا سەردەست بوون و بارزانییش لایەنگریی لێ کردون و هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق کە هەوڵیاندەدا، پارتی دیموکرات لە ڕێبازی حیزبێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بگۆڕن بۆ حیزبێکی ئایدیۆلۆژی چەپ و مارکسی، لە ڕیزەکانی حیزب دەرکراون.

دوکتۆر مەحمود عوسمان کە ئەوکاتە لایەنگریی لە هەمزە عەبدوڵا دەکرد، سەبارەت بە هەوڵی کوشتنی هەمزە عەبدوڵا، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەماڵی خۆی لە هەولێر، ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٧ پێی گوتم: **(ئێمە لە مەکتەبی سیاسی بڕیاری کوشتنمان نەداوە. هەمزە عەبدوڵا خۆی عەفو کرابوو، ئەو بۆ کوشتن نەدەبوو، و توانای کوشتنی نەبوو، و ئەو گوتنە ڕاست نیە.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی دووەمی وتارە ٣٣ خاڵەکەیدا دەڵێت:

**٢- (ساڵی ١٩٦٣ پارتی لە ناو شاری سلێمانیا کەوتە راو کردنی کادرە چالاکەکانی حیزبی شیوعی و ژمارەیەکی لێ شەهید کردن. گوندی کانی ماسیی خوار سلێمانی ببوە قەبرسانی "نەیارانی! " پارتی. لەو بارەیەوە**

**خوالێخۆشبو مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی لە بیرەوەریەکانیا ئەی گێڕێتەوە: لای بارزانی شکاتیان لە بکوژەکانی کادرەکانیان کردوە... رۆژێ کە لە لای بارزانیەوە هاتۆتەوە، لە رێگا توشی قالە تەگەرانی و ... بو وە بەرەو بارەگای بارزانی رۆیشتون. دڵی خۆش بووە وای زانیوە بارزانی بۆ گرتن و سزادان بانگی کردون، کەچی لەو لاوە بە دیاری بارزانیەوە گەڕاونەتەوە" (تێبینی: دەق نیە، ناوەرۆکە. سەرچاوەکەم لە بەر دەس نە بو).**

پێچەوانە کردنی ڕووداوەکان، لە لایەن مەحمود ڕەزا ئەمینەوە مەبەستدارە و شێوازی دوژمنکاریی بەخۆیەوە گرتووە. مەحمود ڕەزا بۆ تاوانبار کردنی سەرۆک مستەفا بارزانی بە جۆرێک لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣ دەدوێت کە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستانیش نەیانتوانیوە تاوانی کوشتن و زیندانی کردنی شیوعییەکان لەو ساڵەدا بە حیسابی بارزانی بنوسن. بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣ کوردستان و ڕاونانی شیوعییەکان بزانن، چەند بەڵگەی حاشا هەلنەگر دێنمەوە. سەرەتا دەقی نوسینەکەی ڕەوانشاد مەلا ئەحمەد بانی خێلانی "ئەبوو سەرباز" کە مەحمود ڕەزا لێی دواوە:

**- (... دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون، بەتایبەتی لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا. بۆ نمونە لەوکاتەدا کە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە "١٣" ی بۆ ئیبادە کردنی شیوعییەکان دەرکرد. مەکتەبی سیاسیی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا، دەیان هاوڕێمان لە گوندی "مالومە" کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو، لە زینداندا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دران و داوای پاکانە کردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەککرد و هێرشیان کردە سەر چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی "بەمۆ"ی ناوچەی خانەقین و "وەڵەسمت" لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. لەو هێرشانەدا ژمارەیەک هاوڕێمان لە بنکەی "بەمۆ"**

**شەهید کران. .... ئەوە بوو کە نوری شاوەیس بە ڕەحمەت بێ، بە توندی دژی ئەو بڕیارە بووەوە و لە ئەنجامدا وازی لە ڕێبازی "م.س" هێنا و لەگەڵ خەتی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی درێژەی بە تێکۆشاندا[١].)**

هەر لەو بارەیەوە ڕێزدار موحسین دزەیی دەڵێت:

**- (کە گەیشتمە ماوەت ئەو جیاوازییەم لەلا ڕوون بووەوە و یەکەم هەڵوێستەکانی جیاوازیی نێوان بارزانی نەمر و مەکتەبی سیاسیم بینی. دوای سەرکەوتنی کودەتای ٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و گرتن و ڕاوەدوونان و لە سێدارە دانی شیوعییەکان ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی و ئەندامیان لە بەغدا و شارەکانی تر ڕایان کرد و گەیشتنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕشی کورد، بارزانی باوەشی بۆ کردنەوە و پێشوازیکردن و لە جەور و ستەمی ڕژێمی تازە پاراستنی، بە هەموو ئازادییەک دەسوڕانەوە و کاری حیزبیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەوانەی کە چوونە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و بەندیخانە هاتن، لە بەندیخانەی ماوەت هۆڵێکم بینی تژی بوو لە شیوعییەکان و ... تد[٢].)** مامۆستا ئەحمەد مستەفا ئاغای حەوێزی "دڵزار" یەکێک لەو شیوعییانەی بووە کە وەبەر کێشەی ساڵی ١٩٦٣ کەوتووە و لەو بارەیەوە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:



**- (.... لە کوردستانیش دوو ڕوانین هەبوو لەسەر ئێمە. کە لە بەغدا ڕامانکرد و هاتینە کوردستان لە هەندێک جێدا هەر ئەوەمان بەسەر هات کە لە بەغدا بەسەرمان هاتبوو. برایم ئەحمەد بەیاننامەیەکی دەرکرد و نوسیبووی تاوانبارەکان داڵدە مەدەن و لە هەرجێیەک کەوتنە دەستتان، چەکیان بکەن. من خۆم توشی جەماعەتی برایم ئەحمەد بووم، دەمانچەیەکم پێبوو، پرسیان چەکت پێیە، گوتم نا، گوتیان بڕۆ، بەڵام هەر**

ئەو دەمانچەیەی من دوای چەند ڕۆژ بە حەسەن خدر بوو، ئەو بردی بۆ هەولێر کە لە ڕێگادا لێیان هەستاند. هەر ئەوە نەبوو، زۆر ئەندام و لایەنگری ئێمەیان گرت و کوشتیان.

من و کەریم ئەحمەد چووین بۆلای بارزانی لە "کورەی کانی ماران" بوو. بارزانی، کەریم ئەحمەدی دەناسی و لەگەڵ ناوی منیش ئاشنا بوو. لە کەریم ئەحمەدی پرسی، ئەوە کێیە و ئەویش منی ناساند و گوتی: دڵزار بەرپرسی حیزبی شیوعییە لە کۆیە. بارزانی گوتی: "نوسیومە شیوعییەکان داڵدە بدەن و خزمەتیان پێ بکەن." بارزانی بە حەق داڵدەی دابووین و لە ڕاستیدا برادەرانی ئێمەش لایەنگری بارزانی بوون. عەرزی بارزانیم کرد کە برادەرانی ئێمە لە "دێگەڵە"ی کۆیە چەککراون. عەولا ئاغای پشدەریی کاتبی بارزانی بوو، بانگی کرد و گوتی: "دوو نامە بنوسە بۆ سەعید مەسیفی لە کۆیە و عەریف سەمەد لە دێگەڵە و بڵێ ئەگەر دڵزار کەسێکی نارد بە چەک یان بێ چەک بە ڕێزەوە ڕەوانەی بکەن و پێشیان مەگرن." هەروەها گوتی: "ئامادەم هەموو یارمەتییەکتان بدەم." نامەکانم برد. سەرەتا چوومە لای سەعید مەسیفی، خوێندییەوە و گوتی: بەسەر سەر و بەسەر چاو، ئێوە چۆنتان دەوێ ئێمە وادەکەین.

مام نادری ئیسماعیل ئاغامان هەبوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، بە قۆمبەلەی خۆی کە دەیهاویشتە سەنگەری جاشان شەهید بوو. لەگەڵ ئەو نامەی عەریف سەمەدمان برد و ئەویش کە نامەکەی خۆێندەوە، خستیە سەر سەری و گوتی: بە چاوان هەرچی ئێوە دەڵێن، ئێمە هەرئەوە دەکەین.

.... بارزانی ئینسانێکی کراوە بوو. زۆر زیرەک و ئازا بوو. لە ئێمەی پرسی ڕەئیتان چییە بەرامبەر بەو وەزعە؟ ئێمەش وەڵامی خۆمان دایەوە و ئەویش زۆر بە وردی گوێی بۆ گرتین. گرنگ ئەوە بوو کە بارزانی قسەی وەردەگرت.) هەرلەو بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەڵێت:

- (لە دوای کودەتای هەشتی فیوریەی ١٩٦٣ کە بەعس هاتە سەر حوکم و شەڕ وێستا بوو، من لە بەغدا جەلالم دیت کە بۆ وتووێژ هاتبوو. گوتی حیزب دەڵێ: هەژار با بێتە کوردستان، بەڵکوو نێوانی بارزانی و ئێمەی حیزب

خۆش کاتەوە. لە وەرامی پرسیارێکی منا گوتی: بارزانی هیچ گوێ ناداتە حیزبایەتی و حیزبیش ئەمە قەبووڵ ناکا. کاتێ هاتمە کوردستان و چاوم بە بارزانی کەوت و کردەوە حیزبایەتییەکەی جەلال و برایمم دیت، تێگەیشتم خواروخێچی و ڕێوبیازی لەژێر سەری سکرتێردا، برایم ئەحمەد دەیویست لە حیزب دیکتاتۆرێک بێ کەس لە ڕوویا نەڵێ پیاوم. ئەو پایە و مایەش نەبوو کە لای خەڵک زل بنوێنێ. ترسەنۆک بوو. زاتی چوونە ناو سەنگەرو هونەری مەردی و نەبەردی نیشاندان و سەرکردایەتی مەیدانی شک نەدەبرد. نەیدەتوانی بەبێ بارزانی ڕۆژێکیش لە شەڕ خۆڕاگرێ....

لە کۆنگرەدا دەیانویست لایەنگرانی بارزانی بە پووڵ بکرن. دەگژ سەرۆکی ڕابکەن. پووڵیان لە کوێوە هێنابوو؟ دەرکەوت هەر لەمێژە، بە دزییەوە دەگەڵ دەزگای شای ئێران دا کەین و بەینێکیان کردوە. چەک و پووڵی لێ وەردەگرن کە دژی مستەفا بارزانی خەبات بکەن. لە هاوینی ١٩٦٣ دا کە هەموو گرانایی شەڕ لەسەر مەڵبەندی بارزان بوو.... برایم نەیهێشت پێشمەرگەی بەر فەرمانی لە کەرکوک، سولەیمانی و هەولێرەوە بچنە شەڕی حکومەت و بارێک لەسەر بارزانی سووک کەن. لە وەرامی پێشمەرگەی دڵسۆزا دەیگوت: با بارزانی لەناو بچێ، ئەوسا سەرکردەیی شۆڕش دەبێتە یەک، وێنەی بارزانی شەهیدیش بە پووڵێکی زۆر دەفرۆشین.

کۆمونیستی عەرەب و کورد، ئەوانەی لە قەتلوعامی بەعسییەکان ڕزگار ببوون و شۆڕشی کورد پەنای دابوون، ئامادە بوون بە چەک و ئازوقەی خۆیان بۆ پارێزگاریی لە گیانیان، هاوسەنگەری پێشمەرگە بن، کەچی برایم چەکی کردن. بارزانی چەند نامەی بۆ نارد چەکەکانیان بداتەوە (هەشت نامەیان بەمن نوسرا. چەکەکانیان هەر نەدانەوە.[٣])

کێشەی کوشتنی شیوعییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ هەموو خەباتکارەکانی ئەو سەردەمە و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لێکۆڵەرانی باری مێژوویی کوردستان ڕوونە! ئەوەش ڕوونە کە مەحمود ڕەزا ئەمین بۆچی تاوانی کوشتن و قەڵاچۆکردنی شیوعییەکانی لەو ساڵەدا خستوەتە پاڵ سەرۆک مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنکرانی لێ دەرهاویشتووە!

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی سێیەمی وتارەکەیدا دەنوسێت:

**٣- (دوای کەرت بونەکەی ١٩٦٤، سەرۆکی پارتی کەسێکی نارد بۆ کوشتنی ناهیدە خانی کچی شێخ سەلامی شاعیر "دایکی د. رۆژ نوری شاوەیس". پێنج- شەش فیشەکی بەرکەوت، خوا نەی کوشت. ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی بو. نوری شاوەیسی مێردی ئەو کاتە ئەندامی م. س و لەگەڵ جەلالیەکان بوو.)**

سەبارەت بە تەقە کردن لە ڕەوانشاد ناهیدە خانمی هاوژینی ڕەوانشاد نوری شاوەیس کە خۆی بەرپرسی ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٦ پێوەندیم بە ڕێزدار موحسین دزەیی قازی شۆڕش ئەو سەردەمەی پارتی دیموکراتەوە کرد. لەو بارەیەوە، ناوبراو پێی گوتم:

**- (سەبارەت بە ناهیدە خانمی دایکی دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، هەرچەندە نوری شاوەیس و ناهیدە خانم لەسەرەتادا لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد کەوتن، بەڵام دۆستایەتی ئەوان لەگەڵ بارزانی مابوو. کاتێک مام جەلال و هاوڕێیانی بە دژی شۆڕش لەگەڵ ڕژێمی عێراق کەوتن، نوری شاوەیس و هاوسەرەکەی گەڕانەوە و بەرپرسایەتیشیان لە پارتیدا وەرگرت. ناهیدە بەرپرسی ئافرەتان بوو. هەروەها ڕۆژ نوری شاوەیس لە پارتیدا مایەوە.)** بۆ زانیاریی پتر لەو بارەیەوە، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٨ چاوم بە ڕێزدار بروسک نوری شاوەیس کەوت، ناوبراو گوتی:



**- (ساڵی ١٩٦٥ تەقەیان لە دایکم کرد، نەک لە ساڵی ١٩٦٤دا. ئەوکاتە مام جەلال و گروپەکەی لە هەمەدان گەڕابوونەوە و خەریکبوون لە ژێرەوە خۆیان ئامادە دەکرد بچن پاڵ بە ڕژێمی بەعسەوە بدەن. مەلا مستەفا کە**

**بەو تەقەکردنە زانی، نوێنەرێکی خۆی ناردە لای بنەماڵەی ئێمە. ئەوکاتە، باوکم لە ئەوروپا بوو، و لەو گەشتەیدا، پێوەندیی لەنێوان مەلا مستەفا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دامەزراند. لە ڕاستیدا، ئەوانەی تەقەیان لە دایکم کرد، مەبەستیان تێکدانی پێوەندیی بنەماڵەی ئێمە بوو لەگەڵ شۆڕش و بارزانی و دروست کردنی کێشە بوو لەنێوان دایک و باوکم لەگەڵ مەلا مستەفا، چونکە دایکم شیری دابوو بە نیهادی کوڕی سەرۆک بارزانی و سەرەڕای پێوەندیی سیاسیی، پێوەندییەکی قوڵی بنەماڵەییشیان پێکەوە هەبوو.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت:

**٤ - (پێش جیابونەوە و دوای سەر ئاو کەوتنی ناکۆکیەکانی سەرۆکی پارتی و م. س، سەرۆکی پارتی بۆ سوک پیشاندانیان لە ناو خەڵک و پارتی و هێزی پێشمەرگە دا، مامۆستا برایم ئەحمەد و مامجەلالی بە ناوی خۆیان ناو نە ئەهێنا، پێی ئەوتن: بلە و جەلە. بۆ شکاندن و کوشتنی کەسێتی یشیان، قسەی سوکی شوێن خست بون. لە هەنێ لە وەرگێڕەکانی جارانی بارزانیی باوکم بیستوە، کاتێ لە سەر ناکۆکی نێوان خۆی و باڵی جەلالی قسەی بۆ رۆژنامەنوسانی بیانی کردوە، قسەی سوکی بەو دو کەسێتی یە وتوە. کە هەستی کردوە وەرگێڕەکان وەکو خۆی قسەکانی تەرجەمە ناکەن، بە جولانی دەستی و ئامارە، رۆژنامەنوسە بیانیەکانی تێگەیاندوە چ جنێوێک یان پێ ئەدا.)**

خوێنەرانی بەڕێز بێگومان ئاگاداری ئەوە هەن کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/٤/٥ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ یادکردنەوەی کۆچی دوایی ئیبراهیم ئەحمەد، پازدەیەمین خەڵاتی زێڕینی "بلە"ی بە ژمارەیەک کەسی خاوەن پیشەی نمونە بەخشی. تەماشا کەن مەحمود ڕەزا لێرەدا چۆن خۆڵ لە چاوی لایەنگرانی حیزبەکەی دەکات. ئەو دەڵێت: **(سەرۆکی پارتی-** مەبەست سەرۆک مستەفا بارزانییە. نوسەر- **بۆ سوک پیشاندانیان لە ناو**

**خەڵک و پارتی و هێزی پێشمەرگەدا، مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلالی بە ناوی خۆیان ناو نە ئەهێنا، پێی ئەوتن: بلە و جەلە.)**

بڕوانن نزمیی بە کوێ گەیشتووە و مەحمود ڕەزا بۆ بەدناو کردنی لایەنی ڕووبەڕوو دەست بۆ چۆن یارییەک دەبات. بۆ ئەوەی کە ئێوەی بەڕێز لە ڕاستیی ئەو ڕووداوە بگەن، سەرەتا سەرنج بەم نوسینەی مام جەلال بدەن کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، دەڵێت:

**- (ئیبراهیم ئەحمەد لە بنەماڵەیەکی ئاسایی بوو، جێیەکی تایبەتی لەناو کۆمەڵگادا نەبوو، و تەنیا مامێکی لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو، ئەگەرنا زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی کاسپ و دوکاندار بوون و لە چینێکی ئاسایی کۆمەڵگا بوون و کاری سادەیان هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە خۆی بە کوڕە هەژار دەزانی و خۆی بە "بلەی ئەحەڕەش" دەناساند و شانازی بەو ناوە لە پرۆلتاریا چووە دەکرد[٤].)**

هەروەکوو دەبینن، بارزانی ناوی ئەحە و بلەی لەسەر ئیبراهیم ئەحمەد دانەناوە، بەڵکوو بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەتەوە بۆ کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد ئەو ناوەی هەبووە. پۆپۆلیست بۆخۆی و بۆ فریودانی خەڵک، ئەو ناوەی لەسەر خۆی داناوە. کەچی، بارزانی ئەوی لە "ئەحەی بلەڕەش"ەوە گەیاندە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.



سەبارەت بە مام جەلالیش، بارزانی ناوی **"جلەی"** لەسەر نەناوە، بەڵکوو زۆر جار لە خۆشەویستییان پێی گوتووە، **"جەلالە شێت"**. سەرنج بدەن، پرۆفیسۆر عیزەدینی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی دێرێژە، "عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ" سەبارەت بەو ناوەی مام جەلال چ دەڵێت. دوکتۆر عیزەدین لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

**- (بارزانی بە مام جەلالی دەگوت جەلالە شێت و زۆریشی خۆشدەویست. چونکە مام جەلال لەو کەسانە بوو کە ساڵی ٥٧، بارزانی لە مۆسکۆ بینیبوو. بیستوومە دەیانگوت بارزانی گوتویەتی جەلالە شێتم لە جێگای ئیبراهیم ئەحمەد دانابوو، کەچی بەدوای ئەو کەوتوە.)**



هەر لەو بارەیەوە مامۆستا عەزیز محەمەد لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: (**بارزانی بوو بە هێمایەک و بوو بە هێزێکی مەعنەوی و ئەو پێوەندییەی لەنێوان بارزانییەکاندا هەیە، هێزێکی گەورەیە کە ٥٠٠ کەس لەگەڵ بارزانی بپەڕێتەوە و دواتریش بیانگەڕێنێتەوە. ئەوە کاری سەرۆک عەشیرەتێک نییە و بە سەرۆک عەشیرەت ناکرێ، جا ئەو پێوەندییە، بزانە بیروباوەڕ بێت یان هەر شتێکی تر، بارزانی کرد بە هێمایەک، بۆیە لەکاتی خۆیدا کە چوومە لای، گوتی: "برۆ بەو جەلالە شێتە بڵێ من جێی برایمم بۆ داناوە." خواهەڵناگری کە گوتی جەلالە شێت، بە خراپەی نەگوت و لە خۆشەویستییەوە گوتی، ئەگەرنا چۆن شێتێک دێنێ و دەیکات بە سکرتێری حیزب.)**

ئەوانە ڕاستیی ئەو ڕووداوانەن کە مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی چوارەمی وتارەکەیدا پێچەوانەی کردونەتەوە. دوای تێکچوونیش لەگەڵ بارزانی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا، ناوی جەلالیی و مەلایی یەکەم جار لەلایەن لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلالەوە کەوتە زاری خەڵکەوە کە لەگەڵ ئەوەدا ئەوان بە دوو باڵی لێک جیاوازی شۆڕش بناسن، پلەی مام جەلالیش بێننە ڕیزی بارزانی، ئەگەرنا مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلول بوو، و مام جەلال سەرۆکی ئەو گروپەی

کە بە ئامۆژگاریی ئیبراهیم ئەحمەد، دژی شۆڕش و پێشمەرگە پاڵیان بە ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دابوو، و چەکیان بۆ ڕژێمی کۆنەپەرستی بەعس هەڵگرتبوو، و شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد کە لەو سیاسەتەشدا شکان و ناچار بوون دوای ڕێککەوتنی پارتی دیموکرات و سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە ١٩٧٠/٣/١١، لە بەغداوە بگەڕێنەوە لای بارزانی و شۆڕش. سەرنج بدەنە ئەو گفتوگۆیە و جنێوانەی کە لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا "دەبابە" لەگەڵ مەلا مستەفا لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە بە مام جەلال گوتراوە:

ئیبراهیم ئەحمەد (.... **چەند لای ئێوە قسەی پێوتراوە، ئێوە نەقدتان کردوە، ئێمە جنێومان پێداوە و زەلامێکمان بەتایبەت ناردوە تا جنێویان پێبدا. بەڵێ ئەگەر ئەمە سیخوڕی پێ نەکردون، ئەگەر ئەمە دوژمنایەتی کوردی پێ نەکردون، کێ پێی کردون؟ ئەمە قازانجی چی تێدایە؟ دەسەڵاتی ئێوە چییە ئەو ئیش تێک بدەن. لەوە خەراپتر ئیشەکە تێک نەدەن، ئەوەی ئێمە قەرارمان پێداوە بچێ خەڵکەکە کۆ بکاتەوە – مەبەست لە مام جەلال. نوسەر-. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ئیجماعەکە دەربچێ، لە ئەوروپا بێ لە ئاسیا بێ لە ئەفریقا بێ، وەکو دوژمنی کورد سەیری بکەین بەو حیسابەی کە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئێمە بووە. ئێمە وامان کرد ئەگینا بە هەموو کەسمان گوتبوو، ئەوەی ئەوروپا بۆ ئەوەی شتی وا بێجێ و ناشیرین و پڕ زەرەر ڕونەداتەوە و نەیکەین و بەدڵ و گیانەوە نایکەین و زۆر زۆر جارێکی دیکەش بەناوی هەموو برادەرانەوە ئەو هەلەی بۆ کوردستان ڕەخساوە، ئەوە فەخرێکە ئیتر بە هەموو حیسابێکەوە بە هەموو مەسئولیەت و غەڵەت و گوناح و خراپەیەوە، ئەو خوێنە لە کورد جارێکی دیکە بەدەستی کورد نەڕژێ، کێ هات لەگەڵمان دێ و کێ نەیەت چ ڕێگایەک بەباش دەزانێ بۆخۆی حەز دەکات، دەبێتە جاش ئەبێ بە ڕەئیس ئەبێ بە بەعس ئەبێ بە هەرچی هەبێ. دەسەڵاتی هیچمان نییە و زۆریش لە کەس ناکەین لەم ئیشەیا. ئەمانەوەی بە ئیختیاری خۆیان هەرکەس خۆی بە ئێمەوە بەستوە بە حیساب تا ئێستە، ئێمە ڕەئی خۆمانی پێ**

دەڵێین. ئێمە خۆمان و ئیشی خۆمان بەو نەوعە لێک ئەدەین، کێ ڕازییە و لە ڕێی کورد دایە حیسابی خۆی لە ڕێی کورددا لەگەڵ ئێمە بووە، ڕێی کورد ئەمەیە، ئەو نەبووە. مایە ئەو کەسەی کە دێتەوە بۆ خزمەت بە کورد بکات و دیاریش نەکەوێ بۆ کورد تۆ چیت کردوە و ئەو کەسەش چ ناپیاوەتییەکی کردوە و بۆ ئەوەی کردوە، ئەگەر چی بڵێم هەندێ چاکەی هەیە فەقەت هەندێ خراپەشی لێ دروست دەبێ و منافساتی تری لێ دروست دەبێ و شتی لێ دەبێتەوە و وەختی ئەوە نییە. ئێمە بە هەموومانەوە کەمین، جا چ پارچە پارچەش بین. بە هەموومان ئەوەی لە دەرەوەشە کۆیان بکەینەوە و بەشی ئەو ئیشانە ناکات کە لەسەر کوردە بیکات و ئەو ئەرکەی لە پێشمانە و ئەو ڕەنجەی لەسەر شانمانە و ئەو غەڵەتەی کە پێی ئەکرێ، چاکی بکات. لەبەر ئەوە لای ئێمە ئەوە هەیە و ئەوەش ڕەئی من نییە بە تەنیا، ئەگەرچی من قسەکان دەکەم. ئەو سوپاسەشت ئەکەین بۆ ئەو فورسەتەی بۆ ئێمە هەڵتان خست. سوپاسی ئێوە و سوپاسی ئەو هەموو برادەرانەش ئەکەین کە دەستیان هەبوو لەو فورسەتەی هەڵیان خست ئەوە نەمێنێ، وە لاموایە هەموو کوردێکی دڵسۆزیش سوپاس دەکات و سوپاسی ئەو هەمووە کەسانەش دەکات کە ئیشیان کردوە لە نەهێشتنی ئەو کەلێنە کە مومکنە دوژمن بێگومان لێی دەهاتە ژورەوە و دەیەوێ لێی بێتە ژورەوە.

ئەوەی عەرزت ئەکەم ئەوەیە، نە جەلال و نە غەیرە جەلال و نە هیچ ئینسانێکی دیکە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێت، نە ئەمن و نە عومەر و نە غەیری عومەر بەلای منەوە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێ، نە کوردە نە پیاوە نە ئینسانە. خۆی چ ڕێیەک دەگرێ، بیگرێ یەعنی ئەو ڕێیە نەگرێ کە خزمەتی کوردی تیایە، لەم ڕۆژانە نەیەتە سەر ئەو ڕێیە ڕاستە، بەلای منەوە پیاو نییە و ڕاست نییە و ساغ نییە و هەرچی پێی وتراوە ڕاستە و بە قەڵسی و ئیسرار کردویەتی.

ئەمە قسەکانی منە تا ٢٠ ڕۆژێکی پێناچی، هەتا ئەوەندە بەپەلە بووین، دەبووایە دوانزە و چواردەی مانگ بهاتنایە، ئێستا ئیشەکە

بڕابووەوە و وەدوا کەوتنیشی نەناز بوو و نە تەعارف. موجامەلات و شتی تر بوو. ترسێکیان هەبوو کە هەندێ جیهات پێی ناخۆش بوو، گوتیان دوو جاش لە سەرەوە تەقەیەک دەکات و کەلێنێکمان دیسان ئەخاتە بەینەوە. کاک عومەر شاهیدە، برادەران لەگەڵم بوون لە ئوتۆمبیلەکە، کاک عومەر بۆخۆی ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕی، ئوتومبیل هی خۆمانە، بە کاک عومەرم وت لە ڕیگادا زۆر هێواش لێ بخوڕە، بۆخاتری خوا لەگەلی عەلی بەگا، خوا نەکا تایەی ئوتومبیلەکە دەربچێ و توشی شتێک بین، دەڵێن موئامەرەیە، با بەسلامەتی بچین و بە سەرکەوتویی و سەلامەت بگەڕێینەوە. نوری ئەحمەی تەهام لە چایخانەکە دیت، گوتی ئەگەر ئەو ئیشە سەری گرت، دەعوەتتان دەکەم، گوتم: دەعوەتەکە بکە و بیخۆین، گوتی بۆ؟ گوتم: ئەو ئیشە سەرکەوتنی تێدا نییە و چۆن دەفەرموێ ئێمە وادەکەین. گوتی دە دینارم بە دزییەوە بدەنێ ئەیکەم بە دەعوەت بۆتان.

<u>ئێمە ئەگەر و مەگەری ناخەینێ، چونکە ئێمە بۆ ئەگەر نەهاتووین. ئەوانەش کە لەگەڵ ئێمە بوون، ئەوە ئێمە پێ لەم واقیعە ئەنێین و دێنە ژێر ئەم ئالایەوە و لەژێر ئالای شۆڕش و پێشەوا مەلا مستەفا ئیش ئەکەین، ئەگەر کوڕی کوردن ئەوە ڕێی کوردایەتی ئەوەیە</u> و ئەگەر هیچن بۆخۆیان چ دەکەن هیچ حیسابێک بۆ ئەو ئیشە نیە، با شتێک بنوسرێ، تا کەس ئیدعای شتی تر نەکات(٥).

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خالّی پێنجەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کێشەیەکی ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ دەکات کە لەودا ئیبراهیم ئەحمەد نزیکەی ٨٠ ئەندامی پارتی لە ماوەت کۆ کردۆەتەوە و سەرۆک مستەفا بارزانی لە پارتی دەرکرد، مەحمود ڕەزا ئەمین لەو بارەیەوە، دەڵێت:

٥- (بەهاری ١٩٦٤، سەرۆکی پارتی هێزێکی زۆری پێشمەرگەی ناردە سەر ماوەت بۆ کوشتن و گرتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی. بە شەڕ خۆیان دەرباز کرد و هەڵاتن بۆ ئێران.)

پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت درۆ هەرچەندە گەورەتر بێت، باوەڕ پێکردنی ئاسانترە. مەحمود ڕەزا ئەمین بە کەڵکوەرگرتن لەو پەندەی پێشینیان سەبارەت بەو ڕووداوە دواوە، ئەگەرنا هیچ شەڕێک لە ماوەت ڕووینەداوە و هیچ کەسێکیش بە شەڕ خۆی لە ماوەت ڕزگار نەکردوە. بۆ زانیاریی پەیدا کردن لە سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە، سەرەتا سەرنج بدەنە حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەوکاتی ئەرکانی سوپای ئێران کە دەڵێت:

**- (سوپای عێراق بە سێ لەشکری کۆکراوە لە ئامێدی، ئاکرێ، ڕانیە، کۆیە، قەڵادزێ، چوارتا، سلێمانی و خانەقین هێرشی کردە سەر کوردستان. بەگشتی دوو سێ سوپای عێراق بەشداریی ئەو شەڕەیان کرد و بۆمبارانی توندی فڕۆکەکان ئەنجامی گرت و پێشمەرگەکانیش بۆ ئەوەی لە گەمارۆ نەکەون، بە ئارامی بەرەو چیاکان و بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد. لەو شەڕانەدا بڵاوکراوەکانی بارزانی ئاماژەیان بۆ دەستکەوت و زیانەکانیان کرد و ڕایانگەیاند لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕدا، ١٣٤٠ چەکداری سوپا و ٧٤٠ جاشیان بەدیل گرتووە، ٢٠ تانک، ١٦٤ ڕەشاش، ٩ بازوکا، ١٠٠٠ تفەنگیان دەستکەوت بووە و لە بەرامبەردا ١٣٤ پێشمەرگەیان شەهید و ٢٧٣ پێشمەرگەشیان بریندار بوون و بەهۆی بۆمبارانەکانەوە، ١٦٧ گوند وێرانکران و ٦٣٤ کەسی مەدەنی و ١٣٠٩ ژن و منداڵ لە بۆمبارانەکاندا شەهید بوون. ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ لە عێراق کودەتا کرا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست و شەڕی ڕاگرت و داوای وتوویژی لە بارزانی کرد. مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وتوویژ نەبوو، بەڵام بارزانی داواکەی قەبووڵ کرد.**

**ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی دژی شەڕ وەستاندن و وتوویژ بوون و بارزانی بە پێچەوانەی ویستی ئەوان، بەتەنیا ئاگربەسی ڕاگەیاند. ئەو کارەی بارزانی ئەوانی بەتەواوی تووڕە کرد. ئەوان لە نامەیەکی بیرخستنەوەی ڕەخنەگرانەدا داوایان دەکرد واز لە ئاگربەس بێنێت و تا تێکشاندنی دەوڵەتی عێراق درێژە بەشەڕ بدات. هەروەها پێیانڕاگەیاند کە دەوڵەتی عێراق لەبەر ئەوە ئاگربەسی ڕاگەیاندوە کە خۆی بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ ئامادە بکاتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی، شەریف**

حیلمی، سەرهەنگ نوری ئەحمەد تەها، جەمیل بەگ، عەلی عەسکەری و ماژور سمایل لێپرسراوی کاروباری عەمەلیات، ژێر ئەو نامەیەیان ئیمزا کردبوو.

مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروباوەڕی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەنێو چوو بوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دور لە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بە ڕونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بووەتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتووێژ لەگەڵ عێراق بکەن. .... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا دەستی کرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورددا بە خایین ناساند.[٦])

هەرلەم بارەیەوە ڕەوانشاد ئەحمەد بانیخێلانی "ئەبو سەرباز" ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق دەڵێت: (.... من لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە "دێرێ" چوومە لای بارزانی، سەبارەت بەو خاڵە گوتی: "خۆمن هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نەبووە. بڕواشم وانییە ئەمانە دان بە حەقی کورددا بنێن، بەڵام ئێمە وەزعمان خراپە و

هێزەکانمان ماندوون. فیشەکمان کەمە، چەکی باشمان نییە و پێویستیمان بە پشوودانێکە.(٧))

هەروەها محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: **(لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودەتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسندی کرد. وتووێژ دەستی پێکرد، بارزانی نەمر نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی نوێنەری پارتی بوون. شاندی حکوومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا، بەڵام کاتێ جەلال و نوری شاوەیس چوونە ماوەت مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی. مەکتەبی سیاسی بەیانێکی دەرکرد لەژێر مانشێتی "ئایا ڕێکەوتنی مشیر-بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە و قسەی ناشیرینیان بە بارزانی گوت."(٨))**



هەرلەو بارەیەوە ڕەوانشاد عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەنوسێت: **(حیزب بڵاویکردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدوڕەزاقی وتووێژکەر فرۆشتوە. وای لێهاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕەی وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر.**

**گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر**

بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسیان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوە...

لە تورەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوە جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوە بەغدایە و فەقیری خۆم دەکەم....

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومە ماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادر کرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبییەی دوێنێ گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستابون، مەلا مستەفا وێستابوو، گوتی: تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سواربە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین. لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

- هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی واماون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بینی و بینگ"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسیتر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە

**بارزان بوەستێ مردو لە مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ.[٩])**

ڕەوانشاد حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پێشوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی سەرهەڵدانی کێشەکاندا، لە وتوویژێکی تایبەتدا لەگەڵ من، کێشەی ئیبراهیم ئەحمەدی لەگەڵ بارزانی، بۆ ڕاسپاردەی ئێران گەڕاندەوە و گوتی:

**- (کێشەی برایم ئەحمەد لەگەڵ بارزانی زیاتر شەخسی بوو و کێشەیەکی گرنگی لەگەڵ بارزانی نەبوو. برایم ئەحمەد کەسایەتییەکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو، بەڵام بە ئەمری ئێران دەجوڵایەوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.[١٠])**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز. سەرئەنجام ئەو کێشەیە بەوە گەیشت کە ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ لەبەرچاو گرتنی پرۆگرام و پرنسیپی حیزبیی، ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ نزیکەی ٨٠ ئەندام و لایەنگری خۆی لە ماوەت کۆکردەوە و لەژێر ناوی کۆنگرە کودەتای بەسەر پارتیدا کرد. یەکێک لە بڕیارەکانی ئەو بەناو کۆنگرەیە سڕکردنی بارزانی بوو لە پارتی دیموکرات. لەو بارەیەوە، مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٥٩ی کتێبەکەیدا دەڵێت: **(کۆمیتەی ناوەندی بە بڕیارێکی یەکلایەنە لە ڕۆژانی ٤ تا ١٩٦٤/٤/٩دا کۆنفڕانسێکی لە ماوەت پێکهێنا.)**

محەمەدی مەلا قادر دەڵێت: **(لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٤ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووت کردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم**

**لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، م.س ڕازی نەبوو[١١].)**

هەروەها مامۆستا عەزیز محەمەد دەڵێت: لە کۆنفرانسی ماوەت کە بارزانیان تەجمید کرد، ساڵح شیرە هەیە وەکوو بیستومە دەڵێت: **(ئەوە ئێمە تەجمیدمان کرد، بەڵام پێم ناڵێن کو جێبەجێی بکەین؟[١٢])**

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە نا دیموکراتی و نا حیزبیانەی ئیبراهیم ئەحمەددا، کاتێک بارزانی بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەتی زانی بۆ ماوەی نزیکە بە سێ مانگ هەوڵیدا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕازی بکات کە لە بڕیاری خۆیاندا بچنەوە و کێشەکانیان بە ڕێگەی کۆنگرەیەکی هاوبەش چارەسەر بکەن، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد قەبووڵی نەکرد. ئەو، بە بەڵین و چەکوچۆڵ و پارەی ئێران و بەو خەیاڵە کە ٩٠%ی کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لەگەڵە، پشت ئەستور بوو. لەبەر ئەوە بارزانی بە ناچار بڕیاریدا، کۆنگرەی شەشەمی پارتی پێکبێنن. بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەیان لەم کەسانەی خوارەوە پێکهێنا: عەزیز ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی، نەعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و ...تد.

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کرد، بێن و بەشداری کۆنگرەی شەشەم بکەن، تا لەوێ کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو و وەڵامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەیان نەدایەوە. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر دەڵێت:

**- (....لە سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەڵادزێ بەستراو وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە، بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێکهاتبوون و ئەمانەی تێدا بوون: عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەدبەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحمودبەگ و هی تر.[١٣])**

هەرلەو بارەیەوە، سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە کۆنگرەی شەشەمدا کە لە قەڵادزێ پێکهات، بارزانی سێ جاری وەفدی نارد. ئەوان لە ماوەت بوون و گوتی ڕجا دەکەم وەرن خۆتان هەڵبژێرن، ئەگەر میللەت دەنگی پێدان، بەڵێنتان پێدەدەم کە بچمەوە بۆ بارزان، بەڵام ئەوان نەهاتن. دیارە ئەوان پێشتر بە دەستوری شای ئێران، بارزانییان لە حیزب دەرکردبوو. بە دوای کەریم قاسمدا ئەم جارە شا دەیویست شۆڕشەکە تێک بدات و جیا بوونەوەیان لە نێودا دروستکردن.)**

بەم جۆرە، لە بەرامبەر کاری ناشیاوی ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانیدا، پارتی دیموکرات ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام کۆنگرەی شەشەمی لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەدا، بڕیاری دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی درا. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا کە ڕادیۆ و چاپخانەی حیزب کە لە ماوەت و لای ئیبراهیم ئەحمەد بوو، وەربگیرێتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ئامادە نەبوون ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی حیزب بۆ پارتی بگەڕێننەوە، لەبەر ئەوە بارزانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانە، ژمارەیەک پێشمەرگەی ڕەوانەی ماوەت کرد و چونکە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی توانای بەرگریی کردنیان نەبوو. هەموو خواردەمەنی و کەلوپەلە زیادەکەیان خستە نێو ڕوباری ماوەت و ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٣ بە چەکەوە ڕایانکردە ئێران. لەو بارەیەوە حەسەن ئەرفەع دەنوسێت:

**- (مستەفا بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ماوەت ڕاگەیاند کە چەکەکانیان بدەنەوە و فەرمانەکانی بەجێ بگەیەنن، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو فەرمانەیان بەجێ نەهێنا و لە ئاکامدا مەلا مستەفا بە لوقمانی کوڕی ڕاگەیاند بە ٢٠٠٠ بارزانی و ٥٠٠ چەکداری پشدەریی بە سەرۆکایەتی "ئەنوەر" کوڕی محەمەد ڕەشید، بەرەو ماوەت بچێت. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ٦٣٠ پێشمەرگە لایەنگریان، چونکە**

نەیانتوانی بەرگریی لەخۆیان بکەن، لە زێی بچووک پەڕینەوە و لە نزیک سەردەشت هاتنە ناو خاکی ئێران، ئەوان ئیزنیان بە کاربەدەستانی ئێران نەدا کە چەکیان بکەن و گوتیان دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە خاکی عێراق. ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەلای هاوڕێکانیان لە گوندی "دولکان" لە نزیک سەردەشت لە دوازدە مایلیی سنوری عێراق مانەوە. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا هەوڵیدا مەکتەبی سیاسیی پارتی لە مەلا مستەفا نزیک بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. دوای چەند ڕۆژ، ٢٠٠ پێشمەرگەی دیکەش کە لە ناوچەی خانەقین بوون، هاتن و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کەوتن. دواتر هەموویان بە تێکڕایی گەڕانەوە نێو خاکی عێراق و دەیانویست لە چوارتا بمێننەوە کەچی ژمارەیەک بارزانی کە بەو جموجۆڵەیان زانی، هێرشیان کردە سەریان و لە ئاکامدا ئەو ٢٠٠ کەسەی ناوچەی خانەقین گەڕانەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانی تریش ڕایانکردەوە ئێران. ئەم جارەیان دەوڵەتی ئێران چەکی کردن و خستنیە ژێرچاودێریی. دوای چەند ڕۆژ بەهۆی ڕەخنەی دەوڵەتی عێراق، لەبوونی ئەو ژمارە پەنابەرانە لە نزیک سنورەکانی، دەوڵەتی ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ سەقز و لەوێوە بردنی بۆ هەمەدان، بەڵام لایەنگرانیان لە سوریا و لوبنان و ئەوروپای ڕۆژئاوا، پشتی ئەو پەنابەرانەیان گرت و سکاڵایان لە مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق کرد.(١٤) هەروەها هەژار موکریانی دەڵێت:

- (بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، زۆر لەو مامۆستایانە ڕۆیبونەوە بنکەی خۆیان لە ماوەت. لەسەر ڕادیۆکەیان بەیانێکی حیزبی و ڕەسمی دەرچو کە بارزانیمان لە حیزب دەرکرد و کەس نابێ بەقسەی بکا!! بارزانی بەوە زۆر توڕە بو و گوتی: دەبێ ئەو پاتەختەیان لێ تێک دەم و خەزێنەکەیان بدەم بە فەقیران. لوقمانی کوڕی بە دوسەد بارزانیەوە ناردە سەریان. هەر هەستی خەتەریان کرد، شێوابون، قەراریان دابو هەڵێن بۆ ئێران. بە سەدان سندوقە چا و تەلیسە شەکریان دە چۆم هاویشتبو. بە سەدان تفەنگی بڕنو و کلاشینکۆفیان شکاندبو، دە ڕوباریان خستبوو(١٥).)

مەحمود ڕەزا ئەمین، لە خاڵی شەشەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کوژرانی دوو کەس بە ناوەکانی عەلی حەمدی و مەحمودی حاجی تۆفیق دەکات و لە وتارەکەیدا دەڵێت:

**٦- (حوزەیرانی ١٩٦٤، پارتی لە ماڵێکا هەر یەک لە عەلی حەمدی و مەحمودی حاجی تۆفیقی رفاند. هەردوکیان بە "اختفا" لە ناو شاری سلێمانی ئیشوکاری لقی چواری پارتی- باڵی م. س یان بەڕێوە ئەبرد. یەکەم رۆژی ساڵی ١٩٦٦، بە فەرمانی بارزانی، هەردوکیان گوللە باران کران. تا ئێستا گۆڕیان ونە. عەلی حەمدی، خەڵکی ئاکرێ و کەسێکی رەنجدەر، خوێنەوار، رۆشنبیر و کورد پەروەر بو. ساڵی ١٩٤٣ یەکێک بو لە دامەزرێنەرانی حیزبی رزگاری. کاتی رفاندنی، لێپرسراوی لقی چواری پارتی- باڵی م. س بوو. رەحمەتی، مەحمودی حاجی تۆفیق یش کارگێڕی هەمان لق بوو. هەردوکیان پێکەوە رفێنران و پێکەوە شەهید کران. جێی داخێکی بە سوێ یە، مەحمودی حاجی تۆفیق، بارزانی بێ گۆڕی کرد، ئاراسی کوڕە تاقانەشی، ساڵی ١٩٨٥، بەعس لە سەر کۆمەڵە بوون گرتی و تا ئێستا بێ شوێنەوار و بێ گۆڕە!.**

مەحمود ڕەزا ئەمین، بەبێ ئەوەی کە خۆی بەشداریی ئەو ڕووداوانەی کردبێت، بەبێ لێکۆڵینەوە و تەنیا بۆ بەربەرەکانی دژی پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی بە فیتی دوژمنانی کورد، ئەم وتارەی بڵاوکردوەتەوە و لە زۆر جێدا کەڵکی لە نوسینی نوسەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەوانە عیسا پژمان و عیرفان قانعی فەرد وەرگرتووە. ئەو لە وتارەکەیدا عەلی حەمدی بە خەڵکی ئاکرێ دەناسێنێت کەچی ناوبراو خەڵکی خانەقین بوو، و یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦ لە ماڵی ئەودا لە بەغدا پێکهاتووە. سەبارەت بە کوژرانیشی، ڕێزدار موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٦ لە ماڵی خۆی پێی گوتم:

**- (عەلی حەمدی لە گوندی شێنێ زیندانی بوو، ئەو کاتە ئەوان ببوونە چاوساغی دوژمن و لە هەردوولادا کوشتن هەبوو، ئەوانیش لە ساڵی ١٩٦٤دا عومەر شەریف عەبدوڵا، مەلکۆ زێڕۆ و سیامەند بارزانیی بەرپرسی لقی**

**چواری پارتیان لە قەرەداغ کوشت. ملکۆ و سیامەند دوو هەڤاڵی بارزانیی بوون لە سۆڤیەت.)**

هەرلەو بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٧ لە ماڵی خۆی پێی گوتم: **(عەلی حەمەدی ئێمە کوشتمان. ئەو قیادەی ئیبراهیم ئەحمەد بوو. مەحمودی حاجی تۆفیقی کادیرێکی ئێمە بوو، و چۆنیەتی کوشتنەکەی نادیار. ئێمە لە شەڕی براکوژیدا بووین و ئەو کوشتنانەش هەبوو کە دروست نەبوون.)**

ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا ساڵی ٢٠١٢، پێی گوتم: **(بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریاندا مام جەلال لە ئەوانی تر جودا بکەنەوە کە کوژرانی عەلی حەمدییان کردە بیانوو، و بە گروپ پاڵیان بە ڕژێمی بەعسەوەدا. ئەگەرنا خۆ لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٦ دا بەتەنیا عەلی حەمدی نەکوژرا و زۆر کەسی تریش کوژران.)** کاکەیی لە درێژەی وتەکانیدا، دەڵێت: **(دەکرێ بپرسین کێ سەید حوسێن کاکەیی خەڵکی خانەقین و سەرلقی هێزەکانی بارزانی تەنیا بەو تاوانەوە کوشت کە گوتبووی دەچمە لای بارزانی؟[١٦])**

دوای جیاکردنەوەی مەکتەبی سیاسی لە پارتی و بارزانی، یان وەک خۆیان دەڵێن کۆمیتەی ناوەندی، یان حیزب لە بارزانی و گواستنەوەی ئۆفیسی مەکتەبی سیاسی بۆ "خەزێنە" لە نزیک ماوەت و ئامادە نەبوونیان بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکان لە پارتیدا بە ڕێگای کۆنگرەیەکی هاوبەش. پیلانی کوشتنی سەرۆک مستەفا بارزانی لە لایەن سەید عەزیزی شەمزینی و عەلی حەمدی ئاشکرا بوو. بۆ ڕێگری کردن لە دووپات بوونەوەی ئەو کارەساتانە، بارزانی بەو ئاکامە گەیشت کە چەند بەرپرسی پێشمەرگە بگۆڕێت کە بەو گۆڕانکارییەش پێش بە زۆر ڕووداوی دڵتەزێن نەگیرا. لەو بارەیەوە، عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی "هەژار" ڕوونتر لەو کێشەیە دەدوێت:

**-(سەید عەزیزی شەمزینی نامەیەکی بۆ "حاجی محەمەدی شێخ ڕەشید" کە دوژمنی سەرسەختمان بو، نوسیبو: "تۆ وەرە با پێکەوە مەلا مستەفا**

**لەناو بەرین و تۆ سەرۆکمان بە...". کاغەز گیرا و سەید عەزیز و چەند کەسێکی دیکەی وەک عەلی حەمدی گیران. دوایی لەبەر خاتری سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، سەید عەزیز بەردرا، بەڵام عەلی حەمدی کوژرا.[١٧])**

مەحمود ڕەزا ئەمین، لە خاڵی حەوتەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کوشتن و تەسلیم کردنەوەی چەند ئەندامی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات بە ڕژێمی شای ئێران و دەنوسێت:

**٧- (ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بارزانیی باوک دەیان سەرکردە و پێشمەرگەی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بە زینویی یا کوژراوی تەسلیمی ساواک کرد. لەوانە: سلێمانی موعینی "فایەق ئەمین"، خەلیل شەوباش، ئیسماعیلی شەریف زادە، عەبدوڵڵای موعینی، مەلا ئاوارە "مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەد ئەمینی هەمەوەندی"، مەلا ڕەحیمی وێردی "میرزا ئەحمەد"، ساڵح لاجانی و هاوڕێکانی، موراد شێرێژ و، دەیان پێشمەرگەی تر.)**

بۆ زانیاریی لەو ڕووداوە مێژوویانە، پێویستە بڵێم ساڵی ١٩٥٩ ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران "ساواک" ئاشکرابوون و نزیکەی ١٢٠ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات گیران. عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی "فایق ئەمین"، یوسف ڕیزوانی، هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف" و ژمارەیەکی تر نەکەوتنە دەست ساواک و ڕوویان لە باشوری کوردستان کرد. لە باشوری کوردستان، ئەحمەد تۆفیق بە هاوکاریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆ و یارمەتی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی بوژاندەوە.

بۆ جاری دووەم، ڕژێمی ئێران ساڵی ١٩٦٣ پەلاماری ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی دا و نزیکەی ٣٠٠ ئەندامی حیزب ڕایانکردە باشوری کوردستان و لەوێ لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و هەڤاڵانییەوە پێشوازیی کران.

ئەحمەد تۆفیق ئەندامانی حیزبی دیموکراتی ڕێکخستەوە و دوای تێپەڕ بوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکراتدا، لەگەڵ سلێمان موعینی "فایق"، سەدیقی هەنجیری ئازەر، مەلا ڕەشیدی حوسێنی، مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد"، نەحۆ پاشایی "باپیر شکاک"، عەبدوڵا موعینی، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی"، مەلا قادری لاچینی، سەید ڕەسوڵی دێهقان "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە"، شێخ جەمیل مەردۆخی، ڕئوف حافزلقورئان "ڕئوفی مەلا حەسەنی"، مەلا باقی، عومەر نگڵی و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ١٩٦٤/١١/١٩ لە گوندی "سونێ"ی ناوچەی پشدەر کۆنگرەی دووەمی حیزبیان لەژێر دروشمی: یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی لەپیناوی خەبات بۆ ئازادیی و ڕزگاریی کورد و کوردستان پێکهێنا(١٨).

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، یەکەم پیلینۆمی دوای کۆنگرەی دووەمی لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٥، لە دێی "دێلۆ" لە دیوەخانی "حەمەدی کاحوسێنی" پێکهێناوە. لەو پیلینۆمەدا، ئەحمەد تۆفیق ڕایگەیاند بۆ ماوەیەک پشودەدات و لە بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبدا دوور دەکەوێتەوە. ناوبراو ئەرکەکانی بە سلێمان موعینی سپارد و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چووە بۆ حاجی ئۆمەران و لە گوندی "قەیماسان" لە دۆڵی "سەکران" مقەڕێکی نوێی دانا و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، هاوکاریی عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ ناسراو بە "عەولاغای پشدەری" فەرماندەی هێزی "باڵەک"ی لە شۆڕشی ئەیلولدا کردوە.

دوای دەرچوونی ئەحمەد تۆفیق لە حیزب، سلێمان موعینی بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، هەوڵی دامەزراندنی دوو پێوەندیی بۆ حیزب دا کە لە بوونی ئەحمەد تۆفیقدا هێڵی سوور بوون بۆ حیزبی دیموکرات:

لە هەوڵی یەکەمیدا، سلێمان موعینی ڕۆژی ١٣٤٤/٧/١- ١٩٦٥/٩/٢٣ سێ نامەی بۆ دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی تودەی ئێران، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت و کەریم حیسامی

نوسیوه و نامەکانی بە حیزبی شیوعی عێراقدا ناردوه. لە نامەکانیدا، موعینی سیاسەتی کۆنگرەی دووەمی سەبارەت بە هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە بەدژی ڕژێمی ئێران پێڕاگەیاندون و داوای یارمەتیی لێکردون. ناوبراو لە نامەکەی کەریم حیسامیدا ئاماژەی بۆ هەلومەرجی نوێی حیزب کردوە و لەگەڵ سەرکۆنە کردنی کەریم حیسامی پێی گوتووە: **"ئێوە مەیدانتان چۆلکردوە و نانی وەرزێرانی گوندی قەرەبلاغ ڕشت دەکاتەوە."** داواشی لێکردوە کە چالاکییەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە ڕادیۆی پەیکی ئێران[١٩]دا بڵاوبکاتەوە. کەریم حیسامی دەقی نامەی سلێمان موعینی لە لاپەڕە ٢٠- ٢٦، بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردوەتەوە[٢٠].

هاوکات لەگەڵ ناردنی ئەو نامانەی، سلێمان موعینی هەوڵی دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراقی داوە. ئاڵقەی پێوەندیی موعینی بۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندییە، مونتەقیمی قازی و عەبدوڵا موعینی بوون لەگەڵ سەرۆک جاشێک بەناوی "قادر ئاغا لە عەشیرەتی مەنتک" کە پێشتر بەرپرسی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.



بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز سەبارەت بەو کوشتنانەی کە مەحمود ڕەزا ئاماژەی بۆ کردون، سەرنج بدەنە ئەو کەسایەتیە خەباتکارانەی کە ئەوکاتە خۆیان لە ڕووداوەکاندا بوون. لەو بارەیەوە، سالار حەیدەری لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا بە نوسین پێی گوتم:

**- (لە درێژەی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتدا، سەدام حوسێن دەیویست لاسای شای ئێران بکاتەوە، بە هەموو دەست و پێوەندەکانی ڕاسپاردبوو کە پێوەندیی بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی**

کوردستانەوە بکەن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە لە ئێران. ئێمە هەستمان بەو هەڵسوڕانە دەکرد، ڕۆژێک مەلا ئاوارە بەپەلە هاتە گەڵوەڕەز و گوتی لێمان تێکدەدەن. حکومەتی بەعس دەیەوێ چەک بە ژمارەیەک بدات و ناوچەکە بشێوێنێت، گوتمان هەرگیز ناهێڵین شتێکی وا ڕووبدات. لە گەڕانەوەدا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەنار گوتی: "من دەتوانم ٣٠٠- ٤٠٠ کەس ساز بکەم، ئێمە گاڵتەمان بە قسەکەی دەکرد. لە هەمانکاتەدا مونتەقیمی قازی لەلایەن شۆڕشەوە گیرا، ئەو چووبووە هەولێر و کاربەدەستانی بەعسی دیبوو، مونتەقیم کەسێکی سادە بوو، هەموو گاڵتەیان پێدەکرد، بەڵام چوونی ئەو بۆ وەرگرتنی چەک لە کاربەدەستانی عێراق ڕاست بوو.)



دوای ئەو پێوەندییە، عەبدوڵا موعینی چووە بۆ کۆیە و نەگیرا، بەڵام مونتەقیم قازی دوای گیرانی، لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە دراوەتەوە بە ڕژێمی ئێران. سلێمان موعینی بە دانەوەی ناوبراو بە ڕژێمی ئێران خۆی لە مەترسیدا دیووە. لەو بارەیەوە، حەسەن ڕەستگار لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەخۆدا پێی گوتم:

- (سلێمان چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەدەگەڕایەوە و کاربەدەستانی شۆڕشیش لێی تورە بوون. من بە دوایدا چووم کە بڵێم شۆڕش لە نەگەڕانەوەت تورەیە. ئەو هاتەوە بۆ سونێ و گوتی ئێرە باش نییە و دەچین بۆ گوندی هەباس ئاغا لە دۆڵەڕەقە و لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕێکانی چوو بۆ ئەوێ و لە گوندی دێرێ مقەڕی دانا. دیارە بەرلەو ڕووداوە، ڕۆژێک مونتەقیمی قازی لەگەڵ کەسێک بەناوی حاجی شاتمان لە قەڵادزێ هاتەلام و گوتی لە دێڵە زەرد - مەبەست ڕژێم شای ئێران- دەدەین، گوتم بەهیوای کێ ئەو قسانە دەکەی؟ گوتی ئەوەی

**لەگەڵ منە، ٥٠٠ تفەنگی هەیە و لەنێو دارانـدا شـاردویەتەوە. منیش هەندێکم گاڵتە پێکرد و گوتم واز بێنە.)** هەرلەو بارەیەوە ئەمیر قـازی لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبەکەیدا "بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٦٥، پاش دوورخستنەوەی کاک ئەحمەد، کاک فـایق لە مەئموریەتی سێ مانگەی کار و تێکۆشانی سیاسی، کە لە ٦ مانگیش تێپەڕ ببوو، گەڕاوە سونێ. دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی هەربە بڕیاری خۆی، بەرەو مەکتەبی سیاسی پارتی لە دێی "زارگەڵی" وەڕێکەوت. کە گەڕایەوە سونێ، بە ئەمری گواستنەوەی بنکەی سونێوە بۆ "دۆڵەڕەقە" لە ناوچەی ڕانیە گەڕایەوە.)**

سلێمان موعینی لەگەڵ نزیکەی ٤٠ پێشمەرگە چووە بۆ دۆڵەڕەقە و لە گوندی دێرێ[٢١] لە ناوچەی ڕانیە نیشتەجێ بووە و ئەمیر قـازی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، حەمەدەمین سیراجی، ئیسماعیل شەریف زادە و سالار حەیدەری لە مقەڕی سونێ بەجێهێشتوە. ناوبراو لەوێوە بانگهێشتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، کۆمیتەی چاودێریی بەرز و کۆمیسیۆنی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی کردوە کە بچن بۆ گوندی دێرێ و لەوێ کۆبنەوە. دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە ناوەکانی ئەمیر قازی و مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد" بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە کۆمیتەی ناوەندیی بۆ چارەسەریی ناکۆکیی نێوان ئەندامانی و کۆنترۆلی ئالۆزییەکانی نێو حیزب، کۆنفڕانسێک پێک بێنێ و داوا لە ئەحمەد تۆفیق بکات کە بێت و بەشداریی ئەو کۆنفڕانسە بێت، بەڵام ئەو بڕیارە بەجێنەگەیشت و کێشەیەکی تریش سەریهەڵدا کە ئەویش دەستێوەردانی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران بوو لە بڕیارەکانی حیزبی دیموکراتدا. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١١٧ی بیرەوەرییە سیاسییەکانیدا دەڵێت:

**- (با نەیشارمەوە کە لە دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقە، هەر لەنێو قسەکاندا، هەست و ئیحساسێکی وام بۆ پێک هات کە بەندوباوێک لە گۆڕێدایە. دەستەبازییەکی تازە هاتۆتە کایەوە. دەست و دەسیسەی حیزبی**

**شیوعیی ئێراق و حیزبی تودەی ئێرانم لەو ناوەدا دەدیت و لام وابوو کاری بۆ دەکەن. ئەو دەستە ناموبارەکانە، بە کەڵک وەرگرتن لە ساکاریی هاوڕێیانی ئێمە و لە گوشاری بێ مانا و نەزانانەی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتدارێتیی شۆڕش، لەسەر ئێمە ئەو گشتە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خەریکە دەستمان بە زاخاودا دەچێ.)**

هەرچەندە، سلێمان موعینی لەگەڵ پێشمەرگەکانی لە دۆڵەڕەقە جێگیرببوون، بەڵام بەو حاڵەش خەرج و خۆراکی خۆی و پێشمەرگە هاوڕێکانی بە چەشنی پێشمەرگەکانی تری پارتی دیموکرات لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە دابین دەکرا. موعینی پێشمەرگەیەکی بە ناوی "ئەحمەد بارام میرزا" بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکان دەستنیشان کردبوو. ئەحمەد بارام میرزا سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی دەکرد و لەوێ لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە داخوازەکانی جێبەجێ دەبوون. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبی "بیرەوەرییە سیاسییەکانی"، چاپی دووەمدا دەڵێت:

**- (چیرۆکی گوندی "دێرێ"ی دۆڵەڕەقە کە وەک گوترا، بنکەی کاک فایقی لێ بوو ئاوا دەست پێ دەکات، کە بەپێی پێکگەیشتن و سازان دەگەڵ مەکتەبی تەنفیزیی شۆڕش، خەرجی ژیانی خەڵکەکە وەک هەر بنکەیەکی دیکەی شۆڕش، لە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسییەوە دەدرا بە بنکەی دێرێش. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کار، کاک فایق کەسێک بەنێوی "ئەحمەد بارام میرزا" پێشمەرگەی بنکە، کە بە ئەحمەدە کوێر ناودێر بوو، وەک ڕابیت و پێوەندیدار، بە مەکتەبی تەنفیزی دەناسێنێ تا جیرە پیتاک و خوراکی بنکەی دێرێ، هەموو جارێ ئەحمەدە کوێر وەری بگرێ و بۆ بنکەی ڕاگوێزێ. ئەحمەدە کوێر کە لەمێژیش نەبوو هەر لە ڕووی ئاشنایەتیی پێشین و برادەرێتی زەمانی منداڵی دەگەڵ کاک فایق، هاتبووە بنکەی حیزب لە سونێ و لەوێڕا بۆ دێرێ، بە مەرحەمەتی کاک سامی عەبدولرەحمان دەکرێ بە جاسووس لەسەر کاک فایق و باقیی کادر و پێشمەرگەکان لە بنکەی دێرێ. لەوێ، چی باسکراوە و هەر قسە و بەرنامە و**

پلانێک جا با هەر قسەش بووبێ، ئەحمەدە کوێر گەورەی دەکاتەوە و بۆ خۆشیرینی و قازانجی گیرفانی خۆی، بەچەند قات و بەرامبەرەوە، تەحویلی کاک سامی دەدا. ئەویش، یان ئەوانیش، هەروا بە هەوەنتە، سەناریۆیەکی گەورە و ترسناکی لێ ساز دەکا و سەری مارەکەیش لە دێرێ دادەنێ. جا بەبێ ئەوەی لە کێ بکۆڵنەوە، مەنتیق و تێگەیشتوویی بەکار بێنن، هەڵسوکەوتێکی ئێمەمانان، بەتایبەتی هیی برادەرانی کە لە بنکەی دێرێ دەمانەوە، بە بەدگومانی و دژ بە شۆڕش چاوی لێ دەکەن. نەخشی ئەحمەدە کوێر وەک وڕوڕە جادووی کاک سامی، کاری خۆی کردووە و چاودێریی پشکنین و گومانلێکراوی لەسەر ئێمە، لە دەزگاکانی شۆڕشدا هەمەگیر دەبێ. ئەوەش کێشەیەک بوو لە قبووڵکردن و قوتدانی بۆ ئێمەی بەلای خۆوە وڵاتپارێز و شۆڕش خۆشەویست، هاسان نەبوو.)



ئەو هەوڵانەی ڕەوانشاد سلێمان موعینی لە چاوی بەرپرسانی ئەوکاتی پارتی دیموکرات و شۆڕش دوور نەبوون. لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا سلێمان موعینی بە پەشۆکاوی دەچێتە بنکەی سونێ و بە ئەمیر قازی دەڵێت مەکتەبی سیاسیی پارتی داوای کردوە. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (پاییزی ساڵی ١٩٦٦، ئێوارەیەک کاک سلێمان هاتە سونێ. ١٠-١٥ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو. گوتی: "وەزعەکە ناجورە و مەکتەبی سیاسی پارتی داوای منی کردوە و چووم بەرەو مەکتەبی سیاسی، بەڵام گەڕامەوە، وابزانم دەیانەوێ شتێکم بۆ ساز بکەن." گوتم ئەگەر پێتوایە؟ دەچینە لای مەلا مستەفا و کێشەکە چارەسەر دەکەین. مونتەقیمی قازی و عەبدوڵا موعینی

چووبوون بۆ هەولێر و قادر مەنتک و قائید فیرقەی عێراقیان بینیبوو. قادر مەنتک پێشتر فەرماندەی پێشمەرگە بوو، شۆڕش گرتبووی و لە سەنگەسەر لای ئێمە زیندانی بوو. ئەو لەگەڵ دوو سێ پێشمەرگە ڕایکردبوو و لە هەولێر ببوو بە جاش. دوای ئەو دیدارە، عەبدوڵا گەڕابۆوە بۆ کۆیە و مونتەقیم بۆلای گەلاڵە کە لە بازگەی پردی زەردی گەلاڵە گیرابوو و پارتی ئەوی دایەوە بە ئێران. ئەو مەسەلەیە سلێمانی زیاتر نیگەران کردبوو، کاتێک گوتم دەچین لەلای مەلا مستەفا کێشەکە چارەسەر دەکەین، گوتی: "تۆ بچۆ، ئەگەر مەلا مستەفا ویستی من ببینێت، من دەچمەلای." گوتم بەو مەرجە تۆ نەگەڕێیەوە بۆ ئەو دیو، سبەێنێ بەیانی دەچم. ڕۆژی دوایی لەگەڵ حەمەدەمین سیراجی چووین، لە بارەگای بارزانی بووین کە پێشمەرگەیەکی خۆمان هات و نامەیەکی کاک سلێمانی پێبوو، نوسیبووی: "لێرە هەست بە مەترسی دەکەم و دەچمەوە ئەو دیو بۆ "گەڵکەندکێ" لە نزیک قاسمەڕەش." منیش بۆم نوسی مەرجەکەت شکاند و من بۆ بینینی بارزانی ناچم و بەم جۆرە لەگەڵ حەمەدەمین گەڕاینەوە. کاک سلێمان نزیکەی ٤٠ پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی بردبوو و دواتر شەڕی چەکدارانە دەستی پێکرد.)

هەرلەو بارەیەوە حەسەن ڕەستگار لە تووێژێکی ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٧ لە کۆیە پێی گوتم: (سلێمان موعینی لە دۆڵەڕەقەوە بە دوایدا ناردم و من لەگەڵ مەلا محەمەد عەباسی چووم بۆ گوندی دێرێ. گوتی ئیدریس بارزانی بەدوایدا ناردوم. گوتم نیگەران مەبە، ئەوپەڕی وەک ئەحمەد تۆفیق دەتنێرن بۆ شوێنێک. سلێمان چوو کە کاک ئیدریس ببینێ، لە دەرگەڵە شیوعییەکان پێیان گوتبوو مەچۆ، ئیدریس دەتگرێ و ئەویش لە ترسان گەڕابۆوە بۆ ڕۆژهەلات و لە سپی سەنگ تووشی شەڕ ببوو. من چووم دوکتۆر حیکمەتم - دوکتۆری شۆڕش لە گوندی بۆڵێ- بینی و نەقڵەکەم بۆ گێراوە و داوام لێکرد بچێتە لای مەلا مستەفا، ئەو چووبوو، مەلا مستەفا گوتبووی با بگەڕێتەوە. سلێمان دوای شەڕی سپی سەنگ چووبوو بۆ توژەڵ. من لەگەڵ عەلی چاپەز چووم بۆ سونێ، حەمەدەمین سیراجی، سمایل

شەریف زادە و سالار حەیدەری لەوێ بوون و مەلا ئاوارەشیان لەلا بوو. قسەمان کرد و لەگەڵ مەلا ئاوارە چووین بۆ توژەڵ و چاومان پێی کەوت و بە دوور و درێژیی قسەمان لەگەڵ کرد و لەگەڵی پێکهاتین کە نامەیەک بۆ بارزانی بنوسێ، من لە نوسینی نامەکەدا هاوکاریم کرد. لە نامەکەیدا نوسرابوو، هەست بە نیگەرانی دەکات کە بیگرن، ئەگەر بارزانی هاودەنگی بکات و هەرجێیک دیاریی بکات، دەچێ دادەنیشێ. نامەکەمان هێناوە، مەلا ئاوارە چوو بۆ گەڵوەڕەز و منیش لەگەڵ عەلی چاپەز گەڕامەوە بۆ بەستێ کە لەسەر پردی سونێ گرتیانین. گوتمان چووین سلێمانمان دیوە کە بگەڕێتەوە، نامەکە بە عەلی بوو پێشانماندان، نامەکەیان وەرگرت و عەلییان ئازاد کرد و منیان برد بۆ سونێ. کە چووم مام وسو دزەیی لەوێ سەرلق بوو، حەمەدەمین، سمایل و سالاریشیان هێنابوو. مام وسو داوای لێبوردنی لێکردین و گوتی بچن بۆلای حەسۆ میرخان لە سەنگەسەر. دوو سێ پێشمەرگەیان لەگەڵ ناردین. لە دەراوی شیوەڕەز گوتم کاری ئاوم هەیە و بەو بیانووە چووم و کاتێک ئەوان دوور کەوتنەوە، من ڕامکرد و چووم بۆ بەستێ و بە خێزانم گوت دەچم خۆدەشارمەوە. چووم بۆ ڕەزگە تا دۆخەکە ئارام دەبێتەوە. هەرکە دەنگەکان کپ بوونەوە، نامەیەکم بۆ حەسۆ میرخان نوسی و پێمڕاگەیاند من لەگەڵ ئەو حەرەکەتە نیم و بۆ ئەوەش نەهاتووم کە نەکات سوکایەتیم پێ بکرێ و ئەگەر بزانم حورمەتێک هەیە، دێم و بۆکوێ دەڵێن دەچم و دادەنیشم، ئەویش هەواڵی بۆ ناردم کە برای ئێمەن و وەرە. من چووم بۆ سەنگەسەر و چاوم بە کاک حەسۆ کەوت. زۆری حورمەت گرتم و گوتی: تۆ لەو بنارە لە بەستێ دانیشتووی و خەڵک ڕاپۆرتت لێدەدەن و ناکرێ وەڵامی ئەو هەمووانە بدەمەوە و وەرە لە سەنگەسەر دانیشە کە ماڵەکەم هێنا بۆ سەنگەسەر.)

هەرلەو بارەیەوە عەبدوڵا حەسەن زادە لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(دەنگ بڵاوبووەوە کە سلێمان موعینی لە ڕانیە چاوی بە ئامر لیوای عێراق کەوتووە، نامەیەکیان لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ ناردبوو کە بچێ بۆ سەرکردایەتی شۆڕش، نەکا**

**پێشمەرگە بیگرێت، لە ڕێگەی چوونیدا لە دەرگەڵە میوانی مقەڕی حیزبی شیوعی بوو، ئەوان پێیان گوتبوو ئێمە ئاگادارین ئەگەر بچی بێگومان دەتگرن و لەوانەشە بدەنەوە بە ئێران.**



**کاک سلێمان لە چوون بۆ سەرکردایەتی شۆڕش خۆدەپارێزێ و بە سنووری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتدا خۆی دەگەیەنێتە سونێ کە مقەڕیان لەوێ بوو. لەوێوە نامەیەکی بۆ هاوڕێیانی نووسیوە و گوتوویەتی ناوێرم بگەڕێمەوە و ئێوەش ئاگاتان لەخۆتان بێ. ئەوانیش دەکەونە سەرهەست. ڕۆژێک دەبینن ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بەرەو "گەڵوەڕەز" دێن، بەرپرسان لە هاتنیان وەشک دەکەون، دوو سێ پێشمەرگە دەهێڵنەوە و پێیان دەڵێن ئەگەر ئەو پێشمەرگانە هاتن و داوای ئێمەیان کرد، بڵێن چوون بۆ سەفەر، ئەگەر شتی وانەبوو، یان نەهاتن، ئێمە دەگەڕێینەوە. بەرپرسەکان لە مقەڕەکەیان دوور دەکەونەوە و لە بەرزاییەوە دەبینن کە پێشمەرگەکان چوون بۆ مقەڕەکەیان و هەرچی لە مقەڕدا هەبوو لەگەڵ خۆیان دەیبەن. بۆ ئاگاداری دوای ٣- ٤ساڵ من تایپێک و هەندێک کەلوپەلم لە مەرحوم حەسۆ میرخان وەرگرتەوە.)**

تا ئێرە، نە حیزبی تودە وەڵامی سلێمان موعینی دابۆوە و نە لایەنی عێراقی. لەبەر ئەوە، ئەو نائومێد لەو دوو هەوڵانەی، لە مانگی سێیەمی ساڵی ١٩٦٧دا، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و بە نامەیەکی مەلا ئاوارە بۆ مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، ناوبراو چووەتە گوندی "هەڵوێ" لەنێوان جادەی سەردەشت بۆ پیرانشار، لە نزیک گوندی شیوەسەڵ و چاوی بە موعینی و هاوڕێیانی کەوتووە. ئەوکاتە، مەلا عەبدوڵا مەلای گوندی شیوەسەڵ بووە. لەو بارەیەوە حەسەن زادە لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (یەکەم شەو کە پەرینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتن بۆلای من، ماڵەکەم لە گوندی شیوەسەڵ، ٣- ٤ کاتژمێر لە سنور دووربوو، مەلا ئاوارە نامەیەکی بۆم نوسیبوو کە بۆ ٤٠- ٥٠ کەس نانیان بۆ بنێرم، من ئەو شەوە کەسێکم لە خەو هەستاند، چونکە خەڵکی گوندەکە لەلایەک دۆستم بوون و لەلایەکی تردا حیزبیی، نان و پێخۆرم بۆ کۆکردنەوە و بەیانی ڕۆژی دواییش من خۆم چووم بۆلایان، لەگەڵ مەرحوم سلێمان موعینی قسەم کرد و پرسیم چ باسە؟ گوتی: "لەلایەن مەلا مستەفاوە مەترسیمان لەسەرە." گوتم چ دەکەن؟ گوتی: "هیچ ناکەین، وڵاتی خۆمانە و تا بتوانین لێی دەژین." گوتم بچن بۆ لای حکومەتی عێراق، گوتی: "نا ناوی جاشم لێ دەنێن"، گوتم بچن بۆلای مەکتەبی سیاسی- مەبەست جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی بوو کە چەکی عێراقیان پێبوو. نوسەر-، گوتی: "من چۆن بچم بۆلای ئەوانە و بە پانەوە دژی چوون بۆلای مەکتەبی سیاسی بوو." گوتم عەمەلیات بکەن، ئەگەر عەمەلیات نەکەن و هەر شەوەی بچن لە جێیەک نان بخۆن، بۆ ڕۆژی دوایی ژاندارم دەچێ و خەڵکەکە دەگرێ و لێیان دەدات و زیندانیشیان دەکات. لەبیرمە ئەوانە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٤٦ هاتنەوە و کاک سلێمان گوتی: کات بۆ عەمەلیاتی پارتیزانی باش نیە، ڕۆژەکان درێژن. ئەوان زستانی ١٣٤٦ دەستیان کرد بە عەمەلیات.)**

جگەلەو نامەیەی کە مەلا ئاوارە بۆ مەلا عەبدوڵا حەسەن زادەی نوسیوە، ناوبراو نامەیەکیشی بۆ ئەمیر قازی ناردوە و ڕەخنەی لە گەڕانەوەی سلێمان موعینی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە. لەو بارەیەوە ئەمیر قازی دەڵێت: **(مەلا ئاوارە نامەیەکی بۆمن نوسیبوو کە ئەوانە بۆ گەڕاونەتەوە، مەبەستی لە سلێمان موعینی و ئەوانی تر بوو، نوسیبووی ئەوە بۆنی کەباب نییە، لێرە کەر داغ دەکەن.)**

بە پێچەوانەی ڕاسپاردەی مەلا ئاوارە، سلێمان موعینی و هەڤاڵانی بە تاکتیکی شەڕی چەکدارانە کە گوایە خەڵک پێشیان دەکەوێت و شۆڕش لە گوندەکانەوە دەبەن بۆ شار و ڕژێمی شای پێ بڕوخێنن، بزوتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ی لە نێو شۆڕشی ئەیلولدا هەڵگیرساند. کەچی هەم سەری خۆیان تێدا

چـوو، و هەمـیش ژمـارەیەکی زۆریـان بەکوشـتدا و کوردستانیشـیان خسـتە ژێرپێـی ساواک و هێـزە تاوانبارەکـانی ڕژێمـی شـا و گەورەتـرین زیانیـان بە خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و حیزبـی دیمـوکرات گەیانـد. کـاک سلێمان مـوعینی بەشـێوازی دابەشـکردنەکانی سـەردەمی ئەحـمەد تۆفیـق، نـزیکەی ١٠٠ کادیر و پێشـمەرگەی لـە ناوچـەکانی بـانە، سەردەشت، پیرانشـار، شنۆ، سـەلماس، بۆکـان و مهابـاد بڵاوکـردەوە و دەسـتی بە خـەباتی سیاسـی و چەکدارانە کرد[٢٢]. لە سەرەتای ئەو بـزوتنەوەیەدا، سنار مامـەدیی، سەعید کـاوە، سـالار حەیـدەریی و مـەلا عەبـدوڵا عەبـدوڵایی چـوار لە ئەنـدامانی دامەزرێنەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گەڕانەوە بۆ ئێران و وازیان لـە سیاسەت هێنا و لەو گروپە بەتەنیا مەلا ئاوارە، سیراجی و شەریف زادە مانەوە کە حەمەدەمین سیراجیش دواتر بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ حیزبی تودە چوو بۆ بەغدا و ئیتر نەگەڕایەوە و لەلای حیزبـی شیوعی مایەوە. سلێمان موعینی بەناوی لقی سێی حیزبی دیموکرات لە چالاکییەکانیدا بەردەوام بوو.

بـزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨، کـادیر و ئەنـدامانی حیزبـی دیمـوکراتی کـردە سـێ بەش: زۆربەیـان بە سـەرۆکایەتی سـلێمان مـوعینی بەشـداریی بزووتنەوەکەیان کرد. بەشی دووەم کە پێنج ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و کۆمیتەی چاودێری بەرزیان لەگەڵ بوو، وەک: ئەمیر قازی، هەژار موکریـانی، مەلا سـەید ڕەشـید حوسـێنی، سـەید ڕەسوڵی بـابی گەورە و ڕەشـید فەلاحـی "ڕەشـەی قاچـاخچی" لەگەڵ ژمـارەیەک پێشـمەرگە، لەلای پـارتی دیمـوکرات لە شۆڕشی ئەیلولدا مانەوە و بەشـی سێیەم کە چەند کـادیر و پێشـمەرگە بوون لە ڕانیە، قەڵادزێ و سەنگەسـەر دانیشـتن و لەژێرەوەش پێوەندییان لەگەڵ هەردوولادا هەبـوو. ئەو دابـڕانە لە کاتێکـدا بـوو کە ئەنـدامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی- گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی جەلالیی- ڕۆژی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٦، لەژێر نـاوی پـارتی دیمـوکراتی شۆڕشـگێڕ، دژی شۆڕشی ئەیلول، چەکی ڕژێمی بەعسیان هەڵگرت و دژی پێشـمەرگە شەڕیان کـرد و هەروەکـوو گـوتم حیزبـی شـیوعی عێـراقیش بە ڕاسـپاردەی یەکیەتـی

سۆڤیەت چووبوو لە بەرەی حیزبی بەعسی عێراقەوە و پشتی لە شۆڕشی ئەیلول کردبوو.

دۆست و هەڤاڵانی و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلول و تەنانەت مەلا مستەفا بارزانیی زۆریان هەوڵدا کە سلێمان موعینی لەو هەڵوێستەی پاشگەز بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی. لەم بارەیەوە ئەمیر قازی لە کتێبی "لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم"دا دەنوسێت:

**- (بارزانیی گلەیی زۆری لە کاک فایق هەبوو، دەیگوت من ئەویشم هەروەک کوڕی خۆم حیساب کردبوو. چاوەڕوان نەبووم بە قسە و مەسڵەحەتی ئەملا و ئەولا، بێوەفایی دەگەڵ من بکات. پرسی پێوەندیتان پێکەوە هەیە؟ عەرزم کرد نەخێر تا ئێستا چ پێوەندییەکمان نەبووە، بەڵان ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی پێوەندی پێوە دەکەم، تا بەڵکە خراپتر نەبووە و زەرەری زیاتر نەکەوتووە، بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش و گوتم لەو باوەڕەدام ئەگەر جەنابت بیانپارێزی و شەخسی خۆت بێی لە کێشەکەوە، کاک فایق دەگەڕێتەوە، ئینجا بفەرموون با بەنهێنی بگەڕێتەوە و لە شوێنێک لە دەوروبەری زاخۆ بمێنێتەوە تا هەل و مەجالێکی باشتر دێتەپێش. بۆ ئەو پێشنیارە، فەمووی: "پێم خراپ نییە، با بێتەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو با بە قسەمان بکا، بەڵان با منیش پرسیارێک لە تۆ و لە ئەحمەد و سلێمان بکەم و جوابیشم بدەنەوە." عەرزم کرد بەڵێ فەرموو. گوتی: "بە باوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سلێمان، مستۆشتان لەگەڵ- بارزانی لە هێنانی نێوی خۆیدا لە جیاتی مەلا مستەفا، وشەی مستۆی بەکار دەهێنا- ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لێرە بە دەستمانەوەیە، بەجێ بێڵین و بچین لەودیو دەست بە شۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە، دەکرێ قانیعم بکەن، تا لێرە لاچین و روو دەوێ بکەین، ئەگەرنا با بە هەمووانمان هەوڵ بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنینە بەرهەم، جا چاو لە لایەکی دیکە بکەین[٢٣].)**

نەگەڕانەوەی سلێمان موعینی بۆلای شۆڕش، بوو بە هۆی خولقانی ڕووداوێکی دڵتەزێن کە جێی ڕەزامەندیی هیچ خەباتکارێکی کورد نەبوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان، سلێمان موعینی بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و ڕژێمی بەعسی عێراق، گوللەباران کرد و تەرمەکەی دایەوە بە ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران. مەسعود بارزانیی سەبارەت بە گوللەبارانکردنی سلێمانی موعینی دەڵێت:

**- (شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٧ ناچاربوو لە کردەوەیەکی خەمباردا سلێمان موعینی کە جێنشینی ئەحمەد تۆفیق بوو، لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بوو و دژی شۆڕشی کورد هاوکاریی ڕژێمی عێراقی دەکرد، بیکوژێت و تەرمەکەی بداتەوە بە ئێران. نابێ لە ڕوانگەی حیزبایەتییەوە بنواڕینە چارەنوسی سلێمان موعینی، چونکە ئەو لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بوو، واتە دژی شۆڕش بوو. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ سەیری بکرێت و ئێمە خوازیاری ئەو چارەنوسەی نەبووین. [٢٤].)**

بە پێچەوانەی نوسینی مەحمود ڕەزا ئەمین، ئیسماعیل شەریفزادە ناسراو بە "مەلا عەزیز" لەگەڵ سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی "حوسێنی ڕەحمان ڕابی"، "محەمەد ئەستی" خەڵکی ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد و "عەلی عەولا کوڵی"، بە دەست کوردێکی خۆفرۆشی سەربە ڕژێمی حەمەڕەزاشا، بەناوی "کوێخا شەریف" کە بە ڕێنوێنی ساواک ڕەگازۆیی کردبووە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە شەهید کران. ئەوانە، شەوی ١٩٦٨/٥/١ لە گوندی "دارێنە" لە ناوچەی بانە دەبن، کوێخا شەریف لەو شەوەدا لە گوندی "دارێنە"، دەرفەت بەدەست دەێنێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی فەرمانی ساواک، لە پەنجەرەی ژورەکەیەوە، تەقە لە کاک ئیسماعیل دەکات و بریندار دەکات و دوای بریندارکردنی ڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە یەکەی ژاندارمەریی کە لە گوندی "سیاومە" بوو.

ژاندارمەریی بانە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر جاش و ژاندارم هێرش دەکاتە سەر شەریفزادە و هاوڕێیانی و لە ئاکامدا، لە شەڕێکی توند و دژواردا، شەریفزادە و سێ پێشمەرگەکان شەهید دەکەن و تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبن و گوندی "تایەپە"ی شاری سنە بە خاکیان دەسپێرن. ڕەشید ئەحمەدی کە ئەوکاتە خۆی یەکێک بوو لە جاشەکانی ڕژێمی ئێران،

دەربارەی چۆنیەتی شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە و هەڤاڵانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا "چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم" دەڵێت:

**- (سەرۆک جاش لە بانە ئەم کەسانە بوون: عەبدوڵڵا خانی شەهیدی، محەمەدخانی یونسی و ئەحمەدخانی ئەحمەدی. هەریەک لەم کەسانە سی چەکداریان "جاشیان" هەبوو. جاشەکان لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە پێکهاتبوون، بەڵام زۆرتر لە خزم و کەسوکاری خۆیان. هەر گروپەی یەک ئەفسەری ژاندارمە و یەک بێسیم و بێسیمچی و چەند ژاندارمیان لەگەڵدا بوو. ..... دروست ڕۆژی ۱۲ی بانەمەڕی ۱۳٤۷ی هەتاوی بوو، دەوروبەری نیوەڕۆ بێسیم مان بۆ کرا کە لە دارێنە شەڕە و دەبێ ئێمەش بچین. نێوان ورچەک و دارێنە بە پێیان بۆ ئەو جەماعەتە زیاتر لە شەش سەعات ڕێگا بوو. ئێمە وامان کرد کە بە شەش سەعات درەنگتر بگەینە شەڕەکە لە نزیک گوندی هەڵۆ. کاتێ گەیشتینە هەڵۆ تەقەی شەڕ نەمابوو. لە هەڵۆ دەرچووین بەرەو ئەو کێوە و چۆمەی کە شەڕەکەی لێکرابوو. لە پێشمانەوە چەند وڵاغدار و ئێسترمان بینی کە بەرەوە شوێنی شەڕەکە دەڕۆیشتن. لێمان پرسین بۆ کوێ دەچن. گوتیان فەرماندەی گورهانی سیاومە داوای کردووە کوژراو و بریندار هەیە و ئێمە بچین بییانهێنینەوە بۆ ئاوایی هەڵۆ. ئەوان لەپێش ئێمەوە و ئێمەش بەدوایاندا کەوتینەڕێ هەتا نزیک بەرزایی ئەو شوێنە بووینەوە. جگەلە جاروبار تەقەی هەوایی هیچ شەڕێک نەمابوو. کات ئێوارە درەنگان بوو. شەڕەکە لە سەعات ۱۰ ی بەیانییەوە دەستیپێکردبوو. گوایە بە گوتەیەک کە دواتر بیستمان شەو ئیسماعیل شەریفزادە و هاوڕێیانی دەچنە گوندی دارێنەی سەروو. کوێخا شەریفی گوندی کێلەشینی سەربە شارستانی سەقز کە پیاوی ساواک بوو، ماوەیەک بوو وەک خۆفرۆشێک لە جلی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ ئەو جەماعەتە بووە و ئەو شەوە کە دەبینێ دارێنە لە چەند کیلۆمەتری گورهانی سیاومەیە، بە دەرفەتی دەزانێ لە کاتی نۆبە پاسەوانی خۆیدا لە پەنجەرەکەوە تەقە لە ئیسماعیل شەریفزادە دەکا و برینداری دەکات. ئیسماعیل بەهۆی برینەکەوەی ناتوانێ زۆر لە ناوچەکە دوور بکەوێتەوە، تەنیا ئەتوانێ لە**

نزیک دارێنەی سەروو لەگەڵ هاوڕێکانی لەنێو دۆڵ و چۆمەکەدا بچنە نێو بیشە وشاخێکەوە و لەوێدا سەنگەر دەگرن. کوێخا شەریفیش هەر ئەوکاتە هەڵدێ بەرەو گورهانی سیاومە و خۆی تەحویل دەدا. گورهانی سیاومەش هەر ئەو شەوە بێسیم دەکات بۆ گورهانی ژاندارمری بانە. ئەوانیش گورهانی کۆخان، سەربە ژاندارمری بانە و هەروەها هەنگی سەقز ئاگادار دەکەن. گورهانی کۆخان ئەتوانن بەهۆی ماشینەوە لە یەکەم کاتەکانی دەستپێکی شەڕدا بگەنە شوێنی شەڕەکە. فەرماندەی هەنگی سەقزیش بە جەماعەتێک ژاندارمەوە دێن بۆ شوێنی شەڕەکە. جەماعەتی جاشەکانی عەبدوڵلا خانی شەهیدی لە سیاومەوە ماشینیان بۆ دەچێت و لەگەڵ جەماعەتی حەمەخانی یونسی لەگەڵ گورهانی بانە دەگەنە شوێنی شەڕەکە. سەرجەم ژاندارمە و جاش، جەماعەیان زیاتر لە سێ سەد چەکدار بووە. ئەم هێزە دەکەونە پشکنینی ئەو کێو و بێشە و چۆمەی دارێنە و تەقە لە هەر شۆێنێک کە گومانیان لێی هەبووە دەکەن. دەوروبەری نیوەڕۆ هەست دەکەن کە جەماعەت لەو بێشە و شاخەدا سەنگەریان گرتووە. ئەوجا بەهەموو جۆرە چەکێک تەقە لەو شوێنە و دەوروبەری دەکەن. دەکرێت بڵێم ئەو دەوروبەرە بە ئاگری گوللەی چەند جۆر چەکەوە شوێن نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت. ئیتر دڵنیا دەبن کە ئەوەی لەوێدایە هەموویان کوژراون. کاتێ ئێمە گەیشتینە بەرزایی پشتی ئەو شوێنە ژاندارم و جاش تەقەیان لە ئێمە کرد کە پێیان وابوو پێشمەرگەین چونکە ئێمە جلوبەرگی کوردیمان لەبەردابوو. هاوارمان کرد تەقەمان لێ نەکەن. لە لایەکیش ئەفسەرەکەی بەرپرسی گروپی ئێمە کە بێسیمی دەستی پێبوو ئاگاداری کردن و تەقەکە ڕاوەستا. لە جەماعەتی ئێمە جاشێک سەرچیغ گوللەیەکی لێدرا، بەڵام برینەکەی شتێکی وانەبوو. بە دوای یەکتر ناسین ئیتر تەقە بەتەواوی بێدەنگ بوو. جەماعەتی جاش و ژاندارم هەموویان لە چۆمەکە پەڕینەوە. هەموو هاتن بۆ بەری گوندی هەڵۆ. کاتێ کە ژاندارمەکان هاتن بۆلای ئێمە جەنازەی شەهید شەریفزادە و هاوڕێکانیان

**بە ئێسترەکانەوە بوون. بەم شێوەیە شەڕەکە تەواو بووبوو کە جەماعەتی ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین.[٢٥])**

مەلا ئەحمەد شەڵماشی "مەلا ئاوارە" ڕۆژی ١٩٦٨/٦/٨ لە گوندی "دیوالان" لە ناوچەی سەردەشت بەبێ ئەوەی کە لە بەرامبەر دوژمندا دەست بکاتەوە و تەنانەت ئیزن بە پێشمەرگەکان بدات کە بۆ ئازادکردنی هەوڵبدەن، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی: محەمەد ئەحمەد "مەلا کەچە" و ڕەحمان وتمان چاوشین دەستگیر کرا و ڕۆژی ١٩٦٨/٩/٢ لە سەردەشت گوللەبارانیان کردن. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە دەرەوەی ئەو ماڵەی مەلا ئاوارەی تێدا دەستگیرکراوە، بۆ ئازادکردنی تەقە دەکەن، بەڵام ئەو بە ناردنی دوو نامە بۆ پێشمەرگەکان پێشی بە تەقەکردنیان گرتووە و گوتویەتی: "**ئێمە خەریکی وتوویژین. تۆخوا بۆ خاتری خودا تەقە مەکەن، ئێمە لەناو دەچین.**[٢٦]" و لە نامەی دووەمدا گوتویەتی: **(برایان دیسان دووپاتی دەکەمەوە توخوا بو خاتری خودا بو خاتری ویژدانتان تەقە مەکەن ئێمە لەناو دەچین ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بە تەقە کردن بدەن حەتما ئێمە لەناو دەچین و دەکوژرێن.)**



مەلا ڕەحیم وێردی "میرزا ئەحمەد مەنیجەلانی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات و بەرپرسی لقی دووەمی حیزب بوو، لە ناوچەی سەقز و بانە کە دەستپێکردنی بزوتنەوەی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا، ڕۆژی ١٩٦٦/٦/١٧ لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە شەهید کرا. عەبدولوەهاب بە فەرمانی ڕژێمی شا و بەبێ ئاگاداریی سەرکردایەتی پارتی ئەو تاوانەی کرد. بەرلە

مەحمود ڕەزا، چەندان جاری تر سیخوڕەکانی کۆماری ئیسلامی تاوانی کوشتنی ئەو شەهیدانەیان خستوەتە ئەستۆی سەرۆک بارزانی.

سەبارەت بە شەهید بوونی عەبدوڵڵای موعینی عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەهید بوونی عەبدوڵا موعینی و هاوڕێیانیان، عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت: **(لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شتی وا هاتۆتە پێش کە هەموو دڵسۆزێک ئارەزوو دەکا لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا ڕووی نەدابایە. بەڵام نیسبەت دانی شەهید کردنی کاک سمایلی شەریفزادە و کاک عەبدوڵڵای موعینی بە مەرحوومی مەلا مستەفا یان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناهەقییەکە کە دەرهەقی ئەوانیش و ڕاستییە مێژووییەکانیش دەکرێ. چونکە دەزانین کە شەهید سمایلی شەریفزادە لە چەمی دارێنەی بانە دەگەڵ سێ تێکۆشەری دیکە بەناوەکانی: حوسێنی ڕەحمان ڕابی، موحەممەدی ئەستی‌یە مەنگوڕ و عەلیی عەولاکۆڵی بەدەستی کوردە کوردفرۆشەکانی سەربەڕێژیمی حەمەڕەزاشا شەهیدکراون و نەمر عەبدوڵڵای موعینییش دەگەڵ پێشمەرگەی قارەمان مینەشەم لە نیزیک گوندی قالوێ عەولاغای سەربە شارستانی مهاباد لە شەڕ دژی جاش و ژاندارمەکانی ئەو ڕێژیمەدا شەهیدبوون.[٢٧])**

بەم جۆرە، سەرەڕای ئەو سەرکردانە، زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگەش بە ناوەکانی: حوسێن ڕەحمانی مەنیجەلان، مەلا مەحمود زەنگەنە، موراد شیرێژ، ئەحمەدی عەلی عەجەم، محەمەد ڕەسوڵ عومەر، قەرەنی، حەسەن بلباس، هەمزەی برایم ، سەید فەتاحی نیزامی، دەروێش عوسمان، عەلی گڵە، عەلی دەرگلی، ساڵح لاجانی، خەلیل شەوباش، لە بزوتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ لەنێو چوون. عەبدوڵا حەسەن زادە، لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیەدا بەشێوەی نهێنی هاوکاریی مەلا ئاوارەی کردوە و لە ڕەوتی کارکردنیدا بۆ حیزب، لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ئاشکرا بووە، بەڵام لە جیاتی چوونی بۆ ڕیزی ئەو بزووتنەوەیە و هاوکاریی کردن لەگەڵیان،

ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتووە و چووە بۆ باشوری کوردستان. لەو بارەیەوە، حەسەن زادە لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

**- (زستانی ١٣٤٦- سەرەتای ساڵی ١٩٦٨- بوو، ئاخر شەوم لە ئێران، لەگەڵ مەلا ئاوارە بووم، گوتم ئاشکرا بووم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و دەمگرن، گوتی بۆ لەگەڵ ئێمە ناکەوی؟ گوتم خۆت ئاینده چۆن دەبینی؟ گوتی ئومێدم نییە. گوتم ئەگەر وایە چ فایدەی هەیە؟ کە هاتم بۆ باشوور، بەبێ ئەوەی کە حیزبی خۆمان، یان شۆڕش ئاگادار بکەم، بە ڕێگای مەلایەکەوە کە لە سونێ مەلا بوو، بە مەلای گوندی مارەدۆ دامەزرام.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی هەشتەمی وتارەکەیدا، ئاماژە بۆ شەهید بوونی "سەعید ئاڵچی" سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" دەکات و هەمان نمونە دێنێتەوە کە میتی تورکیا، بۆ تاوانبار کردنی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمدا ئاماژەیان بۆ دەکرد و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەر بەم جۆرە بەهۆی جاش قەڵەمەکانی. مەحمود ڕەزا دەڵێت:

**٨- (ساڵی ١٩٧١ بە سیناریۆی میتی تورکی و جێبەجێ کردنی بارزانیی باوک، هەردوو سکرتێری گشتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان- تورکیا، سەعید ئاڵچی و دکتۆر شڤان کوژران و ئاشبەتاڵ بەو پارتە کرا. سەرەتا پاراستن لە گوندی قومری، نزیک سنوری تورکیا لە دیوی کوردستانی باشور، سەعید ئاڵچی کوشت. دوایی بە بیانوی ئەوەی دکتۆر شڤان، سەعید ئاڵچی کوشتوە، بە فەرمانی بارزانی خرایە زیندانی رایات و پاش چەن مانگێ گولە باران کرا.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز سەبارەت بە شەهید بوونی ئاڵچی و کوژرانی دوکتۆر شوان سەرنج بەدەنە دەروێشی سەعدۆ:

دەروێشی سەعدۆ، ساڵی ١٩٣٤ لە پارێزگای سیرت لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی

کوردستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٥دا. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:



- (ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧١ لەگەڵ شاکری ئوپوزدەمیر و مەلا یونس کایا چووین بۆ سوریا کە سەعید ئاڵچی سەرۆکی پارتی دیموکرات ببینین. لەوێ ئاگادار بووین کە سەعید ئاڵچی چووە بۆ باشوری کوردستان و هەندێک هەواڵی ناخۆشمان سەبارەت بەو بیست. لەبەر ئەوە ڕۆژی ٢٠ حوزەیران لە سوریاوە چووین بۆ گوندی "تاوس" و لەوێوە بۆ تەلعەفەر و خۆمان بە لیژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند. ئەوان ئێمەیان بە سەیارە نارد بۆ موسڵ. لەوێ شاکر و مەلا یونس گوتیان بچین بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، من قەبووڵم نەکرد و گوتم هەندێک مەعلومات هەنە کە پێویستە بە سەرۆک بارزانی بگەیەنم. ئەوان چوون بۆلای شوان و من چووم بۆ "ناوپردان" کە بارەگای پارتی دیموکراتی لێبوو. لەوێ چاوم بە دوکتۆر مەحمود عوسمان کەوت و گوتم هەڤاڵی ئێمە سەعید ئاڵچی هاتووەتە کوردستانی باشور و ئێمە نازانین چی بەسەر هاتووە. دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ عوسمان قازی قایمقامی زاخۆ نارد و نوسی: ئەگەر سەعید ئاڵچی هاتووەتە زاخۆ، پێیڕابگەیەنن، بێتە مەکتەبی سیاسی. عوسمان قازی وەڵامی دایەوە کە سەعید ئاڵچی ڕۆژی ٢٣ تا ١٩٧١/٥/٢٥ لێرە بووە و چونکە بەڵگەی هاتوچۆ "عدم تعرض"ی پێنەبوو، لەگەڵ دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" چوو بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان. دوای گەیشتنی ئەو بروسکەیە، دوکتۆر مەحمود بروسکەیەکی بۆ ئەسعەد خۆشەوی ئامر هێزی ناوچەی بادینان نارد، تا هەواڵی ئاڵچی لە شوان بپرسێ. شوان گوتبووی ئاڵچی هاتۆتە لای ئێمە و چونکە نەمانتوانیوە ڕایەکانمان بکەینە

یەک، ئەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور. ئەسعەد خۆشەوی ئەو وەڵامەی بە دوکتۆر مەحمود دایەوە. من لە وەڵامیدا گوتم ئەوە ڕاست نییە و ئالْچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور.

دوکتۆر مەحمود منی نارد بۆلای کاک ئیدریسی ڕەحمەتی. ڕای خۆم سەبارەت بە سەعید ئالْچی پێڕاگەیاند. گوتی سەبەینێ وەرە قسە لەگەڵ سەرۆک بارزانی بکە. ڕۆژی ١٠ تەموزی ١٩٧١، کاتژمێر ٨ی ئێوارە بە خزمەت بارزانی گەیشتم و باسی ڕووداوەکەم کرد. گوتم دوکتۆر شوان دەڵێ سەعید ئالْچی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باکور، بەڵام ئەو نەگەڕاوەتەوە و دیار نییە چی بەسەر هاتووە. سەرۆک بارزانی بە کاک ئیدریسی گوت بروسکەیەک بۆ ئەسعەد خۆشەوی بکە و پێیڕابگەیەنە کە ئەگەر سەعید ئالْچی لە ناوچەکەیە، ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی بکەن، ئەگەرنا دوکتۆر شوان بنێرن.

ڕۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٧١ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات چووم بۆ هەولێر و لە ماڵی عەبدولوەهاب ئەتروشی نانمان خوارد و منیان بە سەیارەیەک نارد بۆ موسڵ. کاک عەلی سنجاری بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو. لەوێ لەگەڵ کاک فازل میرانی چووین بۆ بامەڕنی و چاومان بە ئەسعەد خۆشەوی کەوت. ڕۆژی دوایی هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەیان ئاگادار کردەوە، وەلام ئەوە بوو کە سەعید ئالْچی هاتووەتە ناوچەکە و چووەتە مقەڕی دوکتۆر شوان و نەگەڕاوەتەوە. شۆفیری ئەو سەیارەیەیان هێنا کە سەعید ئالْچی بردبوو بۆلای دوکتۆر شوان. گوتی بەڵی من بردومە. سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخست کە ئالْچی نەگەڕاوەتەوە و دوکتۆر شوان و چەکۆ، سەعید ئالْچیان کوشتوە.

ئەسعەد خۆشەوی دوو پێشمەرگەی نارد بۆلای دوکتۆر شوان کە پێیڕابگەیەنن، کوڕی ئەسعەد نەخۆشە و داوای لێکرد بێت، تەداوی کوڕەکەی بکات. ئێوارە بوو کە دوکتۆر شوان لەگەڵ چەکۆ هاتن بۆ بامەڕنی. لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا و سەرئەنجام دەرکەوت کە شوان و چەکۆ، سەعید ئالْچیان کوشتوە. هەردوویان دانیان بە تاوانەکە نا. لەبەر ئەوە

بردیانن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ زیندانییان کردن. منیش گەڕامەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و باسی کارەساتەکەم بۆ کرد. زۆر ناڕەحەت بوو. گوتی بچۆ هەڤالانی خۆتان بێنە و لێرە بڕیاری لەسەر بدەن.

چووم بۆ زاخۆ و لەوێوە شەرەفەدین ئالچم ئاگادار کردەوە. ئەو و هەڤالێکی تر هاتن و پێکەوە گەڕاینەوە بۆلای سەرۆک بارزانی و داوامان لێکرد دوکتۆر شوان و حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ" بە تاوانی خیانەت بکوژن. بارزانی گوتی پێویستە محکەمە بڕیار لەسەر ئەوانە بدات.

دوکتۆر شوان و چەکۆ بۆ ماوەی شەش مانگ لە زینداندا ڕاگیران تا محکەمە بڕیاری کوشتنیدان و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ بە تاوانی کوشتنی سەعید ئالچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و محەمەد بەگ و مەلا عەبدوللەتیف کوشتیانن، بەڵام ڕۆژنامەکانی تورکیا بۆ شکاندنی سومعەی پارتی دیموکرات و بارزانی پێچەوانەی ڕووداوەکەیان بڵاوکردەوە و هەندێک ڕۆژنامە و "ئیسماعیل ئەڕار" وەزیری تورکیا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە گوتی: مستەفا بارزانی ژمارەیەک پەروەردە دەکات کە لە تورکیا ئاژاوە بنێنەوە.)



**شاکر ئوپوزدەمیر** : ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی منار لە ناوچەی بایق سەربە سێرت لە باکوری کوردستان لەدایک بووە و ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان تورکیا بووە. لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە. دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٥٨وە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووم و ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ سەعید ئالچی، شەرەفەدین ئالچی، دەروێشی سەعدۆ و ئەمەر تورهان، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیامان دامەزراند. دوای مانگێک "فایق

بوجاق"یش هاتە ڕیزی ئێمەوە و ئێمە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکرات بووین بە شەش کەس. سەعید ئاڵچی کە لەلایەن ئێمەوە بە سەرۆکی پارتی دیاریی کرابوو، بە هاتنی فایق بوجاق، بەرپرسایەتی خۆی بەو سپارد و خۆی پۆستی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا وەرگرت. دوای شەهید بوونی فایق بوجاق، سەعید ئاڵچی دووەم شەهید پارتی ئێمە بوو کە بە شێوەیەکی گوماناوی شەهید کرا.) شاکر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- (جگەلە شەرەفەدین ئاڵچی کە عەسکەر بوو، ئێمە چوار ئەندامی پارتی دیموکرات بۆ ماوەی ١٣ مانگ لە ئانتالیا زیندانی بووین. سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"یش لەگەڵ ئێمە زیندانی بوو. لەوێ سەعید ئاڵچی بەهۆی فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ دوکتۆر شوان ئاشنا دەبێت و شوان سەرنجی ئەو بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و بەبێ ئاگاداریی ئێمە بە ئەندامی پارتی وەردەگرێ. ئێمە و دوکتۆر شوان لە مانگی دەی ساڵی ١٩٦٩ لە زیندان دەرکەوتین. ئاڵچی بەڵێنی بە دوکتۆر شوان دابوو کە بە دوای ئازادبوونی، ئەو ڕەوانەی کوردستانی باشور بکات کە لەوێ ئەندام بۆ پارتی پەروەردە بکات. بڕیارەکە بەم جۆرە بوو کە سی "٣٠" کەس ڕەوانە بکەن، بیست کەس لە ئێمە و دە کەسیش لە هەڤاڵانی شوان، بەڵام لەو سی کەسە تەنیا شەش کەس بەم ناوانە چوون: دوکتۆر شوان، ئەندازیار حکمەت بلوت تەکین "چەکۆ"، دوکتۆر فایق سەواش، محەمەد نوری "ڕونی"، ڕەشۆ زیلان و نازم بلقاز "سورۆ". شوان ئەوانەی بەناوی دوکتۆر و موهندیس لە کوردستانی باشور بڵاوکردەوە و لە ڕەوتی کارەکانیدا "پارتی دیموکراتی کورد لە تورکیا"ی وەک حیزبێکی چەکدار دامەزراند.

بە دوای ئەوەدا کە دوکتۆر شوان ئەو پارتەی لە جیاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەزراند، سەعید ئاڵچی و فەقێ حوسێن کە دەستیان هەبوو لە ڕەوانە کردنی دوکتۆر شوان بۆ کوردستانی باشور، پێوەندی لەگەڵ دەگرن و ئەویش پێیان دەڵێت: "ئێوە دەتوانن بێن لە پارتی ئێمەوە." لێرەوە سەعید ئاڵچی بە هەڵەی خۆی زانی و ئێمە لە دیاربەکر کۆبووینەوە کە ئەو گرفتە چارەسەر بکەین. لە ئەساسدا ئاڵچی بەهۆی

فەقێ حوسێنەوە لەگەڵ شوان ئاشنا ببوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەعید ئاڵچی گوتی: "من چووم بۆلای دوکتۆر شوان، بەڵام نەمتوانی ئەو بهێنمەوە سەررێ." ئێمە پێشنیازمان کرد دەست لە دوکتۆر شوان هەڵگرین و خۆمان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین. سەعید ئاڵچی وازی لێنەدەهێنا و دەیگوت دوکتۆر شوان بەڵێنی بەمن داوە و پێویستە بەڵێنەکەی بەجێبگەیەنێت.

ساڵی ۱۹۷۱ لەژێر ناوی "باڵوێز حەرەکەتی"دا کودەتای سەربازی لە تورکیا کرا و ژمارەیەکی زۆریان گرت. بۆ ئەوەی کە من خۆم لە گرتن ڕزگار بکەم، چووم بۆ ئەدانا، دەروێشی سەعدۆش لەوێ بوو، چووین بۆ ماڵی سەعید ئاڵچی، خانمەکەی گوتی: "سەعید دەربازی سوریا بووە." دەروێشی سەعدۆ بە بیستنی ئەو گوتنە، کێچ لە قەلبی کەوت و گوتی: "پێویستە ئێمەش بچین." بۆ ئەوەی لە ڕێگادا بە کۆمەڵ نەگیرێن، من و مەلا یونس کایا پێکەوە چووین بۆ جەزیر و دەروێشی سەعدۆش بە تەنیا. لە جەزیر چووم بۆ ماڵی شەرەفەدین ئاڵچی. لەوێوە نورەدین کە گوندەکەی لە ڕۆخی ئاوێ دیجلەیە منی دەرباز کرد و چووم بۆ گوندی مەزرێ لە کوردستانی ڕۆژئاوا و لەوێ لەگەڵ دەرێشی سەعدۆ یەکترمان گرتەوە. حەمیدی حاجی دەروێش، جگەرخوێن و ڕەشید حەمۆش لەوێ بوون. دەروێشی سەعدۆ ڕۆژێک بەرلە ئێمە گەیشتبوو و ئەوانەی کۆکردبۆوە. لەوێ بیستبووی کە ۱۵ ڕۆژە سەعید ئاڵچی ونبووە. گوتمان شەرەفەدین ئاڵچیش بێت تا پێکەوە بڕیارێک بدەین. ڕەشید حەمۆ پیاوێکی نارد و هەر ئەو ڕۆژە شەڕەفەدین ئاڵچی هات و بڕیارماندا من و دەروێشی سەعدۆ بچین لە ڕووداوەکە بکۆڵینەوە. بەرلە چوونمان، مەلا یونسمان نارد بۆ موسڵ تا ئاسانکاریمان بۆ بکات، لەوێ گوتبوویان: "سەعید ئاڵچی هاتۆتە ئێرە و سێ ڕۆژ لێرە بووە و دواتر لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووە بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان و ئیتر نەگەڕاوەتەوە." ئێمە بە تەلعەفەردا چووین بۆ موسڵ. دەروێشی سەعدۆ چوو بۆ گەلاڵە و منیش چووم بۆ زاخۆ و چاوم بە عوسمان قازی بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستانی باشور کەوت. لەوێ تێگەیشتم کە دوکتۆر شوان بە تەواوی خۆی

لە عیسا سوار و بەرپرسانی پارتی دیموکرات نزیک کردۆتەوە. لەوێوە چووم بۆ مقەڕی دوکتۆر شوان، ئەو چووبوو بۆ گەلاڵە و دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە. بە بینینی من توڕە بوو و گوتی: "هەر ڕۆژەی لینگتان لە جێیەکە و لەچی دەگەڕێن؟" گوتم سکرتێری ئێمە ونبووە و پێویستە لێی بگەڕێین. مەگەر عەیبە کە مرۆڤ لە سکرتێری خۆی بگەڕێ؟ چەند کتێبی دامی و گوتی: "١٠-١٥ ڕۆژ لێرە ئەم کتێبانە بخوێنەوە تا هەڤاڵانی ئێمە دێن و بڕیاری گەڕان بە دوای سەعید ئاڵچیدا دەدەین." هەڤاڵانی دوکتۆر شوان هاتن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆنفرانس و کۆبوونەوەیان پێکهێنا و بڵاوبوونەوە. شەوێک سەعات یەک، هەموو نوستبوون، پێشمەرگەیەک هاتەلام و گوتی دوکتۆر شوان گازی تۆ دەکات. من چووم، لەگەڵ عومەر چەتین، نازم بلقاز "سورۆ"، چەکۆ و مەلا عەبدولکەریم جەیهان لە هۆدەیەکی بچووکدا بوون. گوتی: "ئێمە پێشنیازێکمان هەیە، هەڤالانی من دەخوازن تۆ لە سێرت و بدلیس هاوکاریی ئێمە بکەی و پێمخۆشە بزانم تۆ دەتوانی چۆن کارێک بکەی؟" گوتم سکرتێری من ونبووە و من هاتووم بیدۆزمەوە و ئێستا لە جیاتی دۆزینەوەی، ئەگەر من هاریکاریی تۆ بکەم، خەڵک چ بەمن دەڵێت؟ گوتی: ڕاستە. مەلا عەبدولکەریم جەیهان گوتی: "نا ئێمە هەواڵێکمان لێی نییە." گوتم تۆ لە زاخۆ بووی کە ئەسعەد خۆشەوی گوتی سەعید ئاڵچی لەگەڵ چەکۆ هاتووەتە لای ئێوە، گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی پشیلەیە ون بێت؟ سورۆ گوتی: "عەبدولکەریم، بە ڕاستی ئەسعەد گوتوویەتی سەعید ئاڵچی هاتووە بۆ مقەڕی ئێمە؟" گوتی بەڵێ! گوتی: "کەوابوو ئێمە دەبێ لێرە نوقتەیەک دابنێین." بە دوکتۆر شوانم گوت چەکۆ، سەعید ئاڵچی هێناوەتە لای تۆ و بێگومان تۆ دەزانی سەعید لە کوێیە! ڕوی لە چەکۆ کرد و بە زمانی تورکی گوتی: "مادام بوقەدەر ئیسرار ئێلیور، ئۆنی سەعیدن یاننە گوترەرەم- مادام ئەوەندە پێدادەگرێ، دەینێرمە لای سەعید." چەکۆش بە سەر وتەکەی سەلماند. من خۆشحاڵ بووم. گوتی: "سبەینێ چەکۆ و زیا دەچن بۆ موسڵ ئازوقە دێنن، دوای گەڕانەوەیان تۆ دەنێرم بۆلای سەعید ئاڵچی."

گەڕامەوە بۆ ئەو هۆدەیەی کە بۆیان دیاریی کردبووم. بە مەلا یونسم گوت بە خۆشییەوە سەعید ئاڵچی ساخە و تا چەند ڕۆژی تر دەچینە لای. بەیانی ڕۆژی دوایی، دوکتۆر شوان هاتە لای ئێمە و گوتی: "شاکر پێتخۆشە پێکەوە پیاسەیەک بکەین." لە پیاسەکردندا تێگەیشتم دەیەوێ شتێک بەمن بڵێ. باسی کاری حیزبیمان کرد و گوتم حیزب ئامانج نییە کە ئێمە کێشەی لەسەر بکەین و وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. گوتی: "ڕاستە، بەڵام سەعید لەوە نەگەیشت و چوو!" کەوتمە فکر کردنەوە و گوتم مەگەر سەعید ئاڵچی شتێکی بەسەر هاتووە؟ گوتی: "نا!"

لەوکاتەدا پێشمەرگەیەک هات و گوتی دوکتۆر میوانت بۆ هاتووە. ئێمە گەڕاینەوە، ئەسعەد خۆشەوی نامەیەکی ناردبوو کە نەوەکەی نەخۆشە و داوای کردبوو دوکتۆر شوان بەپەلە خۆی بگەیەنێتە لای. شوان سواری ئێسترێک بوو و چوو. ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ عەبدولکەریم جەیهان ناردبوو و نوسیبووی: "تورکان جێی ئێمەیان کەشف کردوە و ئێوە وەرن بۆ بامەڕنی." ئێمە چووین و شەو نزیکەی ٢٠ کەس لە دیوەخانی شێخی بامەڕنی نوستین. ڕۆژی دوایی مەلا حەمدی جێگری ئەسعەد خۆشەوی هات و منی ویست و پێکەوە چووینەدەر، بەمنی گوت: "دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک، سەعید ئاڵچیان بردۆتە چیای پشتی قومری و کوشتویانە." باسی جۆری کوشتنەکەمان دەکرد کە پێشمەرگەیەک هات و گوتی ئەسعەد خۆشەوی تۆی دەوێ. من چووم، گوتی: "دوکتۆر شوان دەڵێ، سەعید ئاڵچی جاسوس بووە و ئێمە کوشتومانە." گوتم ئاڵچی جاسوس نەبووە و شوان بۆ دەسەڵات ئەوی کوشتوە، نەک بەتاوانی جاسوسی.

خۆشەوی گوتی دوکتۆر شوان دەنێرم بۆ گەڵاڵە و پێمخۆشە تۆش بچی و وەک کەسێکی بێلایەن ڕاپۆرتی خۆت بە سەرۆک بارزانی بگەیەنی. ئەوان دوکتۆر شوان و چەکۆیان دەستبەسەر کردبوو. شوان گوتبووی من و چەکۆ، سەعید ئاڵچیمان کوشتوە و ئەوانیش چووبون تەرمەکەیان لە چاڵ دەرهێنابوو. ئەسعەد گوتی: "دوکتۆر شوان دەیەوێ تۆ ببینێ، لەگەڵ سەلیم بچۆ بۆلای." من چووم و سڵاوم کرد. دوکتۆر شوان، چەکۆ، بروسک، عومەر

چەتین، زێدۆ، سورۆ و کوردۆ لە ژورێک لەسەر دۆشک دانیشتبوون. سڵاوم کرد و لەلایان دانیشتم. شوان بە زمانی تورکی گوتی: "تۆ زۆر ڕەخنە لەمن دەگری." گوتم تۆ بەدەستی خۆت فەرمانی مردنی خۆت ئیمزا کرد. هەر ئەوەت نەکرد، بەڵکوو دوو حەرەکەتی سیاسیشت لەناو برد. گوتی: "من تۆم نەویستوە کە پێت بسەلمێنم، ویستم بەتۆ بڵێم کە من هەڵە بووم و دان بە هەڵەی خۆم دەنێم و هەندێک شت هەیە کە پێتیڕابگەیەنم. دەبێ بزانی سەعید ئاڵچی هات کە ئێمە لەوێ دەربکات، من بە پلانەکەیم زانی و لەگەڵ چەکۆ و بروسک چووین بۆ زاخۆ، بەڵام من خۆم پێشان نەدا تا سواری ئوتۆمبیل بووین. من زۆرم هەوڵدا کە سەعید ڕازی بکەم لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بێتەوە، بەڵام ئەو قەبووڵی نەکرد. لەبەر ئەوە من و چەکۆ کە جێگری منە، بەگوێرەی پڕۆگرامی حیزب بڕیاری کوشتنیمان دا." گوتی: "ئەگەر باوکی خۆشم لە جیاتی سەعید ئاڵچی بووایە، دەمکوشت."

دوکتۆر شوانیان برد بۆ گەلاڵە تا دادگا چارەنوسی دیاریی بکات، لەوێ



زیندانی بوو کە من گەڕامەوە بۆ کوردستانی باکور. سەرئەنجام بیستم کە دادگا بڕیاری کوشتنی شوان و چەکۆی داوە و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦ حکومەکەی بەڕێوەبردوە. ڕۆژنامەکانی تورکیا بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییە، زۆر شتی درۆیان بڵاوکردەوە.)

**محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی** ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی "تۆوی" لە ناوچەی هەکاری لە باکوری کوردستان لەدایک بووە. خوێندنی ناوەندی لە زاخۆ و دواناوەندی لە دهۆک تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ١٩٦١/١/٢٩ لە زاخۆ گیراوە و ڕەوانەی زیندانی بەغدا کراوەو دوای چوار مانگ گواستراوەتەوە بۆ زیندانی موسڵ و تا

١٩٦٤/٧/٢٣ لە زینداندا بووە. دوای ئازادبوونی گەڕاوەتەوە ناو شۆڕشی ئەیلول. نوسەر و کارگێڕی ئیداریی لەشکری یەکی هێزی ئامێدیی بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی بووە و بەهۆی بەرپرسایەتییەکەیەوە تێکەڵاوی ڕووداوی کوژرانی سەعید ئاڵچی و دوو لە هاوڕێیانی بووە لەلایەن سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان"ەوە. ناوبراو دەربارەی چۆنیەتی ڕووداوەکە دەڵێت:

**- (ساڵی ١٩٧١ کە مقەڕی دوکتۆر شوان لە نزیک گوندی "دێشیش" بوو، من لە مقەڕی لەشکری یەکی هێزی ئامێدی لە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نوسەر بووم. ڕۆژێک دەرویێشی سەعدۆ هات و باسی ونبوونی سەعید ئاڵچی کرد و دەیویست بیدۆزێتەوە. من سەعید ئاڵچیم نەبینیبوو، بەڵام بەناو دەمناسی. ساڵی ١٩٧١ مقەڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەلی شەنگاری لە موسڵ بوو. لەو ساڵەدا قایمقامی شەنگار کە عەرەب بوو، بە شێوەیەکی نادیار کوژرا. بۆ بەدواداچوونی ئەو قەتڵە، عەلی شەنگاری هاتوچۆی ئوتۆمبیلی لە نێوان موسڵ و زاخۆ قەدەغە کرد. لەو سەردەمەدا، سەعید ئاڵچی لە سوریاوە دەێتە زاخۆ و میوانی عیسا سوار دەبێ. ئەوکاتە جادە نەبوو کە خەڵک بە ئوتۆمبیل لە چۆمان و گەڵاڵەوە یەکسەر بێنە زاخۆ و دەبووایە بەشێکی ڕێیەکە بەپێ ببڕن. چونکە ئەو تاقەتی بەپێ ڕۆیشتنی ئەو ڕێگایەی نەبوو، دەبووایە بمێنێتەوە کە ڕێگای زاخۆ بۆ موسڵ بکرێتەوە و بە موسڵدا بچێتە هەولێر و بە شەقلاوەدا بچێت بۆ گەڵاڵە. لەبەر ئەوە چووبوو بۆلای عوسمان قازی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی زاخۆ و گوتبووی حەزدەکەم بچم شوان ببینم. عوسمان بە بروسکە شوان ئاگادار دەکات کە برادەری ئێوە هاتوو، ئایا ئیزن دەدەن بێتە لاتان؟ شوان دوو برادەری خۆیان دەنێرێ بۆ زاخۆ و بە ئوتۆمبیلی لیژنە ناوچەی پارتی لە زاخۆ سەعید ئاڵچی دەبەن بۆ مقەڕی شوان لە دێشیش لە ناوچەی بەرواری. نزیکەی ٢٠ ڕۆژ دواتر، بروسکەیەک بەناوی مەلا مستەفا بارزانییەوە بۆ ئەسعەد خۆشەوی هات، نوسرابوو سەعید ئاڵچی هاتووە بۆ کوردستان و ویستویەتی بێتەلای ئێمە، بەڵام بزر**

بووە، دەمەوێ لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا مەسیری ئەو بزانن. ئەسعەد پێوەندی بە عیسا سوارەوە گرت و ئەو گوتی چووەتە لای عوسمان قازی و لەسەر داخوازی خۆی چووەتە لای دوکتۆر شوان. ڕۆژی دوایی ئەسعەد سۆراخی سەعید ئاڵچی لە شوان کرد. گوتی ئاڵچی نەهاتووەتە لای ئێمە.

دوای چەند ڕۆژ دەروێشی سەعدۆ لەگەڵ شەرەفەدین ئاڵچی هاتنەلای ئەسعەد و هەمان پرسیاریان لە ئەسعەد کرد. ئەویش لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد و سەرئەنجام شوان گوتی هاتووە و بە ڕێگای عەشیرەتی "گولی"دا گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. دوو کەس بە ناوەکانی یوسف و ئەحمەد بە تاوانی قەتڵ لە تورکیاوە ڕایانکردبوو بۆ سوریا و چونکە نەیانتوانیبوو لەوێ بمێننەوە، هاتبوون بۆلای حوسێن حاجۆ خەڵکی کوردستانی سوریا کە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبوو. یوسف و ئەحمەد لەلای ئەو دەمانەوە. دوای بەیانی ١١ی ئازار حوسێن چوو بۆ ناوچەی گەڵاڵە، بەڵام ئەو دوو کەسە لەوێ مانەوە و بوون بە پاسەوانی کارگەیەکی دروستکردنی نارنجۆک کە "ئەحمەد جەغسی" بەرپرسی بوو. کارگەکە لە نزیکی مقەڕی دوکتۆر شوان و نزیک گوندی دێشیش بوو. ئەسعەد ئەو دوو کەسەی هێنا و لێپێچینەوەی لەگەڵ کردن و دەرکەوت کە یوسف و ئەحمەد بە فەرمانی دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان بە ناوەکانی عەبدول لەتیف ساواش و محەمەد بەگ کوشتوە. گوتیان ئێمە واتێگەیشتووین کە بە ئەمری شۆڕش دەبێ ئەوانە بکوژین. بەو زانیارییە، ئەسعەد لێپێچینەوە لەگەڵ شوان و چەکۆ کرد کە ئەوانیش دانیان بە تاوانەکەیان هێنا. ئەسعەد زۆر بەڕێزەوە دوکتۆر شوان و چەکۆی لەگەڵ کوڕەکەی خۆی "سەلیم" و چەند پێشمەرگەی تر، بە سەیارەی خۆی ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرد.)

**زەینەلعابدین زنار:** زەینەلعابدین زنار نوسەر و ڕۆژنامەنوس ساڵی ١٩٥٣ لە "باتمان" لە دایکبوو و لە ساڵی ١٩٦٨وە چووەتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا. بەشی مامۆستایی تەواو کردوە و بۆ ماوەیەک لە تورکیا مامۆستا بووە. لە ساڵی ١٩٨٢، کوردستانی بەجێهێشتووە و ماوەی

٣٠ ساڵە لە سوید دەژی. ناوبراوە دەربارەی شەهیدکرانی سەعید ئاڵچی و کوژرانی سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" گوتی:



- (پارتی دیموکرات کوردستان-تورکیا، ساڵی ١٩٦٥ دامەزرا. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بە توندی گەشەی کرد و ژمارەیەکی زۆر ئەندام و لایەنگری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. حکومەتی تورکیا دژی ئەو پارتە ڕاوەستا و لە ساڵی ١٩٦٨دا کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی لە کوردستان و تورکیادا گرت و گیراوەکانی لە شاری "ئانتالیا" زیندانی کرد.

ڕۆژی ١٩٦٩/١/٢٩، ڕژێمی تورکیا زۆربەی گیراوەکانی ئازادکرد، بەڵام دادگایی کردنەکەیانی هێشتەوە بۆ کاتێکی تر. یەکێک لەو کەسانەی ڕژێمی تورکیا لەگەڵ گیراوەکانی پارتی دیموکرات ئازادی کرد، دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک بوو. ناوبراو خاوەنی بیری چەپ و هەڵگری ئایدیۆلۆژی کۆمونیزم بوو. دوای ئازادبوونی لە زیندان، قرمزی تۆپراک لایەنگریی لە پارتی دیموکرات کرد و پارتی بە ئەندامی وەرگرت.

لە ئوکتۆبەری ١٩٦٩ دا، پارتی دیموکراتی کورد-تورکیا، شەش ئەندامی خۆی نارد بۆ باشوری کوردستان کە لە بواری سیاسیی و پێشمەرگایەتییەوە پەروەردە بکرێن. بەرپرسایەتی نێردراوەکانی بە دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک سپارد. پارتی دیموکراتی کوردستان لە نزیک گوندی "دێشیشێ" لە ناوچەی زاخۆ بنکەیەکی بۆ دوکتۆر شوان و هەڤاڵانی دانا.

ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٢ لە تورکیا کودەتای سەربازی کرا. سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تورکیا ڕایکرد و خۆی گەیاندە سوریا. لەوێ بە یارمەتی کەسێک لە بنەماڵەی حاجۆ، بەناوی مەجید حاجۆ چوو بۆ موسڵ. لە موسڵەوە چوو بۆ زاخۆ و کە بچێتە لای دوکتۆر شوان، بەڵام

شوان ڕۆژی ١٩٧١/٥/٢٥ دوو لە پێشمەرگەکانی بەناوەکانی "چەکۆ" و "بروسک" دەنێرێتە زاخۆ کە سەعید ئاڵچی بگرن. ئەوان سەعید ئاڵچی و کەسێکی هاوڕێی بە ناوی محەمەد بەگ دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ لای دوکتۆر شوان.

ڕۆژی ١٩٧١/٦/١، دوکتۆر شوان، سەعید ئاڵچی و محەمەد بەگ دەکوژێت. دوای چەند ڕۆژ مەلایەک بە ناوی "مەلا عەبدوللەتیف" دەچێتە لای دوکتۆر شوان و لە سەعید ئاڵچی دەپرسێ. کاتێک دوکتۆر شوان تێدەگات، مەلا لەتیف بەهاتنی سەعید ئاڵچی بۆ بنکەکەیان دەزانێ، دوکتۆر شوان، مەلا عەبدوللەتیفیش دەکوژێت. دیارە بەرلە کوشتی ئەو سێ کەسە، هەر سێیان زیندانی دەکات و بە کێشکچییەکان دەڵێت: ئەوانە جاسوسی تورکیان و ئێمە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین.

کێشکچییەکان بریتی بوون لە: سەلیم فەلکی "ڕێوی"، چەکۆ و مەحمود حەسەن کایا. سەعید ئاڵچی و هەڤالانی حەوتوویەک لە زیندانەدا ڕادەگیرین و دواتر دەیانبەن و لە دەرەوەی بنکەکەیان دەیانکوژن و تەرمەکانیان لە زەویدا دەشارنەوە.

هەڤالانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکرات کە لە تورکیاوە رایان کردبوو، بەشێکیان لە سوریا دەمێننەوە و دەروێش سەعدۆ، شەرەفەدین ئاڵچی، شاکر ئوپۆزدەمیر و مەلا یونس دەچن بۆ زاخۆ و سۆراخی سەعید ئاڵچی لە دوکتۆر شوان دەکەن. دوکتۆر شوان دەڵێت: "هات و دوای دوو سێ شەو گەڕایەوە بۆ تورکیا." هەڤالانی ئاڵچی گومان لەو وتەیەی دوکتۆر شوان دەکەن و تێدەگەن سەعید ئاڵچی نەماوە. چونکە تورکیا حکومی سەربازیی هەبوو و سەعید ئاڵچی و کوردە خەباتکارەکان توانای گەڕانەویان بۆ تورکیا نەبوو. بەو حاڵەش، بۆ دڵنیا بوونیان لە لایەنگرانیان لە کوردستانی تورکیا دەپرسن، وەڵام دەدەنەوە کە ئاڵچی نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی تورکیا.

ئەم جارە هەڤالانی سەعیدئاڵچی بەنهێنی لەگەڵ کێشکچییەکان دەدوێن و کاتێک کێشکچییەکان بەوە دەزانن کە سەعید ئاڵچی سکرتێری

حیزبەکەیان بووە، نەک جاسوس و سیخوڕی تورکیا، تێدەگەن دوکتۆر شوان خیانەتی کردوە و پێیانڕادەگەیەنن کە سەعید ئاڵچی و دوو کەسی تریان کوشتوە و تەرمەکانیان لە فلان جێ شاردوەتەوە.

هەڤالانی سەعید ئاڵچی بەو زانیارییە دەچن بۆلای سەرۆک مستەفا بارزانی و مەسەلەکەی پێڕادەگەیەنن. بە فەرمانی بارزانی، پێشمەرگە دەچن دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک دەهێنن و پرسی سەعید ئاڵچی یان لێدەکەن. دەبێژن، هاتووەتە لای ئێمە و گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. پێشمەرگە دوکتۆر شوان و بروسک و چەکۆ دەبەن و تەرمی سەعید ئاڵچی و هەڤالانی لەژێر خاک دەهێننەدەر.

بەم جۆرە دوکتۆر شوان قەبووڵ دەکات کە سەعید ئاڵچی کوشتوە و لە وەڵامی دادگادا دەڵێت: (من خیانەتەم کردوە.) دواتر دەڵێت: (هەوڵمداوە ڕێبازی پارتی دیموکرات بگوڕم بۆ پارتێکی خاوەن ئایدیۆلۆژی کۆمونسیتی.) هەڤالانی سەعید ئاڵچی داوا دەکەن، لە چەند کوردی مافناسی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دادگایەک پێکبێت و موحاکمەی دوکتۆر شوان و هەڤالانی بکەن.

لە ئەنجامی محکەمەدا کە کوردی هەرچوار بەشی کوردستان بەشدار دەبێت تێیدا، بڕیاردرا دوکتۆر شوان و چەکۆ و بروسک بە تاوانی خیانەت بکوژن. ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٦، ئەو سێ کەسیان کوشت. بۆ زانیاریی پتر، دوکتۆر شەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" و سەعید ئاڵچی هەردوو کوردی زازا و خەڵکی بینگوڵ بوون[٢٨].

تێبینی: زەینەلعابدین زنار دەقی ئەم وتانەی لە لاپەڕەی ١٥٨ی کتێبی "ژینەواری دەروێش سەعدۆ" لەژێر ناوی "کوشتنی سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکیا" بە زاراوەی کرمانجی سەروو بڵاوکردۆتەوە.)

دەربارەی ڕووداوی کوشتنی سەعید ئاڵچی و دادگایی کردن و ئیعدامی دوکتۆر شوان، موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: **(من دوکتۆر شوانم دەناسی، بەڵام سەعید ئاڵچیم نەدەناسی. دەمزانی لێپرسراوی پارتی دیموکراتە لە کوردستانی تورکیا.**

**دوکتۆر شوان لە ناوچەی زاخۆ بوو. سەعید ئاڵچی چووبوو بۆ مقەڕەکەی و دوکتۆر شوان ئەوی کوشتبوو. دادگایان بۆ دانا و دادگا کە تاوانەکەی بۆ ڕوون بووەوە، حوکمی کوشتنی دوکتۆر شوانی دابوو. من لە چۆمان بووم. لەوانەی لەگەڵ دوکتۆر شوان بوون، هەندێکیان هاتن بۆلای من و ئەوانیش هەمان قسەیان کرد و گوتیان ئەوە ڕاستە کە شوان، ئاڵچی کوشت و دادگاش حوکمی کوشتنیدا.)**

لە لایەکی تردا، دوکتۆر عومەر شێخموس مامۆستای پێشووی زانکۆی ستۆکهۆڵم و یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کوژرانی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەن میتی تورکیا و هەروەها کوژرانی سەعید ئاڵچی و سەعید قرمزی تۆپراک بە دەست بارزانی بەدرۆ دەخاتەوە و لە وتووێژێکی تایبەتدا بە تەلەفۆن کە دەنگی لای من پارێزراو، دەڵێت:

**- (کاتی خۆی ئەوە ڕوون بۆوە کە سەعید قرمزی تۆپراک، سەعید ئاڵچی کوشت. هەر بەم بۆنەیەوە، دادگایی کرا و چونکە خۆی ددانی بە کوشتنی ئەودا هێنا. ئەویان کوشت. هەروەها دەبێ بڵێم کە لەو ساڵانە و دوای ئەویش هیچ ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تیرۆر نەکراوە.)** هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

**- (من لە نامیلکەیەکدا کە لەسەر شۆڕشی ئەیلول بە زمانی عەرەبی نوسیومە، ئاماژەم بۆ چۆنیەتی ڕووداوی کوژرانی سەعید ئاڵچی و دوکتۆر شوان کردوە و ئێستاش بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە. دوکتۆر شوان پزیشک بوو، ماوەیەک لەلای ئێمە لە نەخۆشخانەی ناوپردان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاری سیاسیشی دەکرد. دوای ماوەیەک ئێمە ناردمان بۆلای ئەسعەد خۆشەوی کە لە ناوچەی بادینان و زاخۆ بێت. لەوێ نەخۆشخانەیەکمان هەبوو. لە بواری سیاسییەوە ئیشیان بۆ باکوری کوردستان دەکرد، بەڵام چەپێکی توندڕەو بوو. سەعید ئاڵچی و ئەوانی تری بە ڕاستڕەو دەناسی. کێشەکەیان گەیشتە لای ئێمە، مەلا مستەفا نەیدەویست تەدەخول لە کاری ئەواندا بکات،**

**دەیزانی کارەکانیان زیاتر کێشەیە. داوامان لێکرد بانگیان بکات، تا بەڵکوو کێشەکەیان چارەسەر بکەن. ناردمان، گوتیان سەعید ئاڵچی بزر بووە و دواتر دەرکەوت کە مەحکمەیەکی حیزبیان بۆ داناوە و کوشتویانە. سەعید قرمزی تۆپراک و برادەرێکیان بەناوی حکمەت هاتن بۆلای ئێمە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا و دەرکەوت بە قەرارێکی حیزبی ئاڵچیان کوشتوە. ئەوکاتە کاری حیزبایەتی زۆر بەرتەسک بوو، بەتایبەتی لەناو ئەوانەدا کە زۆر خۆیان بە چەپ و شۆڕشگێڕ دەزانی. لەوناوەدا خەڵکێکی زۆر کوژران. سەرکردایەتی شۆڕش شوان و حکمەتی دادگایی کرد هەردوویانی بە تاوانی کوشتنی سەعید ئاڵچی و دوو لە هەڤاڵانی ئیعدام کرد. ئێمەش لەو ناوەدا بووین بە مەسئول. لەلای باکور بڵاویان کردەوە کە ئێمە کوشتومانن، بەڵام لە ڕاستیدا دوکتۆر شوان سەعید ئاڵچی کوشت و مەحکەمەی شۆڕشیش شوان و حکمەتی ئیعدام کرد. ئەوە ڕاستی ڕووداوەکە بوو، هەرچەند من لە دادگایی کردنەکەیاندا نەبووم، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوکتۆر شوان قاتل بوو و قەتلی کردبوو.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین، لە خاڵی نۆیەمی وتارەکەیدا، دەڵێت:

**٩- (دوای ساڵی ٦٦، بارزانیی باوک چەن جارێک هەوڵی داوە مامجەلال بکوژێ. جارێک نامەی ناردوە بۆ ڕەحمەتیی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، داوای لێ کردوە مامجەلال بکوژێ، لە بەرامبەرا لێی خۆش ئەبێ "نامەکە لە بەردەستایە". جارێکیش دەزگای پاراستن پلانی کوشتنی مام جەلالی داناوە و فەشەلی هێناوە.)**

سەرەتا، لە خودی مەحمود ڕەزا دەپرسم، ئایا مامۆستا هەمزە عەبدوڵا لەو تەمەنەدا بوو کە بچێت مام جەلال بکوژێت؟ یان، ئایا مامۆستا هەمزە کوشتی مرۆڤی لە دەست دەهات؟ ئاماژە کردن بەو خاڵە شەرمە، ئەگەر ڕاستییەک لەو نوسینەدا هەیە، بۆچی نامەکەتان بڵاونەکردەوە؟ بەڵام هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ ڕاکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئالانی سەردەشت کرد و گوتم ڕژێمی ئێران ئەوانی لە ناوچەی هەمەدان

نیشتەجێکرد. دوای نیشتەجێکردنیان، بارزانی چاوی لە پێشمەرگەکان خافڵ نەکرد و بە بەردەوامی پێوەندیی لەگەڵ دەگرتن کە لە داوی ڕژێمی شای ئێران و ساواک ڕزگاریان بێت. ئەوە بوو کە بەشێکیان لە گروپی چەندکەسیدا گەڕانەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و نزیکەی ٢٥٠- ٣٠٠ کەسیان لە هەمەدان مانەوە کە ئەوانیش لە دوو گروپدا لەگەڵ عەلی عەسکەری و مام جەلال گەڕانەوە. گروپی یەکەمیان ڕۆژی ١٩٦٥/٧/٦ لەگەڵ عەلی عەسکەری و بە دوای ئەودا گروپی دووەمیان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی. بارزانی جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد کە بە بەرپرسی پیلانگێڕییەکانی دەناسی و سەید عەزیز شەمزینی کە پێشتر بە تاوانی داڕشتنی پیلانی تیرۆری بارزانی دوری خستبووەوە، هەموو پەنابەرەکانی تری وەرگرتەوە و بەرە بەرە ڕێگەی پێدان لە ریزی پارتیدا خەبات بکەن. لەم بارەیەوە حەسەن ئەرفەع دەڵێت:

**- (مەلا مستەفا داوای لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی کرد کە لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە. محەمەد ڕەشید مەئمور کرا لەگەڵ پەنابەرەکان بدوێ و لە ئاکامدا عومەر دەبابە هاتە عێراق کە لەم بارەیەوە چاوی بە ساڵح یوسف بارزانی نوێنەری بارزانی بکەوێت. دوای بینینی، ساڵح یوسف هاتە ئێران و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی گەڕانەوە بۆ ڕانیە و چاویان بە مەلا مستەفا کەوت. سەرئەنجام بە ڕێگای وتووێژ و نێوبژیی محەمەد ڕەشید و شێخ ئەحمەددەوە، مەلا مستەفا ڕازی بوو جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیزی گەیلانی زادە کە پێشتر پلانی بۆ تیرۆری بارزانی داڕشتبوو، هەموو پەنابەرەکان گەڕانەوە بۆ عێراق و پارتی دیموکراتیش بەپێی یاسای**



دەوڵەتی عێراق خەبات بکات.[٢٩]) هەرلەو بارەیەوە ڕێزدار عەبدوڵا پشدەریی دەڵێت: (بەرلە گەڕانەوەیان بارزانی بەمنی گوت ئەوانە دەگەڕێنەوە، گوتم جەنابت عەفویان دەکەی؟ گوتی: "ئەی چۆن عەفویان ناکەم." گوتم وەڵا زۆر گەورەییە و سەروەرییە و زۆرم پێخۆشبوو. کە هاتنەوە بارزانی زۆر بە گەرمی پێشوازییکردن، من ئەمیر هێزی باڵەک بووم. پێشمەرگە چوون مقەڕاتیان بۆ کردنەوە. زۆر چاکم لەبیرە عەلی عەسکەری بوو، عومەر دەبابە بوو، مام جەلال بوو، حیلمی شەریف بوو، کەمال موفتی بوو لەوێ دانیشتبوون. بارزانی گوتی: "عەلی، مام جەلال کوێی پێخۆشە با لەوێ بێت. دەمەوێ عەسکەرییەکانتان دامەزرێنم و دەمێنێتەوە مەدەنییەکان، کەمال موفتی دەکەم بە ئەمیر هێزی قەرەداغ. حەمەدەمین فەرەج دەکەم بە ئەمیر هێزی پشدەر."

بارزانی گوتی: "عەلی عەسکەری تۆ مەدەنی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووی لێرە لەکن کاک عەبدوڵا ئیش بکە"، واتە ببێتە یاریدەدری من. عەلی عەسکەری گوتی: "من پێمخۆشە لەگەڵ مام جەلال بم. مام جەلال لە کوێ دەبێ، منیش لەگەڵ ئەو بم." مام جەلال گوتی:

- جەنابی مەلا مستەفا، هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقەوە خەبەری بۆ ناردوین و گوتوویەتی حەز دەکەم ئێوە مەقەڕی خۆتان بهێننە ئێرە و لای برای خۆتان بن.

ئەوە بوو مام جەلال، عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف چوونە لای هەباس ئاغا. مەلا مستەفاش چوو بۆ ناوچەی پێنجوێن کە سەربازگەیەکی عەسکەریی هەبوو، بیگرێت، بەڵام سەربازگەکە نەگیرا. لەوێوە بروسکەیەکی بۆ هەباس ئاغا نارد و نوسیبووی من بە چاکی دەزانم مام جەلال و ئەوانە بچن بۆلای ئیدریس و وێنەی بروسکەکەشی بۆ ئێمە نارد لە هێزی باڵەک.

بارزانی لە ڕێگای هەباس ئاغا و عومەر بەگی بێتواتەوە ئاگادار کرابۆوە کە ئەمانە خەریکن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێکدەکەون و دەچن بۆلای حکومەتی عیراق. بارزانی خۆی بە نەگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد

**لە ئێران شکی کردبوو، و لێیان دڵنیا نەبوو. ئەوە بوو بە هەباس ئاغای گوت ئەو جەماعەتە بچن بۆلای ئیدریس. هەباس ئاغا وەڵامی دایەوە و گوتی منیش وەکوو ئیدریسم و برادەران پێیانخۆشە لای من بمێننەوە. ئەویش وێنەی نامەکەی دا بە ئێمە. هەباس ئاغا لەولاشەوە بە مام جەلال و ئەوانی تری گوتبوو، ئەگەر بچن دەتانکوژێ. من خۆم دواتر لە مام جەلالیشم بیست کە گوتی ئێمە نەوێراین بچین.)**

دەربارەی بانککردنی مام جەلال بۆ بنکەی کۆمیتەی ناوەندیی نوێی پارتی، هەژار موکریانی دەڵێت: **(من پێشنیارم کرد کە حەیفە جەلال تاڵەبانی لە دۆڵەڕەقە بێکار دانیشێ، قەڵەمی باشە، با بێتە لامان و لە نوسیندا هاوکاریمان بکا. نامەیەکیان بۆ نوسیبو کە وەرە مەکتەبی سیاسی کارمان پێتە، وا تێگەیبو کە دەیکوژن. شەوێک دەگەڵ هەواڵانی لە دۆڵەڕەقە ڕاکردبوو، چوبوە بەردەستی حکومەت و بردیانە بەغدا. ڕۆژی ١٩٦٦/١/١ بو، بروسکەمان بۆ هات کە جەلال ڕای کردوە. ناومان لێ نا "جاشی مۆدێل ٦٦"، کە تا ئێستاش ئەو ناوەیان لە کۆڵ نەبۆتەوە. ئیتر جەلال و هەواڵانی لەو ساوە بونە چەکداری دەوڵەت و زۆر بێ ڕەحمانەتر لە سەربازانی عەرەب شەڕیان دەگەڵ دەکردین. تەنانەت عومەر دەبابە ببوە شارەزاکەری تەیاران و دێهاتی دۆستی شۆڕشی بۆ دەست نیشان دەکردن. دەوڵەت ناوی لێنابو: برا عومەری قارەمان.[٣٠])**

مام جەلال و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆن بەو ئومێدەوە گەڕابوونەوە لای شۆڕش و بارزانی کە وەک پێشوو سەرلەنوێ ڕێبەرایەتی ئۆرگانەکانی پارتی بکەن، بەڵام بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی نوێ باوەڕیان پێنەدەکردن. هەروەکوو لە وتەکانی مام جەلالیش دەردەکەوێ ئەوان لە ماوەی گەڕانەوەیان لە ئێران و نیشتەجێ بوونیان لە دۆڵەڕەقە، بەنهێنی خۆیان ڕێکخستبووەوە و پێوەندییەکانیان بە نێوخۆ و دەرەوە و ڕژێمی بەعسەوە گرتبوو. بە وتەی مام جەلال ڕەگازۆییان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش. ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران پێوەندیی ئەوانی لەگەڵ ئێران و ئەوروپا ڕێکدەخست. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بارزانی ڕێگای بۆ

کردبوونەوە کە نییەت و دەرونی خۆیان ئاشکرا بکەن. لەو بارەیەوە مام جەلال لە لاپەڕەکانی ٩٧٧- ٩٨٠دا، دوای شەست ساڵدا دەڵێت:

- (لە ژانویەی ١٩٦٦ لەپڕ دیتم ٨ بارزانی لە دورەوە هاتنە لای ئێمە. سڵاویان کرد، نامەیەکی ئیدریس بارزانییان بۆمن و بۆ حیلمی هێنابوو. لە نامەکەدا نوسیبوویان: "بە فەرمانی بارزانی هەردووی ئێوە دەبێ بێنە لای ئێمە و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئێمەدا بن."

واتا من و حیلمی عەلی شەریف لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی جودا بینەوە و ناوەندی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بەرینە ئەوێ. محەمەد ئەمین حەسۆ میرخان بەرپرسی ئەو بارزانییانە کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی بارزانی و چوو بوو بۆ سۆڤیەت و لەوێ خوێندبووی و کەسێکی حیزبی بوو. پرسیارم لێی کرد: "ئایا ئێمە بچین؟" گوتی: "خۆتان بڕیار دەدەن، هەرچۆنێک دەتانەوێ، بەڵام دەتانەوێ ١- ٢ ڕۆژتان ماوە دەدەین کە خۆتان ئامادە بکەن." کە قەبووڵمان کرد. میرخان ئێوارەی ئەو ڕۆژە عەلی عەسکەری بردبووە سوچێک و سوێندیدابوو کە لە هیچ جێیەک ناوی نەدرکێنێت و گوتبووی فەرمانیان بە ئێمەداوە کە حیلمی و جەلال بەرین و لە ڕێگادا بیانکوژین و دواتر بڵێین ڕایان کردوە و سەرنجیان بە ڕاوەستانی ئێمە نەداوە و ئێمەش بەناچار کوشتومانن.

بەیانی ڕۆژی دوایی چووین ڕووداوەکەمان بۆ هەباسی مامەند ئاغای گێڕایەوە و گوتمان ئەوە بارودۆخی ئێمەیە.... گوتی نامەیەک بۆ بارزانی دەنوسم و دەڵێم لە جیاتی مام جەلال و عەلی عەسکەری، هەموومان دێنە لات و لەوێ دەمێنینەوە و هەرچی بە مەسڵەحەت بێت، بەجێی دەگەیەنین.... لە وەڵامیدا بارزانی گوتبووی: "پێویست ناکات ئێوە بێنەلای من، ئیزن بدەن ئەوان بڕیارەکە بەجێ بگەیەنن و بچنە لای ئیدریس و من کە گەڕامەوە چاوم پێیان دەکەوێت."

بێگومان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ شک و گومان و بێ باوەڕیمان پتر دەبوو. کۆبووینەوە و بڕیارماندا، بڕیاری ڕۆژی یەکەممان بەڕێوەبەرین، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا پەشیمان بوونەوەو گوتیان:

**"ئێمە ناتوانین لە شارەکان بژین و مەلا ئێمە تیرۆر دەکا. لەبەر ئەوە، ئێمە لێرە دەمێنینەوە و خۆمان تێکەڵاوی سیاسەت ناکەین و بێدەنگ دادەنیشین."**

**بەڵام پێنج کەسمان بڕیارماندا کە سەرەتا چوار کەسمان ڕابکەین و دواتر نوری ئەحمەد تەها لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بچتە ڕانیە. ئەوکاتە دۆستەکانمان لە ڕانیە بوون و ئەویش گوتی: "من ناتوانم لە شار بژیم و دەچمە تاران و لەوێ لەلای ئیبراهیم ئەحمەد دەمێنمەوە،"**

**ئێمە ئەو شەوە ڕامانکرد. هەرکامەمان ١٥-١٦ چەکدارمان لەگەڵ بوو. بەگشتی ٦٠ کەس بووین. نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی چووینە لای زیاد ئەغا و حکایەتەکەمان بۆ گێڕاوە. ... ڕۆژی دووەم چووینە قەراخ چۆمی ڕێزان و لەوێوە پێوەندیمان لەگەڵ دۆستانمان لە سلێمانی گرت. هاتنەلامان، عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف چوونە کەرکوک کە بەو مەرجەی دانرابوو و بە گوێرەی بەرنامەیەک کە دانرابوو، عەلی عەسکەری کارەکان بەڕێوەببات هەر بەم شێوەیەش عومەر دەبابە لە سلێمانی هەوڵبدات... و سەرلەنوێ دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات...)**

مام جەلال خۆی و بەشێک لەو خەباتکارانەی کە هێشتا لە ژیاندا ماون، باش دەزانن کە ئەگەر بارزانی پلانی لەنێو بردنی مام جەلالیی بووایە، هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا کە گەڕابوۆوە بۆ ڕانیە، دەیتوانی کۆتایی بە ژیانی بێنێت، بەڵام هەموو دەزانن کە بارزانی دەیویست ئەوان و بەتایبەتی شەخسی مام جەلال بگەڕێنەوە بۆ ئامێزی شۆڕش.

زۆر ڕوونە کە ڕەوانشاد نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا ئامادە نەبوون بچن چەکی ڕژێمی بەعس بە دژی پێشمەرگە هەڵبگرن و هەروەکوو مام جەلال دەڵێت، ئەوانە لە چوون بۆ لای ڕژێم خۆیان پاراستوە. هەروەها گەڕانەوەی ئەوان لە ناوچە ئازاد کراوەکانەوە بۆ شارەکان و بڵاوکردنەوەی دەستبەجێی ڕۆژنامەی خەبات و سەفەر کردنی ئەندامانی سەرکردایەتیان بۆ بەغدا و وڵاتانی تر، بەبێ دامەزراندنی پێوەندیی پێشوەخت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق نەبوو. بەتایبەتی کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولڕەحمان عارف کە دەوڵەتی ئێران شێلگیرانە دەیویست پێوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکاتەوە، گروپی ئیبراهیم ئەحمەد پاڵیان بە بەغداوە دا. لە ڕەوتی ئەو هاوکارییەدا ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بە

ڕادەیەک چوونە پێشەوە کە شان بە شانی سوپا و جاشەکانی عێراق، شەڕی پێشمەرگەیان کرد. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئێران بە ئومێدی ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ ڕژێمی عەبدولڕحمان عارف بەدەستی هێنابوو، خۆی لە یارمەتیکردن بە شۆڕشی ئەیلول گێل دەکرد. لە ڕاستیدا دیسانیش دەبینین کە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان لە هەوڵی لێکترازاندنی ڕیزەکانی گەلی کورد و دروست کردنی کێشە لە نێوان ئەواندا بوون. دەسەڵاتخوازیی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و داسەپاندنی بەرژەوەندییەکانی حیزبی بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەی کورددا، ئەو دەرەتانەی بۆ دەوڵەتانی ئێران و عێراق ڕەخساند کە بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن.

هەروەکوو گوتم چوونی مام جەلال و هاوبیرانی بۆ لای دوژمن نەیدەتوانی بەبێ پێوەندیی و ڕێکخستنی پێشوەخت بەڕێوەبچێت. بوونی ١٥- ١٦ پاسەوانی چەکدار لەلای هەرکامەیان، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە بارزانی وەک دیل هەڵسوکەوتی لەگەڵیان کردبێت، بەڵام بەردەوامیی و درێژە کێشانی شۆڕش ئەم ئەزمونەی بە شۆڕش بەخشیبوو کە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و نەتەوەکەی دەزگایەکی ئاسایش بۆخۆی دروست بکات و لە پیلانەکانی حکومەت و کەین و بەینی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ حکومەت ئاگادار بێت. لەو ڕوانگەیەوە بوو کە بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریاندا مام جەلال لە ئەوانی تر جودا بکاتەوە کە کوژرانی عەلی حەمدییان کردە بیانوو و بە گروپ پاڵیان بە ڕژێمی بەعسەوەدا. ئەگەرنا خۆ لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٦ دا بەتەنیا عەلی حەمدی نەکوژرا و زۆر کەسی تریش لە هەر دوولادا کوژران. هەروەکوو فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: **(دەکرێ بپرسین کێ سەید حوسێن کاکەیی خەڵکی خانەقین و سەرلقی هێزەکانی بارزانی تەنیا بەو تاوانە کوشت کە گوتبووی دەچمە لای بارزانی؟)**

مام جەلال و هاوڕێیانی بە گێڕانەوەی ڕووداوی حەسۆ میرخان بۆ هەباسی مامەند ئاغای و پێوەندی هەباس ئاغا لەگەڵ بارزانی، پووچ بوونی ئەو هەواڵەیان بۆ دەرکەوتبوو کە هیچ بڕیارێک بۆ کوشتنی ئەوان

نەدراوە. بە داخەوە ئێستا هیچکام لە ڕەوانشادان هەباس ئاغا، عەلی عەسکەریی و محەمەد ئەمین حەسۆ میرخان نەماون کە ڕاستی ڕووداوەکەیان لێ ببیسین. لەو بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا پێی گوتم:

**- (ئەوان لە ناوچەی هەباسی مامەند ئاغا لە دۆڵەڕەقە دانرابوون. گوایە خەبەریان دابوونێ مەترسیان لەسەر هەیە، جا ئەوە تا چ ڕادەیەک ڕاستە یان نا، باس نەکراوە کە لە جێگەیەک ئاشکرا بێ و ئێمەش لێی تێبگەین، بەڵام بیستمان ئەوان وا دەڵێن و ئەو کەسانەش نەماون کە ئینسان بە ڕاستی مەسەلەکە بزانێ، بەڵام بێگومان بێ باوەڕییەکی زۆر زۆر هەبوو لەنێوان ئەوان و بارزانیدا و دژی یەکتر بوون.)**

هەرلەو بارەیەوە ڕێزدار موحسین دزەیی ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٦ لە ماڵی خۆی پێی گوتم: **(ئەوەی کە دەڵێت بارزانی هەوڵی کوشتنی مام جەلالی داوە، هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە. بارزانی تەنانەت دوای ساڵی ١٩٦٤ و ١٩٦٦یش مام جەلالی خۆش دەویست. پلان بۆ کوشتنی مام جەلال لە ساڵی ١٩٦٦دا کە گوتیان هەباسی مەحمود ئاغای پێی گوتوون، مەلا مستەفا ڕای سەبارەت بە ئێوە باش نیە، هیچ ئەساسێکی نیە.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی دەیەمی وتارەکەیدا دەڵێت:

**١٠- (دوای دەرچوونی کتێبی "پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن"ی کاک نەوشیروان "ساڵی ١٩٩٧"، بنەماڵەی بارزانی لە سەر بەشی "بە بۆنەی مردنی مەلا مستەفاوە: مەلایی و جەلالی لە تەرازو دا" نیازیان هێنا لە لەندەن بی کوژن. بە هەڕەشەی مامجەلال وازیان لەو خەونە هێنا.)**

یەکەم: لە مێژووی پارتی دیموکراتدا نەبیستراوە کە ئەو حیزبە کەسێک لە ئەوروپا بکوژێت، کەسانی وا هەن لە ئەوروپا گەورەترین سوکایەتیان بە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکرات کردوە و ئێستاش بەبێ ئەوەی کە پشتیوانێکی سیاسی و ئەمنیەتییان هەبێت، هاتوچۆی کوردستان دەکەن و تەنانەت لە دهۆک و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیدا دەژین، بەڵام

نەکوژراون. ئەوەی کاک نەوشیروان دژی مەلایی نوسیویەتی یەک لە هەزاری ئەو کردەوانە نییە کە بەڕێزیان لە گۆڕەپانی خەباتدا بۆ نەهێشتن و خاشەبڕ کردنی کورد کردویەتی.

هەموومان دەزانین کە نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە شۆڕشی کوردستاندا بە بەردەوامی، کەسێکی تێکدەر و گێرەشێوێن بووە؛ دەستی بە خوێنی سەدان شیوعی لە پشتئاشان لە ساڵی ١٩٨٣دا سوور کردوە. گروپی تیرۆری تایبەتی هەبووە و بە فەرمانی ئەو چەندان کەسی بێتاوان لە شارەکاندا تیرۆر کراون. ئەندازیاری شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی، یەکێتی و حیزبی شیوعی و یەکێتی و پارتی دیموکرات بووە و بەگشتی شەڕە نگریسەکانی نێوخۆی کوردستان بووە. لە سەردەمی ئەودا کە جێگری مام جەلال بوو، کاتێک دەیانگوت لە کوردستان شەڕ کراوە؛ لایەنی ڕووبەڕوو دەیپرسی لایەنێک یەکێتییە، ئەی ئەویتریان؟

نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەتا ئێستا بۆ یەک جاریش لولەی تفەنگی بەرەو دوژمنە داگیرکەرەکان نەگرتووە و ئەوەندەی شەڕی کوردی کردوە، خۆزیا یەک لە هەزاری شەڕی دوژمنی کردبایە. مام جەلال لە کوێ هەڕەشەی لە پارتی کردوە کە نەوشیروان نەکوژێت؟ بۆچی بەڵگەکەی بڵاو ناکەنەوە.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی یازدەیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ محەمەد حەسەن برزو دەکات و دەڵێت:

**١١- (پاراستن ساڵی ١٩٧٣ لە سلێمانی یەوە کەسێکی نارد، لە ٢٢ ی تەموزا، لە بەغا، لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی کفاح، نزیک گۆڕەپانی (وصبە)، محەمەد حەسەن برزوی کوشت. ئەم جوامێرە، بازرگانێکی گەورەی فەیلیی ئیلامی بوو. خۆی و خێزانەکەی لە بەغا ئەژیان. ساڵی ١٩٥٩ کە پارتی بە رەسمی ئیجازەی لە حوکمەتی عیراق وەرگرت، ئەم یەکێک بو لە داواکەرانی ئیجازەکە. هەم بە پارەو هەم بە خەبات خزمەتی زۆری پارتی کرد بو. دوای جیابونەوە لەگەڵ باڵی م. س بو. دوای بەیانی ١١ی ئازار و**

**دوای تێکەڵاو بوونەوەی هەردو باڵی مەلایی و جەلالی، محەمەد حەسەن برزو تێکەڵاو نەبوەوە و وازی لە حیزبایەتی هێنا. لە سەر تێکەڵاونە بونەوە بە باڵی مەلایی، کوشتیان.)**

دوای گەڕانەوەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغداوە بۆ ڕیزی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٠دا کە بەشێک لە وتوویژی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابەم لەگەڵ سەرۆک بارزانی بڵاوکردەوە، سەرۆک مستەفا بارزانی و پارتی دیموکرات، لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و هەموو ئەوانە خۆش بوون کە چەکی ڕژێمی بەعسیان پێبوو، و بەشدارییان لە شەڕەکانی ڕژێم دژ بە پێشمەرگە کردبوو.

دوای ئەو لێبوردنە، هیچ کەسێکی سەربە ڕژێم لەلایەن پارتییەوە نەکوژراوە، بەڵام ڕژێمی بەعس زۆر زوو لە ڕێککەوتنەکە پاشگەز بووەوە و دەستی کرد بە تیرۆری ئەندامە چالاکەکانی پارتی و چەندان کەسیان لە بەغدا و موسڵ کوشت و تەنانەت ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦، پیاوانی ڕژێم لە بەغدا تەقەیان لە ئۆتومبیلی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی کرد و لە ئاکامدا حەمید بەرواریییان بریندار کرد. هەر چەندە ئەو نەمرد، بەڵام تا مردنی بە کەمئەندامەتیی مایەوە.

تاوانبار کردنی بارزانی و پارتی دیموکرات بە کوشتنی محەمەد حەسەن برزو، بوختانێکی ناڕەوایە کە مەحمود ڕەزا دەیخاتە سەر پارتی. لەو بارەیەوە ڕێزدار دوکتۆر مەحمود عوسمان ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٧ لە ماڵی خۆی پێی گوتم:

**- (سەبارەت بە کوژرانی محەمەد حەسەن برزو لە بەغدا، پەنجەی تاوان بۆ بەعس ڕاکێشرا. ئەو کەسێکی تێکۆشەر بوو. ئەو کاتە بەعس خەڵکی دەکوشت و ئەویش کە کوردێکی فەیلی و کادیرێکی باش و چالاکی ئێمە بوو، کوشتیان. نەک هەر ئەو بەڵکوو لە بەغدا خەڵکێکی زیاتری کوشت و بەرلە لە ئەنفالەکان و دوای ئەنفالەکانیش ژمارەیەکی زیاتری کوشت. ساڵی ١٩٨٠، کوردە فەیلییەکانی لە عێراق دەر کرد.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی دوازدەیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کوژرانی سێ کوڕی سەرۆک مستەفا بارزانی بە ناوەکانی ڕەوانشاد عوبەیدوڵا، لوقمان و سابیر بارزانی و هەروەها جەمیل مەحۆ دەکات و دەڵێت:

**١٢- (خوالێخۆشبو عوبەیدوڵڵا، کوڕە گەورەی بارزانی، لە سەر دو شت لەگەڵ باوکی و براکانی، ئیدریسی رەحمەتی و مەسعود ناکۆک بو: دژی تەوریپی پارتی بوو بۆ مەسعودی برای؛ دژی سیاسەت و رەفتاری باوکی و دو براکەی بوو. لە بەر ئەو دو هۆیە و لە بەر ئەوەی لە ڕێگەی شەهید فاخر مێرگەسوری یشەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بیری چەپ پەیا کرد بو، باوکی زۆر رقی لێی بوو، دو جار هەوڵی کوشتنی داوە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٢ کە لە زیندانی خەلان زیندانی بوە. کە ئاگادار کراوە باوکی فەرمانی داوە ئەمشەو بکوژرێ، شەوی ٦- ٦- ١٩٧٢ لە زیندان هەڵاتوە. ماوەیەک لە بلێ و بارزان خۆی حەشار داوە. باوکی هەڕەشەی ناردۆتە سەر شێخ عوسمانی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، عوبەیدوڵڵا لەو ناوە دەرکا. ناچار بوە لە کۆتایی ئەو ساڵەیا خۆی رادەستی رژێمی بەعس بکا. سەرەنجام بەعس ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دو برای تری "لوقمان و سابیر" و ٨٠٠٠ بارزانیی ئۆردوگای قوشتەپە، شەهیدی کردن. جاری دوەم، گەرماوگەرم دوای ئاشبەتاڵ بوە، کاتێ بارەگای بارزانی لە نەغەدە بووە. بارزانی جەمیل مەحۆی بانگ کردوە و داوای لێ کردوە عوبەیدوڵڵای کوڕی بۆ بکوژێ، چی پارە داوا بکا ئەی داتێ. جەمیل مەحۆ لە کتێبی "مژکراتی داخل سجون الپورە الکوردیە، جمیل محو، سکرتیر العام للحزب الدیمقراگی الکوردی، ١٩٨٢، ص ٢٥٣" ئەگێڕیتەوە و ئەڵێ: "کە ئەو داوایەی لێ کردم، هەمو گیانم گرژ بو، لە حەسرەتا زمانم لە گۆ کەوت و یەک نوتقم بۆ نەدرا". سەیر ئەوە بوە، جەمیل مەحۆ لە ٢٨ ی مایسی ١٩٧١وە هەتا دوای ئەشبەتاڵ، لەسەر نزیکایەتی لە عوبەیدوڵڵا، بە فەرمانی بارزانی خرابوە زیندانی خەلانەوە.)**

سەبارەت بە جەمیل مەحۆ، مەحمود ڕەزا ئاماژە بۆ چۆنیەتی ژیان و کارکردنی ئەو بۆ ڕژێم بەعس ناکات. چونکە هاوشیوەی خۆی بووە، بۆی

گرنگ نییە کە جەمیل مەحۆکان چەندەیان زیان بە شۆڕش و ئاوات و ئارەزووی نەتەوەی کورد گەیاندوە و تەنیا ئەوەی لا گرنگ بووە کە کێ قسەی ناشیرین بە سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی و پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی دەڵێت و درۆ و دەنگۆیان بۆ هەڵدەبەستێت و هەوڵی ناشیرین کردنیان لەبەر چاوی خەباتکاران و دڵسۆزانی کورد دەدات. بۆ ناسینی جەمیل مەحۆ چوومە خزمەت ڕێزدار موحسین دزەیی کە لە شۆڕشی ئەیلول دا سەرۆکی دادگای شۆڕش بووە. ناوبراو دەربارەی جەمیل مەحۆ دەڵێت: **(جەمیل مەحۆ نوێنەری پارتی بوو لە لوبنان. لەوێوە پێوەندی لەگەڵ بەعس دامەزراند بوو. لەبەر ئەوە ساڵی ١٩٧٢ یان ٧٣ گرتینا و ساڵی ١٩٧٤ ئازادیان کرد.)**

هەرلەو بارەیەوە ڕێزدار دوکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت: **(جەمیل مەحۆ خۆی لوبنانی بوو. نوێنەر و بەرپرسی کوردەکانی لوبنان بوو. دەهات بۆ کوردستان و ماوەیەک لای ئێمە زیندانی بوو، و ئازادیان کرد. ئەو کوژرا و ئێمەش وەک حیزب نەمانزانی کێ کوشتی و بۆمان دەرنەکەوت.)**



بۆ زانیاریی پەیدا کردنیش سەبارەت بە کوژرانی ڕەوانشاد عوبەیدوڵا بارزانیی کوڕی گەورەی سەرۆک مستەفا بارزانی و دوو کوڕەکانی تری، پرسیارم لە ڕێزدار موحسین دزەیی کرد، ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٦ لە ماڵی خۆی پێی ڕاگەیاندم:

**- (لە هەشتاکاندا لە لەندەن بووم. چاوم بە سەعدون غەیدان کەوت، گوتی: "دەزانی بۆچی عوبەیدوڵایان کوشت؟" گوتم نا. گوتی: "کاتێک شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد، عوبەیدوڵا گوتی عێراق بە وەکالەتی ئەمریکا شەڕ لەگەڵ ئێران دەکات.**

ئەوە بوو، بردیان و کەس نەیدیتەوە. دواتر لوقمان وەدوای چۆنیەتی شوێن بزر بوونەکەی کەوت و ئەویشیان شوێن بزر کرد. بەعس ئوتۆمبیلەکەی برد بوو بۆ سنوری دەستکردی تورکیا کە گوایە لوقمان چووە بۆ ئەوروپا."

سەبارەت بە کوژرانی سابیر گوتی: (کاتی وەفاتی بارزانی، عوبەیدوڵا و لوقمان لە بەغدا بوون، بەڵام سابیر لە عەزیمیەی کەرج بوو. داوای کردبوو، بۆ پرسکردنێک بچمەلای. چووم گوتی: "شتێک هەیە دەمەوێ پێت بڵێم و ڕای تۆ وەربگرم." گوتی: "دەمەوێ بچمەوە بۆ عێراق." من داوام لێکرد، نەچێتەوە. گوتی: "داوات لێدەکەم کە ئەوە لای هیچ کەسێک باس مەکە و سوێندی دام." من لە ١٩٧٩/٦/١ دەچووم بۆ ئەڵمانیا و هەرچەندە سویندم بۆ خواردبوو، بەڵام ئەو شتەم بۆ ڕەبیع گێڕایەوە و گوتی شتێکی وا هەیە.

من چووم بۆ ئەڵمان و وابزانم ئەویش لە ١٤ یان ١٩٧٩/٧/١٥ گەڕایەوە بۆ عێراق کەچی لە ئەنفالی بارزانییەکاندا لە ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعس ئەویشی لەگەڵ هەشت هەزار بارزانییەکان ئەنفال کرد.

چوار لە کوڕەکانی لوقمان لەگەڵ سابیر ئەنفال کران: سەلاح، بیداد، ئازاد و نەوزاد بەڵام فەرهاد کوڕی پێنجەمی کە منداڵ بوو، مایەوە.

منداڵەکانی سابیریش بچووک بوون: سیروان، سامان، سەیوان، شێروان و سەفین هاتن بۆ ئێران.

کێشەکە بنەماڵەیی بوو. ئەوان دەیانویست وەک ئیدریس و مەسعود پلە و بەرپرسایەتیان لە حیزبدا هەبێت. ئیدریس و مەسعود کەسانی چالاکی حیزب بوون و بە دەنگ، بەرپرسایەتیان درابوویە و بارزانی ئامادە نەبوو بەبێ پالاوتنی حیزب ئەرکیان پێ بسپێرێت و ئەوەش بۆ ئەوانە ببوو بە عوقدە. عوبەیدوڵا لە شەستەکانەوە لە ناوچەی شۆڕشەوە پێوەندیی بە ڕژێمەوە کرد و ئەوانیش بە دژی بارزانی پلەی وەزیریان دایە.

ساڵی ١٩٦٧ من لە بەغدا نوێنەری شۆڕش بووم لە لیژنەی بەرزی ئاشتیدا. ڕۆژێک لە ئۆفیسی حەسیب ساڵح بووم، عەبدولڕەحمان عارفیش لەوێ بوو کە عوبەیدوڵا لەلای ئەوانە زۆر دژی بارزانی دوا. من لێی وەجواب هاتم و گوتم نابێ بەم جۆرە قسە بکەی. گوتی: "دەزانم تۆ پێتناخۆشە و من

**هیچ ناڵێم." لە ڕاستیدا قسەکانی هیچ پێوەندی بە شۆڕش و کوردەوە نەبوو، و هەمووی شەخسی بوون، نەک سیاسی.**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی سێزدەیەمی وتارەکەیدا وردتر دەچێتە نێوەڕۆکی درۆکانیەوە دەڵێت:

**١٣- (شێخ عوسمانی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، برازای بارزانیی باوک، لە سەر دو شت بارزانی رقی لێ هەڵگرت: دژی ئیدریس بوو بۆ مەسعود بارزانی؛ بارزانی ئەی ویست شێخایەتی یش بکەوێتە دەستی خۆی، لێ موریدەکانی خودانی بارزان بۆنی خودانیان نابوو بە شێخ عوسمانی کوڕیەوە. دوای ئەوەی بارزانی دڵنیا بوو شێخ عوسمان بە هیچ هەڕەشە و گەمارۆیەک نا گیرێ، بە سەرۆکایەتی خۆی، لە حوزەیرانی ١٩٧٤ و لە گەرمەی شەڕی نێوان سپای داگیرکەری بەعس و شۆڕشا، هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردستانی بردە سەر شێخ عوسمان و بە خاوو خێزان و هەمو مرید و دەروێشەکانیەوە راوی نان بەرە و هەولێر و ناچاری کردن تەسلیمی رژێمی بەعس ببن. ئەو ٨٠٠٠ بارزانیەی لە قوشتەپە بەعس بردنی و کوشتنی، هەر هەمویان لە نەیارەکانی بنەماڵەی بارزانی بوون. میسریەکان پەندێکی جوانیان هەیە بۆ حاڵەتی وا: "یقتل القتیل ویمشی فی جنازته". دکتۆر مەحمود عوسمان، سەبارەت بە دەرکردنی شێخ عوسمان، لە لاپەڕە ٣٦ ی چاپی یەکەمی کتێبی "تقییم مسیره الپوره الکردیه وانهیارها والدروس والعبر المستخلصه منها ١٩٦١-١٩٧٥" دا نوسیویەتی: "بارزانی نە خۆی و نە کوڕەکانی رۆژێ لە رۆژان نە سەریان لە شەڕگەیەک دا و نە نەخشەیان بۆ هێرشێکی بەرنامەدار یا نەبەردیەک یا جەنگی پارتیزانی دانا، تەنیا جارێک کە بارزانی تیا چوە بەرەی شەڕ، ئەو جارە بوو کە بۆ ناوچەی بارزان چو، بۆ دەرکردنی شێخ عوسمان".)**



لەو بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا، ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٧ لە ماڵی خۆی پێی ڕاگەیاندم:

**- (بەگشتی هەموو بارزانییەکان لەگەڵ شێخ ئەحمەد بوون و کەس لە قسەی دەرنەدەچوو. شێخ عوسمانی کوڕی کاروباری عەشیرەتی بارزانی بۆ بەڕێوە دەبرد و شێخ محەمەد خالید کاروباری دەرەوە. کە شێخ ئەحمەد وەفاتی کرد، کێشە کەوتە نێوان شێخ محەمەد خالید و شێخ عوسمان. مەلا مستەفا پشتی شێخ محەمەد خالیدی گرت. شێخ عوسمان دژ بوو، ناکۆکی سەریهەڵدا. شێخ عوسمان ڕایکرد و چوو بۆلای حکومەت و عوبەیدولا و لوقمان و سابیریش لەگەڵی کەوتن. ئەوان لە بەغدا بوون و تەنانەت عوبەیدولایان کرد بە وەزیر. لە ڕەوتی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعس هەموو ئەوانەی کوشت. بەغدا دەیویست ئەوان بە دژی بارزانی چەک هەڵگرن و شەڕی لەگەڵ بکەن کە قەبوڵیان نەکرد و ئەویش کوشتنی.)**

ساڵی ١٩٥٨ کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەتەوە گەرایەوە بۆ عێراق، ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی نزیکەی چواردە ساڵ و مەسعود بارزانی نزیکەی دوازدە ساڵ بوو. هەردوویان خەریکی خوێندن بوون و بارزانیی لە کاری حیزبیدا بەشداریی پێ نەکردن. عوبەیدولا کوڕی گەورەی بارزانی و برا گەورەی ئیدریس و مەسعود، بەشێک لە کارەکانی بارزانیی بەڕێوە دەبرد، بەلام کەمتر لە پرۆژەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. ئەو، نزیکایەتی و پێوەندی نهێنی لەگەڵ فاخر مێرگەسوریی و جەمیل مەحۆ کوردی لوبنان هەبوو، و تەنانەت جارێک لەگەڵ جەمیل مەحۆ

کە ئاشکرا بوو، پێوەندیی بە ڕژێمی عێراقەوە هەیە، چوو بوو بۆ لوبنان. کاتێک پێوەندیی و نییەتی ئەوانە ئاشکرا بوو، فاخر و حەمە ئاغای باوکی و جەمیل مەحوّ لە خەلان زیندانی کران و عوبەیدوڵا لە حاجی ئۆمەران دەسبەسەر و پێی ڕاگەیاندرا کە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژێک ناوبراو لە نەبوونی باوکی کەڵکی وەرگرت و حاجی ئۆمەرانی بەجێهێشت و چوو بۆ بارزان.

لە لایەکی تری ڕووداوەکەدا، دوای کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد، لەنێوان محەمەد خالید و عوسمان دوو لە کوڕەکانی شێخ ئەحمەددا، کێشەی دەسەڵات سەریهەڵدا. عوبەیدوڵا کەڵکی لەو ناکۆکییە وەرگرت و کاری لەسەر شێخ عوسمان دەکرد کە لەگەڵی بچێتە لای حکومەت و ئەویش فریوی خوارد و چوو. ڕژێمی بەعس پۆستی وەزارتی بە عوبەیدوڵا سپارد و ویستی دژی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆک بارزانی و بنەماڵەکەی کەڵکی لێوەرگرێت. ئەو ڕەوتە تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلول و ڕاوەستانی شۆڕش بەردەوام بوو.

دوای ڕاوەستانی شۆڕش، عوبەیدوڵا نامەیەکی بۆ لوقمانی باری ناردبوو کە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئەویش وەک بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی پارتی بەهۆی بێ هیوایی بە خەبات و ڕژێمی ئێران، گەڕایەوە بۆ بەغدا. بەرلە گەڕانەوەی، هێشتا سەرۆک مستەفا بارزانیی باوک بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی نەچووبوو بۆ ئەمریکا و لە تاران بوو کە لوقمان لە نەغەدەوە چوو بۆ تاران و چاوی پێی کەوت. مەلا مستەفا زانیاریی لەسەر ئەو نامەیە هەبوو کە لەلایەن عوبدیدوڵاوە بۆی هاتبوو. لەبەر ئەوە، لێی توڕە بوو، بەڵام لوقمان وەڵامی نەدایەوە و لەوێوە چوو پێوەندیی بە سەفارەتی عێراقەوە گرت. ڕەوانشاد لوقمان بارزانیی منداڵەکانی لە ئێران بەجێهێشت و خۆی گەڕایەوە بۆ عێراق. لەو بارەیەوە پرسیارم لە ڕێزدار عومەر عوسمان کرد ناوبراو دەڵێت:



- (لە ڕاستیدا عوبەیدوڵا هەموو شتێک بوو، و تەنانەت ڕێبەرایەتی بەرەکانی شەڕیشی دەکرد. لای کاک ئیدریس و کاک مەسعود ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگیرا. جارێک من بە چاوی خۆم دیم لە حاجی ئۆمەران هاتە چادری کاک ئیدریس و کاک مەسعود و ئەوان ڕێزێکی زۆریان لێگرت.

مەلا مستەفا سەرۆکێکی بەو جۆرە نەبوو کە جیاوازی بخاتە ڕیزی منداڵەکانی و تەنانەت کادر و پێشمەرگەکانیش، بەڵام کەسێکی زۆر توند و بە دیسیپلین بوو لە کار و خەباتدا، بە تایبەتی لەگەڵ کەسانێک کە خیانەتیان کردبا. عوبەیدوڵا بە داخەوە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو. لەبەر ئەوە، بارزانی ئەوی لە حاجی ئۆمەران دەستبەسەر کرد. کەچی ئەو ڕایکرد و چوو بۆ لای شێخ عوسمان لە بارزان کە ئەو لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ بەغدا کە شێخ لەگەڵی نەچوو.

دوای کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد لە ١٩٦٩/١/١١دا، کێشە کەوتبووە نێوان شێخ محەمەد خالید و شێخ عوسمان. کێشەکەیان لەسەر دەسەڵاتی دەڤەری بارزان بوو. هەردووی ئەوانە کەسانی کارلێهاتوو بوون. شێخ محەمەد خالید براگەورە بوو. لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٠دا ئەوانە دەڤەری بارزانیان لە بەرامبەر دەستدرێژیی دوژمندا پاراست و هێزی بەرگریشیان دەنارد بۆ بەرەکانی شەڕ. شێخ محەمەد خالید لە دەڤەری باڵەک و سۆران و شێخ عوسمان لە دەڤەری ئاکرێ و شێخان و مەلا مستەفاش چەکی بۆ دەناردن.

گوتم ڕەوانشاد عوبەیدوڵا ڕایکردە لای شێخ عوسمان و لەوێوە چوو بۆلای حکومەت و لەوێ پلەی وەزیریان دایە. دوای چوونی ڕەوانشاد عوبدیدوڵا

بۆلای حکومەت، حکومەت بەبێ ئەوەی کە هیچ حیسابێک بۆ شۆڕش و مەلا مستەفا بکات، وەفدێکی نارده لای شێخ عوسمان، بارزانی بەو ڕووداوە زۆر نیگەران بوو، خۆی چوو بۆلای شێخ عوسمان کە ڕازی بکات دەست لەو کارانە هەڵگرێت. لوقمانی کوڕی نارده لای شێخ کە بێتە ماڵی شێخ جەمال کە برا گەورەیان بوو، بەڵام شێخ عوسمان نەهات و تەنانەت ڕێگەی بە مەلا مستەفاش نەدا کە بچێتەلای.

ساڵی ١٩٧٤، لەسەر داوای شێخ عوسمان، فەوجێکی عێراقی ویستی لە "دینارتە"وە بێت بۆ بارزان کە هێزێکی شۆڕش بە فەرماندەیی عەبدولموهەیمن بارزانی پێشی پێگرت و ئەوەی لەو هێزە گیرا، ئەوە گیرا و ئەوانی تر کوژران.

دوای شکانی ئەو هێزە، شێخ عوسمان چوو بۆلای حکومەت و سێ یان چوار پێشمەرگەش کە پاسەوانی بوون، لەگەڵی چوون. شێخ عوسمان لای خەڵکی ناوچەی بارزان زۆر خۆشەویست بوو، بەڵام تێکڕا بە چوونی بۆلای حکومەت بە پەرۆش بوون. لە ڕاستیدا ئیدریس و مەسعود و تەنانەت سەرۆک مستەفا بارزانییش لەو بارەیەوە هیچ کۆتاییان نەبوو.

سەبارەت بە گەڕانەوەی سابیریش پێویستە بڵێم، من لە ئێران مامۆستا بووم، بەهۆی کاری زۆرەوە داوام لە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کرد کە بۆ ماوەیەک ئیزنم بدات کە بە کاری مامۆستایی و کارەکانی خۆم ڕابگەم کە بەڕێزیان قەبووڵی کرد. دواتر بە خزمەت کاک ئیدریس گەیشتم، سەبارەت بە پشودانەکەم گوتی: "سابیری برام هاتە لام و گوتی عوبەیدوڵا تەلەفۆنی بۆم کردوە کە بگەڕێمەوە بۆ عێراق، لە وەڵامیدا پێم گوت: "سابیر ئەوە مەکە، ئێستا ئێمە لە دۆخێکی خراپ داین و وەزعمان زۆر لە مەترسی دایە. مەلا مستەفا نەماوە و دوژمن حیسابی نەمانیش بۆ ئێمە دەکات. لەبەر ئەوە، عوبەیدوڵا و لوقمان و تۆ و هەرچی بنەماڵەی بارزانیی بکەوێتە دەستی بەعس، هەمووومان دەکوژێت." پێم گوت: "عوبەیدوڵا نەدەبوو تەلەفۆن بۆ تۆ بکات، دەبوو تەلەفۆن بۆ من بکات و بڵێ ئیدریسی برام مەلا مستەفا چوو، و ئێمە چی بکەین؟" منیش وەڵامم دەدایەوە و

**دەمگوت: "وەرە و لوقمانیش بێنەوە، ئێوە برا گەورەن و من و مەسعودیش خزمەتکار و بەردەوام دەبین لە خەباتدا، یان بە سەربەرزیی دەمرین، یان دەگەین بە ئاوات." کاک ئیدریس گوتی: "عومەر پێم بڵێ ئێستا قەبری ئەو برایانەم لە کوێیە و چیان بەسەر هات؟ بۆچی ئاوا دەکەن؟" بەمنی گوت: "تۆش دەتەوێ واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ و ئەو هەمووە خەباتەت بە فیڕۆ بدەی؟ ئایا دەزانی کە ئێمە لە کەشتییەکی شکاودا لە دەریای ئارام داین و ئەگەر ئازا نەبین وەک ئەوان لە ئاودا نوقم دەبین؟" کاک ئیدریس قەڵەمێکی بە دوو قامک گرتبوو، و دەیجوڵاند و شێوازی ڕۆیشتنی کەشتی و نوقم بوونەکەی بەمن نیشان دەدا.)**

بە کورتی، هەموو کەسایەتییەکانی نزیک بە شۆڕشی ئەیلول و بنەماڵەی بارزانیی شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە سەرۆک مستەفا بارزانی چاوپۆشی لە هیچ کەسێک نەکردوە کە لەژێر ناو و نیشان و عینوانی جیاوازدا بە پێچەوانەی دادپەروەریی کۆمەلایەتی، ئایینی و سیاسیی لە شۆڕشدا جولابێتەوە. ڕەوانشاد عوبەیدوڵا ئەندامێکی شۆڕش بووە و خۆی بەرپرس بووە لە ڕەفتار و کرداریدا. هەروەها سەبارەت بە فاخر مێرگەسوری، پێویستە بڵێم، فاخر بە پێچەوانەی شەهید حوسێنی برای، کەسێکی ناپاک بوو، و دژی شۆڕشی ئەیلول هاوکاریی ڕژێمی بەعسی عێراقی کردوە. تەنانەت بە حورمەتی شەهید حوسێن[٣١] چەند جار چاوپۆشی لێکراوە، بەڵام ئەو بەردەوام بووە لە خیانەت کردندا.

لەوبارەیەوە کە ئایا مەلا مستەفا و کوڕەکانی بەشداریی شەڕەکانیان کردوە، یان نا؟ هەموو لایەک ئاگاداری بوونی ڕێزدار مەسعود بارزانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی هەن لە شەڕی پێشمەرگە دژی داعش و دەزانن کە خۆی فەرماندەیی بەشێکی زۆری ئەو شەڕانەی کردوە. ئەوەش دەزانن کە سەرۆک مستەفا بارزانی لە پێشمەرگایەتی و لەنێو شەڕەکانی کوردستاندا بە سەرۆکایەتی گەیشت. ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٣ لە شەڕی نێرگێ "بەری زەر" لە بەرەی مەرگەوەڕ بریندار بوو. بێگومان مەحمود ڕەزا زانیاریی لەسەر هێرشی سێ فەوجەکەی ڕژێمی عیراق بۆ سەر دۆڵی قاژە هەیە کە بە

سەرۆکایەتی بەرقی بەگ لە ساڵی ١٩٣٢دا ئەنجامی گرت. ئەوە شیعری ئەو سەربازە کوردەیە کە لەگەڵ ئەو سێ فەوجە بوو:

**سێ فەوج بووین سی مان نەما مەلا کارێکی پێ کردین بووین بە سینەما**

هەروەها سەرنج بدەنە نامەکانی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی کە لە شۆڕشی ئەیلولدا، لە بەرەکانی شەڕدا بۆ ڕێزدار مەسعود بارزانی نوسیوە و من دەقی ئەوانم لە کتێبی **(ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین)**دا بڵاوکردوەتەوە.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی چواردەی وتارەکەیدا ئاماژە بە کوژرانی چوار گەنجی سەربە جاشەکانی ٦٦ دەکات و دەڵێت:

**١٤- (پارتی لە ١٥ ی ١١ ی ١٩٦٨ دا، چوار گەنجی جوتیار و بێ دەسەڵاتی گەلاڵەی باڵەکایەتی و گەنجێکی دەربەندی باڵەکایەتی، بە تۆمەتی جەلالی بون، گرت. تەمەنیان لە نێوان ٢٠- ٢٨ساڵا بو. لە مایسی ١٩٦٩ بە فەرمانی لوتکەی دەسەڵات، هەر پێنجیان بێسەر و شوێن کران. خەڵکی ناوچەکە ئەڵێن، زینەبەچاڵ کراون. تا ئێستا گۆڕیان ونە. ناویان: "ڕەسوڵ مستەفا ڕەسوڵ ئەحمەد ١٩٤٩، قادر حوسێن مەلا قادر ١٩٤٥، عەزیز حوسێن مەلا محەمەد ناسراو بە فەقێ عەزیز سەلامیەنی ١٩٤٢، حەسەن قادر محەمەد ئەحمەد ناسراو بە حەسەنی مەلا حاجی ١٩٤١، ئەنوەر ڕەسوڵ شێخە" بو.)**

هەموو لایەکمان دەزانین کە لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ساڵی ١٩٧٠، گروپی ئیبراهیم ئەحمەد بە شێوەی ڕەسمی چەکی حکومەتیان پێبوو، و لە شەڕەکان و لە دەرەوەی شەڕەکاندا، لایەنگری شۆڕش و پێشمەرگەیان لە هەر جێیەک کەوتبا دەست، دەیانکوشت. لە ماوەی پێنج ساڵ شەڕی نێوان حکومەت و جاشەکانی دژی پێشمەرگە، جگە لەو پێنج کەسانەی مەحمود ڕەزا ئاماژەیان بۆ دەکات، بێگومان ژمارەیەکی زیاتر لەوانەی هاوکاریی جاشەکانی ٦٦یان کردوە، لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە کوژراون. بە هەمان شێوەش، هەروەک چۆن جاشەکان لە هەر جێیەک پێشمەرگە و

ئەندام و لایەنگری شۆڕشی ئەیلولیان دەست دەکەوتوە، شەهیدیان کردون. لەو بارەیەوە عەبدوڵا پشدەری دەڵێت:

**- (ئەوانە شکابوون و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر بە ڕێگای فاخر مێرگەسورییەوە پێوەندیان بە مەلا مستەفاوە کرد و داوایان کردبوو کە ئەگەر مەلا مستەفا عەفویان بکات، دەگەڕێنەوە، گوتبوویان ئێمە بۆ جارێکی تر باوەڕمان بە حکومەت نەما. ئەوە بوو مەلا مستەفا زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردن و ئیجگار ئیحترامی گرتن. ئیبراهیم ئەحمەد بە مەلا مستەفای گوت: ئێمە دۆڕاندمان و تۆ سەرکەوتی و ئێمە تەسلیمین.)**

سەبارەت بە کوژرانی ئەو پێنج کەسانەش دوکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت:

**- (من بە دروستی ناوی ئەو پێنج کەسانەم لەبیر نییە. بەڵام ڕاستی کێشەکە بەم جۆرە بوو. ئێمە ببووین بە دووبەش. ئەوان لەگەڵ حکومەت بوون و ئێمەش لە شاخ. لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ١٩٧٠ کە گەڕانەوە. ئەو دوو لایەنە لە هەر جێیەک توشی یەکتر بایەن، یەکتریان دەکوشت، یان هەر کەسێکی ئێمەیان گرتبا، دەیانکوشت و بە دەیان کەسیان لە سلێمانی کوشت و پێشمەرگەکانی ئێمەش هەر کەسێکیان لەوان گرتبا دەیانکوشت. تۆ کاک حامید خۆت شەڕی براکوژیت دیوە و لەوێدا ئەتۆ ناتوانی تاوانبار و بێتاوان بدۆزییەوە.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی پازدەیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کوژرانی دوازدە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق دەکات و دەڵێت:

**١٥- (ساڵی ١٩٧٢، "١٢" کادری حیزبی شیوعی عیراق لە دوای تەواو کردنی خولێکی سیاسی لە یەکێتیی سۆڤێت، لە ڕێگەی سوریاوە گەڕانەوە بۆ عیراق. کە داخڵی بادینان بون، لێپرسراوی سەربازیی پارتی لە بادینان، عیسا سوار، هەر دوازدە کادرەکەی گرت و بێ سەروشوێنی کردن. هەتا ئێستا گۆڕیان ونە.)**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە من ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٧ لە مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان وەرمگرت، مێژووی کوژرانی ئەو کەسانە

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا بووە، نەک لە ساڵی ١٩٧٢. ڕێزدار تەحسین محەمەد خەلیل "ئەبو دڵشاد" گوتی: **(هەرچەندە ئەوکاتە ئێمە چۆنیەتی کوژرانی ئەو ژمارەیەمان لە ڕۆژنامەکانمدا بڵاو کردوەتەوە، بەڵام وەک حیزب ئێستا ئێمە بەڵگەیەکی بە نوسراومان لە چۆنیەتی شەهید کردنی ئەو ژمارەیە نییە، بەڵام توما توماس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبمان لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ شەهید بوونی ئەو ژمارەیە کردوە.)** توما توماس لە لاپەڕەی ١٣٢ی کتێبەکەیدا "اوراق توما توماس" کە دوای کۆچی دوایی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٦دا، ساڵی ٢٠١٧ لە چاپخانەی ئازادی لە هەولێر بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە کوژرانی ئەو دوازدە ئەندامانەی حیزبی شیوعی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا دەڵێت:

**- (هەرچەندە پێوەندیی ڕەسمیمان لەگەڵ بزوتنەوەی کوردستان هەبوو، بەڵام کادرێکمان بە ناوی تەها مەلا ئەحمەد لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا، بە فەرمانی عیسا سوار لە دەشتی زاخۆ کوژرا. عیسا سوار بۆ تەواو کردنی ئەو هێرشەی بۆ سەر حیزبی شیوعی هەرلەو ساڵەدا، یازدە هاوڕێی تری ئێمە کە لە یەکیەتی سۆڤیەت گەڕابوونەوە لە پەڕینەوە لە فیشخابوردا داوای لە مەحمود حەمدی کرد کە ئەوانی تەسلیم بکات. دوای تەسلیم کردنی، ئەوانی لە نزیک گوندی "بێ بزن" لە سەر لێواری چیای سپی ئیعدام کرد.)**

عیسا سوار فەرماندەی هێزی ناوچەی زاخۆ، یەکێک بوو لە هاوڕێیانی بارزانی لە کۆماری کوردستانی و یەکیەتی سۆڤیەت. ناوبراو ساڵی ١٩٧٣ لە کاتێکدا ئەو ئەندامانەی حیزبی شیوعی کوشت کە حیزبی شیوعی هاوپەیمانی ڕژێمی بەعسی عێراق بوو. سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆک مستەفا بارزانی، عیسا سواریان بەو تاوانەوە، لە فەرماندەیی هێزی زاخۆ خست و لە حاجی ئۆمەران دەسبەسەریان کرد، بەڵام ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕی ڕژێمی بەعس دژی کوردستان دەستی پێکردەوە، ئیزنیان بە ناوبراودا کە بگەڕێتەوە شوێنی بەرپرسایەتییەکەی.

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول لە مارسی ١٩٧٥، لە کاتێکدا عیسا سوار خەریکی کۆکردنەوەی بنکەکانی هێز و

پاشەکشە پێکردنی پێشمەرگەکانی هێز بوو، دوای سەرلێدانی لە بنکەیەکی پێشمەرگە، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێی، بەناوەکانی عەلی زووریی و عەلی ماوەتی لە مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٥دا، لەلایەن دوو پێشمەرگەیتر بە ناوەکانی عەلی بەگ و برازاکەی بەناوی کوردی عەبوش تیرۆر کرا. شایانی باسە کە دواتر ئەو دووانەش کوژران.

بەهەر حاڵ، کوژرانی ئەو یازدە ئەندامانەی حیزبی شیوعی بە فەرمانی عیسا سوار لە کاتێکدا روویدا کە حیزبی شیوعی بە ڕاسپاردەی یەکیەتی سۆڤیەت، لە ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٧وە لەگەڵ حیزبی بەعس بەرەیەکی هاوبەشی پێکهێنابوو. بەرلە چوونی حیزبی شیوعی بۆنێو ئەو بەرەیە، ڕۆژی ١٩٧٣/٦/٢ ڤیکتۆر پاسڤالیۆکی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا و ئیگۆر سکرتێری برایەتی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، بە نامەیەکی سەرکردایەتی سۆڤیەتەوە بۆ بارزانی، چوون بۆ حاجی ئۆمەران و داوایان لە بارزانی کرد کە بچێتە ئەو بەرە دوو قۆڵییەی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعییەوە کە بارزانی پێی گوتن:

**- (ئاخۆ ئەو سەرکردایەتییە ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەکات کە بەعس ڕێز لەم هاوپەیمانییە دەگرێت و پابەندی هەموو ئەو شتانە دەبێت کە هاوپەیمانیەتی پێویستیان دەکات؟)**

بارزانی لە درێژەی وتەکەیدا، داوای دەستەبەرییەکی دەستنوسیشی لە مۆسکۆ کرد، بەڵام سەرکردایەتی سۆڤیەت ئەم داوایانەی بارزانی بە قورس و زۆر زانی و دەیانویست بارزانی داواکارییەکانی کەم بکاتەوە.

دوای پاڵوەدانی حیزبی شیوعی بە ڕژێمی عێراق، پێوەندییەکان پێچەوانە بوونەوە، سەرکردەکانی حیزبی شیوعی ئەشکەنجە و کوشتاری ساڵی ١٩٦٣ی ڕژێمی بەعس و پێشوازیی کردنی بارزانیان لە ئەندامان و سەرکردایەتی حیزبەکەیان لەبیر کرد و ئەم جارەیان چەکیان لە ڕژێم وەرگرت و فەرمانەکانی ڕژێمیان بۆ کوشتنی براکانی دوێنێیان لە ئەستۆ گرت و ڕژێمیش بەو دەستکەوتەی زۆر خۆشحاڵ بوو کە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد بەدەست هاوپەیمانەکانی دوێنێیان دەڕژایە سەر زەوی. لەو بارەیەوە

مەسعود بارزانی لە ژێرنوسی لاپەڕەی ٩٥ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (لێرەدا پێویستە لەسەرم ڕۆڵی گەورەی عەزیز شەریف بخەمەڕوو کە بە پشتیوانیی سۆڤیەتەکان بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە دەیگێڕا و هەوڵی دەدا بۆ گێڕانەوەی پێوەندی نێوان پارتی و حزبی شیوعی بۆ جاری جارانی. چەندین نامەش لەم بارەیەوە لەنێوان بارزانی و عەزیز محەمەددا ئاڵوگۆڕ کران، بەڵام سەرکەوتنی عەزیز شەریف لەم بوارەدا بۆ ماوەیەکی کەم بوو. ئەوەندەی نەبرد دۆخەکە سەرلەنوێ ئاڵۆز بۆوە و حزبی شیوعی چۆوە ڕیزی بەعسەوە.)**

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، سەرئەنجام ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ کەوتەوە ڕاوەدوونانی شیوعییەکان و حیزبی شیوعی ساڵی ١٩٧٩ گەڕایەوە ڕیزی شۆڕشی کوردستان، بەڵام دواتر کەوتە ڕاوەدوونانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و کارەساتی پشتئاشانی لێکەوتەوە.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی شازدەیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کوژرانی ڕەوانشاد شێخ محەمەد هەرسین دەکات و دەڵێت:



**١٦- (دوای مردنی بارزانیی باوک، بە فەرمانی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی، شێخ محەمەدی هەرسین، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی، رفێنرا و بێ سەروشوێن کرا. تا ئێستا ژن و مناڵەکانی نازانن تەرمەکەی لە کویا نێژراوە یا فڕێ دراوە.)**

لە مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٩ کە هێشتا پارتی دیموکرات لە لایەن ڕێبەرایەتی کاتی "قیادەی موەقەت"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا، شێخ

محەمەد هەرسین لەگەڵ شەهید فەتاح ئاغا و مامۆستا هەردی لە کەرەجەوە هاتووە بۆ شاری شنۆ کە بەشداریی لە چلەی سەرۆک مەلا مستەفا بارزانییدا بکات کە دوای ڕێوڕەسمەکە لەوێ ونبوو، و هێشتا خۆی یان تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە. بۆ دۆزینەوەی وەڵام سەبارەت بە کوژرانی شێخ محەمەد پێوەندییم بە چەندان کەسی نزیک بە ناوبراوەوە کرد. لەو بارەیەوە ڕێزدار مستەفا ئەمین ئاغا کادر و پێشمەرگەی دێرینی پارتی دیموکرات ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٠ پێی گوتم:

**- (شێخ محەمەد هەرسین کێشەی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و پارتی نەبوو. بگرە یەکێک بوو لە نزیکانی مەلا مستەفا. کۆنە کاژیک و هەڵگری بیرێکی قوڵی نەتەوەیی بوو. ئەو دروشمێکی تایبەت بە خۆی هەبوو کە دەیگوت: "تۆ وڵاتەکەت خۆش دەوێ، یان خۆت و ئەگەر لە مەترسی بکەوی کامەیان هەڵدەبژێری؟" شێخ محەمەد لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و ژمارەیەکی تر لە بارزانییەکان و ئەندامانی پارتی لە کەرەج دەژیا و لە تاران کاری بازرگانیی دەکرد. لە بیرمە لە ڕێوڕەسمی چلەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانیدا، لە ڕێوڕەسمەکە فیلمی هەڵدەگرت. دوای ئەو دانیشتنە بوو کە لە شنۆ ڕۆیشت و ئیتر نەگەڕایەوە و کەس نەیزانی کێ کوشتی و تەنانەت قەبرەکەشی نەدۆزرایەوە. ئەوکاتە لە ئێران شۆڕش کرابوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی شنۆی بەدەست نەبوو.)** هەرلەو بارەیەوە، ڕێزدار عومەر عوسمان ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١١ لە مەسیف سەلاحەدین پێی گوتم:

**- (کوشتنی شێخ محەمەد هەرسین بە ئەمری ئیدریس و مەسعود بارزانی نەبوو، بەڵکوو بە بڕیاری دادگا کوژرا. دادگایەک کە لەلایەن قیادەی موەقەتەوە بۆی پێکهات، لەو دادگایەدا داوای ئەو سەروەت و سامانەی حیزبیان لێکردبوو کە ئەو دەستی بەسەردا گرتبوو. شێخ محەمەد ساڵی ١٩٧٤ بەرپرسی بازرگانیی حیزب بوو لە تاران و دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ وەڵامی بەرپرسانی حیزبی نەدەدایەوە. ئەوە بوو، دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی چلەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە شنۆ، لەلایەن**

قیادەی موەقەتەوە گیرا و دوای مەحکەمەیەکی زۆر ئیعدامیان کرد. لە بیرمە ڕۆژێک محیەدین ڕەحیمی برای هەڤاڵ جوجەڵە بە کاک سامی عەبدولڕەحمانی گوت: "دەڵێن سامی، شێخ محەمەد هەرسینی کوشتوە." ئەو لە وەڵامیدا گوتی: "من نەمکوشتوە، بەڵکوو شۆڕش محاکمەی کردوە و بە فەرمانی دادگا کوژراوە." )

بۆ دۆزینەوەی بکوژی ئەسڵی شێخ محەمەد، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٨ پێوەندیم بە ڕێزدار ئاری هەرسین کوڕی ڕەوانشاد و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە کرد. ناوبراو گوتی:



- (بەو زانیارییەی کە من هەمە، پارتی دیموکرات باوکی منی نەکوشتوە و کوژرانی ئەو لەلایەن پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانییەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە. باوکم یەکێک بوو لە بەشدارانی چلەی کۆچی دوایی مەلا مستەفا لە شنۆ و دوای ئەو بەشداریی کردنەی دیار نەما و شەهید کرا. کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات خۆی بۆ ساخ نەدەکرایەوە و سەرکردەکانی پارتی ناوی "قیادەی موەقەت"یان لەسەر خۆیان دانا کە بە ئاکامێک بگەن و بە ناوێکی نوێ، یان بە هەمان ناوی کۆن درێژە بە خەبات بدەن. هەندێک کەس لە قیادەی موەقەت دا هەبوون کە باوەڕیان بە سەرۆکایەتی کردنی بنەماڵەی مەلا مستەفا نەمابوو، بەڵام بنەماڵەی مەلا مستەفا یەکەیەکی بەهێزی سیاسی، سەربازیی و کۆمەڵایەتی بوو. لەبەر ئەوە، بۆ دەسبەسەردا گرتنی پارتی، باشترین ڕێگا ئەوە بوو کە کێشە بخەنە نێوان کاک مەسعود و کاک ئیدریس و دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە لە بزوتنەوەی کورددا لاواز بکەن. لەو بارەیەوە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە دەرەوەی کوردستانیشدا قسە دەکرا و لە

لەندەن کۆبوونەوەی بۆ کرا و تەنانەت بەیاننامەیەکیشیان لەسەر بڵاو کردەوە. باوکم لە دەرەوەی ئەو پیلانگێڕییەدا بوو، لە کۆنەوە لەگەڵ مەلا مستەفا پێوەندی نزیکی هەبوو، و تەنانەت لە کاک ئیدریسیش نزیک بوو. لە ڕاستیدا کوژرانی باوکم لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پیلانەدا بوو، و کاک ئیدریس و کاک مەسعود بە هیچ شێوەیەک ئاگایان لەو تاوانە نەبوو.)

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی حەڤدەی وتارەکەیدا ئاماژەی بە کوژرانی فاخر و حەمە ئاغای مێرگەسوریی دەکات و دەڵێت:

١٧- (کۆمەڵکوژیی بنەماڵەی حەمەداغای مێرگەسۆر زۆر جێگەی تێڕامانە. حەمەداغا سەرۆکی عەشیرەتی شێروانی بوو کە عەشیرەتێکی گەورەی ناوچەی بلێ و بارزانە. حەمەداغا پیاوێکی کوردپەروەری شۆڕشگێڕ بو. لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد پلەی سەربازیی کۆلۆنێڵی درابویە و سەرپەرشتی بەرەی شەڕەکانی سەقزی کرد بو. دوای کەوتنی کۆمار، لەگەڵ شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان گەڕایەوە عیراق. گیرا و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچو. سزاکەی کرا بە ٢٠ساڵ و دوای بەسەر بردنی ٦ ساڵ، ئازاد کرا. لە هەمو شەڕەکانی ناوچەی بارزانا بەشداری کردوە. چ ئەوانەی لە دژی حکومەت و سپای عیراق بون، چ ئەوانەی دژی عەشیرەتەکانی دوژمنی شێخانی بارزان بون. لە شۆڕشی ئەیلول یشا پلەی پێشمەرگایەتی گەیشتە ئامر هێزی، هێزی سەفین. فاخری کوڕی حەمەداغا گەیشتە پلەی ئەندامەتی لیژنەی مەرکەزیی پارتی. لە کۆنگرەی ٨ ی ساڵی ١٩٧٠ ی پارتیا هەڵبژێردرا. پێشتر ناوبانگی فاخر بەهۆی سەرکردایەتی شەڕە بەناوبانگەکانی "کۆڕەک ١٩٦٤ و هەندرێن ١٩٦٦" وە، هەروەها بەهۆی سەرکەوتنەکانی لە سەرکردایەتی شەڕەکانی نێوان مەلایی و جەلالی دا لە هەمو ناوچەکانی سلێمانی، ناوبانگی هەمو ناوچەکانی کوردستانی تەنی بو. بە خزمایەتی یش تێکەڵی شێخانی بارزان بون: دایکی مەلا مستەفا، پوری باوکی حەمەداغا بوە. مەحبوبەی ژنی مەلا مستەفا، دایکی عەبەیدوڵڵا و ئەوان، پوری حەمەداغا بوە. کەچی نە

**ئازایەتی و کوردپەروەری و شۆڕشگێڕی و نە خزمایەتی دادی نەدان. لە ماوەی چەن ساڵێکا بە فەرمانی مەلا مستەفا وێخ و واری بنەماڵەی حەمەداغا، لە بەر دو هۆ: ترس لە توانای سیاسی و نفوزیان و ترس لە یەکگرتنیان لەگەڵ عوبەیدوڵلای کوڕی لە دژی، لە بن دەرهێنرا و نێرینەیان لێ بڕین: ساڵی ١٩٦٣ لە بەرەی شەڕی بەرگری کردن لە بارزان دژی سپای عیراق، حوسێنی کوڕە گەورەی حەمەداغا شەهید بو. لە تەموزی ١٩٧١ دا پاراستن لە ناو هەولێرا جەمیلی حەمەداغای کوشت. لە تەموزی ١٩٧٢ دا فاخر و سەعیدی برای و خەڵۆ برادۆستیی خزمیان، گیران و بێ سەروشوێن کران. تا ئێستا گۆڕیان ونە. لە نیسانی ١٩٧٣ هەتا دوای ئاشبەتاڵ حەمەداغا و کوڕەکانی: ڕەشید، ئەسعەد، مەجید و جەوهەر لە زیندانەکانی رایات و خەلان زیندان بون. شەوی ٢٢ ی ئازاری ١٩٧٥، واتە سێ رۆژ دوای راگەیاندنی ئاشبەتاڵ لە لایەن بارەگای بارزانیەوە، گولەباران کران و تەرمەکانیان فڕێ دان. دوای چەن رۆژێ سۆراخ، خێزانەکانیان تەرمەکانیان دۆزینەوە.)**

محەمەد ئاغای مێرگەسوری، بە وتەی کەسانی شارەزا و نزیک لە بنەماڵەکەی، ڕێزێکی زۆری لەلای مەلا مستەفا هەبوو، و مەلا مستەفا پێی دەگوت خاڵ و زۆری ڕێز لێدەنا.

لە مانگی مای "ئەیار"ی ١٩٤٣ کە مەلا مستەفا لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و بە هاوکاریی ژمارەیەک لە بارزانییەکان، بنکەکانی پۆلیسی شانەدەر، ڕێزان، بیرەکەپران، تێل، مێرۆز، ئەرگوش، سێرک، کانی بۆتێ، بێدارون، زێت، شێروانی مەزن، چەمێ، کانی ڕەش و خێرۆزۆک و.... تد چەک کرد، یەکەم مەفرەزەی کورد کە لەگەڵ هێزەکانی حکومەت هێرشی کردە سەر بارزانییەکان و چیای برادۆست مەفرەزەی حەمە ئاغای مێرگەسوریی بوو.

حەمە ئاغا دواتر بە ئامۆژگاریی ئەفسەرانی ئەندام لە کۆمەڵەی هیوادا کە پێوەندیان بە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدەوە هەبوو، گەڕایەوە لای بارزانیی و زۆری ڕێز لێگرا و ئەویش لە ڕەوتی ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٤٥دا

لێوەشاوانە هاوکاریی شۆڕشی دووەمی بارزانی کرد و تەنانەت یەکێک لەو کەسانە بوو کە ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ لەگەڵ بارزانییەکان چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٤٦ بەشداریی لە کۆماری کوردستاندا کرد و بەرپرسایەتیشی هەبوو. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، ناوبراو لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەڕایەوە بۆ عێراق و بۆ ماوەیەک لەلایەن حکومەتەوە گیرا و زیندانی کرا. دوای ئازاد بوونی، بەهۆی زیندانی بوونی شێخ ئەحمەد و سەرکردەکانی بارزان، ئەو سەرۆکایەتی دەڤەری بارزانی دەکرد.

لە پەنجاکاندا، فاخری کوڕی حەمە ئاغا، ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بوو. ئەو توانی حەمە ئاغا و ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆلای حیزبی شیوعی ڕابکێشێت. کاتی تێکچوونی پێوەندیی نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکرات، فاخر هەڵسوکەوتی نابەجێی لەگەڵ پارتی و بارزانی هەبوو. بەو بۆنەیەوە، لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩٦٣ کە ڕژێمی بەعس پەلاماری حیزبی شیوعی دا و ئەندامانی ئەو حیزبە پەنایان بۆ کوردستان هێنا، بارزانی باوەشی بۆ کردنەوە و فاخریش گەڕایەوە لای پارتی و ساڵی ١٩٦٦ لە شەڕی هەندرێنیشدا ڕۆڵی شایانی هەبوو.

لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ پێکهات، فاخر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردرا و هەرلەو ساڵەدا کرا بە بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکرات لە سلێمانی و ڕێزێکی زۆریش لە حەمە ئاغا و بنەماڵەکەی گیرا، بەڵام سروشتی حەمە ئاغا خۆی هەرگیز لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی نەدەگونجا. لە بواری بیرو باوەڕیشەوە دژی بیری شێخایەتی بوو، و بارزانییەکانیش ڕقیان لە ئاغایەتی بوو. لەنێو بارزانییەکاندا ئاغا نەبوو، و قەبووڵی ئاغایان نەدەکرد. لەبەر ئەوە، سەرەڕای هەموو ڕێزگرتنێک کە لە حەمە ئاغا و بنەماڵەکەی دەگیرا،

هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشوودا گوتم:

سەرۆک مستەفا بارزانی چاوپۆشی لە هیچ کەسێک نەکردوە کە لەژێر ناو و نیشان و عینوانی جیاوازدا بە پێچەوانەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسیی لە شۆڕشدا جوڵابێتەوە. فاخر مێرگەسوری بە پێچەوانەی شەهید حوسێنی برای، کەسێکی ناپاک بووە و بە دژی شۆڕشی ئەیلول هاوکاریی ڕژێمی بەعسی عێراقی کردوە. چەند جار بە حورمەتی شەهید حوسێنی برای چاوپۆشی لێکراوە، بەڵام ئەو بەردەوام بووە لە خیانەت کردندا. لەبەر ئەوە، ساڵی ١٩٧٤ لە گرمەی شەڕەکاندا گیراوە و لە خەلان زیندانی و دواتریش ئیعدامیان کردوە.

١- ئەحمەد بانیخێڵانی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢١٤- ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٢- موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، نوسینی بە عەرەبی، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزەنجی بۆ زمانی کورد، بەشی دووەم، لاپەڕەکانی ٦٨- ٦٩، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩.

٣- عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی "هەژار"، پاشکۆی شەڕەفنامە، لاپەڕەی ١٥٨. لە مهابادەوە بۆ ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، لاپەڕەی ٤٧٦- ٤٧٧، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠١.

٤- بعد از ٦٠ سال، کتێبی بیرەوەرییەکانی مام جەلال، لاپەڕەی ٧٥٤.

٥- گفتوگۆ لەنێوان مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە، ساڵی ١٩٧٠. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە، لاپەڕەکانی ١٧٤- ١٧٧، لە کتێبی تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. لە ویکیپیدیای کوردیدا هەیە.

٦- حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤، کوردەکان- لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی، بە زمانی ئینگلیزی، زانکۆ ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی

فارسی، حامید گەوهەری وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

٧- ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەرییەکانم، لاپەڕەی ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٨- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٩- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٤٥- ٤٤٦.

١٠- حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پێشوی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٦دا، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ من، دەنگی پارێزراوە.

١١- خەباتنامە، محەمەد مەلا قادر، لاپەڕەی ٦٠-٦١، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

١٢- عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی حیزبی شیوعی عێراق، لە وتووێژێکی تایبەت، هەولێر ٢٠١٢/٦/١٠.

١٣- خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠-٦١.

١٤- کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی. حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٢٤، چاپی دووەم دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

١٥- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٥٢- ٤٥٣.

١٦- تراویلکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد، لاپەڕەی ٢٨٧.

١٧- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٤٢.

١٨- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٩- ڕادیۆ پەیکی ئێران ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات "دیموکرات" دامەزرا و دواتر گواسترایەوە بۆ بولغارستان. سەردەمێک داود نەوروزی و دواتر ئیحسان تەبەری، حەمید سەفەری و جەوانشیر بەرپرسی بوون. بە زمانەکانی فارسی، کوردی و تورکی ئازەریی پرۆگرامی بڵاوکردوەتەوە. مامۆستا حەسەن قزڵجی بەرپرسی بەشی کوردیی ئەو ڕادیۆیە بوو و کەریم حیسامی هەواڵەکانی ئەو ڕادیۆیەی دەخوێندەوە.

٢٠- کەریم حیسامی وەک خۆی دەڵێت بە خوێندنەوەی نامەی سلێمان هەستی بریندار بووە. ناوبراو لەگەڵ ناردنەوەی وەڵام بۆ موعینی، ڕۆژی ١٩٦٦/١/٢ نامەیەکیشی بۆ دوکتۆر ڕادمەنیش ناردوە و ناوەڕۆکی نامەی سلێمان موعینی بۆ ڕوون کردوەتەوە و داوای لێکردوە پاسپۆرت و بلێتی هاتوچۆی بۆ ئامادەبکەن کە بچێتە عێراق و چاوی بە هەڤاڵانی حیزبی دیموکرات بکەوێ. ڕادمەنیش ڕۆژی ١٩٦٦/٢/١٢ وەڵامی حیسامی داوەتەوە و بۆی نوسیوە کە سلێمان نامەیەکیشی بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە و حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت ناردوە و مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە بە حیزبی شیوعی عێراقدا وەڵامی داوەتەوە و ڕایگەیاندوە ئامادەیە لە عێراق، لوبنان یان سوریا لەگەڵیان کۆببێتەوە. سەبارەت بە گەڕانەوەی کەریم حیسامی، ڕادمەنیش بۆ حیسامیی نوسیوە هاوڕێ ئەسکەندەریی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی دێتە بولغارستان و پێوەندیی پێوە بکە.

٢١- بارزانی هاوکات لەگەڵ وتوێژەکانی نێوان وەفدی کورد و ڕژێمی عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا، بنەماڵەکەی لە بارزانەوە گواستەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و لە گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقەی نیشتەجێی کردن و خۆشی بۆ ماوەیەک لە ئەشکەوتی مارەلاسەی نۆڕێ بوو. گوندی نۆری دەکەوێتە نێوان چیاکانی ماکۆک و بێترخێن و کێوەڕەش. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٤دا، "نازدار" خانی کچی حەمەئاغای سلێمانی بە بووک بۆ ئیدریس بارزانی هاتە گوندی دێرێ و هەرلەو ساڵەشدا مەسعود

بـارزانی هاوسـەرگیریی کـرد و بـووکی بـۆ هـاتە ئەو گونـدە. سـاڵی ١٩٦٥ بـارزانی گونـدی دێرێـی بەجێهێشت و چوون بۆ گوندی دیلمان.

٢٢- کۆمـاری چـین سـاڵی ١٩٦٠ پێوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ یەکیـەتی سۆڤیـەتی هاوپـەیمانی پچڕاند، بۆ ئەوەی کە لایەنێکی نوێ لە کومۆنیزم بە ناوی ماوییزم دابمەزرێنێت. بەرلـە دامـەزرانی کۆمیتـەی شۆڕشگێڕ، چریکی فیدایی خـەڵک بە سەرۆکایـەتی بیژەنی جەزەنی و موجاهیدینی خـەڵک بە سەرۆکایەتی حەنیف نژاد پێشڕەوانی ئەو بیرۆکەیە بوون لە ئێران. هەروەها دوای پیلینۆمی یازدەی حیزبـی تـودە لـە سـاڵی ١٩٦٤دا ئەحمـەدی قاسـمی و دوکتـۆر غـوڵام حوسـێن فروتـەن لـەو حیزبـە جیابوونەوە و لەگەڵ ژمارەیەکی تر کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەیان دامەزراند کە ڕێکخراوێکی ماویی بوو. دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات هیچ پێوەندییەکی بەو گروپەوە نەبوو، بەڵام ئەوان لە ئۆرگانەکەیاندا "تودە ئۆرگانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبـی توودەی ئێران"، پشتی بزوتنەوەی ٦٧- ٦٨ی حیزبی دیموکراتیان دەگرت و دژی شۆڕشـی ئەیلول کتێب و وتـاری جۆراوجۆیـان بڵاودەکردەوە.

٢٣- لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ئەمیر قازی، لاپەرەکانی ١٧٣- ١٧٤، ستۆکهۆڵم، گوڵانی ٢٠

٢٤- مەسعود بارزانی، بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد، بەرگی ٣، شۆڕشـی ئـەیلول، لاپەڕەی ٣٦٢، بە زمانی عەربیی، ساڵی ٢٠٠٢.

٢٥- چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، بەرگی یەکەم، ڕەشید ئەحمەدی، لاپەڕەی ١٦٠- ١٦٢، کتێبفرۆشی ئەرزان، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٩.

٢٦- بۆ زانیـاریی زیـاتر و بینینـی یەکەم نـامەی مەلا ئـاوارە بـڕواننە کتێبـی "ئـەحمەد تۆفیـق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا).

٢٧- وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن زادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەشـی بیـروڕای ڕۆشـنبیران، لە کتێبـی تـراویلکەی پیلانـەکـان دژ بە نەتەوەی کـورد دا درێـژەی وتووێژەکە بخوێننەوە.

٢٨- وتـووێژ لەگەڵ زەینەلعابـدین زنـار، درێـژەی ئەو وتـووێژە لە کتێبـی نوسـەرانی مێـژووی کوردستان دا بخوێننەوە. هەروەها، بڕواننە ژینەواری دەروێش سەعدۆ، زەینەلعابدین زنـار، لاپەڕەی ١٥٨، بە زمانی کرمانجی سەروو.

٢٩- حەسەن ئەرفەع، هەمان سەرچاوە.

٣٠- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٨٠- ٤٨١.

٣١- حوسێن حەمە ئاغا مێرگەسوری بە پێچەوانەی فاخر، بە تەواوی لە خزمەت شۆڕش و ڕێبازی بارزانیی دابوو. کەسایەتییەکی بەهێزی ساڵی ١٩٦٣ی شۆڕشی ئەیلول بوو. ئەو، بەڵێنـی بە سەرۆک مستەفا بـارزانی دا مەگەر دوژمـن بەسـەر جەسـتەی بـێ گیانیدا بتـوانێ خـۆ بگەیەنێتە بـارزان، ئەگەرنا ئەو ناهێڵێت. شەهید حوسێن وەفادار بوو بە بەڵێنەکە و هەر بەم جۆرەی گوتبووی، چەند هێرشی دوژمنی تێکشکاند و سەرئەندام شەهید بـوو، و دوژمن بەسەر تەرمەکەیدا لە بارزان نزیک بووەوە.

# پارتی دیموکراتی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان و سەردەمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە بەشی پێشودا، گوتم مەحمود ڕەزا ئەمین لە ٣٣ خاڵی وتارەکەی، ١٦ خاڵی گەڕاندوەتەوە بۆ سەردەمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. یەکەم خاڵی ئەم بەشەی، لە ژمارەی هەژدەوە دەست پێدەکات و هەر لەم خاڵەی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ شەڕی پەکەکە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام بۆ تاوانبار کردنی پارتی دیموکرات، سەرەڕای پێچەوانە کردنەوەی ڕووداوەکان، ناوی گریلاشی کردوە بە پێشمەرگە و دەڵێت:

**١٨- (لە ناوەڕاستی نەوەتەکانا، پارتی لە ناو هەولێر پەلاماری PKK ی دا و، نزیکەی ١٠٠ کادر و پێشمەرگەی بردن و بێ سەرشوێنی کردن. تا ئێستا گۆڕ و هەواڵیان ونە.)**

هەموو دەزانین، بۆ یەکەم جار بەرەی کوردستانیی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ لە باشوری کوردستاندا، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی بەڕێوەبرد. گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ یەکەم پەرلەمانی خۆی بە هاوبەشی لەنیوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، برا کریستیانەکان و تورکمانەکانی کوردستان پێکهێنا. من خۆم شانازیی ئەوەم هەبوو کە یەکێک بم لە چاودێرانی ئەو هەڵبژاردنە و بەشداریيم کرد لە دەستبەکار کردنی یەکەم خولی یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا و بیست ڕۆژ دوای پێکهاتنی پەرلەمان، ڕاپۆرتی خەباتەکەم لە کتێبێکی ٢٢٠ لاپەڕەییدا لەژێر ناوی **"ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان"** لە وڵاتی سوید بڵاوکردەوە.

لەو کاتە ناسکە، لەو هەلومەرجەدا کە یەکەم جار بۆ نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان ڕەخسابوو، پەکەکە بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی هەموو کوردستان، خەریک بوو کوردی شار و گوندە ئازاد کراوەکانی باشوری کوردستانی ڕێکدەخست و بە دژی پارتی

دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هاتە گۆڕەپانەکەوە و پشتیوانی و بەرگری کردنی ئەمریکا و ئینگلیز و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە کوردی باشور، بە کفر و خیانەت بە کورد ناساند و ڕایگەیاند: **(گەل نابێ بایەخ بە یاساکانی پەرلەمان بدات.)**

هەروەها ڕایگەیاند کێشەی باشوری کوردستان بەبێ پەکەکە چارەسەر نابێ و پارتی و یەکێتی دەبێ پەکەکە بە لایەنێکی کێشەی کورد لە باشوری کوردستان بزانن. هەرکە پارتی و یەکێتی ڕێیان پێنەدا دەست لە کاروباری باشوری کوردستان وەربدات، پەکەکە دروشمی ڕوخاندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی بەرز کردەوە. دروشمێک کە تا ئەوکاتە و ئێستاش بۆ ڕژێمی تورکیا و داگیرکەرانی کوردستانی بەرز نەکردوەتەوە.

ناوەندەکانی حەفتانین، خواکورک، مەتینا و چقورچەیان بە گەریلا بەهێز کرد و لە هەندێک جێگەشدا بە ناوی پارتی ئازادیی "پاک" بۆ تێکدانی باری کوردستان، دەستیکرد بە ئاژاوە نانەوە. کۆبوونەوەی هێزەکانی پەکەکە لەو ناوەندانە، دەوڵەتی تورکیای هاندا کە پەیتا پەیتا بە فڕۆکە پەلاماری گوندەکانی باشوری کوردستان بدات و لە ئاکامدا زیانێکی زۆری گیانی وماڵی بە دانیشتوانی سەر سنوری دەستکرد باشور لەگەڵ باکوری گەیاند.

ئەوانە لە کاتێکدا ڕوویان دەدا کە هێشتا عەبدوڵا ئۆجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە لەسەر شێوەی خەبات و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەیان دژی ئیمپریالیزم لە باشوری کوردستان و تورکیا دوو دڵ بوون و نەیاندەزانی چۆن و لە کوێ کەڵک لە گەریلاکانیان وەربگرن و لە هەلومەرجی ڕەخساودا، دژی کێ و کام لایەن شەڕیان پێ بکەن، بەڵام شەڕیان دەویست. لە باکوری کوردستان هەرچەندە گەلی کورد ئامادەی گیانبەخت کردن بوو، و دەیویست وەک باشوری کوردستان بە ئازادی بگات، بەڵام ئۆجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە توانای کەڵکوەرگرتنیان لەو هێزەی گەل نەبوو، یان نەیاندەویست دژی دەوڵەتی تورکیا بەکاریان بێنن، بەڵام خەبات و

چالاکییەکـــانی جەماوەریـــان لەوێ بە نـــاوی خۆیـــان تۆمـــار دەکـــرد. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

**- (ئەو کاتە گەلێک مشت و مڕ دروست دەبوو، کە ئایا ساڵی ١٩٩٢ لە باشوور شەڕ بکەین یان لە باکور. واتە هەستمان بەو مەترسیە دەکرد کە ڕژێمی تورکیا شەڕ بهێنێتە ناو گۆڕەپانی باشوور. چونکە هێشتا هێزی سەرەکیمان لە باشوور بوو. هەروەها دەیانزانی کە PAK مان دامەزراندوە و دەخوازین لە باشوور خەبات بکەین. تەنانەت لێپرسراوی بنکەی خواکورک بۆخۆشی دەیگوت: "شەڕ دەکەوێتە باشوور و پێویستە بەگوێرەی ئەمەش ئامادەکاری بکەین." واتە لە دەست نیشان کردنی ڕەوشی شەڕدا لاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا مەسەلەی خستنی ئەو بڕیارە لەناو پراتیکدا بوو[١].)**

لەو کاتەدا، ئۆجەلان بە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیـۆری حکـومەتی شـەڕ و پەرلـەمـانی نەتەوەیـی بڵاوکـردەوە و بڕیاریـدا بە کـردەوە بـۆ دامەزرانـدنی ئەو پەرلـەمـانە خەیـاڵییە وەک ئەڵتەرنـاتیڤی پەرلـەمانی کوردستان خەبات بکەن[٢].

بەو مەبەســتە، پەکەکە ڕۆژی ١٩٩٥/٤/١٤، پەرلـەمـــانێکی لە ئەوروپـــا دامەزرانـد و نـاوی **"پەرلـەمـانی نەتەوەیـی"** لەسـەر دانـا و ویسـتی وەک ئەڵتەرنـاتیڤی پەرلـەمـانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، لە ئەوروپـاوە بیگـوازێتەوە بـۆ باشـوری کوردسـتان و نـەک هـەر باشـوری کوردسـتان، بەڵکـوو هەمـوو کوردسـتان سـەربەخۆ بکـات و بە خەیـاڵ و گـوتنی ئـۆجەلان: **بەو پەرلەمانە بەرژەوەندیی ئەمریکا، تورکیا و پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بخاتە مەترسییەوە.**

بـۆ گەیشـتن بەو خەونە، پەکەکە سـاڵی ١٩٩٥ هەوڵیـدا ئەنـدامانی پەرلـەمانە خەیاڵییەکەی لە باشوری کوردستان جێگیر بکات و حکومەتێکیش لەژێر ناوی حکومەتی "زاب" لەوێ دامەزرێنیت. هەرچەندە بۆ ئەو مەبەستە چەنـد کەسـێکی لە شـاری سـلێمانی جێگیـر کـرد، بەڵام لە پرۆژەکەیـدا سەرنەکەوت. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(دوژمن لەوە دەترسا کە باشووری مەزن بکەوێتە دەستی ئێمە. ئەگەر ئێمە گرانیی خۆمان خستبا**

**سەر باشوور، هیچ سیاسەتێک بێ ئێمە جێبەجێ نەدەبوو و بەرژەوەندی ئەوان دەکەوتە مەترسییەوە. ئەمە بۆ ئەمریکا و تورکیا و پارتەکانی باشوور مەترسیدار بوو و ئەو ناوچانە دەبوونە بنکەیەک بۆ کوردستان و ئەویش مردنی ئەوان بوو[٣].)**

سەرەتا پێویستە بڵێم ئەوکاتە لە فەرهەنگی بەستراوەیی سیاسیی ئۆجەلان و پەکەکەدا نەبوو کە باس لە ڕۆژئاوای کوردستان وەک بەشێک لە خاکی کوردستان بکەن، ئەوان بۆ ڕازی ڕاگرتنی بنەماڵەی ئەسەد نەیاندەویست ناوی ڕۆژئاوای کوردستان، بە زمان و بە نوسین بەکار بهێنن. هەرچەندە باشیان دەزانی لە بواری زانستییەوە، خاڵێکی بچووکیش چوار سوچی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکور و باشوری هەیە! بەڵام بە وتەی ئەوان، کوردستانی کوردان لە سێ هێڵی ڕۆژهەڵات، باکور، باشوری مەزن و باشوری بچکوک پێکهاتبووە. سەبارەت بە شەڕی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا دژی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، مستەفا شەفیق یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی پەکەکە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

**- (پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ تێڕوانینی ئایدیولۆژیای پەکەکە بکرێت کە لە چوارچیوەی شەڕی دژ بە باشوری کوردستان و بەتایبەتی دژی سەرۆکایەتی بارزانی بوو. پەکەکە لە چوارچێوەی کوردستاندا، باکوری کوردستان بەو پارچەیە دەزانێت کە بتوانێت سەرکردایەتی بزاڤی کورد بکات و گشت پارچەکانی تر دەبێت سەر بەم بەشە بن. باشوری کوردستان بە تێڕوانینی ئۆجەلان دەبێ سەربە باکور بێت. هەروەها لە ڕووی چینایەتیشەوە بە ڕای ئۆجەلان، چینی دەرەبەگی پارتی دیموکراتی کوردستان و چینی بۆرژوازی بچووکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بۆیە هەرچۆنێک بێ دەبێ کورسی سەرکردایەتی بۆ پرۆلتاریا چۆل بکەن کە پەکەکە نوێنەرایەتی دەکات. ئەم بۆچوونەی پەکەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە کتێبی پرسی نەتەوەیی کورد و**

**ڕێگاچارەسەریدا داڕێژراوە. لەم چوارچێوەیەدا بۆ پەکەکە ڕەوا بوو کە شەڕ لە باشور و لەگەڵ هێزە سیاسییەکان باشوری کوردستان بکات.)**

بەهەرحال ئۆجەلان لەسەر ئەو بنەمایە و دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دروشمی ڕوخاندنی پەرلەمانی کوردستانی بەرز کردەوە و جەمیل بایک گوتەنی، **پەکەکە لە ساڵی ۱۹۹۲وە دەستی کرد بە شەڕ بە دژی خیانەت!!!** بەو واتایە بوونی پەرلەمانی کوردستان بەبێ پەکەکە، خیانەتە بە کورد و کوردستان و دەبێ لەنێو بچێت!!!.

کردەوەکانی پەکەکە، پەرلەمانی کوردستانی ناچار کرد دوای خۆپێشاندانێک کە لایەنگرانی پەکەکە ڕۆژی ۱۹۹۲/٦/۲٦ لە هەولێر کردیان و سێ هاووڵاتیان تێدا شەهید کرد، بڕیارێکی گشتی لەسەر ئەو ڕێکخراوەیە بدات و گێرەشێوێنییەکانی لە باشوری کوردستاندا بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە کۆبوونەوەیەکیدا، پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ۱۹۹۲/۸/۳۱ بە دەنگی ئەندامانی لیستی سەوزی یەکێتی نیشتمانیی و لیستی زەردی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا، کۆتایی بە ئاژاوەگێڕییەکانی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا بێنێت و ڕایگەیاند ئەگەر پەکەکە ئامادە نەبێ وەک هێزە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستان "حیزبی میوان"، گوێ بۆ یاساکانی حکومەتی کوردستان شل بکات، ئەوە پێش بە هەڵسورانی لە باشوری کوردستان بگرن(٤).

پەکەکە بەو هەڵسەنگاندنە هەڵەیەی کە خەڵکی باشوری کوردستان و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی ئامادە نابن دژی پەکەکە شەڕ بکەن و پارتی ئازادی کوردستان ڕیشەی لەنێو خەڵکی باشوری کوردستاندا داکوتاوە، گوێی نەدایە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان. لە ئاکامدا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان و بەپێچەوانەی ڕای پەکەکە، لە هەولێر و دەرەوەی هەولێردا بەرەنگاریان بوونەوە و تەنانەت لە شەڕێکی قورس و خوێناویدا، نزیکەی ١٦٠ گەریلای پەکەکەیان کوشت و ژمارەیەکی

زیاترشیان لێ بەدیل گرتن. عەبدوڵا ئۆجەلان هەرکە هەستی بەو شکستە مەزنەی هێزەکانی کرد، ئاگربەسی بۆ گەریلاکانی ڕاگەیاند و گوتی: **(لەمەوبەدوا ڕێز لە یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن و گەریلا بەپێی یاسا لە باشووری کوردستان دەجوڵێتەوە.)**

بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندنەی ئۆجەلان، پارتی و یەکێتی شەڕیان ڕاگرت و دیلەکانی پەکەکەیان ئازاد کرد و ئیزنیان بە ئەندامانی پەکەکەدا لە شار و گوندەکانی باشوری کوردستان بمێننەوە. جەمیل بایک دەربارەی ئەو شەڕە و ئاکامەکەی دەڵێت: **(لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ لە شەڕی باشوور، ئەگەر سەرۆکایەتی پارتی تەدبیری وەرنەگرتبا، بەتەواوی لەناو دەچووین. چونکە خواکورک دەستی لە شەڕ بەردا و ئێمەش کەوتبووینە گەمارۆ[٥].)**

جەمیل بایک، هەروەها لە لاپەڕەکانی ٦٣١- ٦٣٢ی کتێبەکەیدا پەنجە بۆ ئەنجامەکانی ئەو شەڕە رادەکێشێ و لە خاڵی سێیەمی ڕوونکردنەوەکەیدا دەنوسێت: **(ئەگەر لەو شەرەدا بەپێی تاکتێک هەنگاومان هەڵێنابا، بیری ئوتۆنۆمی و فیدراڵی دەسڕانەوە و ئەم کۆسپانە نەدەمان. بیری سەربەخۆیی و ئازادی لە کوردستاندا بەتەنیا دەمایەوە و حاکمیەتی خۆی سەقامگیر دەکرد.)** هەروەها ناوبراو دەڵێت: **( بۆ هەرکەس ڕوون بۆوە کە مەسەلەی کوردستان بەبێ پەکەکە چارەسەر نابێ.)**

بەو جۆرە، بە پێچەوانەی وتەکانی مەحمود ڕەزا ئەمین، ئەوە پارتی دیموکرات نەبوو کە شەڕی پەکەکەی کرد، بەڵکوو عەبدوڵا ئۆجەلان بوو کە ئازادبوونی باشوری کوردستانی بە خەنجەرێک زانی لە پشتی خۆیدا. سەرنج بدەن، جەمیل بایک لە لای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە کە عەبدوڵا ئۆجەلان ئاگاداری کردۆتەوە پارتی دیموکرات پێشنیازی کردوە بە ڕێگەی سیاسی کۆتایی بە شەڕەکانمان بێنین. لەبەر ئەوە ئۆجەلان بە جەمیل بایکی گوتووە پێویستە بگەڕێتەوە باشوری کوردستان و کێشەکان چارەسەر بکەی. لەم بارەیەوە بایک دەڵێت:

**- (سەرۆکایەتی گوتی: بچووە مەسەلەی ئێمە و PDK هەیە بە دوایین قسە و کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێنە." کاتێ گەیشتمە هەولێر بەرلەوی بچمە**

لای PDK تەلەفۆنم بۆ سەرۆکایەتی کرد و دواییین ڕێنوێنیم وەرگرت، پاشان بەرەو سەلاحەدین وەڕێ کەوتم. هەم سەرۆکایەتی و هەم هەڤالانی بڕیارگەی ناوەندی ئاگاداری چوونی من بوون بۆ سەلاحەدین. ڕەوشێکی گەلێک خراپ بوو، لەوانە بوو هەر ئێستا نا ئێستا لەنێوان ئێمە و PDK شەڕ دەست پێ بکات.

PDK زۆر دەترسا چونکە هەڵگیرسانی شەڕێکی وەها لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، لەبەر ئەوەی نێوانی لەگەڵ YNK باش نەبوو، بۆیە نەیدەویست لە هەردوولاوە بکەوێتە شەڕ. لەسەر ئەو بنەمایە داوای لە ئێمە کردبوو بچین لەگەڵی دانیشین و کێشەکانمان بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکەین. دیارە ئێمەش تا ئەوکاتە هەڵوێستێکی وەهامان دیار نەکردبوو.

دانیشتنەکە لە کەش و هەوایەکی باشدا دەرباز بوو. بە ئاشکرا گوتمان: "چارەنووسی هەردوو پارچە بەیەکەوە گرێدراوە، بەو پلانەی ئێوە دەیگێڕن باشووریش لەناو دەبەن، دوو ڕێگەتان لە پێشە، یان ببنە دۆستی ئێمە و بناغەیەکی پتەوی دۆستایەتی دابڕێژین، یان ببنە دوژمنمان و ئەنجامەکەشی دیارە. ئیتر کامەیان قبووڵ دەکەن دەمێنێتەوە سەر ئێوە، بۆ ئێمە هەردووکیان باشە، ئێوەش وا باشترە بەپێی بەرژەوەندی خۆتان هەڵسوکەوت بکەن....

من دەمەویست هەر ئەو ڕۆژە کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێت و بگەڕێمەوە لای هەڤالان، بەڵام سامی عەبدولڕەحمان دوای نان خواردن گوتی: "ئەگەر بەیانیش دانیشتنەکەمان بەردەوام بێت، باش دەبێ." منیش گوتم زۆر باشە، مادام ئێوە دەخوازن سەرلە بەیانی درێژە بە کۆبوونەوەکەمان دەدەین. من حیسابی ئەوەم لەگەڵ خۆم دەکرد کە هەتا مەسعود یا نێچیر لەوێ نەبێ ئەوان ناتوانن بڕیارێک بدەن، چونکە ئیرادەی ئەوەیان نییە، هەر بۆیە دەیانەوێ لەگەڵ ئەوان قسە بکەن و بەیانی وەڵاممان بدەنەوە. دوای ئەمە لە سەلاحەدین دەرکەوتین و هاتینەوە هەولێر.

کاتێ گەیشتمە هەولێر، شەو درەنگ چەند هەڤاڵ هاتنە لامان. لێم پرسین: "بۆ بەم شەوە درەنگە هاتوونە ئێرە؟" گوتیان: هەڤاڵ ابوبکر ئێمەی ناردووە تا ئێوە لەگەڵ خۆمان دەست بەجێ ببەینە زاب، چونکە لەوانەیە بەیانی ڕێگە بگیرێ." منیش پێم سەیر بوو و گوتم: "خێرە، چ بووە؟" گوتیان: "ئێمە نازانین هەڤاڵ ابوبکر گوتوویەتی هەتاکوو بەیانی ئێوە بگەینینە لای." منیش لەگەڵ خۆم گوتم، دیارە شتێک قەوماوە و لەوانەیە شەڕ دەست پێبکات، بەڵام بۆچی من خەبەرم لە هیچ نییە، گوتم لەوانەیە پەیوەندی پچڕابێ بۆیەش ئەم هەڤاڵانەی ناردووە. ئیتر منیش بەو هەڤاڵانەی ترم گوت: "سبەی نەچنە سەلاحەدین، چونکە لەوانەیە شەڕ ببێت. لە کۆتاییدا بڕیارماندا لەپێشدا گوێ لە گفتوگۆی ڕۆژانەی بێتەل ڕابگرین تاکو ڕەوشەکە تێبگەین، پاشان ئەگەر شتێک نەبوو وەڕێ بکەوین. ئەگەر پرسیاریشیان کرد بۆ وا درەنگ هاتوون، دەڵێین سەیارەکەمان خراپ ببوو. سەعاتی ١٠ی بەیانی بێتەلمان کردەوە و زانیمان کە هەڤاڵان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردووەتە سەر PDK، بۆیە لە ڕۆیشتن بۆ سەلاحەدین پاشگەز بووینەوە.



ڕەوشێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە دەبوایە بچین ئاکامی کۆبوونەوەکە دەستنیشان کەین، هێرشیان کردبووە سەر PDK. تەنانەت ئەوکاتەش بە بێتەل بە هەڤاڵ ابوبکرم گوت: "ئێوە چیتان کرد؟ ئێمە لە گفتوگۆدا بووین و هەتا ئەمڕۆش دانیشتنەکە درێژەی هەبوو." لە وەڵامدا گوتی: "هیچ نییە، دەتوانن گفتوگۆی خۆتان بەردەوام بکەن." بینیم هەڤاڵ بۆخۆشیان نازانن چ دەکەن و بەو چالاکییانەی کردبوویان و زەبریان لە PDK دابوو، سەرخۆش بوون(٦).

هەرلەو بارەیەوە خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٢، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

**- (جەمیل بایک دوای کۆنگرەی پێنجەم لە مانگی تەباخ هات بۆ هەولێر، گروپێکیش هات و کاسێتێکی ئۆجەلانیان هێنا کە دژی پارتی شەڕێکی گەورە بکەین بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا. بەرلە هەڵگیرسانی شەڕەکە من لەگەڵ کاک فازل میرانی قسەم کرد و گوتم دەمانەوێ پێوەندیمان هەبێ و گەریلاکانمان بتوانن هاتووچۆ بکەن، قەبوڵی نەکرد و گوتی پێمانخۆشە وەک حیزب پێوەندیمان هەبێت، بەڵام لەگەڵ هاتووچۆی ئێمە نەبوو. بەو فەرمانەی ئۆجەلان ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢٦ شەڕ دەستی پێکرد و جەمیل بایک تووڕە بوو، و گوتی لەلایەک منتان ناردوە بۆ وتوویژ و لەلایەکی تردا شەڕ دەکەن. لە ڕاستیدا کێشەی ئێمە لەگەڵ کوردی باشور لە سەرەتاوە تا کۆتا لەسەر دەسەڵات بوو، ئاپۆ دەیگوت هێڵی پارتیمان قەبوڵ نییە و بە ڕاشکاوی دەیگوت ئەگەر لەگەڵ ئێمە نەبن، دوژمنی ئێمەن و دەبێت لە ناویان بەرین. مەبەست لە هاتووچۆ کردنیشمان کارکردنمان بوو بۆ ڕێکخستنی کوردەکانی باشوری دژی پارتی و یەکێتی.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی نۆزدەیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ شەهید بوونی فەتاح ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغای نۆڕک دەکات و دەڵێت:

**١٩- (سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردو، لە ڕێگەی راژان، لە چەقی دەسەڵاتی پارتیا، بۆمبێک بە ئۆتۆمۆبیلەکەی فەتاح ئاغادا تەقیەوە و شەهید بو. ئەو کاتە کۆنە کاژیکەکانی سلێمانی بەیاننامەیەکیان دەر کرد. تیایا تاوانی کوشتنەکەیان دایە پاڵ بنەماڵەی بارزانی. گۆیا فەتاح ئاغا بە تەما بوە واز لە پارتی بهێنێ، کە هەستیان بە نیازی کردوە، بەو شێوەیە لە ناویان برد. پارتی تا ئێستا یادێکی ئەو پیاوە خەباتگێڕەی نە کردۆتەوە. فەتاح ئاغا کاژیک بو، بەڵام بە هەمو توانای خزمەتی بنەماڵەی بارزانی کرد. پیاوێکی ئازا و لەناو پێشمەرگەیا خۆشەویست بو.)**



فەتاح ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغای نۆرک، لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مولازم بابەکر بەدرخان شەوکەت زێباری، عارف عەبدولا فەتحولا "مەلا عارف عەبدولا"، عومەر عەولا حەمەدەمین "عومەر مەلا زادە"، عەلی شەعبان، ڕەشید حوسێن محەمەد "ڕەشید شەرەفانی"، جومعە محەمەد خاڵە وەیسە "شاسوار"، خدر خانۆ شێخ ئومەر، خورشید تۆفیق قادر ساڵح "خورشید تۆفیق بیبانی"، حەمەلاو عابد خورشید "حەمەلاو شوانی"، جەمال حەمەدەمین سەعید "عەریف جەمال" و دەیان پێشمەرگەی تری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشداریی شەڕی حاجی ئۆمەرانی کرد و بە داخەوە شەوی ١٩٨٠/١١/١٨ لەگەڵ سەعید تۆماری و مەجید حاجی محەمەد خەڵکی دووز و سێ مامی مولازم بابەکر زێباری بەناوەکانی خەسرەو، فەیزولا و شاکر، لەو شەڕەدا شەهید کرا.

ئەوەی مەحمود ڕەزا ئەمین نوسیویەتی لە ڕێگەی ڕاژان بۆمب بە ئوتۆمبیلی فەتاح ئاغادا تەقیوەتەوە، ڕاست نییە. من پێشتر لە کتێبی "میدالیای بارزانی باشترین خەڵاتی ڕێزلێنان"دا چەندان جار لە زاری هەڤاڵانی فەتاح ئاغاوە، ئاماژەم بۆ چۆنیەتی شەهید بوونی لە شەڕی حاجی ئۆمەران دا کردوە، بەڵام بۆ ناساندنی پتری فەتاح ئاغا بە خوێنەرانی ئازیز و ڕووداوەکانی دوای شەهید بوونی، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٨ لە هەولێر سەردانی دەروێش ئاغای ئامۆزای ڕەوانشاد فەتاح ئاغام کرد، ناوبراو سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ چۆنیەتی شەهید بوونی لە شەڕی حاجی ئۆمەران، پێی گوتم: **(دوای شەهید بوونی فەتاح ئاغا، نەوشیروان مستەفا لە جیاتی سەرەخۆشی کردن لێمان، مەفرەزەی کوشتنی بۆ ئێمە ژمارەیەک**

ئەندام و لایەنگرانی چالاکی پارتی دیموکرات لە سلێمانی دامەزراند و لە پەلامارێکدا کە ڕۆژی ۱۹۸۱/۹/۹ بۆسەر ئێمەیان هێنا، شەفیقی ئەحمەد ئاغا، عەبدولی سۆران و نوری حەمە عەلییان شەهید کرد و فایق تۆفیق و چەند کەسی تریشیان بریندار کرد، بەڵام من وەبەر ئەو خیانەتە نەکەوتم.)

هەرلەو بارەیەوە فایق تۆفیق "تۆفیقە ڕەش" دەڵێت: (لەگەڵ نوری حەمەعەلی، جەزا عەلی کاتب، عەبدوڵا ئاغای حەمەدەمین ئاغا و عەریف دەروێشی جاف، بە ڕاسپاردەی ئیدریس و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، سەرلەنوێ دەستمان کردەوە بە کاری ڕێکخستنی لایەنگرانی پارتی لە سلێمانی. ئێمە کاری ڕێکخستنی پارتیمان لە سلێمانی بەڕێوەدەبرد کە گروپێکی نەخوازراوی پارتی ڕۆژی ۸ یان ۱۹۸۱/۹/۹ تەقەیان لە ئێمە کرد و لە ئەنجامدا عادل سۆران و نوری حەمە عەلییان شەهید کرد. نۆ فیشەکیان لە باسک و زک و قاچی من دا و قاچی چەپەم شکا، بەڵام لە نەخۆشخانەی سلێمانی چارەسەریان بۆ کردم. بەرلە



چاک بوونەوەی برینەکانم چووم بۆ دهۆک و دوو مانگ لەوێ بووم و گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە بە هاوکاریی دەروێش حەمەدەمین ئاغا خۆم گەیاندە لقی ۳ و ٤ لە شاخی سورێن کە نادر عەلی هەورامی و ئازاد قەرەداغی بەرپرسی ئەو لقانە بوون.) دەروێش حەمەدەمین ئاغا لە بەشێکی تری وتەکانیدا دەڵێت:

- (فەتاح ئاغا لە زانکۆی تاران یاسای تەواو کردبوو، زۆر کەم هاتوچۆی ڕاژانی دەکرد. بە پێچەوانەی نوسینی مەحمود ڕەزا ئەمین ئەو کاژیک نەبوو، بەڵام بە واتای نەتەوەیی بوونی، مەلایی بوو، و هەستی نەتەوایەتی زۆر بەرز بوو.) کاک دەروێش لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: (ئێمە زۆر دەمێک

**بوو لە جنێوی ئەوانە بە دوور بووین و دەمەوێ بڵێم، ئەم وتارە سەرتاپا ناڕاستەی مەحمود ڕەزا بە مەبەستی بزواندنی هەستی ئێمە و خزمانمان و بۆ چەواشە کردنی نەوەی نوێ نوسراوە.)** هەرلەو بارەیەوە ڕێزدار بروسک ڕۆژ نوری شاوەیس دەڵێت: **(فەتاح ئاغا لە شەڕی حاجی ئۆمەران شەهید بوو، و تەرمەکەی لەسەر شانی دوکتۆر ڕۆژی برام و چەند کەسی تر هێنرایەوە بۆ گوندی کۆنەلاجان لە ناوچەی پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.)** جگە لەوانە، زاگرۆس فەتاح محەمەد، کوڕی فەتاح ئاغا لە وتوێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا، چۆنیەتی شەهیدبوونی باوکی بۆمن پشتڕاست کردەوە و گوتی باوکم هەردەم بە ئێمەی دەگوت: **(بە ڕاستی من ئەو ساتە خۆم بە پێشمەرگەی گەلەکەم دەزانم کە لە ڕێگەی ئامانجەکانیدا شەهید بکرێم و بەس.)**

ڕەزاقی وەستا وەهاب "وریا" لێپرسراوی مەفرەزەیەکی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستان و نەوشیروان مستەفا ئەمین بووە بۆ کوشتنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات، حیزبی شیوعی و پارتی سۆسیالیستی کوردستان. ناوبراو بە نامەی ڕەسمی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران تیرۆرەکانی بەڕێوە بردوە. هەروەکوو لە خاڵی شەشەمی یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا کە فەرمانی کوشتنی ئەندامانی پارتییە، دەبینن لە پێش ناوی سوارئاغای برای فەتاح ئاغادا نوسراوە **(سوارئاغا برای گۆڕبەگۆر فەتاح ماڵیان لە سێ و سمافی یەکانە و دوکانیان هەیە بە تەنیشت صیدلی نەوارە.)**

ڕەزاقی وەستا وەهاب "وریا"، بە ئامۆژگاریی باوکی ویستویەتی دەست لە خیانەت و کاری تیرۆریستی دژ بە پارتی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی تر هەڵبگرێت. بۆ ئەو مەبەستە بە شێوەی ڕەسمی ڕەخنەی لە کوشتنی ژمارەیەک گرتووە و ئامادە نەبووە چیتر درێژە بە تاوانەکانی بدات. نەوشیروان مستەفا ئەمین و جەبار فەرمان، سەرەتا لێیان قبووڵ نەکردوە، بەڵام کاتێک لەگەڵ پێداگریی ئەو ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ویستویانە بچێ بۆ شاخ. ئەو چووە و ڕۆژی ١٩٨٣/٩/١١ لە گوندی "هەڵەدن" چاویان پێیان

کەوتووە. لەو چاوپێکەوتنەدا، داوای ئەو نامانەیان لێ کردوەتەوە کە بۆ کوشتنی ئەندامانی پارتی و ڕێکخراوەکانی تر داویانەتێ و چونکە وریا لە دانی نامەکان خۆی پاراستوە، بەشێوازی قەسابان بە تەور لەت و پەتیان کردوە، بە جۆرێک کە ئێستاش داستانی تەورەکەی نەوشیروان لای سیاسییەکانی ئەوکاتە و پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدران لەسەر زمانە.

دوای جیابوونەوەی لە یەکێتی نیشتمانی و پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی کە تاوانی تیرۆرەکان لەسەر خۆی لابەرێت، بەشێک لەو نامە و فەرمانی کوشتنانەی کە لەنێو خەڵکدا بڵاوببوونەوە، لە گۆڤاری "لڤین"ی ژمارە ٢٠٧- ٢٠١٢/٩/١ و ژمارە ٢٠٨- ٢٠١٢/٩/١٠ بڵاوکردەوە. بەو واتایە کە نەوشیروان لەگەڵ پێکهاتنی بزوتنەوەی گۆڕان لەدایک بووە و لە دەرەوەی ئەو بازنانەیە دایە کە لە ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بەڕێوەی بردوە و تەنانەت بڕیاریداوە مەلا بەختیار ئیعدامی سیاسی بکەێت. بۆ زانیاری خوێنەرانی بەڕێز هەر دوو وتاری لڤین سەبارەت بەو کوشتنانە و سێ لەو بەڵگەنامانە بڵاودەکەمەوە کە بزانن وتارنوس چەندە لە نوسین و بۆچوونەکانیدا بێلایەنە:

**لڤین ژمارە ٢٠٧- ٢٠١٢/٩/١ بەشی یەکەم**

**کوشتنی ڕەزاقی وەستا وەهاب "وریا" پێش (٢٩) ساڵ بەرلە ئێستا لە ١٩٨٣/٩/١١ لە لایەن سەرکردایەتی ئەوکاتەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەتا ئێستا بە تەموو مژاوی ماوەتەوە.**

**لڤین ژمارە ٢٠٧- ٢٠١٢/٩/١ بەشی یەکەم**

**کوشتنی ڕەزاقی وەستا وەهاب "وریا" پێش (٢٩) ساڵ بەرلە ئێستا لە ١٩٨٣/٩/١١ لە لایەن سەرکردایەتی ئەوکاتەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەتا ئێستا بە تەموو مژاوی ماوەتەوە.**

**وریا تەمەنی ٣٥ ساڵ بووە و مەفرەزەی ئیغتیالاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لەناو شاری سلێمانیدا، کە لەلایەن سەرکردایەتی ڕیکخستنی ناوخۆی کۆمەڵەوە پێی سپێردرابوو. هەموو**

جارێک فەرمانی ئیعدامکردنەکان بریتی بوون لە نامەیەک کە ناوی ئەو کەسانەی تێدا نووسرابوو کە پێویستە ئیعدام بکرێن، لە خوارووی نامەکەشەوە مۆری رێکخستنی ناوشاری کۆمەڵەی رەنجدەران دەدرا لێی.

لە ساڵانی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی ئەم نامە تایبەتییانەوە زنجیرەیەک کاری ئیغتیالات لە سلێمانی ئەمجام درا بەهۆیەوە زیاتر لە (٥٠) کەس کوژران، ئێستا دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری ئەم کردەوانە پەیوەندی بەو نامە تایبەتییانەوە هەبووە، واتە ناوەکان ئەو کەسانە بوون کە لە نامە تایبەتەکاندا ئاماژە کراوە بۆ ئیعدام کردنیان.

هەرچەندە کاتی خۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تەنانەت سەرکردایەتی کۆمەڵەش ئاماژەیان بەوە دابوو کە ئەوان ئاگاداری ئەو کردەوانە نین و لە پشتی ئەو کارانەوە نین، تەنانەت خودی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق وتبووی ئەگەر یەکێتی لە پشتی ئەو کارانەوە بووبێت، ئەوا جانتاکەم هەڵدەگرم و کوردستان بەجێدەهێڵم.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٣٠) ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا لڤین بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگ بڵاودەکاتەوە کە دەیسەلمێنێت هەموو ئەم کارانە بە فەرمانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و سەرکردایەتی رێکخستنی ناوشار ئەنجامدراوە.

لە دواهەمین دیمانەشدا مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئاگاداری ئەو نامانەیە کە بۆ وریا نووسراون و ئەوەش دەزانێت کە ئەو نامانە دەستوخەتی کام لە سەرکردەکانی ڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵەیە و ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا ڕوون نییە ئەو بڕیارانە لەناو کۆمەڵەدا چۆن دراون؟

بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی لەو نامانەدا ناویان هاتووە بۆ ئیعدامکردن و کوشتن سێ پۆلن، بەشی زۆریان بەیتین لە سەرکردە مەیدانییەکانی پارتی لەناو شاری سلێمانیدا، هەندێکی دیکەیان بریتین لە کەسانی سەربە بەعس و ئەمن و تەواری، هەندێکی دیکەیان بریتین لە شیوعییەکان، هەرچەندە لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە خائینانی سەر

بە (رەسوڵ مامەند و هەڤاڵ جووجەڵە)ش بە سزای گەل بگەیەنن، بەڵام وادیارە لەو نامەدا کەسانی سەربەوان نابینرێن، ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە ژمارەی ئەم نامانە زیاترە و ژمارەی تیرۆرکراوەکانیش زۆر لەمە زیاترە، بەڵام وادیارە تەنیا توانراوە ئەمەندە لە نامەکان بپارێزرێن و ئەوانەی دیکەیان فەوتاوون.

ئەوانەی لەو نامانەدا ناویان هاتووە بۆ ئیعدامکردن بەشی زۆریان بە ماوەیەکی کەم دوای بەرواری نامەکان تیرۆر کراوون یان کوژراون، بەڵام هەندێکیان کە لە ڕاستیدا تاکوتەران بە هەر شێوەیەک بووە رزگاریان بووە، لەوانە فوئادی مەجید میسری و فایەقە رەش کە ئێستا یەکەمیان بەرپرسی دەزگای حەمدییە و ئەوی دیکەیان بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە.

لڤین ژمارە ٢٠٨- ٢٠١٢/٩/١٠

ژمارەی تایبەت/ بەشی دووەم و کۆتایی

ساڵانێکی زۆرە بە دەیان سەرچاوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕووداوی کوشتنی دڕندانەی رەزاقی وەستا وەهاب، ناسراو بە (وریا) دەکەن، کە هەندێک لەو سەرچاوانە وریا بە ئەڵقەلەگوێ و داردەست و جەلاد ناو دەبەن و هەندێکی تریشیان بە شەهید و قوربانی.

وریا لێپرسراوی مەفرەزەیەکی نهێنی کۆمەڵەی رەنجدەران بووە لە ناو شاری سلێمانی، کە هەستاون بە لەناوبردنی ئەو کەسانەی لەلایەن سەرکردایەتییەوە داوای لەناو بردن و تەسفییە کردنییان کراوە.

ئەو لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا بوو کە بە تەمەنترین کەسی ئەو مەفرەزەیە بووە و سەرپەرشتی کردوون و ڕاستەوخۆ فەرمانی لە سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە وەرگرتووە، بەڵام وا دەردەکەوێت کە هەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی و هەم ناوەندی کۆمەڵەش ئاگاداری بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە بووبن کە ئەمان پێیهەستاون، چونکە بەپێی ناوەڕۆکی نامەکان کە دەردەکەوێت زۆر جار ئەو ناوانەی دیاریکراون بۆ ئیعدامکردن لەلایەن ناوەندی کۆمەڵە و سەرکردایەتییەوە دیاریکراوون.

هەروەهــا بەپێــی نــاوەڕۆکی نامەکــان دەردەکەوێــت دوای هەمــوو عەمەلییەیەک نـاوەڕۆکی کـارەکە و ئەو کەسـانەی کە پێیهەسـتاون بە نـامەیەک نێـردراون بـۆ سـەرکردایەتی نـاوخۆ و لەوێشـەوە بـۆ نـاوەندی کۆمەڵە. بۆیە هیچ دوور نییە کە خودی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی ئاگاداری ئەو کردەوانە بوون.

رووداوی کوشتنی تراژیدیای (وریا) لە ١٩٨٣/٩/١١ کە لە گوندی هەڵەدن روویدا، کاتێک لەلایەن ناوەندی کۆمەڵەوە وریا بانگکرا بۆ شاخ. لە دێی هەڵەدن کە بارەگای ڕێکخراوی دووی لێبوو، بەپێی زۆرینەی گێڕاوەکان وریا لە شـــەوێکی درەنگـــدا لەلایەن جەبـــار فەرمـــانەوە بـــانگکراوە بـــۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت و ئیتر هەرگیز نەگەڕایەوە.

دیار نەمانی لەناکاو کتوپڕی (وریا) لەو سەردەمەدا هەموو لایەکی تووشـی شـۆککرد، سـەرەتا ڕووداوەکە شـاردرایەوە، بەڵام دوای هەوڵ و گەڕانی زۆری هاوڕێیانی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی شار لەگەڵ کەسوکار و دۆستەکانی دوای مانگێک لە رووداوەکە تەرمی پارچە پارچەکراوی وریا دۆزرایەوە.

رووداوی کوشتنی وریا بەشێوەی قەساب، ترس و بیم و نیگەرانی گەورەی لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا دروستکرد و هەندێک لە پێشمەرگەکان بە ئاشکرا و هەندێکی دیکەیان بە نهێنی و لەژێر لێوەوە ناڕەزایەتییان دەربڕی، ئەم کارانە بوو بەهۆی گرتن و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هاوڕێیان و کەسە نزیکەکانی، بۆ بێدەنگکردن و دوورکەوتنەوە لە رووداوەکە، ڕێگە نەدرا بە باسکردنی لە دانیشتنە رێکخراوەییەکاندا، دیارە لەم سەردەمەدا باڵی ناڕازی ناو کۆمەڵە سوور بوون لەسەر ساغ بوونەوەی خوێنی (وریا)، لانی کەم چونکە ئەم رووداوە پەیوەندی بە نەیارە سیاسییەکانییانەوە هەبوو لەناو کۆمەڵەدا و ویستیان ئەم رووداوە لە دژیان لەقاو بدەن، هەروەکو دواتریش لە نامیلکەی (لم یعد الصمت ممكنا)، بەڵێنی ئاشکراکردنی ئەم خوێنەیاندا، بەڵام هەموو ئەو رێگایانەی گیرانە بەر نەیانتوانی ناڕەزایەتی و ترس و نیگەرانی پێشمەرگە لەسەر ئەم رووداوە

لابەرن، بۆیە چەندین کەس بەهۆی ئەم رووداوەوە چەکەکەی دانا و وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. کەچی هێشتا لەناو پێشمەرگەدا کوشتنی تراژیدیایانەی (وریا) لەسەر زار و بیرەوەری پێشمەرگەکاندا نەدەسڕایەوە.

ئەمانە وایکرد دوای مانگێک لە ڕووداوەکە لە (١٩٨٣/١٠/١٩) ناوەندی کۆمەڵە روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە ناوەڕۆکی بەیانەکە دانینابوو بە ئیعدامکردنی وریا بە بڕیاری شۆڕشگێڕانە بە تۆمەتی خیانەتکردن.

دەقی بەیاننامەکە دەڵێت "ئیعدامکردنی شۆڕشگێڕانەی (ڕەزاقی وەستا وەهاب) کە بە (وریا) ناسرابوو لەناو ریزەکانی رێکخستن و پێشمەرگەدا بەهۆی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی خوارەوە:

- چەند کەسێکی کوشتووە بێ پرسی دەزگا باڵاکانی شۆڕش.

- نهێنی شۆڕشی درکاندووە، ئەوەی نهێنی شۆڕش بدرکێنێت ئەمە سەرەنجامەکەیەتی.

- چەند جار ئاگادارمان کردووەتەوە لەسەر دیسپلینی ڕیکخراوەیی و بێئیلتیزامی، بەڵام هەر بەردەوام بوو.

سێ خاڵەکەی تریش دووبارە کردنەوەی خاڵەکانی دووەم و سێیەم بوو.

ئەوەی سەیرە لەم رووداوەدا، کوژرانی چەند کەسێکی دیکەیە لەو ئەڵقەیەی کە مەفرەزەکانی ئیغتیالاتی دەبەستەوە بە ناوەندی کۆمەڵەوە.

بۆ نمونە رووداوی کوشتنی جەمالی عەلی باپیر بە چەند مانگێک پێش کوشتنی وریا، هەروەها کوژرانی یەکێکی دیکە لە هاوڕێ نزیکەکانی (وریا) بەناوی (سالاری مەلا حسەین)، لە هەمان ئەو رۆژەدا کە وریا تێدا کوژرا، چونکە لە هەمان رۆژدا ئەویش کەوتە کەمینێکی گوماناویی قوات خاسەی حیزبی بەعسەوە و رفێندرا و کوژرا.

کوشتنی ئەم کەسانە لە ماوەیەکی نزیک و لە یەک کاتدا ئاماژەیە بۆ هەوڵی لەناوبردنی ئەو ئەڵقەیەی کە ئەم مەفرەزەیەی دەبەستەوە بە سەرکردایەتییەوە، هەریەکەیان بە جۆرێک و هەریەکەیان بە هۆکارێک.

سەبارەت بە هۆکاریەکانی کوشتنی (وریا) هەتا ئێستا چەندین لێکدانەوە و رای جیاواز هەیە، بەڵام زۆرینەی راکان هاوبەشن لەو خاڵەدا

کە کوشتنی (وریا) بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە خیانەتکردنەوە نەبووە، وەک ئەوەی لە بەیاننامەی سەرکردایەتیدا هاتووە.

بەپێی گێڕانەوەکان باس لەوە دەکرێت کە هەر لە سەرەتاوە (وریا) هەستی بەوە کردووە کە بانگکردنەکەی بۆ شاخ نییەتێکی باشی لە پشتەوە نییە، بۆیە نامە نهێنییەکانی لەلای چەند کەسێکی نزیکی بەجێهێشتووە، تاوەکو وەک زەمانەتێک بۆ ژیانی خۆی بەکاریانبهێنێت.

بەپێی گێڕاوەکان لە یەکەم دیداری (وریا) لەگەڵ سەرکردایەتیدا داوای ئەو نامانەیان لێکردووەتەوە کە بۆیان ناردووە، بەڵام (وریا) رازی نەبووە بەو کارەو هەستی بەوە کردووە کە لە دوای تەسلیم کردنەوەی نامەکان خۆشی دەکوژن، رای وابووە گلدانەوەی ئەو نامانە و بەنهێنی و هێشتنەوەیان دەبێتە هۆی ئەوەی نەکوژرێت، بەڵام دواجار هەر ئەو نامانە سەری (وریا)یان خوارد و بوونە هۆی کوژرانی، بە دڕندانەترین شێوە.

دیارە گێڕانەوەی ئەو نامانە بەلای سەرکردایەتییەوە گرنگ بووە، چونکە لە ساڵی (١٩٨١) لە ئێزگەکەیانەوە رایانگەیاندبوو کە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک دەستیان لە کوشتنی نوری حەمە عەلی و عەبدولی سۆران و جەزای عەلی کاتب و کەسانی دیکە نییە، بەڵام نامە نهێنییەکان هەموو ئەم قسانەیان پوچەڵکردەوە، چونکە لەو نامانەدا بە ئاشکرا داوای ئیعدامکردنیان دەکەن.

وا دەردەکەوێت کە (وریا) پێش چوونی بۆ سەرکردایەتی ئەو نامانەی لای کۆمەڵێک کەسی زۆر نزیکی هەڵگرتبێت، چونکە ئێستا ئەوانەی لە وریاوە نزیکن ئاماژە بەوە دەکەن لەترسی بەعس و یەکێتی هەندێک لەو نامانەی وریا لەناوچوون و دڕاوون، یاخودا سوتێنراوون.

لە لایەکی دیکەشەوە لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە سەرکردایەتی رێکخستنی ناوخۆ بۆ (وریا)ی نووسیوە وەڵامی ئەو گلەییانەی داوەتەوە کە پێشتر وریا لە نامەیەکدا گەیاندووەیتی بە ناوەندی کۆمەڵە.

هەر لەو نامانەدا کە لەم ژمارەیەدا دەقەکەی بڵاوکراوەنەوە ئاماژەی روون هەیە بەوەی کە ناکۆکی و جیاوازی بۆچوون دروستبووە لەنێوان (وریا)

و سەرکردایەتیدا لەسەر شێوازی ئەنجامدانی کوشتنەکان و لەسەر ئەو کەسانەش کە دیاریکراوون بۆ کوشتن.

لە نامەکەدا گلەیی ئەوە لە (وریا) دەکرێت کە گومانی هەیە لە تاوانباری ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی دیاریکردبوون بۆ ئیعدامکردن.

بەم پێیە دەردەکەوێت کە (وریا) ناڕەزایی دەربڕیبێت لە هەندێک ناو لەو لیستەی کە پێی دراوە بۆ کوشتن لەلایەن سەرکردایەتییەوە و وا دەردەکەوێت کە (وریا) ئەو کەسانەی بەبێ تاوان زانیبێت.

هەرچەندە بەلای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (وریا) جگە لە بەکرێگیراوێک زیاتر نییە، بەڵام هەتا ئێستا لە زاکیرەی خەڵکی یەکێتیدا (وریا) نموونەی قارەمانێکی شەهیدە کە بە غەدر کوژراوە.

رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ئەم کوشتنە لە یادەوەریی خەڵک و پێشمەرگە دێرینەکانیشدا پەیوەندی بە شێوازی کوشتن و لەت و پەتکردنی قەساب ئاسای لاشەی وریاوە هەبێت.

بۆیە یەکێتی ناچاربوو لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩٤) جارێکی دیکە وریا بکاتەوە بە شەهیدی خۆی و وەک قارەمانێک بیناسێنێت.

ئەوە بوو لە بەیانێکی پاشگەزبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا کە لە بارەی (وریا)وە بڵاویان کردەوە و تێیدا هاتبوو "هەر ئەو کاکە (وریا) تێگۆشەرەیە کە ماوەیەکی زۆر خەباتی بۆ چەسپاندنی ڕێبازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە". (پاشبەندی ٢)

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی بیستەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ شەهید تیرۆر کردنی محەمەد ڕەحیم "هەڤاڵ جوجەڵە- خاڵە حاجی" دەکات و دەڵێت:

٢٠- (مەحەمەد رەحیم "هەڤاڵ جوجەڵە"، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، لە ناوەڕاستی نەوەتەکان لە هەولێر کوژرا. دوای کوشتنی نامەیەکی بڵاوبووەوە. بێزاری تیا دەربڕی بو. گومان خرایە سەر پاراستن، لە سەر ناڕەزایەتیەکانی ناو ئەو نامەیە، کوشتبێتی.)

بەپێچەوانەی نوسینی مەحمود ڕەزا ئەمین، ڕەوانشاد محەمەد ڕەحیم "هەڤاڵ جوجەڵە" کە "خاڵە حاجی"شیان پێدەگوت ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات نەبووە و لە هەولێریش نەکوژراوە، بەڵکوو لە "فلکەی دوورالائمن" لە سلێمانی تیرۆر کراوە. دوای شەهید بوونی ناوی ئەو فلکەیەیان گوڕی بۆ "فلکەی خاڵە حاجی". ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست بوو(٧).

بەرلە تیرۆر کردنی، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٣دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین و جەبار فەرمان لە سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، بە نامەیەک کە لە گۆڤاری لڤین، ژمارە ٢٠٧- ٢٠١٢/٩/١ بڵاویانکردەوە، فەرمانی کوشتنی ڕەسوڵ مامەند و هەڤاڵ جووجەڵە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیان دابوو. بڕوانە دەقی دوو گۆڤاری لڤینی ژمارە ٢٠٧- ٢٠١٢/٩/١ و ژمارە ٢٠٨- ٢٠١٢/٩/١٠ و دەقی بەڵگەنامەکان کە دەڵێت: **(خائینانی سەر بە "رەسوڵ مامەند و هەڤاڵ جووجەڵە"ش بە سزای گەل بگەیەنن.)**

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیرۆری ڕەوانشاد محەمەد ڕەحیم پێوندیم بە بروسک نوری شاوەیسەوە گرت، ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٨ پێیڕاگەیاندم: **(من ڕەوانشاد حەمە ڕەحیمم دەناسی، من ئەندامی حیزبی گەل بووم و هەڤاڵ جوجەڵەش ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست بوو. ئاگادارم کە لە سلێمانی تیرۆر کرا نەک لە هەولێر. چونکە یەکێتی لەوێ باڵادەست بوو، خەڵک گومانی کوشتنەکەیان خستە پاڵ یەکێتی نیشتمانیی، نەک پارتی دیموکرات و نوسینی ئەو برادەرە هیچ ڕاستییەکی نییە.)**

مەحمود ڕەزا، خاڵی بیست و یەکەمی وتارەکەی بۆ تیرۆر کردنی مامۆستا سیروان نوری ناسراو بە "عوسمان نۆڕۆڵی" تەرخان کردوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**٢١- (نەقیب عوسمان نەورۆڵی بە هەمان سیناریۆی مەحەمەد رەحیم لە هەولێر کوژرا. بۆ ئەم یش گومان چوە سەر پاراستن.)**

سەبارەت بە ڕەوانشاد محەمەد ڕەحیم "هەڤاڵ جوجەڵە" کە "خاڵە حاجی"شیان پێگوتووە، ڕامگەیاند: ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات نەبووە و لە هەولێریش نەکوژراوە، بەڵکوو لە "فلکەی دوورالائمن" لە سلێمانی تیرۆر کراوە و دوای شەهیدبوونی، ناوی ئەو فلکەیەیان گۆڕیوە بۆ "فلکەی خاڵە حاجی". هەروەها ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیست بوو. لەو بارەیەوە بڕواننە ڕوونکردنەوەی خاڵی بیستەم. بەڵام دەربارەی شەهید عوسمان نۆڕۆڵی ناسراو بە "سیراوان نۆڕۆڵی" بە پێچەوانەی نوسینی مەحمود ڕەزا، ناوبرا نەقیب نەبوو، بەڵکوو لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئەندام پەرلەمانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.

شەهید عوسمان خەڵکی گوندی "خێڵی حەمە"ی لە نزیک هەڵەبجەی شەهید و دەرچووی کۆلیجی سەربازیی عێراق بوو.ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و لە شۆڕشی گولاندا جێگری هێز بووە و دواتر پارتی دیموکراتی بەجێهێشتوە و چووەتە ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کراوە بە ئەندام پەرلەمان.

لە شەڕی ناوخۆدا و مانگرتنی پەرلەمانتاراندا، شەهید عوسمان بە پێچەوانەی یەکێتی نیشتمانیی پەرلەمانی کوردستانی بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی زانیوە و لەگەڵ پەکخستنی نەبووە و لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکرات کەوت و بەشداریی کرد لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان. شەهید عوسمان لەگەڵ هاوڕێیەکی لە ئوتۆمبیل دابووە کە هاوڕێیەکەی لە نزیک کۆلیجی تەربیە لە هەولێر تیرۆری کردوە و دوای تیرۆر کردنی ڕایکردۆتە سنوری سلێمانی. بە لێکۆڵینەوەی من بکوژەکەی شەهید عوسمانیش دوای ماوەیەک لە سلێمانی کوشتراوەتەوە.

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، شەهیدێکی تریش هەیە بە ناوی عوسمان کە بە "عوسمان سەرسۆر" ناسراوە. ئەم شەهیدەش وەک شەهید عوسمان

نۆرۆلی، لە شۆڕشی ئەیلولدا، کادیری پارتی دیموکرات بووە و ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ گروپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی کەوتوە. ساڵی ١٩٧٠، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی گەڕاوەتەوە لای پارتی و هاوکاریی گۆڤاری "بۆ پێشەوە" زمان حاڵی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی کردوە. لە هەمانکاتدا، لەگەڵ ئەو گروپە لە دڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کۆمەڵەی ڕەنجەدەرانی کوردستانی دامەزراند.

ساڵی ١٩٧٥، کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، شەهید عوسمان حەسەن محەمەد دزەیی "عوسمانە سوور" وەک هەزاران کادیر و پێشمەرگە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دووری خستۆتەوە بۆ ڕۆمادی و دواتر ڕێگەیان پێدراوە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. دوای گەڕانەوەی، لە خوێندنگەی ئامادەیی ڕزگاریی و خوێندنگەیەکی ئێواران بە ناوی ئیجتیهاد وانەی زمانی کوردیی گوتۆتەوە.

ناوبراو، کەسایەتییەکی خۆڕسک و تێکۆشەر بووە و بە بەردەوامی لەژێر چاودێریی حکومەتی بەعسدا بووە. ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٢٤ لەلایەن بەعسی عێراقەوە گیراوە و دوای دوو ساڵ و پاش ئەوەی حکومەت کوردستانی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩١دا بەجێهێشت، لەگەڵ گیراوانی ڕژێم گۆڕدراوەتەوە.

ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پشکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کراوە بە جێگری "وەکیل" وەزیری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کورددستاندا و ساڵی ١٩٩٤ پۆستی ئەندام پەرلەمانی کوردستانی دراوەتێ. عوسمان سوور،هەروەک شەهید عوسمان نۆرۆلی یەکێک بووە لە ئەندام پەرلەمانەکانی خاوەن ڕا و بە دروستی ئەرکی خۆی بەجێگەیاندوە. دژی شەڕی براکوژی نێوان یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکرات و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان بووە. لە شەڕی براکوژیدا، لە هەولێر ماوەتەوە و ئامادە نەبووە وەک ئەندام پەرلەمانەکانی تری یەکێتی بچێت لە سلێمانی نیشتەجێ بێت و بە پێچەوانەی ڕێنوێنییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەشداریی خەباتی پەرلەمانیی کردوە و دواتریش شانبەشانی

پەرلەمانتارە دڵسۆزەکانی تر نەیهێشتوە پەرلەمان نیسابی یاسایی لە دەست بدات و بەشدار بووە لە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا کە ئەوە وەک هاژەی کچی دەڵێت، بەرپرسانی یەکێتی زۆر تورە کردوە.

بە وتەی پەری ئیبراهیم عەلی هاوژین، دوای درێژ بوونەوەی تەمەنی پەرلەمان، مامۆستا عوسمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧، کوردستانی بەجێهێشتوە و چووە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا و دوای نزیک بە دوو ساڵ لە برلینەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر. ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٧، لەگەڵ دوو کوڕی ١٥ و ١٨ ساڵانە و جوتیارێک بە پیکابێکی دەبڵ کابین، لە هەولێرە چووە بۆ گوندی "عەوێنەی سەر بە قەزای" مەخمور کە لە ڕێگادا تاکسییەک دەچێتە تەنیشی ئوتۆمبیلەکەی و شۆفیری تاکسییەکە بانگی دەکات و ئەویش ئوتۆمبیلێکەی بۆ ڕادەگرێ. شۆفیری تاکسییەکە کە تیرۆریستێکی ڕیشدار بووە، بەبێ ئەوەی زیان بە هاوڕێیانی بگەیەنێت، تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت.



بە پێچەوانەی گوتنی مەحمود ڕەزا، ژمارەیەک پەنجەی تاوان بۆ ڕژێمی بەعس و ژمارەیەکیش بۆ بەرپرسیی ڕێکخستنی کوردستانیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕادەکێشن و لایەنگرانی یەکێتیش پارتی دیموکرات بە کوشتنی تۆمەتبار دەکەن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەبات و هەڵسوڕانی شەهید عوسمان بە قازانجی پارتی و بە زیانی یەکێتیی تەواو ببوو.

مەحمود ڕەزا لە خاڵی بیست و دووەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کۆچی دوایی ڕەوانشاد جەوهەر نامیق سالم دەکات و لەوە چاو دەپۆشێ کە ناوبراو بە شاهیدیی دوکتۆرەکەی و بنەماڵە و دۆستانی لە وڵاتی سوید بە

شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە و سەبارەت بە مەرگەکەی گومان دەخاتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و دەڵێت:

**٢٢- (مردنی خوالێخۆشبو جەوهەر نامق بەو شێوە سەیر و کتوپڕە، گومانی بردە سەر پاراستنی پارتی. ڕەفتاری خێزانی خوالێخۆشبو دوای مردنی، ئەی سەلمێنێ کە گومانیان لە پارتیە.)**

جەوهەر نامیق سالم ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی "بەرلوت" لە پارێزگای کەرکوک لە دایکبووە. ساڵی ١٩٦١ پێوەندی بە ڕیزەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستانەوە کردوە و بۆ ماوەیەک سەرۆکی ڕێکخراوی بلێسە، ڕێکخراوی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە بەغدا. لە زانکۆی موستەنسریە، بەشی ئابووریی زانکۆی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە شاخ و بەشداریی لە شۆڕشی ئەیلولدا کردوە و ساڵی ١٩٧٥، دوای ڕاوەستانی شۆڕش، بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان " قیادەی موەقەت" هەڵبژێردراوە و کراوە بە بەرپرسی هەرێمی یەکی پارتی دیموکرات لە بادینان و لەگەڵ ڕێزدار کەریم شەنگاری و چەند سەرکردە و پێشمەرگەیتری پارتی لە گوندی "بێرمان" جێگیر بووە و بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، سەرپەرەستی ناوچەکەی کردوە. لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١٠/٤ لە گوندی "دەربەند" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دا بە هەمان شێوە، سەرلەنوێ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

جەوهەر نامیق سالم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ چوو بۆ سوید و لەوێ بە پەنابەری سیاسیی وەرگیرا. لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، لە بەرەی کوردستانیدا ئەرکی بەرپرسایەتی سنوری کەرکوکی هەبوو، و ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ لە یەکەمین خولی یەکەمین پەرلەمانی کوردستاندا، بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە. کاتێک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٨ پەرلەمانی کوردستانی داگیر کرد، جەوهەر نامیق دژی

ئەو هەنگاوە نادیموکراتییەی یەکێتی، لەگەڵ ٥٩ پەرلەمانتار، بۆ ماوەی ١٠٣ ڕۆژ لە هۆڵی پەرلەماندا مانیان گرت. ناوبراو دوای کۆتایی مەودای سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەنێوان سالانی ١٩٩٣- ١٩٩٩ لێپرسراوی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٩٩ ئەرکی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەرگرتوو، و تا ساڵی ٢٠٠٣، لەو ئەرکەیدا خزمەتی کردوە.



جەوهەر نامیق، بەهۆی ڕەکێش کردنی سوپا و سوپای پاسدارانی ڕژێمی ئێران بۆ نێو خاکی باشوری کوردستان لە شەڕی نێوخۆدا، ڕەخنەی لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، و بە هەمان شێوەش دژی هێنانی سوپای ڕژێمی عێراق بوو بۆ هەولێر لە لایەن پارتەکەی خۆیەوە لە ١٣ی ئابی ١٩٩٦دا.

کاک جەوهەر، لە کوردستان توشی نەخۆشیی ببوو. سەرەتا لەو باوەڕەدا بوو کە زەردوویی گرتووە، بەڵام کاتێک لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ خۆی چوو بۆ سوید، دوای کۆمەڵێک پشکنین، لە لایەن دوکتۆرەکانی سویدەوە، بۆی دەرکەوت کە توشی شێرپەنجەی جەرگ "پرایماری لیڤەر کانسر" بووە و چونکە درەنگ بە نەخۆشییەکەی خۆی زانیوە، جەرگی لەنێو چووە. بەو هۆیەوە ناوبراو دوای پتر لە دوو مانگ، ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢١ کە کوردەکانی دانیشتووی سوید خەریکی پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز و ساڵی نوێ بوون، لە کلینیکی کارۆلینیسکا لە نەخۆشخانەی هۆدینگە لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد و بە ڕێوڕەسمێکی شایستە تەرمەکەیان لە سویدەوە گەڕاندەوە بۆ کوردستان و ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی

کوردستان و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات، وەزیر و پەرلەمانتارەکانی کوردستان پێشوازیان لە تەرمەکەی کرد.

دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد جەهەر نامیق سالم، ڕێزدار ئەمیر تەها، فیلمێکی کۆمێنتاریی لەسەر ناوبراو ئامادە کرد. ئەو فیلمە کۆمێنتارییە لە کۆتایی مانگی سێیەمی ساڵی ٢٠١٧ لە تەلەفزیۆنی ڕووداو بڵاوکرایەوە. لەو فیلمەدا، دوکتۆرە "ئاننا" پزیشکی نەخۆشخانەی کارۆلینسکا کە پێشتر لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان لەگەڵ جەوهەر نامیق ئاشنا ببوو، سەبارەت بە نەخۆشیی کاک جەوهەر زانیاری بڵاودەکاتەوە و کاک بورهان جافی برای و کۆمەڵێک لە دۆستان و نزیکانی لە سوید کە ئاگادار نەخۆشیی کاک جەوهەر بوون، لە کاک جەوهەر و نەخۆشییەکەی دەدوێن و بە وتەکانیان، پروپاگەندە و گومانی نوسەری وتار لەسەر چۆنیەتی مەرگی ڕەوانشاد لادەبەن.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی بیست و سێیەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ کۆچی دوایی ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی دەکات و دەڵێت:




**٢٣- (مردنە سەیر و کتوپڕەکەی خوالێخۆشبو فەلەکەدین کاکەیی یش، هەمان گومانی لە لای خێزانەکەی و خزمەکانی دروست کردوە. ئەمساڵ خێزانەکەی یادەکەیان بردە هەڵەبجە و هاوار.)**

من لە نزیکەوە پێوەندیی زۆر نزیکم لەگەڵ مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی هەبوو. لە ماڵی خوشکی پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد و منیش زیاتر لە دە جار لەو ماڵەدا بە خزمەتی گەیشتووم. چونکە هەردووی ئێمە نەخۆشیی شەکرەمان هەبوو، زۆرجاران پێکەوە باسی ئەو نەخۆشییەمان دەکرد، جاری دوایی تازە لە کۆبوونەوەیەکی ئامەد گەڕابووەوە و پێی گوتم کە نەخۆشییەکەی ئازاری دەدات و گوتی بەهۆی سەرقاڵیم بە نوسین و کۆبوونەوەکانمەوە کەمتر بیر لە چارەسەریی نەخۆشییەکەم دەکەمەوە.

مامۆستا فەلەکەدین یەکێک لە سەرکردە باوەڕپێکراوەکانی پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی بوو. بەشداری کۆنگرەکانی ٩ تا ١٣ی پارتی دیموکراتی کردبوو، و ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/١٣ لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەبۆنەی خزمەت و چالاکییەکانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتوە. لە وتوویژێکی تایبەت کە من ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١٥ لەگەڵ ناوبراو ئەنجامم داوە، سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، دەڵێت: **(من خۆشحاڵم بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی، چونکە بارزانی خاوەنی بیرێکی قوڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد بووە و دانی میدالیای ئەو بەمن شانازییەکی گەورەی ژیانمە.)**

کۆچی دوایی مامۆستا فەلەکەدین خەسارێکی گەورە بوو بۆ کورد و پارتی دیموکرات. بۆ ئەوەی بزانین ناوبراو چۆن و بۆچی کۆچی دوایی کرد و تێبگەین مەحمود ڕەزا ئەمین چەندە لە نوسینەکەیدا سادق و ڕاستگۆیە، گوێ لە ڕێزدار "ناز فەلەکەدین کاکەیی" کچی ڕەوانشاد کاکەیی دەگرین تا دەربارەی کۆچی دوایی باوکی و نوسینی مەحمود ڕەزا ئەمین بدوێت. ناوبراو ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٨ پێی گوتم:

**- (باوکم پێشتر چەند نەخۆشی وەک دڵ، پاڵەپەستۆی خوین و شەکرەی هەبوو. شەکرەکەی زیاتر کاری لێ کرد بوو. دەست و قاچی ڕەشهەڵگەڕابوو. لەگەڵ ئەوەشدا گوێی نەدەدا و ئەنسولینەکانی لەخۆی نەدەدا و ڕەعایەتی دەرمانەکانی نەدەکرد.**

بەیانی چوارشەممە ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٣١ لەلایەن کاک ڕەزای ئامۆزازای باوکمەوە تەلەفۆنم بۆ کرا. پیاوەکەم تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و گوتی باوکت نەخۆشە و چووین بۆ نەخۆشخانەی مەسیف. کەس لە نەخۆشخانە نەمابوو. خەڵک دەگریان و باوکم فەوتی کردبوو.

دایکم گوتی ئەمڕۆ باوکت درەنگ لە خەو هەستا. کەسێک بە ناوی عەلی خانەقینی لا بوو. کاک نەزەر کاکەییش لە کەرکوکەوە هاتبوو، بیبینێت، دەیویست بچێت بۆ ماڵی پورم کاک نەزەر ببینێ. بە گشتی باوکم میوانەکانی لە ماڵی پورم دەبینی.



لەگەڵ کاک ئەمجەد، شۆفیرەکەی سواری ئوتۆمبیل دەبی و لە نێوان ماڵی ئێمە و نەخۆشخانەی مەسیفدا، باوکم دەڵێ ئەمجەد بمگەیەنە بۆ خەستەخانە. ئەمجەد دەڵێ ئارەقەیەکی زۆر هەموو سەر و دموچاوی داگرت. لە جیاتی دیتنی کاک نەزەر دەچن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دوکتۆرەکان فریای ناکەون و دوای دە خولەک فەوت دەکات.

سەبارەت بە چوونمان بۆ هەڵەبجە، ئێمە یارسانین. بە گوێرەی ڕێوڕەسمی کاکەییەکان، ئێمە هەموو ساڵێ یادی کۆچکردوەکانمان دەکەینەوە. ساڵی ٢٠١٤، بەهۆی پەلاماری داعش بۆ سەر کوردستان، خۆمان لەو یادە بۆ بابم پاراست. ساڵی ٢٠١٥ یادەکەمان لە هۆڵی مامۆستا سەعد لە هەولێر کردەوە و ساڵی ٢٠١٦، کاکەییەکانی هەڵەبجە کە باوکم پێشتر جەمخانەیەکی بۆ لە هەڵەبجە بۆ دروست کردبوون، گوتیان ئێمە ناگەینە هەولێر و ئێمەش بۆ ئەوەی کە زەحمەتی ئەوان کەم بکەینەوە، ئەو یادەمان لەوێ کردەوە. من لەگەڵ دایکم و ئاشتی خوشکم چووین بۆ

**هەڵەبجە و دوو خوشکیشم کە نەیانتوانی بێن، لە ئەڵمانیا بوون. ئەوە هیچ پێوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو.**

**تێبینی: کاکەییەکان لە چلە و ساڵانەی کۆچ کردووەکانیاندا لە تەکیە و جەمخانەکانیاندا کۆدەبنەوە و بۆ شادی ڕۆحی کۆچ کردووەکان قوربانی دەکەن.)**

مەحمود ڕەزا ئەمین، هەروەها ئاماژە بۆ شەهید بوونی ڕەوانشاد فەرەیدون محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە فەرەیدون جوانڕۆیی دەکات و لە خاڵی بیست و چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت:

**٢٤- (شەوی ٢٤ی ٨ی ٢٠١٥ فەرەیدەن جوانڕۆیی، ئەندامی م. س ی پارتی و لێپرسراوی بەرەی خازر، کە چل ساڵ ئەبوو خزمەتی بنەماڵەی بارزانی ئەکرد، لە روداوێکی گوماناویا کوژرا. هەڵسوکەوتی پارتی لەگەڵ پاسەوانە بەرکەوتوەکانی تەکی و، پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی پارتی و میدیای حیزب، ئەوەندە لێدوانی دژ بە یەکیان دا، زو گومان چوە سەر پارتی خۆی. سێ هۆ بۆ کوشتنی لە لایەن پارتی خۆیەوە، لە ناو خەڵکا دەماو دەم ئەکەن: دژی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بوە؛ لە روی مەسرور بارزانیا وەستاوەتەوە؛ زانیاری هۆی کێشانەوەی هێزی پارتی لە بەردەم داعش لە شەنگال، لە لا بوە و، پێویست بوە بیباتە ژێر گڵ.)**

ڕەوانشاد فەرەیدون جوانڕۆیی کەسایەتێکی خۆشناو و جێی متمانەی پارتی دیموکرات و ڕێبازی بارزانی بوو. سەرکردە و فەرماندەیەکی کارامەی سەربازیی و سیاسی بوو، و لە ژیانی پێشمەرگایەتی و شەڕەکاندا سێ جار برینـدار ببوو. بەشداریی کۆنگرەکانی نۆیەم تا سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کردبوو، و دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و ڕێکخستنەوەی لقەکانی پارتی دیموکرات لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، ئەرکی ئەندامی کارگێڕی لقی پێنجەمی لە بەغدا درابوویە. لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتیدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێردراوە و لە کۆنگرەی سێزدەیەمدا کە ڕۆژی ١١- ٢٠١٠/١٢/١٨ لە هەولێر پێکهات،

سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات هەڵبژێردرا بوو.

نزیکەی ٢٠ ئەندامی پلە دووەم و سێیەمی بنەماڵەکەی وەک مام و ئامۆزا لە شەڕەکانی کوردستان و کیمیابارانی هەڵەبجەدا شەهید بوون. بەهۆی لێوەشاوەیی و خزمەتکردنی بە کورد و کوردستان، ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦، لە یوبێلی زێڕینی پارتی دیموکراتدا میدالیای بارزانی وەرگرتبوو. کاتێک من ژیاننامەکەیم بۆ کتێبی "میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان" ئامادە دەکرد، ناوبراو سەبارەت بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی گوتی:

**- (میدالیای بارزانی بە پیرۆزترین و گەورەترین خەڵاتی دنیا دەزانم. لە هەموو شتێک بۆمن پیرۆزترە و زۆری پێ سەربەرزم کە لە وەجبەی سێیەمدا میدالیای بارزانیم پێدرا. هەروەک گوتم بۆمن زۆر پیرۆزە.)**

ڕەوانشاد فەرەیدون جوانڕۆیی دوای کۆنگرەی سێزدە، ئەرکی جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی لە پارێزگای سلێمانی پێ سپێردرا و لە شەڕی داعش دژی کورددا، لێپرسراوی بەرەی خازر بوو کە کاتژمێر ٢٠:١٢ شەو، واتا ٢٠:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٢٥ لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شوێنی مەئموریەتەکەی بە ئوتۆمبێلێک و دوو پێشمەرگە لەلایەن گروپێکی تاوانبارەوە لە شارۆچکەی خەبات تەقە لە ئوتۆمبێلەکەی کرا و خۆی پێشمەرگەیەکی هاوڕێی شەهید بوون. بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز لە چۆنیەتی شەهیدکرانی فەرەیدون جوانڕۆیی و ڕادەی ڕاستگۆیی مەحمود ڕەزا ئەمین لە وتاری پارتی و کوشتنی سیاسی، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٨ چاوم بە ڕێزدار ساناو فەرەیدون کوڕی شەهید و کاک کەریم تۆفیق سکرتێری ڕەوانشاد جوانڕۆیی کەوت. ساناو فەرەیدون سەبارەت بە چۆنیەتی شەهید کرانی باوکی دەڵێت:

- (ئەو نوسینەی مەحمود ڕەزا ئەمین وەک گاڵتەجاڕ دێتە بەرچاو. پێشەکی شەهیدی سەرکردە نزیکەی پەنجا ساڵ لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی خەباتی کردوە و بە داخەوە لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکانی بەناوی لهۆن ناسر بە دەست چەند چەتەیەک شەهید کرا و ئەو زانیارییانە سەرتاپا دوورن لە ڕاستی و بەداخەوە بۆ دژایەتی کردن و ناشیرین کردنی پارتی و ڕێبازی بارزانیی هەموو کارێکی ناڕەوا و قێزەوەن دەگرنەبەر.



باوکم کاتژمێر نزیکەی ۲۱:۰۰ ڕۆژی ۲۰۱۵/۸/۲٤ لەگەڵ شۆفیرەکەی بەناوی حیسام موحسین و دوو لە پێشمەرگەی پاسەوانی، بۆ بینینی چەند هاوڕێی زۆر خۆشەویستی لە کەڵەکەوە هاتووە بۆ هەولێر. لەبەر ڕەچاو کردنی سیمای شارستانی، بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەنێو شارەکان، زۆربەی کاتەکان باوکم ژمارەیەکی کەم پاسەوانی لەگەڵ خۆی دەگێڕا. تا کاتژمێر نزیکەی ۲۳:۳۰ لەگەڵ هاوڕێکانی بووە و لەو کاتەدا ماڵئاوایی لێ کردون و یەکسەر گەڕاوەتەوە بۆ کەڵەک. باوکم لەبەر هەست کردن بە گەورەیی ئەو ئەرکەی لەسەر شانی بوو، وەک بەرپرسی میحوەری خازر شوێنی پشودانەکەی هەرلە شاری خەبات دانابوو، و زۆر کەم دەهاتەوە بۆ ماڵەوە و بەنیاز بوو شوێنی پشودانەکەشی بگوازێتەوە نێو خودی میحوەرەکە و هەرلەوێ بمێنێتەوە.

کامێراکانی بازگەی "کانی قرژاڵە" چوونی ئوتۆمبێلی باوکم بەرەو کەڵەک پێشاندەدەن. دوای ماوەیەکی کورت لە دەرچوونی لەو بازگەیە، ئوتۆمبێلی بکوژەکانیش لەو بازگەیە تێپەڕیوە. مەودای ئەو بازگەیە لەگەڵ

شارۆچکەی خەبات بە ئوتۆمبیل ١٥-٢٠ خولەکە. دیارە شۆفیری ئوتۆمبێلی بکوژەکان چەندجار لە ڕێگادا فول لایتی بۆ ئوتۆمبێلەکەی باوکم لێداوە، بەڵام شۆفیرەکە بە شتێکی ئاسایی زانیوە و باوکمی لێ ئاگادار ناکردۆتەوە. لە نزیکەی ٢٠٠ مەتریی مقەڕی پشودانی باوکم لە نێو شارۆچکەی خەبات، لە نزیک بەنزینخانەکە، ئوتۆمبێلی بکوژەکان ڕێگەی لە ئوتۆمبێلی باوکم گرتووە و دوو کەس لێی دابەزیون و تەقەیان لە ئوتۆمبێلەکەی باوکم کردوە کە درع بووە. شۆفیری ئوتۆمبێلەکەی باوکم بە پشتبەستن بە گوللە نەبڕ بوونی ئوتۆمبێلەکەی، بێخەبەر لە پلانی بکوژەکان، بۆ دەرباز بوون لێی سوڕاوەتەوە کە بە جادەیەکی فەرعیدا خۆی بگەیەنێتەوە مقەڕەکەیان. بکوژەکان لە ماوەی ئەو چەند خولەکەی ڕێگادا پێوەندیدیان بە یەکەوە کردوە و ئوتۆمبێلێکی جیپی سەربازی کە درع بووە، هاتووە بۆ هاوکاریی کردنیان کە نەهێڵن ئوتۆمبێلی باوکم دەرباز بێت. ئوتۆمبێلە درعەکەیان کە زانیویەتی ئوتۆمبێلی باوکم دەیەوێت بە فەرعی پشتەوەدا دەرباز بێت، بە خێراییەکی زۆر ڕووبەڕووی هاتووە کە بە تەواوی تێکی بشکێنێت. لەو کاتەدا شۆفیرەکەی باوکم ویستویەتی خۆی لە لێدانی ئەو ئوتۆمبێلە بپارێزێت و بە توندی دەستی بەلای خۆیدا شکاندوەتەوە، بەڵام فریا نەکەوتوە و ئوتۆمبێلی ئەوان خۆی بە تەنیشتی پێشەوە، دروست ئەو شوێنەی باوکم دانیشتبوو، کێشاوە و ئوتۆمبێلەکە وەرگەڕاوە و دەسبەجێ ئاگری گرتووە و سوتاوە

جێی نزیکەی بیست فیشەک بە ئوتۆمبێلەکەی باوکمەوە بوو. لە ئاکامی پەلاماری بکوژەکان، باوکم و کاکە لهۆن ناسر کە لە پشتسەری باوکم دانیشتبوو، لەگەڵ شکانی زۆربەی ئێسکی لەشیان، بەتایبەتی باوکم، سوتان و شەهید بوون و شۆفیر و پاسەوانەکەی تر لە ئوتۆمبێلەکە دەرپەڕیون و دوای ماوەیەک کە بەهۆش خۆیان هاتوونەوە، تەلەیفۆنیان بۆ مقەڕ کردوە و لەو دۆخە دڵتەزێنە ئاگاداریان کردونەتەوە. هاوکات، بکوژەکانی تەقەیەکی زۆریان کردوە کە کەس نزیک نەبێتەوە و بە هانای ئوتۆمبێلەکەی باوکمەوە نەیەت کە بە تەواوی بسوتێ. دواتر بریندارەکانی

خۆیان کە لەو پێکدادانەدا بەرکەوتبوون بە ئوتۆمبێلی یەکەم گەیاندوەتە نەخۆشخانە و شوێنی ڕووداوەکەیان بەجێهێشتوە.

**بکوژەکان حەوت کەس بوون لە کەسانی نزیکی "سابیری سۆفی عەلی". دوای دەستگیر کردنیان، لە یەکەم لێکۆڵینەوەی دادگادا، ددانیان بە تاوانەکەیان نا کە هەڵەیان کردوە و وایانزانیوە کە دوژمنەکەیان "نەزیر عاسم گۆران" لە ئوتۆمبێلەکەدا بووە. دیارە ئەوانە چەندان ساڵە لەگەڵ بنەماڵەی نەزیر کێشەی قوڵیان هەیە و چەند کەسیان لە یەکتر کوشتوە. دادگای تاوانەکانی هەولیر و دادگای تەمیز حوکمی لە سێدارەدانی بۆ شەش لە بکوژەکان بڕیوەتەوە و تاوانباری حەوتەمیش بە بریندارییی هەڵاتووە.)**

سەبارەت بە ڕا و بۆچوونی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر شەهید بوونی ڕەوانشاد فەرەیدون جوانڕۆیی، ساناو فەرەیدون دەڵێت:

**- (کاتی بە خاک سپاردنی باوکم، فرمێسک لە چاوەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی دا قەتیس ببوو، و ئەمەش نیشانەی خۆشەویست بوون و گرنگیی باوکم بوو بۆ بەڕێزیان. لە خزمەت جەنابی سەرۆکدا بووین کە فەرمووی: "فەرەیدون لە برا بۆمن فەرزتر بوو، و ئەو لەسەر ڕێگایەکی پیرۆز کاتی گەڕانەوە بۆ ئەرکێکی پیرۆز شەهید بوو، و ئەوە تاوانێکی قێزەوەن و دڵهەژێن بوو کە دەرحەق بە برای من و تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر و خۆنەویست و دڵسۆزی ئەم گەلە کرا و لەبیر کردنی زۆر ئەستەمە و دەبێ یاسا سەروەر بێت و تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن."**

**هەروەکوو چۆن من کاتی ناشتنی باوکم گوتم و ئێستاش دەیڵێمەوە، باوکم موڵکی ئێمە نەبوو، و موڵکی میللەت بوو، و بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد، ڕێبازی بارزانیی هەڵبژاردبوو، و ئێمەش پەیمانمان نوێ کردەوە کە بە گڕ و تینێکی زیاترەوە لە خزمەت ئەو ڕێبازەدا بین. وتە و نوسینی مەحمود ڕەزاکان بە ڕادەی دڵۆپێک ئاو کار لە ئێمە ناکەن و ئێمە بە ڕاستییەکانی خۆمان و سیاسەتی دەوروبەر دەزانین. پێویستە ئەوەش بڵێم**

**کە ئێمە پێشتر لەگەڵ بنەماڵەی بکوژەکاندا هیچ پێوەندیی و کێشەیەکمان نەبووە.)**



هەرلەو بارەیەوە، ڕێزدار کەریم تۆفیق دەڵێت: **(لەگەڵ ئەوەدا کە من سکرتێری کاک فەرەیدون بووم، ئامۆزای ئەویش بووم. کاتی خزمەت و پشوودان، بە بەردەوامی لەگەڵ جەنابیان بووم. سەرلە بەیانیی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/٢٤، وەک هەمیشە پێکەوە لەگەڵ برا پێشمەرگەکان چووین بۆ بەرەی خازر و کاتژمێر نزیکەی ١٤:٠٠ بۆ پشودان گەڕاینەوە بۆ کەڵەک و کاتژمێر ١٦:٠٠ چووینەوە. دۆشکەیەکمان کە پێشتر تێکچووبوو، چاکمان کردبووەوە، فەرماندەی پێشمەرگەکان ئیزنی لە کاک فەرەیدون وەرگرت و دۆشکەکەی برد بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە لە گوندی "تل اسود" کە تاقی بکاتەوە و منیش ئیزنم وەرگرت و لەگەڵی چووم. کارەکەمان کرد، کەش تاریک ببوو، تەلەیفۆنیان بۆ کردین کە نەگەڕێینەوە بۆ میحوەر و یەکسەر بچینەوە شوێنی پشودانمان لە کەڵەک. کە گەڕامەوە، پێشمەرگەکان گوتیان کاک فەرەیدون چوو بۆ هەولێر و ئیتر ئێمە کاتێک بە ڕووداوەکەمان زانی کە شۆفیرەکەی تەلەیفۆنی بۆ کردین.)**

مەحمود ڕەزا، لە خاڵی بیست و پێنجەمی نوسینەکەیدا باس لە شەهید بوونی ڕەئوف کامیل ئاکرەیی دەکات و دەڵێت:

**٢٥- (لە ٢٣/٢٦ ی مایسی ١٩٩٣ دا رەوف کامیل ئاکرەیی، سەرۆکی رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان لە دهۆک کوژرا. کەسوکاری و**

**هەموان گومان لە پارتی ئەکەن کوشتبێتی. پەنجە بۆ لێپرسراوێکی باڵای پارتی درێژ ئەکرێ. رەوف سیاسییەکی چەپی پاکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ بوو.)**

شەهید ڕەوف ئاکرەیی ساڵی ١٩٥١ لە ئاکرێ چاوی بە ژین کردۆتەوە. بەشی کارگێڕیی و ئابووریی لە زانکۆی موسڵ خوێندوە و ساڵی ١٩٦٦ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە. چونکە لە بنەماڵەیەکی نەتەوەیی بووە و عەبدولوەهاب یاسینی ئاغای باوکی ئەندامێکی کارامەی پارتی دیموکرات بووە، ئەویش پەیڕەوی لە سیاسەتی پارتی دیموکرات کردوە.

ساڵی ١٩٧٤، چووەتە شاخ و ساڵی ١٩٧٥، بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا، وەک هەزاران کەسیی تر گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. بۆ ماوەیەک، پشتیوانیی لە سیاسەتی کوردستانیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردوە، بەڵام دواتر کە کۆمەڵە هاوپەیمانیی لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێڕان پێکهێناوە، لەو ڕێکخراوە کشاوەتەوە و ساڵی ١٩٧٦، لەگەڵ دوکتۆر ئازاد ئاکرەیی و گروپێک لە هاوبیرانی ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستانی لە دهۆک دامەزراندوە.

ساڵی ١٩٨٧، سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ شاخ و دوای ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات چووە بۆ ئێران و ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان. دوای دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستان "پاک" لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، ڕەئوف ئاکرەیی ساڵی ١٩٩٢ چووە بۆ لوبنان و لەوێ چاوی بە عەبدوڵا ئۆجەلان کەوتوە. ناوبراو دەیویست سەرکردایەتی چەپی باشوری کوردستان بە بیری نەتەوەیی بکات و چەپ بیرەکان لەژێر هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان دەربێنێت کە لەو بۆچوونەیدا سەرنەکەوت.

ڕەوف ئاکرەیی خاوەنی سێ کتێبی بەنرخە. لە یەکێک لە کتێبەکانیدا باس لە ئەنفالی کورد دەکات. کتێبی دووەمی "دەرگایەک بۆ ئابووریی سیاسیی" و هەروەها لە کتێبی سێیەمیدا باس لە کێشەی کورد و دواڕۆژی "باکوری عێراق، یان باشوری کوردستان" دەکات.

شەهید ڕەوف، باوەڕی بە ژیانی فرە حیزبی و پلۆرالیسمی سیاسی هەبووە و دژی فیفتی فیفتی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی بووە و پێشبینی ئەوەی کردوە و کە شەڕ لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا ڕوو دەدات. هەرچەندە، بەداخەوە بۆچوونەکەی بە ڕاست گەڕا و لەنێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتدا شەڕی براکوژیی سەری هەڵدا، بەڵام ئەویش بە ئامانجە دیارییکراوەکانی نەگەیشت و ڕۆژی ١٩٩٣/٥/٢٦ لە دهۆک تیرۆر کرا.



ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٢٣، بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی شەهید کرانی، چووم بۆ دهۆک و لە نزیکەوە چاوم بە دوو کوڕ و برایەک و برازایەکی کەوت. بە پێچەوانەی وتەی مەحمود ڕەزا کەسوکاری و هەموو لایەک گومان لەوە ناکەن کە پارتی کوشتبێتی. کاک سدقی برا کوشتنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ چوونی براکەی بۆلای عەبدوڵا ئوجەلان و ئەوە بە هۆکاری تیرۆر کردنی دەزانێت. کاوەی کوڕی دەڵێت چونکە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پارتیدا شەهید کراوە، پارتی لەو بارەیەوە بەرپرسیارە و کۆڤانی کوڕیشی دەڵێت، بکوژەکەی نادیارە، چونکە لەو سەردەمدا ئاڵۆزیی زۆر لە ناوچەکەیاندا هەبووە و دەرەتانی لێکۆڵینەوە کەم و بە داخەوە ناکرێت پەنجەی تاوان بۆ لایەنێک ڕاکێشین و لەو بارەیەوە هیچ بەڵگەیەک بەدەست نییە.

لە خاڵی ٢٦ی نوسینەکەیدا، مەحمود ڕەزا پەنجە بۆ کوژرانی دوو ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٩٣ ڕادەکێشێ، بەڵام ئامارژە بۆ مێژووی کوژرانیان ناکات و بە شێوەی ڕاستەخۆ کوژرانەکەیان دەخاتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەڵێت:

**٢٦- (هەر لەو سەروبەندەیا پارتی دو سیاسیی کەی لە دهۆک کوشت: ئەبو نەصیری حیزبی شیوعی و فرانسیس شابا.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، فرانسیس مییا قەلۆ "ئەبوو حەسەن" ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژێمی بەعسی عێراقەوە کوژرا، نەک پارتی دیموکراتەوە. تاوانی کوشتنی فرانسیس مییا دەگەڕێتەوە بۆ دوای تاوانەکەی نەوشیروان مستەفا لە پشتئاشان و ئەوکاتە حیزبی شیوعی هاوپەیمانی پارتی دیموکرات بوو لە شاخ، بەڵام یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە وتوویژدا بوو، و شەڕی لەگەڵ پارتی دیموکرات، حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان هەبوو. لەو بارەیەوە، توما توماس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی کە ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/٢٠ کۆچی دوایی کرد، لە کتێبەکەیدا "اوراق توما توماس" کە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکرایەوە، دەڵێت: **(فرانسیس مییا قەلۆ "ئەبو حەسەن دەرچووی زانکۆی یەکیەتی سۆڤیەت بوو لە ساڵی ١٩٥٥. ناوبراو ئەندامی ڕێکخراوی حیزبی شیوعی بوو، و لە گوندی "دهی" لە ناوچەی دهۆک دەژیا کە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن بەکرێگیراوانەوە کوژرا.)**

هەروەها لازار میخۆ حەننا "ئەبو نەسیر" ئەندامی پاڵێوراوی حیزبی شیوعی عێرق بوو بۆ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا. ناوبراو شەوی ١٤ لەسەر ١٩٩٣ /٦/١٥ هاوکات لەگەڵ شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان- پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان- لەلایەن کەس، یان کەسانێکی تاوانبارەوە لە دهۆک تیرۆر کرا و دوای بە دواداچوونێکی زۆر تاوانبار، یان تاوانبارانی کوشتنی نەدۆزرانەوە.

لە خاڵەکانی ٢٧ و ٢٨ی نوسینەکەیدا، مەحمود ڕەزا ئاماژە بۆ کوژرانی دوو کەس بە ناوەکانی دوکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف لە ٢٠٠٨/٣/٥ و سۆرانی مامە حەمە ڕۆژنامەنوس لە ٢٠٠٨/٧/٢١ لە کەرکوک دەکات و دەڵێت:

**٢٧- لە ٥ ی ئازاری ٢٠٠٨ دا مەفرەزەیەکی پاراستنی پارتی، نێردراو لە هەولێرەوە، لە ناو کەرکوک لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا، لە سەر بیروڕا، دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریفی کوشت.**

**٢٨- سۆرانی مامە حەمە لە ٢١- ٧- ٢٠٠٨ دا لە کەرکوک، لە بەردەم ماڵی خۆیانا کوژرا. کەسوکاری و دامەزراوەی میدیایی لڤین کە سۆران پەیامنێری بو، پەنجەی تۆمەت بۆ پاراستنی پارتی درێژ ئە کەن**

بۆ لێکۆڵینەوە و ئاشکرا کردنی چۆنیەتی کوژرانی ئەو دوو کەسە، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٦ چووم بۆ کەرکوک و چاوم بە جێگری مودیری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و مودیر و جێگری مودیری بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی پارتی دیموکرات کەوت. هەر سێی ئەو بەڕێزانە بە درێژی سەبارەت بە چۆنیەتی کوژرانی خەڵک لە کەرکوک دوان و ڕایانگەیاند ئێمە وەک ئاسایش و پاراستنی پارتی دیموکرات، بە هیچ شێوەیەک ئاگامان لە چۆنیەتی کوژرانی ئەو دوو کەسە نییە و ئەوە تۆهمەتێکە کە گۆڤاری لڤین و بزوتنەوەی گۆڕان بۆ پارتی هەڵبەستوە، ئەگەرنا کاتی کوژرانی ئەو دوو کەسە کە نەوشیروان مستەفا ئەمین جێگری سکرتێری یەکێتیی بوو، و ئێستاش یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بوارەکانی ئەمنیەتی و سەربازییەوە لە کەرکوک سەردەستە. باشتر ئەوە بوو، لە جیاتی هەڵبەستنی ئەو تۆهمەتانە بۆ ئێمە بەڵگەیەک ڕوو بکەن و بە ڕێگای یاساییەوە کار بۆ کوژراوەکان بکەن. جێگری مودیری ئاسایشی پارتی دیموکرات لە کەرکوک گوتی:

**- (لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، کوشتن و تیرۆر لە کەرکوک هەیە. هەرلەم ساڵەدا، لە ٢٠١٧/١/١ تا ٢٠١٧/٤/١٩، تەرمی ٢٧ کوژراوی لە گەڕەکەکانی شۆرجە، چیمەن، سەقزلی و....تد دۆزراوەتەوە. بە تەنیا لە گەڕەکی لەیلان حەوت تەرم و لە گەڕەکی شۆراوە و پشت شۆراوە شەش تەرم بۆ پۆلیس ئاشکرا بووە. فەرموون، ئەوانەی بەرپرسی ئەمنیەت و سەربازیی کەرکوکن، تاوانبار، یان تاوانبارانی ئەو کوژراوانە ئاشکرا بکەن. ساڵی ٢٠١٦، گەنجێک بە ناوی بارزان کە وێنەی سەرۆک بارزانی و ڕێزدار**

نێچیرڤان بارزانی لەسەر سنگ و پشتی تاتۆ کردبوو، کوشتیان و دەرکەوت ئوتویان لەسەر سنگ و پشتی داوە.

هەموو لایەک دەزانن کە دوکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا خزمەتی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی کردوە. ئەو دوای ٢٠٠٣ لە نێوان بەغدا و کەرکوکدا لە هاتوچۆدا بوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پاراستن ئەو کابرایەی نەکوشتوە، بەڵکوو بەهۆی ناخۆشەویستیی خۆی لەنێو خەڵکدا، کەسێک یان لایەنێکی نادیار کوشتویەتی.) مودیری بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی پارتی دیموکرات لە کەرکوک گوتی:

- (زیاتر لە بیست ساڵە لە پاراستندا کار دەکەم، تا ئێستا هەرگیز نەمبینیوە ڕاسپاردە یان ئامۆژگارییەک بە پاراستن درابێت کە کەسێک بکوژێت. بە داخەوە، سەرەداوێک نییە کە ئێمە بە دروستی پەنجەی بۆ ڕاکێشین و بڵێین ڕووداوەکە بەو شێوەیە بووە. ئەوکات و ئێستاش یەکێتی نیشتمانیی کوردستان خاوەن دەسەڵاتی ئەمنی و سەربازییە لە کەرکوک و نەوشیروان مستەفاش هێشتا لە یەکێتی جیا نەببووەوە. پرسیار ئەوەیە، بۆچی یەکێتی تاوانبار، یان تاوانبارەکانی ئەو قەتڵانە و بکوژەکانیان ئاشکرا ناکات؟ سۆرانی مامە حەمە ڕۆژنامەنوسێکی گەنج بوو، و بەرلە تیرۆر کردنی کۆمەڵێکی شت سەبارەت بە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی لە کەرکوک نوسیوە و دەتوانم بڵێم ئەوانەی لەسەر بەرپرسانی پارتی نوسیون، زۆر کەمتر بوون لە نوسین لەسەر لایەنەکانی تر و یەکێتی نیشتمانی.) هەرلەو بارەیەوە، جێگری مودیری بەڕێوەبەرایەتی پاراستن گوتی:

- ( ئەوکاتە، مقدم خەبات غەریب لە گەڕەکی عروبە بە بۆمب شەهید کرابوو، و ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان لە نەخۆشخانە بووین کە بیستمان ڕەوانشاد سۆرانی مامە حەمەشیان شەهید کردوە و ئێمە بۆی بە پەرۆش بووین. باوەڕ بکەن ئەوەندەی سۆران لەسەر لایەنەکانی تری نوسیوە، هەرگیز بەو ڕادەیەی دژی پارتی نەنوسیوە. یەکێتی سەیتەرەی بەسەر کەرکوکدا هەیە و بۆچی نایە بڵێ، سۆران چۆن کوژراوە؟) بەرپرسانی بەشی

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک بە نوسراوە پێی ڕاگەیاندم:

**- ( سۆرانی مامە حەمە، یەکێک لەو ڕۆژنامەنوسانەی شاری کەرکوک بوو کە پێوەندیی و هەمئاهەنگی لەگەڵ بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک هەبوو. ڕۆژانە بە تەلەفۆن پێوەندیی بە ئێمەوە دەکرد و داوای کار و چالاکییەکانی لێ دەکردین و لە سایت و ئاژانس و گۆڤارەکاندا ڕاپۆرتی تێروتەسەلی لەسەر چالاکییەکانمان بڵاو دەکردەوە و ڕۆڵی ئاسایشی لە دەستگیر کردنی تیرۆریستان و دابینکردنی هێمنی، ئارامی و سەقامگیریی کەرکوکدا بەرز دەنرخاند. ڕۆژێک لە گۆڤاری لڤین دا بابەتێک لەسەر ئاسایشی ئێمە بڵاوکرابۆوە کە هەواڵەکە سەرتاپا درۆ و بوختان بوو. چونکە ئەوکاتە کاک سۆران پەیامنێری لڤین بوو، بەشی ڕاگەیاندن پێوەندیی پێوە کرد و ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی من ئاگاداری ئەو بابەتە نیم و من نەمنوسیوە. کاک سۆران پێوەندی بە سەرنوسەری گۆڤاری لڤینەوە کرد و ئێمەی ئاگادار کردەوە کە ڕۆژنامەنوسێک ئەو هەواڵەی نوسیوە کە خەڵکی کەرکوک نییە و بە واقیعی کەرکوک نازانێت و گوتی تا من لە لڤین بم، ناهێڵم بە خراپی باسی ئاسایش پارتی بکەن، چونکە ئاسایشی پارتی لە کەرکوک زۆر قوربانی دەدا و کار و چالاکیی باش ئەنجام دەدات و خەڵکی کەرکوک دەپارێزن و شایانی ئەوە نین کە بە خراپ لە سەرتان بنوسرێت.**

**سۆرانی مامە حەمەی، بە بەردەوامی سەردانی بەشی ڕاگەیاندنی ئێمەی دەکرد، ڕۆژێک داوای ڕێگەپێدانی ئوتۆمبێلەکەی لێکردین کە بە ژمارەی "کاتی کەرکوک" بتوانێ بچێتە نێو شاری هەولێر کە ئاسایش بەڵگەیەکی یەک ساڵەی بۆ ئوتۆمبێلەکەی نوسی و دوو جاری دیکەشی بۆ نوێ کردەوە.)**

دوای ئامادە کردنی ئەم لێکۆڵینەوەکەم سەبارەت بە چۆنیەتی تیرۆر کردنی سۆرانی مامەحەمەی، چاوم بە وتارێکی ڕێزدار حەمەسەعید حەسەن کەوت کە لەژێر ناوی "کێ سۆرانی مامەحەمەی بە کوشت دا؟" لە تۆڕەکانی

ئینتەرنێتدا بڵاویکردبووەوە. ناوبراو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، لە وتارەکەیدا دەڵێت:

کێ سۆرانی مامەحەمەی بە کوشت دا؟

نازانم ئەوانە کێ بوون سۆرانی مامەحەمەیان کوشت، نازانم کام مافیا لە دوای تیرۆرکردنی ئەو گەنجەوەیە، بەڵام دەزانم ئەوە کێ بوو ئەوی بە کوشت دا و دەیشزانم لە پێناوی چیدا بە کوشتی دا. وەکوو ئەحمەد میرە ددانی پێدا ناوە، سۆران مامەحەمە لەسەر ڕاپۆرتی: (سۆزانییەکان کەرکووک داگیر دەکەن) کە لە ژمارە (٦٩)ی (لڤین)دا بڵاو کراوەتەوە،(*) لە ٢١ی ٧ی ٢٠٠٨دا لە کەرکووک تیرۆر کراوە و لەوە دەچێت ڕاستیش بکات، ئاخر خۆی دەزانێت، چ گۆبەندێکی گێڕاوە ئەم سەرنووسەرە.(**) ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە ئەوەی دەهێنا، سۆرانی مامەحەمە گیانی خۆی لەسەر بەخت بکات؟ ئایا بە لای سەرنووسەری لڤینەوە، بڵندکردنەوەی تیراژی گۆڤارەکەی، لە ژیانی سۆران گرنگتر بوو؟ ئەگەرنا، ئەدی بۆچی ئەو ڕاپۆرتەی بە ناوی ئەو گەنجەوە بڵاو کردەوە؟ یان ئەدی بۆچی هیچ نەبێت، چەند ڕستەیەکی ڕاپۆرتەکەی فەرامۆش نەکرد؟ یان ئەو چەند ڕستەیەی بە شێوەیەکی دیکە دانەڕشتەوە؟ ئاخر ئەگەری ئەوە هەبوو، بە لابردنی یان گۆڕینی ئەو چەند ڕستەیە، سۆرانی مامەحەمە لە کوشتن ڕزگاری ببێت.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە: **(ئەفسەر و پلەدارەکانی پۆلیس و ئاسایش، ئاسانکاری بۆ لەشفرۆشی دەکەن. بنکەکانی پۆلیس ئافرەت فێری لەشفرۆشی دەکەن. لە بنکەی پۆلیسدا سێکس لەگەڵ لەشفرۆشان دەکرێت. عەقید و موقەدەم بە تەلەفۆن داوای لەشفرۆش دەکەن. ئوم لەتیف کە دەڵاڵی سێکسفرۆشەکانە لەناو بنکەی پۆلیسدا موعتەمەدی هەیە. دەسەڵاتدارانی کەرکووک، ئەگەر کچیان بۆ ببەیت، زیندانیت بۆ ئازاد دەکەن. لای لڤین ناوەکانی سێ عەقید و چەندان موقەدەم و ڕائید هەیە کە سەر بە پۆلیس و ئەمن و ئاسایشن، ئەمە بێجگە لە چەند بەرپرسێکی باڵا کە لەگەڵ سێکسفرۆشەکان ڕادەبوێرن. ناوەکانی هەموو ئەوانە لای لڤین هەیە بەڵام لەبەر ڕەچاوکردنی ئاکاری ڕۆژنامەوانی بڵاویان ناکاتەوە. ئوم**

**لـەتیف کـە سۆزانیخانـەی هـەیـە، کـادرێکی چـالاکی حیزبێکیشـە و سـێ تیرۆریستی تـەسلیم بـەو حیزبـە کردووە. لڤین بـە خـەتی درشت دەنووسێت: زۆربـەی ئـەوانـەی کچـەکان دەردەکـەن، ئـەفسـەری پۆلیس و ئاسایش یـان مـەسئوولن. ئوتێلـەکانی نێرگز، جیهان، تـەئمیم و دیوان، شـەوانـە سێکسیان تێدا دەفرۆشرێت. بـەرپرسـەکانی سلێمانی و هـەولێریش کە ناوەکانیان لای لڤینە، بۆ ڕابواردن بۆ لای ئوم لـەتیف دێن. وەک باوە هـەمیشە ناوی وەهمی لـەبری ناوی سۆزانی و دەلاڵ دەنووسرێت، لڤین ئـەو ڕێسایـەش فـەرامۆش دەکات و ناوی ڕاستـەقینـەیان دەهێنێت.)**

موعـەممـەر قـەزافی کە عـەقید بوو لـە سـەرەتـای سێپتێمبـەری ١٩٦٩ دا، لـە لیبیا کودەتایـەکی کرد و بوو بـە سـەرۆکی ئـەو وڵاتـە، کـەچی ئوم لـەتیف لـە ڕێـی لڤینـەوە چـەنـدان عـەقید دەکـات بـە پـەنـد، کـەچی لڤین هـەڕەشـە لـەو هـەموو عـەقیـد و موقـەدەم و مـەسئوولـە دەکـات کـە ئـەگـەر بڵـێن لـەل، نـاوی ڕاستـەقینـەیان بڵاو دەکاتـەوە و ئابڕوویان دەبات. ئایا ئیشی سـەرنووسـەرێک کـە ئاکـاری ڕۆژنـامـەوانی لـەبـەر چـاو بگرێـت، هـەڕەشـەکردنـە لـە عـەقیـد و موقـەدەمی ئـاسـایش و پۆلیس؟ لڤـین هـەر بـەوەوە ناوەستێت هـەڕەشـە لـە قووەتی موسـەلـەحـە و مـەسئوولین و دەزگا هـەواڵگرییـەکان بکات، هـەڕەشە لـە دەلاڵ و لـەشفرۆشـەکانیش دەکات و نـەک هـەر ناویـان، دەشێت وێنـەکانیشیان کـە لایـەتی بـڵاو بکاتـەوە. لڤـین بـە جـوانی ئێتیکـی ڕۆژنـامـەوانی ڕەچـاو دەکات، ئـەوە بۆیـە نـاوی ئـەو هۆتێلانـەیش دەدرکێنێت کـە شـەوان دەبـن بـە سۆزانیخانە! سـەرنووسـەری زێدە ئـازا و تـەواو سـەربـەخۆ و پیشـەیی، بـاکی بـە چییـە؟ ئـەوە سـۆرانی مـامـەحـەمـەیـە، دەبێتـە نێچیرێکـی بـەسـتـەزمان و بـە خوێن باجی بڵندکردنـەوەی تیراژی لڤین دەدات.

سـەرچاوەی هـەموو زانیارییـەکانی لڤین ئـوم لـەتیفـە کـە سـۆزانیخانـەی دانـاوە! ئـایـا بڵاوکردنـەوەی قسـەکانی ئـوم لـەتیفی دەلاڵ، ئـەوەی دەهێنـا، گـەنجێکی جـوانی خێر و خۆشی نـەدیوی بیست و سێ ساڵـەی وەک سـۆرانی مامەحەمەی لەسەر تیرۆر بکرێت؟ ئایا لڤین لە تۆڵەی سۆراندا چـی دەکـات؟ دەنووسێت: سـۆران ئـازا و بـوێر بـوو؟ جـا بـاشـە، ڕۆژنـامـەنووس کـە ئیشی

ئەوەیە هەواڵ و زانیاریی کۆ بکاتەوە، دەبێت لەسەر یەکەم ڕاپۆرت، لە پێناوی گوێزانەوەی قسەی دەلاڵێکدا خۆی بە کوشت بدات؟ ئایا ئەگەر سۆران کوڕی مامەحەمە نەبووایە، کوڕی ئەحمەد میرە بووایە، لە پێناوی بەرزکردنەوەی تیراژی گۆڤارەکەیدا، بە کوشتی دەدا؟

ئایا ئەحمەد میرە دەوێرێت بە ناوی خۆیەوە، هەرچی عەقید و موقەدەم و مەسئوول و خاوەن هۆتێلە سووک و ڕیسوا بکات؟ ئەگەر سەرنووسەری لڤین سووک سەرنجی ژیانی سۆرانی نەدابا، هەشت و نۆ ڕستەی ڕاپۆرتەکەی لا دەبرد یان دەگۆڕی. ئایا لە شارێکی فرەحاکمی پڕ لە مافیای وەک کەرکووکدا کە ئەوەی بێبایەخ بێت گیانی ئینسانە، سۆرانێکی خوێندکاری بەستەزمان چی پێ دەکرێت؟ ئایا سۆران هی ئەوەبوو شەڕی مافیا بکات؟ ئایا ئەحمەد میرە نازانێت، ئەوە مافیاکانن بازرگانیی سێکس بەڕێوە دەبەن؟ ئەگەر سەرنووسەری لڤین خاوەنی ویژدانێکی زیندوو بووایە، دوای شەهیدبوونی سۆران، گۆڤاری دەرنەدەکرد، خوی دەکوشت.

(*) سۆزانییەکان کەرکووک داگیر دەکەن، لڤین، ژمارە ٦٩ ل ٤٦ و ٤٧ حوزەیرانی ٢٠٠٨ سلێمانی.

(**) بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە. شێخ ڕەزا

بەهەر حال، بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، پارێزگاری کەرکوک، مودیری پۆلیسی گشتی کەرکوک، ئاسایشی کەرکوک کە پێوەندیی بە دەزگاکانەوە هەیە و دژە تیرۆری کەرکوک بە تێکڕا لە یەکێتیین. مودیری قەزا و ناحیەکانی کەرکوک کە پێوەندیی بە شاری کەرکوکەوە نییە، پارتییە لەگەڵ دوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و پاراستن. لەبەر ئەوە، جێگەی خۆیەتی کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بەو کوژراوانە بکۆڵێتەوە و تاوانباران بدات بە دادگا.

**تێبینی:** کاتی ئامادە کردنی ئەم بەشە، تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بڵاویان کردەوە محەمەد یونس کادیری پارتی دیموکرات و جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای گازی باکور لە کەرکوک، کاتژمێر ٠٨:٠٠ ی ڕۆژی

٢٠١٧/٥/٢، لەکاتێکدا ویستویەتی بچێت بۆسەر کاری ڕۆژانەی لەگەڵ پاسەوانێکی بەناوی شاهۆ عەبدولسەلام لەلایەن کەسانێکی دەمامکدارەوە تەقەی لێکرا و هەردوویان شەهید بوون.

**٢٩- (سەردەشت عوسمان لە ٤- ٥- ٢٠١٠ دا بە بەرچاوی دەیان کەسەوە، لەبەردەم کۆلیجەکەیا رفێنرا. دوای دو رۆژ لە نزیک موسڵ دۆزرایەوە. بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرا بوو. کەسوکاری و زۆرێک لە خەڵک دڵنیان کە پاراستنی پارتی کوشتویەتی.)**

بە پێچەوانەی وتەی مەحمود ڕەزا، سەردەشت عوسمان ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٤ نەدزراوە، بەڵکو ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٤ دزراوە. ناوبراو ساڵی ١٩٨٨ لەدایکبووە و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا، ڕۆژنامەنووس و خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە هەولێر. کاتژمێر ٠٨:٠٠ ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٤ لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو، لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین ڕفێندرا. پاش دوو ڕۆژ، تەرمەکەی بە قۆڵبەستراوی لە موسڵ دۆزرایەوە.

سەردەشت عوسمان وەک چەندان کەسی تر لە هەرێمی کوردستان، کە ڕۆژانە لە ژێر ناوی حیزب و ڕۆشنبیر، لە شاشەکانی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا دژایەتی و تەنانەت سوکایەتی بە دەسەڵات دەکەن، بەرامبەر بە دەسەڵات و بە تایبەتی "پارتی دیموکراتی کوردستان"، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی دەزگای پاراستنی هەرێم خاوەنی چەندان نوسینی توند بوو.

نوسینە توندەکانی سەردەشت عوسمان دژی دەسەڵات، بە بەردەوامی ڕای تیرۆریستان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان و کەسانی دژی بە دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان هاندەدا کە بەڵکوو بتوانن بۆ کاری تێکدەرانە کەڵکی لێوەربگرن. بەم بۆنەیەو، بەرپرسە تیرۆریستەکانی ئەنساری ئیسلام

پێوەندیان پێوە کردوە کە بەڵکو هاوکات لەگەڵ نوسینەکانی چەند کاری تێکدەرانە و تەقینەوەی تیرۆریستی لە هەولێر ئەنجام بدات.

بەڵام سەردەشت کە نیشتمانپەروەرێکی ڕەخنەگر و دژی کاری تیرۆریستیی بووە، وەڵامی تیرۆریستانی ئەنساری نەداوەتەوە. سەرئەنجام کار گەیشتوەتە جێیەک کە وەبەر هەڕەشەی تیرۆریستان کەوتووە و ئەویش ئەوەی نەشاردۆتەوە و چەند دۆست و هاوڕێ و بەرپرسانی پێوەندییداری ئاگادار کردۆتەوە کە گیانی لە مەترسی دایە و هەرلەم بارەشەوە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە بابەتەکەیدا بە ئاشکرا داوا لە بکوژەکانی دەکات کە مەرگێکی شایستە بە ژیانەکەی ببەخشن و گوتوویەتی:

**- (دوعا دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت. بۆیە ئەم قسانە دەکەم تا بزانن گەنجەکانی ئەم وڵاتە مردن سادەترین هەڵبژاردنیانە، بۆ ئەوەی تێبگەن کە ئەوەی ئێمە دەترسێنێت بەردەوامی ئەم ڕۆژگارەی ئێستایە بۆ نەوەیەکی داهاتوو، نەک مردنی خۆمان، کاری منیش خۆشبەختی برا بچوکەکانمە، نەک خۆم.)**

ئەوە، داستانی خەمهێنەری ئەو کوڕە گەنجە بە هەستە بوو کە لە جیاتی وەڵامدانەوەی بە تیرۆریستان، خۆی کرد بە سوتەمەنی داهاتووی کوردستان.

تیرۆریستان، کاتژمێر ۰۸:۰۰ ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٤ لە بەردەم زانکۆی سەلاحەدین ڕفاندیان و بردیان بۆ شەرگات لەنێوان مەخمور و موسڵ. لەو بارەیەوە، هشام مەحمود ئیسماعیل دەڵێت: **(من سەردەشت عوسمانم لە شەرگاتەوە گواستەوە بۆ موسڵ.)**

هشام مەحمود ئیسماعیل لەدایکبووی ١٩٨٢ و دانیشتووی گەڕەکی کەرامەی موسڵ، ساڵی ٢٠٠٤- ٢٠٠٥ چۆتە ڕیزی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەنساری ئیسلامەوە. ناوبراو دەڵێت:

**- (مانگی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠، من لە موسڵ بووم کە یەکێک لە بەرپرسانی ئەنسار بە ناوی سوهەیب ئاگاداری کردمەوە کە بچم بۆ شەرگات. من، لە موسڵەوە چووم و سوهەیب و ئەبوو مریەم و ئەبوو**

**ئەحمەدم بینی. مینی پاسێکی هۆندایان دامێ کە بیبەم بۆ موسڵ. گوتیان پێشمەرگە گومان لە تۆ ناکات. ئەبوو مریەمیش لەگەڵم هات. کاتی سواری مینی پاسەکە بووم، کەسێکم بینی کە بەدەست پێی و زاری بەستراو لە پشتەوەی پاسەکەیە. من و ئەبوو مریەم پاسەکەمان بەو کەسەوە برد بۆ موسڵ و لە "حەین ئەلتنسار" تەسلیمی ئەبوو ئەحمەمان کرد.**

**دڵم بۆ ئەو کەسە دەسوتا کە لە ئوتۆمبیلەکەدا بوو، لەبەر ئەوە دوای چوار ڕۆژ، تەلەفۆنم بۆ ئەبوو ئەحمەد کرد و پرسیم ئەو کەسە کێ بوو، و چی لێهات؟ گوتی کوشتمان. چونکە هەندێک کارمان پێسپاردبوو کە لە هەولێر بیکات، بەڵام نەیکرد و ئێمەش کوشتمان.)**

بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەران، هشام لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە گیراوە و هەر ئێستا لە زیندانی ئاسایش دایە.

**٣٠- (وەدات حوسێن ١٣-٨-٢٠١٦ لە ناو شاری دهۆک بە بەرچاوی دەیان کەسەوە رفێنرا و دوای چەن سەعاتێ تەرمەکەی بە شێوێنراوی دۆزرایەوە. کەسوکاری و ملیۆنان لە خەڵکی کوردستان کوشتنەکەی بە دەستی پاراستنی پارتی ئەزانن.)**

ویداد حوسێن عەلی، لە دایک بووی ١٩٨٨ی دهۆک، دوای خوێندنی ئامادەیی لە پارکی شاری دهۆک دامەزراوە. دوای ماوەیەکی کورت کارەکەی بەجێهێشتوە و لە دەزگای ڕۆشنبیری دهۆک کاری کردوە، بەڵام لەوێش نەماوەتەوە و بووە بە بەرپرسی دەزگای هەواڵنێریی ڕۆژنیوزی پەکەکە لە دهۆک. کوڕێکی زیرەک و بە وزە بووە. بۆ سەرخستنی سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە دهۆک، بە چەشنی پەکەکە، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە دەسەڵاتی باشوری کوردستان گرتووە، بەڵام سەرئەنجامی هەوڵەکانی بە تیرۆر کردنی بە کۆتا هاتووە.

کوژرانی ویداد حوسێن، بە هەوڵی پەکەکەو لایەنگرانی دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە. ڕێکخراوی هیومان رایتس ووۆچ ڕاگەیەندراوێکی دەربارەی کوشتنی ویداد حوسێن لە شاری دهۆک بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە

حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان کـــرد کە گەرەنتـــی بەڕێوەچـــوونی "لێکـۆڵینـەوەیەکی گشـتگیر و خـاوێن" سـەبارەت بە کوشـتنی ویـداد بـدات. هیومــان رایـتس ووچ لـەگەڵ چەنـد هـاوڕێیەکی ویـداد قسـەی کـردوە و لـە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێت: **(بەپێی وتەی هاوڕێکانی بەرلە دوو ساڵ ویداد بۆ مـاوەیەک لە کەمپەکـانی پەکەکە مـاوەتەوە، بەڵام نەک وەک گەریـلا.)** ئامـاژە بەوەش دەکـات کە بەر لە چەنـد مانگێک لە کـوژرانـی، ئاسایش سێ جار لێپێچینەوەی لەگەڵ ویداد کردوە سەبارەت بە ڕۆڵ و پاڵپشتی کردنـی لە پەکەکە و کارەکانی وەک ڕۆژنامەنووسێک.

کـۆنگرەی نـەتـەوەیـی کوردسـتان"کەنەکە" سـەبارەت بە کـوژرانی ویـداد حوسێن بە شێوەی خوارەوە بڵاو کردە.

**تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوان ویداد حوسێن عەلی بە توندیی شەرمەزار دەکەین**

**لە ئەنجامی هەلومەرجی قەیرانـاوی و بـارودۆخی دژواری سیاسـی و ئابووری. بەگشتی لە ئەنجامی نالەباری دۆخی کۆمەلایەتی خەڵک لە باشوری کوردستان. پێویست بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و کۆمەک و هەماهەنگی ئەرێنی و ئاقڵانە هەیە، کە بتوانێ کۆمەڵگەی باشور لەو ڕەوشە دەربـاز بکـات. ئەلتەرنـاتیڤی ئاشتیانە و سنگ فرەوانـی هێـزی دەسەڵاتدار و دیالۆگی سیاسی و دیموکراسیانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.**

**ڕۆژنامەوانان و کەسانی ڕۆشنبیر و ئازاد ئەتوانن زیاتر ڕۆڵی ئەرێنی ببینن و ڕووناکی بخەنە سەر گرێکوێرەکـان و بەربەست و هۆکارەکـانی دەستنیشان بکەن.**

**جێی داخە، بە شێوەیەکی بەرچاو لێرەو لەوێ ئەم دەنگ و هەوڵانە بە ڕێگەی قێزەون کپ دەکرێن و کەسەکان بە شێوەی تیرۆر و دڕندەیی لەناو دەبرێن، یان دەگیـرێن و لە زینـدانەکان تونـد دەکـرێن. جێگـای داخێکـی قـووڵترە کە تیرۆرکردنـی ڕۆژنـامەوانـان لە باشـوری کوردسـتان بـۆتە دیاردەیەکی سیاسی. ئەمە لە کاتێکدا زەنگێکی مەترسیداری گەورەیە بۆ**

**سەر پرۆسەی دیموکراسی کە گەلی کوردستان گەورەترین قوربانیی تیرۆر و داگیرکەری و دیکتاتۆریەتە. لە هەمانکاتا دژ بە مافە سەرەتاییەکانی ئازادیی ڕادەربڕینە.**

**بە داخێکی زۆرەوە لەم ڕۆژانەدا لە شاری دهۆک رۆژنامەوانێکی تری هەرێمی کوردستان بە ناوی ویداد حوسێن، هاوشێوەی تیرۆرکردنی هاوپیشەکانی - سۆران و سەردەشت و گەرمیانی - بە هەمان درِندەیی لە بەرچاوی یاسا و بە ڕۆژی ڕووناک دەڕفێنرێ و دواتر تیرۆر دەکرێ.**

**ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-ک ن ک- بە توندی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوان ویداد حسێن شەرمەزار دەکەین. داوا لە دەسەڵاتدارانی شاری دهۆک و حکومەتی هەرێم دەکەین بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەم کارە بدۆزنەوە و بە پێی یاسا دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. هەروەها ئازادی و ئازادیەکانی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانان فەراهەم بکرێت و دەزگاکانی ئەمنی و ئاسایش بیانپارێزێت.**

**داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بێ دەنگ نەبن، چونکە نەتەوەیەک کە خاوەنداریەتی لە مافەکانی خۆی نەکات، هەمیشە مافخوراو و ژێردەستە و ئایندە ڕەش دەمێنێتەوە.**

**ئێمە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی ویداد حسێن و هەڤاڵانی دەکەین و دیسانەوە هەموو کارێکی لەم جۆرە نامرۆڤانەیەو تیرۆر و تیرۆرستان مەحکوم و شەرمەزار دەکەین.**

**کۆمیتەی مافی مرۆڤی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**بروکسل ٢٠١٦/٨/١٤**

بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی تیرۆر کردنی ویداد حوسێن، چووم بۆ دهۆک و سەردانی باوک و براکانیم کرد. حوسێنی عەلی باوکی گوتی: **(١٢ کوڕ و ٧ کچی هەبووە. ویداد یازدەمین کوڕی بووە.)** حوسێن عەلی، خۆی پێشمەرگەی خانەنشینە و گوتی: **(کوڕەکەی ڕەخنەگری دەسەڵات بووە و ئێمە لە کوشتنەکەیدا دەسەڵات بە بەرپرس دەزانین.)** ئەو گومانی بۆ کەسێکی دیار نەدەچوو، بەڵام دەیگوت چەند جار ئاسایش بانگی کردوە. گوایە ئاسایش

ویستویەتی لەگەڵ پەکەکە بێت، بەڵام کار بۆ ئەوان بکات، کە ویداد قەبووڵی نەدەکرد. باوک و براکانی ڕەخنەیان لەوە هەبووە کە هیچ حیزبێک سەردانی نەکردون و ئاسایش نەیهێشتوە لە دهۆک چلەی بۆ بگرن و بە ناچار چوون لە سلێمانی چلەیان بۆ گرتووە- چوونیان بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە بۆ دەسەڵاتی پەکەکە لە ناوچەکەدا و دژایەتی کردنی حیزبەکانی زۆنی سەوز و نیلی لە دەسەڵات کە حیزبەکەی مەحمود ڕەزا یەکێک لەو دژانەیە- نوسەر. ئەوان ڕەخنەیان لەوە هەبوو کە بۆچی لێکۆڵینەوەکان بە کۆتا نایەن و دەیانگوت ئێمە حکومەت بە بەرپرس دەزانین، چونکە ویداد لەژێر دەسەڵاتی ئەودا کوژراوە.



بۆ وەرگرتنی پرسیاری باوک و براکانی شەهید ویداد حوسێن، سەردانی بەشی تاوانەکانی پۆلیسی دهۆکم کرد. عقید عیسمەت فەرەج گوتی: **(دهۆک یەک ملیۆن کەسی تێدا دەژی. ناکرێ ئەو یەک ملیۆنە هەموویان لە کەسێک ڕازی بن. لێرە لە کوردستان، کەسی وا هەیە کە بە دەست خزمانی خۆی دەکوژرێت. شێوەی کوشتنەکان بەجۆرێکن کە پۆلیس ناتوانێ تاوانباری هەموویان بدۆزێتەوە. هەندێک جار دوای بیست ساڵ تاوانبار دەدۆزرێتەوە. کەسیش هەیە شەو دەکوژرێ و بۆ بەیانەکەی، پۆلیس قاتڵەکە دەگرێت. من داوا لە بنەماڵەی ئەو کوژراوە دەکەم لە جیاتی پاشملە گوتن، بێن و هاوکاریی ئێمە بکەن. دەسەڵات تاقە کەسێک نییە کە ئێمە بچین بیگرین. بۆچی نایەن و شکات ناکەن؟ ئەو خەڵکە کێیە کە ئاگای لەو تاوانە هەیە؟ بۆ دۆزینەوەی تاوانبار پێویستە بێن و هاوکارمان بن. ئێمە لە خزمەتی ئەوان داین. ئەگەر کارمان بە شکاتەکەیان نەکرد، ئەوکاتە ئێمە**

**بەرپرسین. ئێمە دەست لە کاری سیاسی وەرنادەین و تاوانبار هەر کەسێک بێت دەیگرین و دەیدەینە دەست یاسا.)**

مقدم خالید گوتی: (**بەداخەوە، یەکێک لە قەتڵانە، کەشفی کوشتنی ویدادە کە نەمانتوانیوە بگەینە نەتیجەیەک. بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، ئێستا دۆخی دهۆک ئارامە و بە ئاسانی دەتوانیین تاوانبارەکان بدۆزینەوە. پێویستە لەسەر بنەماڵەکەی کە ئەگەر دەزانن کەسێک تاوانبارە، با ئێمە ئاگادار بکەنەوە تا بیگرین و بیدەین بە مەحکەمە کە حوکمی بۆ بدرێت. لێت ناشارمەوە، کاتێ عێراق شەڕی ئێمەی کرد، کورد هەبوون لە دهۆک کە لەگەڵ سوپای عێراق بوون و بۆ مەسڵەحەتی خۆیان، کاریان بۆ دوژمن دەکرد.)**

لە چوارچێوەی تیرۆری ویداد حوسێن دا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە لەوانە ئەگەر بە وردی سەرنجی نەدرێتێ، مرۆڤ توشی هەڵە بکات. ویداد حوسێن ڕۆژی ١٣/ ٨/ ٢٠١٦ لە دهۆک تیرۆر کرا. دهۆک ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بە گوێرەی پرنسیپی سیاسیی پارتی تێیدا بەرپرسیارە و دەبێ دەزگاکانی هەوڵی دۆزینەوەی تیرۆریست، یان تیرۆریستانی تیرۆری ویداد بدەن. بێگومان، لەو بارەیەوە ئێوە لەگەڵم هاودەنگن. بە هەمان شێوە، حیزبەکەی مەحمود ڕەزا و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و لایەنگرانی پەکەکە لە سلێمانی، هەموو ساڵێ کۆڕ و کۆبوونەوە پێکدێنن و کوشتنی ویداد حوسێن دەخەنە ئەستۆی پارتی دیموکرات.

ڕۆژی ٢٠١٨/٨/١٣، کۆڕێکی گەورە بۆ دووەمین ساڵڕۆژی کوژرانی ویداد حوسێن لە سلێمانی پێکهات. هەموو ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانی سلێمانی بە چڕی باسیان لە شەهیدبوونی ویداد حوسێن عەلی بەرپرسی دەزگای هەواڵنێریی ڕۆژنیوزی پەکەکە لە دهۆک کرد و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەنجەی تاوانیان بۆ پارتی دیموکرات ڕاکێشا و ڕایانگەیاند: (**چونکە ویداد لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی تیرۆر کراوە، پارتی دیموکرات لێی**

**بەرپرسە.)** لەو کۆڕە و دەرەوەی کۆڕەکەدا، پروپاگەندیەکی باش و دڵی چەسپی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی پارتی دیموکرات بەڕێوە چوو.

لە جێیەکی تردا، ڕۆژی ٢٠١٨/٨/١٥، دوو ڕۆژ دوای ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە، ئیسماعیل ئۆزدەن، ناسراو بە زەکی شەنگالی خەڵکی گوندی شمزێی سەربە شارۆچکەی قوبینی ئێلە "باتمان" لە باکوری کوردستان، کە ئەندامی بەرپرسی کەجەکە بوو لە شەنگال، لە کاتێکدا لە کۆبوونەوەی ساڵڕۆژی چوارەمین ساڵی بۆمبارانی گوندی کۆجۆوە دەگەڕایەوە بۆ شەنگال، کەوتە بەر بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا و شەهیدکرا.

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، شەنگال لە دەست سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دایە و هیچ هێزێکی کوردیی تێدا نییە، جگە لە پەکەکە کە ناوی کوردیی لەسەرە، بەڵام بە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی باشوری کوردستان، پاڵی بە ڕژێمی عێراقەوە داوە و گریلاکانی خستۆتە ژێردەستی ڕژێمی عێراق و پارەیان پێ وەردەگرێت کە گوایە پارێزگاریی لە کوردانی ئێزدی دەکات.

کوژرانی ئۆزدەن، هاوکات بوو لەگەڵ دیداری و عیبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا و دانی بەڵێنیی عیبادی بە ناوبراو کە ئیزن نادات لە خاکی عێراقەوە دەستدرێژیی بکرێتە سەر خاکی تورکیا. بەو واتایە هەموو کەسێکی وەردبین دەزانێت، کوژرانی ئۆزدەن دەستی ڕژێمی عێراقی تێدابووە، بەڵام کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان "کەجەکە" دەزگا هەواڵگرییەکانی پارتی و یەکێتی تاوانبار کرد بە هاوکاریکردنی میتی تورکی لە ئەنجامدانی ئەو هێرشەدا.

ڕووداوێکی لەوە سەیرتر، ڕۆژی ٢٠١٨/٧/٢٩ گریلا شڤان عومەر دوای سێ ساڵ کاری مەدەنی و ڕێکخستنی بۆ پەکەکە لە سلێمانی، ساڵ ٢٠١٧ چوو بوو بۆ قەندیل و بەناوی "هەڤاڵ چیا" بوو بە گریلا. ناوبرا، بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی دایکی، تاقەتی مانەوەی لە چیا لێبڕا و گەڕایەوە سلێمانی و ئیتر ئامادە نەبووە بچێتەوە لای پەکەکە. پەکەکە چەند جار هەڕەشەی لە شڤان کرد، بگەڕێتەوە بۆ نێو پەکەکە، کە شڤان

ئامادە نەبوو. لە بەرامبەردا، ئێوارەی ٢٠١٨/٨/٢٩ پەکەکە لە گەرەکی سەیوانی سلێمانی، بەرچاوی دایک و باوکی شڤانیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و برینداریان کرد. شڤان گەیەندرا نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ گیانی لە دەست. دایکی شڤان عومەر، لەو بارەیەوە ڕایگەیاند:

**- (پێشتر لەلایان پەکەکەوە هەڕەشە لە کوڕەکەم کرا کە دەبێ بگەڕێتەوە شاخ، بەڵام کوڕەکەم خۆی نەیویست بگەڕێتەوە و پەکەکە لەبەرچاوەی ئێمە کوڕکەیان لێ کوشتم.)** هەروەها، دایکی شڤان گوتی: **(کاتی گەیاندنی کوڕەکەم بۆ نەخۆشخانە، تەنها ئەوەندەی پێ گوتم کە هەڤاڵەکانی خۆم بوون کە دەستڕێژی گوللەیان لێکردم.)**

کوشتنی شڤان عومەر لەلایەن پەکەکەوە سەیر نییە، چونکە هەموو مێژووی پەکەکە پڕە لە کوشتن و بە وتەی خۆیان تسویە کردنی کادیر و ئەندامانیان، سەیر ئەوەیە ئەو ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنانەی ناوچەی سلێمانی کە دەهۆڵیان بۆ شەهیدبوونی ئیسماعیل ئۆزدەن و ویداد حوسێن لێدەدا، بۆ یەک جار باسی کوژرانی شڤان عومەریان نەکرد، هەرچەندە کوژرانی ئەو زۆر ڕوون و ئاشکراتر بوو لە کوژرانی ویداد حوسێن!

مەحمود ڕەزا لە خاڵی سی و یەکەمی نوسینەکەیدا ئاماژە بۆ تیرۆر کردنی دوکتۆر وشیار ئیسماعیل وتاربێژی مزگەوتی "عومەر بندیان"ی شاری هەولێر و ئەندامی یەکێتی زانایانی ئاینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکات و دەڵێت:

**٣١- دکتۆر وشیار ئیسماعیل، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عومەر بندیانی، لێپرسراوی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی یەکگرتوی ئیسلامی، شەوی ٢٢ی ١١ی ٢٠١٦ لە ماڵەکەی خۆیا بە چەکی بێ دەنگ کوژرا. گومان ئەکرێ لە سەر ئەو وتارانەی کوژرا بێ کە دژی زوڵمی دەسەڵاتداران لە مزگەوتەکەیا، ئەی دان. پۆلیسی هەولێر باسی گرتنی بکوژەکان و دان پیانان ئەکا، بەڵام بەهۆی نا بێلایەنی پۆلیس و دادگا و بونی پێشینەی ئەم جۆرە سیناریۆیانە، خەڵک بڕوا بە قسەی پۆلیس ناکەن. کەیسەکانی نوری**

**نانەکەلی، فەرەیدون جوانڕۆیی، دکتۆر کەمالی سەید قادر، شێخ زانا، زەردەشت عوسمان، بارزان رەشید عوسمان، ودات حسێن، شوکری زەینەدین، و دەیان کەیسی تر، لە هەولێر و دهۆک، ئەی سەلمێنن کە پۆلیس و دادگا لە سنوری قەڵەمڕەوی پارتیا، ئازاد و بێلایەن نین. بەڵکو تەواو لایەندارن، بۆیە هەمو لێدوانێکی پۆلیس و بڕیارێکی دادگاکانی هەولێر و دهۆک جێگەی گومانن و خەڵک بڕوایان پێ ناکەن.)**

دوکتۆر وشیار ئیسماعیل، ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی کەوباکە، نزیک بەردەڕەش لەدایک بووە. وتاربێژی مزگەوتی "عومەر بندیان" و ئەندامی یەکێتی زانایانی ئاینی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کادیری دیاری ئەو حیزبە بوو کە شەوی ٢٠١٦/١١/٢٣، لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە گەڕەکی "بەهار" لە شاری هەولێر، لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکرا و گیانی لەدەستدا. بە شەهیدبوونی ئەو مامۆستایە، سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری هاتنە دەنگ. ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تیرۆرکردنی ئەو مامۆستا ئایینییە، لە دژی هەموو لایەک و بە تایبەتی لە دژی خودی سەرۆکی هەرێم ئەنجام دراوە.

ئاگاپرێس لە نێو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان زانیاری دەست کەوت کە بکوژی دوکتۆر وشیار ئیسماعیل بەهۆی ناکۆکی مەزهەبی بووە و لەلایەن وڵاتێکی دراوسێیەوە بەڕێوە چووە. هەروەها ئەو سەرچاوانەی لە دوکتۆر وشیار نزیکبوون دەڵێن: **(دوکتۆر وشیار لە پلەی کەسایەتێکی ئاینی سووننەدا زۆر دژایەتی مەزهەبی شیعەی دەکرد و لە وتارەکانی بەئاشکرا قسەی دەکرد.)**

سەرچاوەیەک لە یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەی بۆ ئاگاپرێس ئاشکرا کرد: **(ئێمە وەکو یەکگرتوو گومانمان لە هیچ حزبێکی سیاسی نیە لە کوردستاندا کە دەستی هەبێت لە کوشتنی دوکتۆر وشیار، بەڵکو گومان لە وڵاتێکی دراوسێ دەکەین بەهۆی هەڵویستەکانی.)** مامۆستاوە سەلاحەدین محەمەد بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کۆتا ڕۆژی

پرسەکەی دوکتۆر وشیاردا گوتی: **(ئێمە گومانمان لە کەس نیە و هیچ کەسێک تۆماتبار ناکەین.)**

ئاگاپرێس زانیویەتی هاتنە پێشەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دژایەتیکردنی کوشتنی دوکتۆر وشیار ئەوە دەردەخات کە دوکتۆر لەلایەن هێزیکی دەرەکییەوە کوژراوە و گونمانیش لە وڵاتی ئێن هەیە - مەبەست کۆماری ئیسلامی ئێرانە. نوسەر- بە وتەی حاجی کاروان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی: **(مامۆستا بە هۆی مەزهەبی کوژراوە.)**

تەلەفزیۆنی ڕووداو لە زاری برایەکی مامۆستا وشیار ئیسماعیلەوە ئامازەی بۆ چۆنیەتی کوژرانی براکەی کرد. دیار گۆران، برای مامۆستا وشیار ئیسماعیل، دەڵێت: **(شەوی ڕابردوو کاتژمێر ٢٢:٣٠ خولەک، کەسێک لە دەرگای ماڵی دوکتۆر وشیاری داوە، دوکتۆریش بەو پێیەی خاوەنی چوار کچە و کوڕێکی تەمەن سێ ساڵ و نیوی هەیە و کاتەکەش درەنگی شەو بووە، خۆی چووە دەرگای کردۆتەوە.)** براکەی دەشڵێت: **(کاتێک دوکتۆر دەرگای کردۆتەوە ئەو کەسەی لە دەرگای داوە بەر لەوەی دوکتۆر وشیار بێتە دەرەوە دەستی بردوەتە ژوورەوە و بە دەمانچە سێ گوللەی پێوەناوە، گوللەیەک بەر سەری کەوتووە و لە پشت سەری دەرچووە، گوللەیەکیش بەر سینگی کەوتووەو ئەویش لە پشتیەوە دەرچووە.)**

براکەی مامۆستا وشیار دەشڵێت: **(بە بەرکەوتنی ئەو دوو گوللەیە بەر سەر و سینگی، دوکتۆر وشیار زامدار بوو، و باری تەندروستی زۆر ناجێگیر بوو، دواتر بردمانە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای شاری هەولێر، لەوێ نیو کاتژمێرێک مایەوە و دواتر شەهیدبوو.)**

سەبارەت بە دەرکەوتنی تەقەکارەکە لە کامێرای چاودێری، دیار گۆران گوتی: **(بەپێی ئەو زانیاریيانەی هەمانە، لە ڕێگەی ئەو کامێرا چاودێریانەی کە لە چواردەوری مزگەوتەکە هەن، باس لەوە دەکرێت تەنیا کەسێک قاتڵی مامۆستا بووە، ئەو کەسە کاتێک لە زەنگی دەرگای ماڵی دوکتۆر وشیاری داوە هیچی لەسەر نەبووە، بەڵام کاتێک دوکتۆر هاتووەتە**

دەرەوە تۆزێک ڕوخساری خۆی بە جلەکانی شاردوەتەوە، دواتر تەقەی کردوە و ڕایکردوە.) براکەی دوکتۆر وشیار ئیسماعیل، نیگەرانی خۆی لە بەرامبەر هەندێک کەناڵ پێشانداوە و دەڵێت:

- (ئەو کەناڵانە بەبێ ئەوەی کە بێن و لێدوانی ئێمە وەربگرن، باسیان لەوە کردوە کە دوکتۆر وشیار کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە و سوپاسی ڕووداو دەکەین کە لێدوانی ئێمەیان وەرگرتووە، لە سەر چۆنیەتی ڕووداوەکە.... ئێمە سەرلەبەری ئەو هەواڵانە ڕەتدەکەینەوە، ئەوەی دوکتۆر وشیار دەناسێت ماوەی ١٣ ساڵە لە شاری هەولێرە و گوتاربێژ بووە، بەردەوام نێوەندگیری لە نێوان خەڵکدا کردوە، هیچ کێشەکی کۆمەڵایەتی نە لە عەشیرەتی ئێمەدا و نە لە بنەماڵەی ئێمەدا نەبووە و نە دوکتۆر وشیاریش کێشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسێک هەبووە.)

برای دوکتۆر وشیار ئیسماعیل لەبارەی پەیامی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: (بەڕێز بارزانی بەیاننامەی بڵاوکردوەتەوە و باس لەوە دەکات کە ئەم ڕووداوە بەتایبەتی دژی خودی خۆی کراوە، بۆیە ئێمە گومانمان لەسەر کەس نییە، بەڵام لایەنی ئەمنی بە بەرپرسیار دەزانین، چاوەڕێی دەرئەنجامەکانین، چونکە ئەگەر ئەمە چەند دژی بنەماڵەکەی ئێمە کرابێت یاخود یەکگرتوو، ئەمە دژی پارتی کراوە، بۆیە دەبێت پارتی لە هەموو لایەنەکان زیاتر بێتە سەرخەت و بکوژانی بدۆزێتەوە.)

لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی دەستیان لە کوشتنی دوکتۆر وشیار ئیسماعیل، ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢٧ تواندرا بکوژی سەرەکی و هاوکارەکەی دەستگیر بکرێن و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دانیان بە تاوانەکەیان ناوە. لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئەم ڕاگەیێندراوەی خوارەوەی بڵاوکردەوە.

**دەقی راگەیەنراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر**

دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد و فراوان لەسەر ڕووداوی شەهید کردنی مامۆستا دوکتۆر وشیار ئیسماعیل، تیمی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی

**هەولێر توانیی چەندین سەرەداوی دەست کەوێت و لە ئەنجامیشدا بەرەبەیانی ئەمڕۆ ٢٠١٦/١١/٢٧، توانرا بکوژی سەرەکی و هاوکارەکەی دەستگیر بکات و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دانیان بە تاوانەکەیان ناوە. لە پێناو ئاشکرابوونی ڕەهەندەکانی ئەم تاوانە، لێکۆڵینەوە بەردەوامە و گشت ڕێکارە یاساییەکان گیراونەتەبەر.**

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ٢٠١٦/١١/٢٧**

کاتژمێر ٢٢:٣٠ بە کاتی هەولێر و ٢٠:٣٠ بە کاتی ئەورووپا، تەلەفزیۆنی ڕووداو لە پرۆگرامی دیکۆمنتاریی دا، چەند زانیاریی نوێی سەبارەت بە تیرۆرکردنی دوکتۆر وشیار ئیسماعیل بڵاوکردەوە و پەردەی لەسەر کۆمەڵێک پیلانی تیرۆریستی هەڵگرت. لەو پرۆگرامەدا دەرکەوت کە تیرۆریستان سەرەتا ویستویانە حاجی کاروان بکوژن، دواتر پلانەکەیان گۆڕیوە و هەوڵی تیرۆر کردنی مەلا حوسێن پێنجوێنیان داوە. هەر دووی ئەو بەڕێزانە کادیری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانن، بەڵام چونکە ئەو دوو کەسەیان دەست نەکەوتووە، تیرۆر دوکتۆر ئیسماعیلیان بۆ ئاسانتر بووە.

ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٢، بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر دەرباری تیرۆری مامۆستا وشیار سەردانی مودیری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرم کرد. ناوبراو سەبارەت بە دۆسیەی تاوانبارانی تیرۆرکردنی مامۆستا هوشیار گوتی: **(ڕێزدار ئەبوبەکر قادر لێکۆڵەوەری دادوەریی لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تاوانبارانی تیرۆری مامۆستا وشیاردا، نوێنەرایەتی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین دەکات و تۆ دەتوانی دوا بڕیارەکانی دادگا لەو یان حاکم مەسعود وەربگرێت.)** تەلەفۆنم بۆ حاکم مەسعود کرد، ناوبراو گوتی: **(دۆسیەی دوو قاتڵەکان دراوە بە دادگای تاوانەکان و تا لەوێوە وەڵام وەرنەگرین، ئامادە نیم بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوسان لێدوان بدەم.)**

لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٥ چاوم بە مامۆستا ئەبوبەکر قادر لێکۆڵەری دادوەری و نوێنەری مامۆستا سەلاحەدین ئەمیری یەکگرتووی ئیسلامی لە لێکۆڵینەوەی دۆسیەی تاوانباران کەوت. ناوبراو کە بەشدار بووە لە لێکۆڵینەوەی دۆسیەی تاوانباراندا، گوتی:



- (تا ئەو جێیەی ئێمە تێگەیشتوین، مامۆستا وشیار ئیسماعیل وتاربێژی مزگەوتی "عومەر بندیان"ی شاری هەولێر، کادیرێکی پێشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەنێو کۆمەڵگاشدا کەسایەتییەکی دیار بووە و دەیتوانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و وتەی تاوانباران، محەمەد عوسمان بە هاوکاریی سامان سەعد سدیق کە هاوالً زاوایەتی، مامۆستا وشیاری کوشتوە. محەمەد عوسمان ویستویەتی پارچە زەوییەک لە تەنیشت مزگەوتەکەی مامۆستا بکرێت. دوای نوێژی مەغرب، مامۆستا خەریکبووە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی کە دیویەتی ئوتۆمبێلێک لە چەقی ڕێگای پێش ئەو پارچە زەوییە ڕاگیراوە و ڕێگای ئوتۆمبێلی بەستوە. مامۆستا بە زمانێکی ڕەخنە لە محەمەدی دەویَ کە ڕێگاکە چۆل بکات، بەلاّم چونکە محەمەد پاشخانێکی خراپ و تورە و سەرکێشی هەبووە، وەلاّمی مامۆستا نەداتەوە و ڕێگا بە ئوتۆمبێلی مامۆستا نادات کە دەرچێت. لەبەر ئەوە، مامۆستا لێی تورە دەبیَ و محەمەدیش دەیەویَ لە مامۆستا بدات و وەک خۆی دەڵێت: "زۆرم پیَ ناخۆش بوو."

دوای ئەو ڕووداوە، محەمەد دەچیَ سامان دەبینی و داوای لێدەکات، پێکەوە بچن لە مامۆستا بدەن. ئەوان ڕێکدەکەون کە بچن دەمانچەی ئەبوبەکر سدیقی خەزوریان لە ماڵەکەی هەڵگرن و لێی بدەن. ئەوکاتە مام ئەبوبەکر بۆ چارەسەریی نەخۆشی لە تورکیا بووە و بەو کێشەیەی نەزانیوە.

**سامان بە ئوتۆمبیلی خۆی محەمەد دەباتە كۆڵانێكی نزیك ماڵی مامۆستا و لەوێوە محەمەد بە پێ دەچێتەوە بەر دەرگای ماڵی مامۆستا و لە دەرگاكەیان دەدات. مامۆستا دەێتەدەر و محەمەد تەقەی لێدەكات و گوللەیەك لە سەری و گەللەیەكیشی لە دڵی دەدا و دەگەڕێتەوە لای سامان و دەردەچن.**

**ئاسایشی هەولێر، هەوڵەكانی چڕ كردەوە و دوای كۆكردنەوەی بەڵگە و زانیاریی تەواو، سەرەتا سامان و دواتریش محەمەد و سەرئەنجام مام ئەبوبەكری خەزوریشیان كە كاتی تیرۆرەكە لێرە نەبووە، دەستگیر كرد. هەردوو تاوانبار لە لێكۆڵینەوەیەكی ورددا دەڵێن هیچ كەس لە پشت ئەو تاوانە نەبووە، تاوانەكە بۆ محەمەد و سامان دەگەڕێتەوە كە وەك دەڵێن محەمەد كەسێكی تورەیە و شتی لە دڵ دەرناچێت. بۆ زانیاریی بەڕێزتان كاك حامید، لێكۆڵینەوە لەسەر تاوانباران بەكۆتا هاتووە و ڕۆژی ٢٠١٧/٥/٤ دادگایی دەكرێن.)**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، كوشتنی مامۆستا وشیار هیچ پلانێكی سیاسیی و ئایینی بە دواوە نەبووە. هەروەكوو مامۆستا ئەبوبەكر قادر لێكۆڵەری دادوەری و نوێنەری مامۆستا سەلاحەدین ئەمیری یەكگرتووی ئیسلامی گوتی، كوشتنی مامۆستا بۆ جنێوی بیژوو "بیژی" دەگەڕێتەوە كە مامۆستا بە قاتڵەكەی داوە. مامۆستا وشیار و قاتڵەكەی خەڵكی ناوچەیەك بوون. دایكی قاتڵەكە پێشتر لەسەر قسە و قسەلۆكی كۆمەڵەیەتی كوژراوە و كوڕەكەی زۆری هەست بە لاوازیی سەردەمی دایكی كردوە و ئەو گوتنەی مامۆستا زۆری ئازار داوە.

بە هەرحاڵ، ڕۆژی ٢٠١٧/٥/٤ دادگای تاوانەكانی هەولێر بە بەشداریی هاوژین و بنەماڵەی مامۆستا وشیار و نوێنەری مامۆستا سەلاحەدین پێكهات و هەردوو تاوانبار ددانیان بە تاوانەكەیان نا و دادگا حوكمی ئیعدامی بەسەردا سەپاندن. حوكمی ئیعدامی ئەو دوو تاوانبارە، بە گوێرەی یاسا، ڕەوانەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت و دوای واژۆ كردنی لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانییەوە، حوكمەكە بەڕێوە دەچێت. دیار

ئیسماعیل لەلایەن بنەماڵەی ڕەوانشاد مامۆستا وشیار و مامۆستا ئەبوبەکر قادر لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە سوپاسی بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئاسایش و دژە تیرۆری هەولێریان کرد لە دۆزینەوە و دەستگیرکردن و ئامادەکردنی کەیسی تاوانباران دا.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی سی و دووەمی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ تیرۆر کردنی ڕەوانشاد شوکری زەینەدین ڕێکانی، وێنەگری کەناڵی KNN بزوتنەوەی گۆڕان لە گوندی "بانوسرا" لە ناوچەی ڕێکان لەسەر سنوری باکوری کوردستان دەکات و دەڵێت:

**٣٢- (شوکری زەینەدین ریّکانی، کامێرامانی کەناڵی ئاسمانیی KNN لە ١ی ١٢ی ٢٠١٦ دا، تەرمی لە نزیک گوندەکەی خۆیان، بانەسەر، سەر بە ناحیەی شیلادزێ و قەزای ئامێدی، دۆزرایەوە. پۆلیس و کاربەدەسانی پارتی لە ناوچەکە و میدیای پارتی ئەوەنە لێدوانی دژ بە یەکیان دا، گومان ببەنە سەر خۆیان.)**

ڕەوانشاد شوکری زەینەدین ڕێکانی، وێنەگری کەناڵی KNN بزوتنەوەی گۆڕان، دانیشتووی کۆمەڵگەی "سیریە" لە ناحیەی شیلادزێی قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بوو. ئێوارەی پێنج شەممەی ٢٠١٦/١٢/١ لە گوندی "بانوسرا" لە ناوچەی ڕێکان لەسەر سنوری باکوری کوردستان، بە کوژراوی دۆزرایەوە و ڕۆژی هەینی ٢٠١٦/١٢/٢ بەخاک سپێردرا.

هێمن سلێمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ تۆڕی کەناڵی ئێن ئارتی و تۆڕی کەناڵی ڕووداوی ڕایگەیاند:

**(بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەریی هیچ ئاسەوارێکی فیشەک بە جەستەی ڕۆژنامەنووس شوکری زەینەدینەوە نییە و ئاشکرایکرد کە ئاسەواری پەلاماردانی ئاژەڵی پێوەدیارە و پێدەچێت ئاژەڵی بەراز بووبێت کە بووەتە هۆی بڕینی یەکێک لە خوێنبەرەکانی و بەو هۆیەوە مردبێت.)**

جگەلەوە برایەکی شوکری کە لە یەکەم ساتەکانی دۆزینەوەی تەرمی براکەی تا تەواوبوونی پشکنینی لە پزیشکی داد لەگەڵیدا بووە، بە تۆڕی

میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: **(گیان لەدەستدانی شوکری بە قەزا و قەدەر بووە و هۆکاری سیاسی لە پشت نەبووە و ئاسەواری گوللەش بە تەرمەکەیەوە نیە. ئەو شوێنەی کە تەرمی براکەمی لێبووە بە دووری دە مەتر لاشەی بەرازێک کەوتووە، بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە مردنەکەی قەزا و قەدەر بووە.)**

ڕەوانشاد شوکری زەینەدین لە دایکبووی ١٩٧٦، خێزاندار و خاوەنی نۆ منداڵ بوو، بە وتەی هاوڕێیەکی کە لەگەڵیدا بووە هەفتەی ڕابردوو بە مەبەستی ڕاو چوونەتە ناوچەیەک کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە و لە ژێردەسەڵاتی پارتی کرێکارانی کوردستان، واتا یەکێک لەو گوندانە بووە کە بەهۆی بوونی پەکەکە لێیان، ئاوەدان نەکراوەتەوە.

دوای ئەو ڕووداوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەبێ ئەوەی کە بە دواچوون بۆ هۆ و شێوازی کوژرانەکەی بکەن و بە ڕێگای یاسا و کەسوکاری ڕەوانشادەوە بەشێوێن چۆنیەتی کوژرانی دا بگەڕێن، دەستبەجێ لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە شوکری زەینەدین ڕێکانی لەلایەن پارتی دیموکراتەوە کوژراوە. ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان لەژێر ناوی ڕۆژنامەنوس و چالاکانی مەدەنی لە ڕانیە و هەڵەبجە دژی کوژرانی ڕەوانشاد و پارتی دیموکرات کۆکردەوە و سیناریۆیەکی مەترسیداریان دروست کرد، کەچی سیناریۆکەیان لەلایەن بنەماڵەی ڕەوانشادەوە پوچەڵ کرایەوە.

مەحمود ڕەزا ئەمین لە خاڵی سی و سێیەمی وتارەکەیدا پەنجە بۆ سروە عەبدولواحد پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان ڕادەکێشێت و دەڵێت:

**٣٣- (هەوڵدان بۆ کوشتنی مەعنەوی پارلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سروە عەبدولواحد، بەڵگەی زیندوە بۆ ئەوەی ئەم بنەماڵەیە ئەگەر نەتوانن نەیارەکەیان بکوژن یا بێدەنگ بکەن، ئەوا**

**هەوڵ ئەدەن بی زڕینن. لێ، خۆیان ئەوەنە زڕاون و شکاون، دەس بۆ هەر کەس بەرن، لە چاوی زۆرینەی خەڵکی کوردستانا ئەبێ بە پاڵەوان. سروە خان یش بو بە پاڵەوان. هیوادارم لە گەڕی ئایندەیا خۆی کاندید بکا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.)**

ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کێشەیەدا تێنەپەڕیوە کە سروە عەبدولواحید پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان و وتارنوس و ژمارەیەک لە چالاکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە کوردستان ناویانەتەوە. کێشەکە لە دەوری ئەم خاڵەدا دەخولێتەوە کە پارتی دیموکرات و ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکای حکومەتی کوردستان بە پلانێکی تۆکمەی ئاشتیخوازانە بۆ پچڕاندنی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ بەغدا و سەربەخۆیی کوردستان هەوڵدەدەن، بەڵام لە بەرامبەریاندا بزوتنەوەی گۆڕان بە پلان و ڕاسپاردەی حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە بیانووی جیاواز دژی ئەو خواستە نەتەوەییە دەوەستن کە ئەو خواستە گشتییەی کورد سەرنەگریت.

سروە عەبدولواحید کراوە بە پەرلەمانتاری عێراق کە لە پۆستەکەیدا خزمەت بە دۆزی کورد بکات، بەڵام ئەو بەپێچەوانەی سوێند و بەڵێنەکانی لە بەرامبەر بەرژەوەندەکانی کورد، لایەنگریی لە سیاسەتی حیزبی دەعوە و "دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی" دوژمنی پلەی یەکی کورد و داردەستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق دەکات. مالیکی لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، قوتی موچەخۆرانی کورد و بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و قەیرانێکی بەرفرەوانی ئابووریی توشی حکومەتی کوردستان کرد. قەیرانێک کە ئەمڕۆ سروە و بەشێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بە دەستکردی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن کوردستان بگەڕێننەوە بۆ بەغدا و کورد دەست لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی هەڵگرێت.

لەو چوارچێوەیەدا، سروە عەبدواحید لە دیمانەیەکیدا کە ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٦ لە پرۆگرامی "بەڕاشکاوی" لە کەناڵی دیجلە لە بەغدا بڵاوکرایەوە، گوتی:

**- (ئەگەر هێزە عێراقییەکان بە سوننە و شیعەوە بەهانای کەرکوکی عێراقی نەچن ئەوە پارتی داگیری کردوە، چونکە ڕۆژانە کەمال کەرکوکی عەرەب دەردەکات و خانوەکانیان وێران دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا چەند سوکایەتی بە بنەماڵە و کەس کاری شەهیدانی کوردستان کرد.)**

ئەو وتانەی سروە لە کاتێکدابوو کە حکومەتی هەرێم زیاتر لە یەک ملیۆن عەرەبی سوننەی ڕاکردوی لە چنگ داعش و ستەمی شیعەکان لە باوەش گرتبوو، و ئاسایشی ئەوان دەپارێزێت. ئەو بە چاوپۆشین لەو ڕاستییە کە شەش سەد هەزار لەو عەرەبانە لە کەرکوکن و قەیرانی ئابووریی کوردستان لەلایەن مالیکی و حیزبەکەی و دەوڵەتی یاساوە دروست کراوە، لە بەشێکی تریی وتەکانیدا: گوتی:

**- (خێزانی پێشمەرگە شەهیدەکان بۆ دابینکردنی شیری منداڵەکانیان پەنا بۆ لەشفرۆشی دەبەن.)**

ئەوە ئەخلاقی سروە بوو لە بەرامبەر ئەرکەکەیدا، ئەوە بوو جگەلە مەحمود ڕەزا ئەمین و ژمارەیەک لە لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆڕان، خەڵکی کوردستان بەگشتی ڕاپەڕین و داوایان لە وەزارەتی پێشمەرگە کرد کە داوای یاسایی لەسەر ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان تۆمار بکات. هەرلەو بارەیەوە، "میر داسن فاروق بەگ"، کەسایەتیی دیاری ئێزدی و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی میرانی کوردی ئێزدی، بە "باسنیوز"ی ڕاگەیاند:

**- (پێشمەرگە بە خوێنی خۆی، سنورەکانی کوردستان دەنەخشێنێت و شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئەوەش لەپێناو پاراستنی خاکی کوردستان و ئاسایشی هاوولاتییان و پارێزگاری کردن لە شەرەف و کەرامەتی خەڵک.)** جەختیشی لەوە کردەوە: **(لە کاتێکدا پێشمەرگە ئەو هەموو قوربانییە دەدات، سروە عەبدولواحید، پەرلەمانتاری گۆڕان، زۆر بێ شەرمانە و دوور لە هەموو پرەنسیپە ئەدەبی و دیپلۆماسییەکان،**

**سووکایەتی بە خوێنی پیرۆزی شەهیدان و خێزانە سەربەرزەکانیان دەکات. ئەو قسانە برینی ئێزدییانی قووڵتر کردەوە.)**

میرداسن فاروق بەگ هەروەها گوتی: **(ئێمە بە توندی ئەو قسانە ڕیسوا و شەرمەزار دەکەین و داوا لە لایەنی بەرپرس دەکەین، بە ڕێگەی یاسایی، سنورێک بۆ ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق دابنێت.)**

لە لایەکی تردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان دژی وتەکانی سروە ڕژانە نێو شەقامەکان و داوای لێپێچینەوەی یاساییان لە ناوبراو کرد. دیارە لێرەدا، ئەو چالاکییە یاساییانە لە بەرامبەر سروە عەبدولواحدا، مەحمود ڕەزا ئەمینی تووڕە کردوە، ئەگەرنا، ئەو کارە یاساییە چی بە کوشتن، یان بێدەنگ کردن داوە؟ ئەوەیە کە چەواشەنوس دارستان و حوکمڕانی لە تێکچووە.

لە کۆتایی وتارەکەیدا، مەحمود ڕەزا پەنجە بۆ خاڵێکی هەستیار ڕادەکێشی و بە بۆچوونی خۆی دەیەوێ پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی لە کوردستاندا گوشەگیر بکات و بەم جۆرە ئاکام لە نوسینەکەی وەردەگرێ کە بە گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیزن بە بنەماڵەی بارزانی نەدرێت دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەست بێت و دەڵێت:

**بێجگە لە حاڵەتی ژمارە (١٧) کە ئەوترێ لە سەر پارە کوژراوە، تەواوی حاڵەتەکانی تر لە سەر فیکر و سیاسەت کوژراون، یا هەوڵیان داوە بیان کوژن. هەتا ئەو رۆژەی دادگایەکی نەزیهو سەربەخۆ و بێلایەن کەیسەکانیان یەکلایی ئەکاتەوە، تۆمەتباری یەکەم پارتی یە. چارە؟ بۆ ئەوەی دەستی کوشتن، لە سەر سیاسەت و بیروڕای جیاواز، بۆ تا هەتایە ببڕدرێ، پێویست ئەکا بە قانون و بە گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، رێگە نەدرێ بنەماڵەی بارزانی بە شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە حوکمڕانی وڵات بکەن. ئەبێ رێگە نەدرێ زیاد لە قەبارەی (ئینتیخابی)ی خۆیان بەشداری لە دروستکردن و جێبەجێ کردنی بڕیاری سیاسی، ئابوری، جڤاتی و... دا**

**بکەن. بە پێچەوانەوە، گەورە ترین خەتەر لەسەر ئێستە و ئایندەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەم بنەماڵەیە ئەبێ.)**

ئەوەی هەندێک بە پرنسیپە دیارەکانی دیموکراسی بزانێت، ئەوەندە تێدەگات کە قورسایی هەر هێزێکی سیاسی بۆ حوکمڕانیی وڵاتێکی دیموکرات بە ڕێگای دەنگدان و سندوقەکانی دەنگدانەوە دیاریی دەکرێت، هەروەک چۆن بزوتنەوەی گۆڕان توانی لە دوا هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دا پلەی دووەمی دەسەڵات لە باشوری کوردستاندا بەدەست بخات و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، شەش وەزیر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەیان مودیر و بەرپرسی باڵای حکومەت و پارێزگار و قایمقام بخاتە دەست خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی دواکەوتوویی سیاسیی لە عێراق و کوردستان و هەستیار بوونی دۆخی ناوچەکەدا و دابەشبوونی لەنێوان ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، حیزبی خاوەنی دەنگی زۆر ناتوانێ، بە ڕێگای یاسا و دەنگی سندوقەکانەوە حوکمی عێراق و کوردستان بکات و پێویستە و دەبێ بە ڕێگایەکی شەرعیدا کە تەوافق و ڕێککەوتنی سیاسییە کوردستان و عێراق بەڕێوەبچێت. بۆ نمونە لە سەردەمی ئێستادا، ئەگەر هەرکام لە پارتی دیموکرات، یان یەکێتی نیشتمانیی زیاتر ٧٠%ی دەنگی خەڵکی کوردستانیان هەبێت، چونکە پارتی لە دهۆک و یەکێتی لە سلێمانی باڵا دەستن، ناچارن بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان، ڕێککەون و تەوافوق بکەن، هەروەک چۆن لە خولەکانی پێشوودا و ئەم خولەی پەرلەمانیشدا ئەو کارە کرا، بەڵام لەم خولەی دواییدا بزوتنەوەی گۆڕان لەژێر بەڵێنەکانیدا و خەریکبوو بە کودەتا حوکمڕانیی کوردستان بخاتە دەست خۆی کە سەرنەکەوت.

بەو هیوایە، نوسەران و سیاسییەکانی کوردستان، ئەزموون لە حوکمڕانی نەتەوەکانی تری دنیا وەرگرن و بۆ دامرکاندنی قین و تورەیی خۆیان، پەنا بۆ نوسینی ئەو جۆرە درۆیانە نەبن کە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان لە داهاتوودا، بە دژی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرن.

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٦١١.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٢٣.

٣- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤- پرۆتکۆڵی دانیشتنی ژمارە ٢٧ی پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢/٨/٣١

٥- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٦٣٢.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٦٤.

٧- ساڵی ١٩٩٢، پارتی گەل، پاسۆک و حیزبی سۆسیالیست، گۆنگرەی یەکگرتنیان پێکهێنا و بوون بە یەک حیزب و چەند مانگ پێکەوە کاریان کرد و سەرئەنجام لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیان گرتەوە. پارتی بۆ ڕێزگرتن لەو یەکگرتنەوەیە، لە کۆنگرەی یازدەی خۆیدا کە بە بەشداریی ئەندامانی ئەو حیزبە نوێیە پێکیهێنا، ناوی خۆی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان "یەکگرتوو". دوکتۆر مەحمود عوسمان بەشداریی ئەو کۆنگرەیە نەکرد و وازی لە حیزبایەتی هێنا. حەمەی حاجی مەحمودی و محەمەد ڕەحیم و ژمارەیەکی تریان دوای ئەو کۆنگرەیە، سەرلەنوێ پارتی سۆسیالیستیان دامەزراندەوە و ڕەوانشاد محەمەد حەحیم ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بوو.

# پاشبەند

# پاشبەندی ١

## مەحمود ڕەزا ئەمین: پارتی و کوشتنی سیاسی.




پارتی لە دامەزراندنیەوە ١٩٤٦ هەتا سەرەتای دو لەت بوونەکە ١٩٦٤ حیزبێکی ئازادیخوازی نیشتمانیی کوردستانیی پێشکەوتنخواز بوو. لە دوای جیابوونەوەی/دەرکردنی جەلالی لە مەلایی، وردە وردە ڕێچکەی حیزبێکی بنەماڵەیی کۆنەپەرستی گرتە بەر، هەتا لە کۆنگرەی ٨ ی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان، بە یەکجاری بوو بە حیزبی بنەماڵە. لەو کۆنگرەیەدا بۆ

یەکەمجار کوڕانی خوالێخۆشبو مەلا مستەفا بارزانی، ئیدریس و مەسعود بوونە ئەندامی سەرکردایەتی، دوا تر م. س و، ئەندامی بارەگای بارزانی.

وەکو هەردوو مێژونوس، خوالێخۆشبوو جەرجیس فەتحوڵڵا و بەڕێز ئەیوب بارزانی ئەی گێڕنەوە، لەو کۆنگرەیەدا تەزویر بۆ هەردوکیان کراوە بۆ ئەوەی دەنگیان وەکو یەک بێ، تا کێشە بۆ بنەماڵە دروست نە بێ! بەو پێیە، جوتە برا، یەکی ٤٥٠ دەنگی خشتیان "هێنا" و گەیشتنە لوتکەی ناوەندی بڕیار (بڕوانە: جرجیس فتح الله، زیاره للماچی القریب، ستوکهولم، دار الشمس للگباعه والنشر، ص٦٧.

هەروەها، ایوب بارزانی، الحرکه التحرریه الکوردیه وصراع القوى الاقلیمیه والدولیه، ١٩٥٨- ١٩٧٥، جنیف، دار نشر المشرق، گ١، ص٣٩٣).

ئەمە یەکەم نیشانە و یەکەم گورزی بە بنەماڵەیی کردنی پارتی بو کە، گەلی کوردستان تا ئێستا باجی ئە دا. ئەو کۆنگرەیە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژوی پارتی و خەڵکی کوردستان یشا. چونکە بنەماڵەی بارزانی، بەری رەنجی شەش ساڵ هەوڵ و تەقەللای خۆی چنیەوە و توانیی لە رێگەی کۆنگرەکەوە بە بنەماڵەیی کردنی پارتی بشەرعێنێ. دوای ئەو کۆنگرەیە، بارەگای بارزانی بووە گرنگترین دامەزراوەی پارتی. بارەگای بارزانی پێک هاتبوو لە خوالێخۆشبو بارزانیی باوک و هەردوو کوڕەکەی. هەمو بڕیارە چارەنوسسازەکان: تاکتیک و ستراتیجی شۆڕش؛ شەڕ و ئاشتی؛ مفاوەزات کردن و نە کردن؛ بەستنی پێوەندی و تێکدانی، چ ناوەکی و چ دەرەکی؛ سامانی شۆڕش و خەرج کردنی؛ دانان و لابردنی بەرپرسە سیاسی و سەربازیەکانی شۆڕش؛ گرتن و کوشتن و راوەدونانی نەیارانی بنەماڵە، هەمویان لەو بارەگایەوە دەر ئەچون. تەنانەت ئاشبەتاڵ پێ کردنی شۆڕشی ١٤ ساڵەی کوردیش، لە ١٩- ٣- ١٩٧٥ دا، هەر بە بروسکەیەکی ئەو بارەگایە، را گەیەنرا. لەو کۆنگرەیە بە دواوە تا ئێستا، رۆڵی م. س و کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی پارتی بووە بە ڕایی کردنی بەرژەوەندی بنەماڵە و جێبەجێ کردنی داواکانی.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم بنەماڵەیە بریتی یە لە (تألیە: خۆ، بە خوا کردن). لەبەر ئەوە منالّیان، لەو رۆژەوەی رستە تێ ئەگا و ئاوەز پەیا ئەکا، وا پەروەردە ئە کرێ کە، ئەو جیایە لە منالّی کەسانی تر. گۆشی ئەکەن و پێی ئەڵێن: "تۆ نەوەی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی؛ باوک و باپیری تۆ خودانی کورد بوون و تۆش لە ئایندە دا ئەبی بە خودانیان؛ باوک و باپیری تۆ نە بوونایە کورد نە ئەبوو؛ بەرژەوەندی کورد و بەرژەوەندی بنەماڵەکەمان ئاوێزانن، لێک جیا نا کرێنەوە؛ هەرچی لە بەرژەوەندی ئێمە بوو خۆ بە خۆ لە بەرژەوەندی کوردە؛ ئەم نیشتمانە و سامانەکەی ئێمە نە بووینایە نە ئەبوون، بۆیە بۆمان حەڵاڵن". چەن نمونەیەک بۆ سەلماندنی ئەو راستیە:

نمونەی یەکەم: مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ ی حیزبەکەیا ١١- ١٨- ١٢- ٢٠٠١، ناوی کوڕەزایەکی خۆی هێنا، کوڕی مەسرور و، وتی، فلانی کوڕەزام پێی وتم، باپیرە خەم مەخۆ من کوردستان/کەرکوک؟ رزگار ئەکەم

(وەر گیراوەکە دەق نیە، پاڵفتەی قسەکانێتی). کوڕەزاکەی شەش ساڵ لەمەو بەر ٣-٤ ساڵان بووە.

نمونەی دووەم: چەن ساڵێ لەمەوبەر کوڕە گەورەی نێچیروان بارزانی، کە ئەو کات ١٢- ١٣ ساڵان بوو، وتی، ئەم خۆشگوزەرانیەی خەڵکی کوردستان، بەرهەمی رەنجی باوکمە. بە مەرجێ، هەمووی پارەی بەغا بوو، باوکی یەک تنۆک ئارەقی نە رشتبوو بۆ پەیا کردنی.

نمونەی سێیەم: گۆیا، یاسری کوڕی مەنسور بارزانی، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ دا بە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی وتوە: وەک چۆن هەمیشە گوڵە بەڕۆژە روی لە خۆرە، ئەبێ گەلی کوردیش بە هەمان شێوە روی لە سەرۆک مەسعود بارزانی بێ.

ئەم جۆرە پەروەردە کۆمەڵایەتی- سیاسیە، کەسانێک ئەخولقێنێ کە بێجگە لە خۆی و بەرژەوەندیەکانی خۆی، چاوی کەسی تر و رەئی تر و بۆچونی تر و بەرژەوەندی تر و رەنگی تر و بەرنامە و پرۆگرامی سیاسیی هیچ حیزبێکی تر، نا بینێ. ئەم پەروەردە سەقەتە، زنجیرەیەکی نەبڕاوەیە. وەکو هێلکە و مریشک بەردەوام یەک یەک دروست ئەکەنەوە، یەک یەک بەرهەم ئەهێننەوە؛ بێ ئەوەی گۆڕانی ئەرێنی بەسەر ئاوەز و بیرکردنەوە و مینتاڵێتی ئەم گروپەیا بێ. لەبەر ئەوە هەمیشە پیرەکانیان وەکو گەنجەکانیان و گەنجەکان یشیان وەکو پیرەکانیان بیر ئە کەنەوە و ئە فیعلێن و ئە شولێن: کۆپی کردنەوەی بەردەوام و بێ بڕانەوە. کاتێ مرۆڤ لە منداڵیەوە بەو شێوەیە پەروەردە ئە کرێ، کە باڵق یش ئەبێ، لە پڕ ئەبێ بە ئەندامی م. س ی حیزب و خۆی لە ناو جاهـ و سامان و دەسەڵات و حەشەم و خەدەما ئە بینێتەوە و سەرە زل و بەتەمەنەکانی حیزبیش دەستیان بە سنگەوە بۆ ئەگرن و لە بەردەمیانا ئە چەمێنەوە، ئەچێتە رۆحیەوە کە ماڵە باوانی راستیان پێ وتوە: ئەم جیاوازە" "ئەم خودانی حیزب و خاک و خەڵکیشە!"، ئیتر هەر کەس لە چوارچێوەی حەز و بەرژەوەندیی بچێتە دەر، ئاسان ترین شت لای، ئەوەیە، بڕیار بدا گیانی بکێشێ و لە ناوی بەرێ. ئەم تیپە لە مرۆڤ، هەرگیز ناتوانێ نان و ئازادی و کەرامەت بۆ خەڵک فەراهەم بکا؛ مادام پەروەردەی کۆمەڵایەتی- سیاسی یشی رێگەی پێ نادا، بێجگە لە خۆی کەسێکی کە لەسەر کورسی دەسەڵات ببینێ، ناڕەزایەتی دەسەڵاتی و حوکمڕانیی پەیا ئە بێ. بۆ ئەوەی

ناڕەزایەتی نە هێڵێ یان کپ بکا، ڕێگەچارەی نیە پەنا بردن بۆ توند و تیژی نەبێ. دەیان و سەدان هەزار کەس لە ناو کۆمەڵی کوردستانا بڕوایان بە مێژو و خەبات و "پیرۆزیی بنەماڵەی بارزانی!" و پارتی هەیە. بەڵام ئەمە دڵیان ئاو نادا. "ئەبێ، وەکو ناسری کوڕی مەنسور بارزانی وتویەتی" هەمو کۆمەڵ بڕوای بە "پیرۆزیان" هەبێ و ملکەچیان بن . بۆ هێنانە دی ئەو حەز و خەونە، پەنا بۆ دو ڕێگا ئەبەن: "دەم چەور کردن" و "تۆقاندن و کوشتن". بە ڕێگەی یەکەم، توانیویانە هەزاران کەس و سیاسی و قەڵەم و بە ناو ڕۆشبیر بکڕن. هەر کەس مل بۆ هیچکام لەو دوو ڕێگەیە درێژ نەکا، ئەی خەنە بەر غەزەبی خۆیان؛ هەوڵی کوشتنی فیزیکی، ئەگەر پێیان نە کرا، هەوڵی کوشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەن: ئەیگرن و ئەیخەنە زیندانەوە... ناوی ئە زڕێنن... تۆمەتی ئە دەنە پاڵ... فایلی بۆ ڕێک ئە خەن... چیرۆکی بۆ هەڵبەستن... تەخوینی ئە کەن.

کوشتنی سیاسی لە مێژوی پارتیا: پارتی، لە دروست کردنیەوە هەتا هاتنەوەی بارزانیی باوک لە یەکێتیی سۆڤێتەوە بۆ عێراق، لە کوردستان هیچ هەوڵێکی تیرۆری فیکریی و فیزیکی نە بووە، چ لە ناوخۆیا، چ لەگەڵ حیزبەکانی ترا. بەڵام، یەکێ بیرەوەریەکانی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی خوێندبێتەوە (بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧)، بۆی دەر ئە کەوێ کە بارزانیی ڕەحمەتی لە سۆڤێتیش ممارەسەی تیرۆری فیکری کردوە لەگەڵ هەڤاڵەکانی. لێ، کاتێ بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق، تیرۆری فیکری و کوشتنی فیزیکی و سیاسیی لای پارتی، چ لەناوخۆی و چ لە دەرەوەی خۆی، بە خێرایی پەرەی سەند. لەم وتارەیا بە خێرایی ئاوڕێ لەم ئاوە ڕژاوە ئە دەمەوە:

١-لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا، بارزانیی باوک لە بەغا، چەکدارەکانی خۆی نارده سەر هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارتی و، لە پارتی دەری کرد، لەسەر جیاوازیی دیدگا. ئەگەر پێش گەیشتنی چەکدارەکان بە بارەگای م. س ی پارتی، خوالێخۆشبو هەمزە عەبدوڵڵا هەڵ نەهاتایە، ئە کوژرا. دوایی، بۆ کوشتنی کەسێتیی، بارزانی و پارتی ئەنواع و ئەشکاڵ بوختانیان بۆ هەڵبەست.)

٢- ساڵی ١٩٦٣ پارتی لە ناو شاری سلێمانیا کەوتە راو کردنی کادره چالاکەکانی حیزبی شیوعی و ژمارەیەکی لێ شەهید کردن. گوندی کانی

ماسیی خوار سلێمانی ببوە قەبرسانی "نەیارانی!" پارتی. لەو بارەیەوە خوالێخۆشبو مەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی لە بیرەوەریەکانیا ئەی گێڕێتەوە: لای بارزانی شکاتیان لە بکوژەکانی کادرەکانیان کردوە... رۆژێ کە لە لای بارزانیەوە هاتۆتەوە، لە رێگا توشی قالە تەگەرانی و ... بو وە بەرەو بارەگای بارزانی رۆیشتون. دڵی خۆش بووە وای زانیوە بارزانی بۆ گرتن و سزادان بانگی کردون، کەچی لەو لاوە بە دیاری بارزانیەوە گەڕاونەتەوە" (تێبینی: دەق نیە، ناوەرۆکە. سەرچاوەکەم لە بەر دەس نەبو).

٣- دوای کەرت بونەکەی ١٩٦٤، سەرۆکی پارتی کەسێکی نارد بۆ کوشتنی ناهیدە خانی کچی شێخ سەلامی شاعیر (دایکی د. رۆژ نوری شاوەیس). پێنج- شەش فیشەکی بەرکەوت، خوا نەی کوشت. ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی بو. نوری شاوەیسی مێردی ئەو کاتە ئەندامی م. س و لەگەڵ جەلالیەکان بوو.

٤- پێش جیابونەوە و دوای سەر ئاو کەوتنی ناکۆکیەکانی سەرۆکی پارتی و م. س، سەرۆکی پارتی بۆ سوک پیشاندانیان لە ناو خەڵک و پارتی و هێزی پێشمەرگە دا، مامۆستا برایم ئەحمەد و مامجەلالی بە ناوی خۆیان ناو نە ئە هێنا، پێی ئە وتن: بلە و جەلە. بۆ شکاندن و کوشتنی کەسێتی یشیان، قسەی سوکی شوێن خست بون. لە هەنێ لە وەرگێڕەکانی جارانی بارزانیی باوکم بیستوە، کاتێ لە سەر ناکۆکی نێوان خۆی و باڵی جەلالی قسەی بۆ رۆژنامەنوسانی بیانی کردوە، قسەی سوکی بەو دو کەسێتی یە وتوە. کە هەستی کردوە وەرگێڕەکان وەکو خۆی قسەکانی تەرجەمە نا کەن، بە جوڵانی دەستی و ئامارژە، رۆژنامەنوسە بیانیەکانی تێگەیاندوە چ جنێوێک یان پێ ئە دا.

٥- بەهاری ١٩٦٤، سەرۆکی پارتی هێزێکی زۆری پێشمەرگەی ناردە سەر ماوەت بۆ کوشتن و گرتنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی. بە شەڕ خۆیان دەرباز کرد و هەڵاتن بۆ ئێران.

٦- حوزەیرانی ١٩٦٤، پارتی لە ماڵێکا هەر یەک لە عەلی حەمدی و مەحمودی حاجی تۆفیقی رفاند. هەردوکیان بە (اختفا) لە ناو شاری سلێمانی ئیشوکاری لقی چواری پارتی- باڵی م. س یان بەڕێوە ئە برد.

یەکەم رۆژی ساڵی ١٩٦٦، بە فەرمانی بارزانی، هەردوکیان گوللە باران کران. تا ئێستا گۆڕیان ونە. عەلی حەمدی، خەڵکی ئاکرێ و کەسێکی رەنجدەر، خوێنەوار، رۆشنبیر و کورد پەروەر بو. ساڵی ١٩٤٣ یەکێک بو لە دامەزرێنەرانی حیزبی رزگاری. کاتی رفاندنی، لێپرسراوی لقی چواری پارتی- باڵی م. س بوو. رەحمەتی، مەحمودی حاجی تۆفیق یش کارگێڕی هەمان لق بوو. هەردوکیان پێکەوە رفێنران و پێکەوە شەهید کران. جێی داخێکی بە سوێ یە، مەحمودی حاجی تۆفیق، بارزانی بێ گۆڕی کرد، ئاراسی کوڕە تاقانەشی، ساڵی ١٩٨٥، بەعس لە سەر کۆمەڵە بوون گرتی و تا ئێستا بێ شوێنەوار و بێ گۆڕە!.

٧- سالآنی ١٩٦٧- ١٩٦٨ بارزانیی باوک دەیان سەرکردە و پێشمەرگەی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بە زینویی یا کوژراوی تەسلیمی ساواک کرد. لەوانە: سلێمانی موعینی (فایەق ئەمین)، خەلیل شەوباش، ئیسماعیلی شەریف زادە، عەبدوڵڵای موعینی، مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەد ئەمینی هەمەوەندی)، مەلا رەحیمی وەرتێ (میرزا ئەحمەد)، ساڵح لاجانی و هاوڕێکانی، موراد شیدیز و، دەیان پێشمەرگەی تر.

٨- ساڵی ١٩٧١ بە سیناریۆی میتی تورکی و جێبەجێ کردنی بارزانیی باوک، هەردوو سکرتێری گشتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان- تورکیا، سەعید ئاڵچی و دکتۆر شڤان کوژران و ئاشبەتاڵ بەو پارتە کرا. سەرەتا پاراستن لە گوندی قومری، نزیک سنوری تورکیا لە دیوی کوردستانی باشور، سەعید ئاڵچی کوشت. دوایی بە بیانوی ئەوەی دکتۆر شڤان، سەعید ئاڵچی کوشتوە، بە فەرمانی بارزانی خرایە زیندانی رایات و پاش چەن مانگێ گولە باران کرا.

٩- دوای ساڵی ٦٦، بارزانیی باوک چەن جارێک هەوڵی داوە مامجەلال بکوژێ. جارێک نامەی ناردوە بۆ رەحمەتیی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، داوای لێ کردوە مامجەلال بکوژێ، لە بەرامبەرا لێی خۆش ئە بێ (نامەکە لە بەردەستایە). جارێک یش دەزگای پاراستن پلانی کوشتنی مام جەلالی داناوە و فەشەلی هێناوە.

١٠- دوای دەرچونی کتێبی (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن)ی کاک نەوشیروان (ساڵی ١٩٩٧)، بنەماڵەی بارزانی لە سەر بەشی (بە بۆنەی مردنی مەلا مستەفاوە: مەلایی و جەلالی لە تەرازو دا) نیازیان هێنا لە لەندەن بی کوژن. بە هەڕەشەی مامجەلال وازیان لەو خەونە هێنا.

١١- پاراستن ساڵی ١٩٧٣ لە سلێمانی یەوە کەسێکی نارد، لە ٢٢ ی تەموزا، لە بەغا، لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی کفاح، نزیک گۆڕەپانی (وصبە)، محەمەد حەسەن برزوی کوشت. ئەم جوامێرە، بازرگانێکی گەورەی فەیلیی ئیلامی بوو. خۆی و خێزانەکەی لە بەغا ئەژیان. ساڵی ١٩٥٩ کە پارتی بە رەسمی ئیجازەی لە حوکمەتی عیراق وەرگرت، ئەم یەکێک بو لە داواکەرانی ئیجازەکە. هەم بە پارەو هەم بە خەبات خزمەتی زۆری پارتی کرد بو. دوای جیابونەوە لەگەڵ باڵی م. س بو. دوای بەیانی ١١ی ئازار و دوای تێکەڵاو بوونەوەی هەردو باڵی مەلایی و جەلالی، محەمەد حەسەن برزو تێکەڵاو نەبوەوە و وازی لە حیزبایەتی هێنا. لە سەر تێکەڵاونە بونەوە بە باڵی مەلایی، کوشتیان.

١٢- خوالێخۆشبو عوبەیدوڵڵا، کوڕە گەورەی بارزانی، لە سەر دو شت لەگەڵ باوکی و براکانی، ئیدریسی رەحمەتی و مەسعود ناکۆک بو: دژی تەوریپی پارتی بوو بۆ مەسعودی برای؛ دژی سیاسەت و رەفتاری باوکی و دو براکەی بوو. لە بەر ئەو دو هۆیە و لە بەر ئەوەی لە رێگەی شەهید فاخر مێرگەسوری یشەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بیری چەپ پەیا کرد بو، باوکی زۆر رقی لێی بوو، دو جار هەوڵی کوشتنی داوە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٢ کە لە زیندانی خەلان زیندانی بوە. کە ئاگادار کراوە باوکی فەرمانی داوە ئەمشەو بکوژرێ، شەوی ٦- ٦- ١٩٧٢ لە زیندان هەڵاتوە. ماوەیەک لە بلێ و بارزان خۆی حەشار داوە. باوکی هەڕەشەی ناردۆتە سەر شێخ عوسمانی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، عوبەیدوڵڵا لەو ناوە دەرکا. ناچار بوە لە کۆتایی ئەو ساڵەیا خۆی را دەستی رژێمی بەعس بکا. سەرەنجام بەعس ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دو برای تری (لوقمان و سابیر) و ٨٠٠٠ بارزانیی ئۆردوگای قوشتەپە، شەهیدی کردن. جاری دوەم، گەرماوگەرم دوای ئاشبەتاڵ بوە، کاتێ بارەگای بارزانی لە نەغەدە بووە. بارزانی جەمیل مەحۆی بانگ کردوە و داوای لێ کردوە عوبەیدوڵڵای کوڕی بۆ بکوژێ، چی پارە داوا بکا ئەی دا تێ. جەمیل مەحۆ لە کتێبی (مژکراتی داخل سجون

البوره الكورديه، جميل محو، سكرتير العام للحزب الديمقراگی الكوردی، ١٩٨٢، ص ٢٥٣ ) ئە گێڕیتەوە و ئەڵێ: کە ئەو داوایەی لێ کردم، هەمو گیانم گرژ بو، لە حەسرەتا زمانم لە گۆ کەوت و یەک نوتقم بۆ نە درا".سەیر ئەوە بوە، جەمیل مەحۆ لە٢٨ ی مایسی ١٩٧١ وە هەتا دوای ئەشبەتاڵ، لە سەر نزیکایەتی لە عوبەیدوڵڵا، بە فەرمانی بارزانی خرابوە زیدانی خەلانەوە.

١٣- شێخ عوسمانی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، برازای بارزانیی باوک، لە سەر دو شت بارزانی رقی لێ هەڵگرت: دژی تەوریس بوو بۆ مەسعود بارزانی؛ بارزانی ئەی ویست شێخایەتی یش بکەوێتە دەستی خۆی، لێ موریدەکانی خودانی بارزان بۆنی خودانیان نابوو بە شێخ عوسمانی کوڕیەوە. دوای ئەوەی بارزانی دڵنیا بوو شێخ عوسمان بە هیچ هەڕەشە و گەمارۆیەک نا گیرێ، بە سەرۆکایەتی خۆی، لە حوزەیرانی ١٩٧٤ و لە گەرمەی شەڕی نێوان سپای داگیرکەری بەعس و شۆڕشا، هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی کوردستانی بردە سەر شێخ عوسمان و بە خاوو خێزان و هەمو مرید و دەروێشەکانیەوە راوی نان بەرە و هەولێر و ناچاری کردن تەسلیمی رژێمی بەعس ببن. ئەو ٨٠٠٠ بارزانیەی لە قوشتەپە بەعس بردنی و کوشتنی، هەر هەمویان لە نەیارەکانی بنەماڵەی بارزانی بوون. میسریەکان پەندێکی جوانیان هەیە بۆ حاڵەتی وا: "يقتل القتيل ويمشى فى جنازته". دکتۆر مەحمود عوسمان، سەبارەت بە دەرکردنی شێخ عوسمان، لە لاپەڕە ٣٦ ی چاپی یەکەمی کتێبی "تقييم مسيره البوره الكرديه وانهيارها والدروس والعبر المستخلصه منها ١٩٦١- ١٩٧٥) دا نوسیویەتی: "بارزانی نە خۆی و نە کوڕەکانی رۆژێ لە رۆژان نە سەریان لە شەڕگەیەک دا و نە نەخشەیان بۆ هێرشێکی بەرنامەدار یا نەبەردیەک یا جەنگی پارتیزانی دانا، تەنیا جارێک کە بارزانی تیا چوە بەرەی شەڕ، ئەو جارە بوو کە بۆ ناوچەی بارزان چو، بۆ دەرکردنی شێخ عوسمان".

١٤- پارتی لە ١٥ ی ١١ ی ١٩٦٨ دا، چوار گەنجی جوتیار و بێ دەسەلاتی گەلاڵەی باڵەکایەتی و گەنجێکی دەربەندی باڵەکایەتی، بە تۆمەتی جەلالی بون، گرت. تەمەنیان لە نێوان ٢٠- ٢٨ ساڵا بو. لە مایسی ١٩٦٩ بە فەرمانی لوتکەی دەسەلات، هەر پێنجیان بێسەر و شوێن کران. خەڵکی ناوچەکە ئەڵێن، زینەبەچاڵ کراون. تا ئێستا گۆڕیان ونە. ناویان: (رەسوڵ

مستەفا رەسوڵ ئەحمەد ١٩٤٩، قادر حوسێن مەلا قادر ١٩٤٥، عەزیز حوسێن مەلا محەمەد ناسراو بە فەقێ عەزیز سەلامیەنی ١٩٤٢، حەسەن قادر محەمەد ئەحمەد ناسراو بە حەسەنی مەلا حاجی ١٩٤١، ئەنوەر رەسوڵ شێخە) بو.

١٥- ساڵی ١٩٧٢، (١٢) کادری حیزبی شیوعی عیراق لە دوای تەواو کردنی خولێکی سیاسی لە یەکێتیی سۆڤێت، لە رێگەی سوریاوە گەڕانەوە بۆ عیراق. کە داخڵی بادینان بون، لێپرسراوی سەربازیی پارتی لە بادینان، عیسا سوار، هەر دوازدە کادرەکەی گرت و بێ سەروشوێنی کردن. هەتا ئێستا گۆڕیان ونە.

١٦- دوای مردنی بارزانیی باوک، بە فەرمانی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی، شێخ محەمەدی هەرسین، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی، رفێنرا و بێ سەروشوێن کرا. تا ئێستا ژن و منداڵەکانی نازانن تەرمەکەی لە کویا نێژراوە یا فرێ دراوە.

١٧- کۆمەڵکوژیی بنەماڵەی حەمەداغای مێرگەسۆر زۆر جێگەی تێڕامانە. حەمەداغا سەرۆکی عەشیرەتی شێروانی بوو کە عەشیرەتێکی گەورەی ناوچەی بلێ و بارزانە. حەمەداغا پیاوێکی کوردپەروەری شۆڕشگێڕ بو. لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد پلەی سەربازیی کۆلۆنێڵی درابویە و سەرپەرشتی بەرەی شەڕەکانی سەقزی کرد بو. دوای کەوتنی کۆمار، لەگەڵ شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان گەڕایەوە عیراق. گیرا و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچو. سزاکەی کرا بە ٢٠ ساڵ و دوای بەسەر بردنی ٦ ساڵ، ئازاد کرا. لە هەمو شەڕەکانی ناوچەی بارزانا بەشداری کردوە. چ ئەوانەی لە دژی حوکمەت و سپای عیراق بون، چ ئەوانەی دژی عەشیرەتەکانی دوژمنی شێخانی بارزان بون. لە شۆڕشی ئەیلول یشا پلەی پێشمەرگایەتی گەیشتە ئامر هێزی، هێزی سەفین. فاخری کوڕی حەمەداغا گەیشتە پلەی ئەندامەتی لیژنەی مەرکەزیی پارتی. لە کۆنگرەی ٨ ی ساڵی ١٩٧٠ ی پارتیا هەڵبژێردرا. پێشتر ناوبانگی فاخر بەهۆی سەرکردایەتی شەڕە بەناوبانگەکانی (کۆڕەک ١٩٦٤ و هەندرێن ١٩٦٦) وە، هەروەها بەهۆی سەرکەوتنەکانی لە سەرکردایەتی شەڕەکانی نێوان مەلایی و جەلالی دا لە هەمو ناوچەکانی سلێمانی، ناوبانگی هەمو ناوچەکانی کوردستانی تەنی بو. بە خزمایەتی یش تێکەڵی شێخانی بارزان بون:

دایکی مەلا مستەفا، پوری باوکی حەمەداغا بوە. مەحبوبەی ژنی مەلا مستەفا، دایکی عەبەیدوڵڵا و ئەوان، پوری حەمەداغا بوە. کەچی نە ئازایەتی و کوردپەروەری و شۆڕشگێڕی و نە خزمایەتی دادی نە دان. لە ماوەی چەن ساڵێکا بە فەرمانی مەلا مستەفا وێخ و واری بنەماڵەی حەمەداغا، لە بەر دو هۆ: ترس لە توانای سیاسی و نفوزیان و ترس لە یەکگرتنیان لەگەڵ عوبەیدوڵڵای کوڕی لە دژی، لە بن دەرهێنرا و نێرینەیان لێ بڕین: ساڵی ١٩٦٣ لە بەرەی شەڕی بەرگری کردن لە بارزان دژی سپای عیراق، حوسێنی کوڕە گەورەی حەمەداغا شەهید بو. لە تەموزی ١٩٧١ دا پاراستن لە ناو هەولێرا جەمیلی حەمەداغای کوشت. لە تەموزی ١٩٧٢ دا فاخر و سەعیدی برای و خەڵۆ برادۆستیی خزمیان، گیران و بێ سەروشوێن کران. تا ئێستا گۆڕیان ونە. لە نیسانی ١٩٧٣ هەتا دوای ئاشبەتاڵ حەمەداغا و کوڕەکانی: رەشید، ئەسعەد، مەجید و جەوهەر لە زیندانەکانی رایات و خەلان زیندان بون. شەوی ٢٢ ی ئازاری ١٩٧٥، واتە سێ رۆژ دوای راگەیاندنی ئاشبەتاڵ لە لایەن بارەگای بارزانیەوە، گولەباران کران و تەرمەکانیان فڕێ دان. دوای چەن رۆژێ سۆراخ، خێزانەکانیان تەرمەکانیان دۆزینەوە.

١٨- لە ناوەڕاستی نەوەتەکانا، پارتی لە ناو هەولێر پەلاماری PKK ی دا و، نزیکەی ١٠٠ کادر و پێشمەرگەی بردن و بێ سەرشوێنی کردن. تا ئێستا گۆڕ و هەواڵیان ونە.

١٩- سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردو، لە رێگەی راژان، لە چەقی دەسەڵاتی پارتیا، بۆمبێک بە ئۆتۆمۆبیلەکەی فەتاح ئاغا دا تەقیەوە و شەهید بو. ئەو کاتە کۆنە کاژیکەکانی سلێمانی بەیاننامەیەکیان دەر کرد. تیایا تاوانی کوشتنەکەیان دایە پاڵ بنەماڵەی بارزانی. گۆیا فەتاح ئاغا بە تەما بوە واز لە پارتی بهێنێ، کە هەستیان بە نیازی کردوە، بەو شێوەیە لە ناویان برد. پارتی تا ئێستا یادێکی ئەو پیاوە خەباتگێڕەی نە کردۆتەوە. فەتاح ئاغا کاژیک بو، بەڵام بە هەمو توانای خزمەتی بنەماڵەی بارزانی کرد. پیاوێکی ئازا و لەناو پێشمەرگەیا خۆشەویست بو.

٢٠- مەحەمەد رەحیم (هەڤاڵ جوجەڵە)، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، لە ناوەڕاستی نەوەتەکان لە هەولێر کوژرا. دوای کوشتنی نامەیەکی

بڵاوبووەوە. بێزاری تیا دەر بڕی بو. گومان خرایە سەر پاراستن، لە سەر ناڕەزایەتیەکانی ناو ئەو نامەیە، کوشتبێتی.

٢١- نەقیب عوسمان نەورۆڵی بە هەمان سیناریۆی مەحەمەد رەحیم لە هەولێر کوژرا. بۆ ئەم یش گومان چوە سەر پاراستن.

٢٢- مردنی خوالێخۆشبو جەوهەر نامق بەو شێوە سەیر و کتوپڕە، گومانی بردە سەر پاراستنی پارتی. رەفتاری خێزانی خوالێخۆشبو دوای مردنی، ئەی سەلمێنێ کە گومانیان لە پارتیە.

٢٣- مردنە سەیر و کتوپڕەکەی خوالێخۆشبو فەلەکەدین کاکەیی یش، هەمان گومانی لە لای خێزانەکەی و خزمەکانی دروست کردوە. ئەمساڵ خێزانەکەی یادەکەیان بردە هەڵەبجە و هاوار.

٢٤- شەوی ٢٤ ی ٨ ی ٢٠١٥ فەرەیدەن جوانڕۆیی، ئەندامی م.س ی پارتی و لێپرسراوی بەرەی خازر، کە چل ساڵ ئەبوو خزمەتی بنەماڵەی بارزانی ئە کرد، لە روداوێکی گوماناویا کوژرا. هەڵسوکەوتی پارتی لەگەڵ پاسەوانە بەرکەوتوەکانی تەکی و، پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی پارتی و میدیای حیزب، ئەوەنە لێدوانی دژ بە یەکیان دا، زو گومان چوە سەر پارتی خۆی. سێ هۆ بۆ کوشتنی لە لایەن پارتی خۆیەوە، لە ناو خەڵکا دەماو دەم ئەکەن: دژی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بوە؛ لە روی مەسرور بارزانیا وەستاوەتەوە؛ زانیاری هۆی کێشانەوەی هێزی پارتی لە بەردەم داعش لە شەنگال، لە لا بوە و، پێویست بوە بیباتە ژێر گڵ.

٢٥- لە ٢٣/٢٦ ی مایسی ١٩٩٣ دا رەوف کامیل ئاکرەیی، سەرۆکی رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان لە دهۆک کوژرا. کەسوکاری و هەموان گومان لە پارتی ئەکەن کوشتبێتی. پەنجە بۆ لێپرسراوێکی باڵای پارتی درێژ ئە کرێ. رەوف سیاسییەکی چەپی پاکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ بوو.

٢٦- هەر لەو سەروبەندەیا پارتی دو سیاسیی کەی لە دهۆک کوشت: ئەبو نەصیری حیزبی شیوعی و فرانسیس شابا.

٢٧- لە ٥ ی ئازاری ٢٠٠٨ دا مەفرەزەیەکی پاراستنی پارتی، نێردراو لە هەولێرەوە، لە ناو کەرکوک لە گەڕەکی رەحیم ئاوا، لە سەر بیروڕا، دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریفی کوشت.

٢٨- سۆرانی مامە حەمە لە ٢١- ٧- ٢٠٠٨ دا لە کەرکوک، لە بەردەم ماڵی خۆیانا کوژرا. کەسوکاری و دامەزراوەی میدیایی لڤین کە سۆران پەیامنێری بو، پەنجەی تۆمەت بۆ پاراستنی پارتی درێژ ئە کەن.

٢٨- (ئەم ژمارەیە ٢٩یە و مەحمود ڕەزا بە هەڵە، ٢٨ ی بۆ داناوە- نوسەر) سەردەشت عوسمان لە ٤- ٥- ٢٠١٠ دا بە بەرچاوی دەیان کەسەوە، لەبەردەم کۆلیجەکەیا رفێنرا. دوای دو ڕۆژ لە نزیک موسڵ دۆزرایەوە. بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرا بوو. کەسوکاری و زۆرێک لە خەڵک دڵنیان کە پاراستنی پارتی کوشتویەتی.

٣٠- وەدات حوسێن ١٣- ٨- ٢٠١٦ لە ناو شاری دهۆک بە بەرچاوی دەیان کەسەوە رفێنرا و دوای چەن سەعاتێ تەرمەکەی بە شێوێنراوی دۆزرایەوە. کەسوکاری و ملیۆنان لە خەڵکی کوردستان کوشتنەکەی بە دەستی پاراستنی پارتی ئەزانن.

٣١- دکتۆر وشیار ئیسماعیل، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عومەر بندیانی، لێپرسراوی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی یەکگرتوی ئیسلامی، شەوی ٢٢ی ١١ی ٢٠١٦ لە ماڵەکەی خۆیا بە چەکی بێ دەنگ کوژرا. گومان ئە کرێ لە سەر ئەو وتارانەی کوژرا بێ کە دژی زوڵمی دەسەڵاتداران لە مزگەوتەکەیا، ئەی دان. پۆلیسی هەولێر باسی گرتنی بکوژەکان و دان پیا نان ئەکا، بەڵام بەهۆی نا بێلایەنی پۆلیس و دادگا و بونی پێشینەی ئەم جۆرە سیناریۆیانە، خەڵک بڕوا بە قسەی پۆلیس ناکەن. کەیسەکانی نوری نانەکەلی، فەرەیدون جوانڕۆیی، دکتۆر کەمالی سەید قادر، شێخ زانا، زەردەشت عوسمان، بارزان رەشید عوسمان، ودات حسێن، شوکری زەینەدین، و دەیان کەیسی تر، لە هەولێر و دهۆک، ئەی سەلمێنن کە پۆلیس و دادگا لە سنوری قەڵەمڕەوی پارتیا، ئازاد و بێلایەن نین. بەڵکو تەواو لایەندارن، بۆیە هەمو لێدوانێکی پۆلیس و بڕیارێکی دادگاکانی هەولێر و دهۆک جێگەی گومانن و خەڵک بڕوایان پێ ناکەن.

٣٢- شوکری زەینەدین رێکانی، کامێرامانی کەناڵی ئاسمانیی **KNN** لە ١ی ١٢ی ٢٠١٦دا، تەرمی لە نزیک گوندەکەی خۆیان، بانەسەر، سەر بە ناحیەی شیلادزێ و قەزای ئامێدی، دۆزرایەوە. پۆلیس و کاربەدەسانی

پارتی لە ناوچەکە و میدیای پارتی ئەوەنە لێدوانی دژ بە یەکیان دا، گومان ببەنە سەر خۆیان.

٣٣- هەوڵدان بۆ کوشتنی مەعنەوی پارلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سروە عەبدولواحد، بەڵگەی زیندوە بۆ ئەوەی ئەم بنەماڵەیە ئەگەر نەتوانن نەیارەکەیان بکوژن یا بێدەنگ بکەن، ئەوا هەوڵ ئەدەن بی زڕینن. لێ، خۆیان ئەوەنە زڕاون و شکاون، دەس بۆ هەر کەس بەرن، لە چاوی زۆرینەی خەڵکی کوردستانا ئە بێ بە پاڵەوان. سروە خان یش بو بە پاڵەوان. هیوادارم لە گەڕی ئایندەیا خۆی کاندید بکا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

بێجگە لە حاڵەتی ژمارە (١٧) کە ئەوترێ لە سەر پارە کوژراوە، تەواوی حاڵەتەکانی تر لە سەر فیکر و سیاسەت کوژراون، یا هەوڵیان داوە بیان کوژن. هەتا ئەو رۆژەی دادگایەکی نەزیهو سەربەخۆ و بێلایەن کەیسەکانیان یەکلایی ئەکاتەوە، تۆمەتباری یەکەم پارتی یە. چارە؟ بۆ ئەوەی دەستی کوشتن، لە سەر سیاسەت و بیروڕای جیاواز، بۆ تا هەتایە ببڕدرێ، پێویست ئەکا بە قانون و بە گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، رێگە نە درێ بنەماڵەی بارزانی بە شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە حوکمڕانی وڵات بکەن. ئەبێ رێگە نە درێ زیاد لە قەبارەی (ئینتیخابی)ی خۆیان بەشداری لە دروستکردن و جێبەجێ کردنی بڕیاری سیاسی، ئابوری، جڤاتی و... دا بکەن. بە پێچەوانەوە، گەورە ترین خەتەر لەسەر ئێستە و ئایندەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەم بنەماڵەیە ئەبێ.

# پاشبـەندی ٢


بەڵگەنامە
کاتی خۆی تاڵەبانی
وتبووی ئەگەر
دەرکەوێت ئەم
کوشتنانە دەستی
یەکێتی تێدایە، ئەوا
جانتاکەم هەڵدەگرمو
کوردستان بەجێدەهێڵم
بۆ هەرێمی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆ
کۆمایە ئەم تاوانبارانەی خوارەوە اعدام بکەن
١- تاوانبار صدیق ئەمین / صدیقە عەونی دوکاندار لە ئیبراهیم پاشا
٢- تاوانبار بکر حاجی فرج
٣- تاوانبار فواد حاجی مجید
کۆمەڵە دادیە اعدام کردن
٤- تاوانبار
تنظيم المدن
٨١/٧/٩
کۆمیتەی سەرکردایەتی
ڕێکخستنی ناوخۆ
٨١/٧/٩
15 لڤین ژمارە ٢٠٧/ ئەیلولی ٢٠١٢



ک ر ک ک س ر ن "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕەنجدەران. ناو شار"

بۆ م ک س ر ن سلاویکی شورشگیرانە

تکایە ئەم تاوانبارانەی خوارەوە اعدام بکەن

١- فائقە ڕەش مالیان بەرامبەر مزگەوت بن تەبەقە لە گەرەکی شێخ جافر

٢- عەریف مەولود

٣- نوری حەمە علی

٤- عبدل سوران "عەبدولی سوران"

٥- عەلە خڕە "عەلییە خڕە"

٦- سوارئاغا برای گوربەگور فتاح مالیان لە سێ و کانی یەکانە دکانیان هەیە بە تەنیشت صیدلی نەوار

٧- یوسف لچە "یوسفە لیچە"

٨- بکری حاجی فرج "بەکری حاجی فەرەج"

٩- حسن دوکاندار لە هەوارەبەرزە "حەسەنی دوکاندار"

١٠- جزا شەل "جەزا شەل"

١١- زاهرە سمێل "زاهیرە سمێڵ"

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو ئاسوی سەرکەوتن

کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆ ٨١/٩/٩

مۆری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (عێراق) ریکخستنی شار بە کوردی و عەرەبی

لڤین ژمارە ٢٠٧ ئەیلولی ٢٠١٢

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١-بادانەوە یان پێچەقاندن.

٢-ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.

٣-کوردایەتی و حیزبایەتی.

٤-کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.

٥-لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.

٦-کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٧-کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زاراوەی کرمانجی سەرو نوسراوەتەوە.

٨-کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.

٩-ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.

١٠-کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.

١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.

١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.

١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.

١٤-کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧.

١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.

١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

١٧-کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.

١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد.

١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.

٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم.

٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم.

٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.

٢٤-کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا.

٢٥- پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.

٢٦- قازی محەمەد- پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.

٢٧- مستەفا بارزانی- پێشمەرگە و سەرۆک

٢٨- ٥٦ ساڵ خەیانەت لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە تا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

٢٩- گەڕان بە دوای ڕاستییەکان دا، هێشتا بڵاونەکراوەتەوە

٣٠- سیاسەتی چەواشە

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.

٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.

٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع. چاپی دووەم.

٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم.

٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.

٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.

٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

٨- خەبات بۆ ئازادی: نوسینی ئیڤان ئیفریمۆڤ.

٩- گەڕان بە دوای ئاگر دا: نوسینی جەک لەندەن لەگەڵ چەند کورتە چیرۆکی تر لە جەک لەندەن و عەزیز نەسین.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەڕانی.

٢- تراویکەی پیلانەکان دژبە نەتەوەی کورد- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەڕانی.